# خوێندنەوەی مێتافۆر

(کرانەوەیەك بە رووی چەند رایەڵەیەکی رەخنەیی)

# خوێندنەوەی مێتافۆر

## (کرانەوەیەك بە رووی چەند رایەڵەیەکی رەخنەیی)

**ستاری پیرداود**

هەولێر- ٢٠١٠



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **خوێندنەوەی مێتافۆر (کرانەوەیەك بە رووی چەند رایەڵەیەکی رەخنەیی)**
- ئامادەکردنی: ستاری پیرداود
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: عەبدوڵڵا رەحمان
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٧٦)
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی دووەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٤٣٦)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

پێشگوتار........ ٩
**نیوەی یەکەم ( رەخنە و خوێندنەوە) ........ ١٥**
بونیادی زمان لە نێوان دوالیزمی (بە سیحرکردن) و (بە ئیمپراتۆرییەت بوون)دا ....... ١٧
کولتور وەك کوتلەیەك لە ئایدیۆلۆژیا ........ ٤١
ئەنگێزە سەرەکییەکانی (نیگەرانی خود) و چەمکی (نامۆبوون) لە دیدگای (فرۆید)دا ...٥٧
(سووتانی پەروانە ) یا پراکتیزەکردنی چەمکی (عیشق) لە شیعرەکانی (مەحوی)دا .... ٦٥
تاك رەهەندی (میتۆلۆژیا) لە پرۆسەی دینامیکییەتی (میوزیك)دا ........ ٧٥
**نیوەی دووەم ( خوێندنەوەی دەق) ........ ٨٣**
رایەڵەکانی (سیحری فەنتازیا) لە دەقی (زارا)دا ........ ٨٥
(ئیفلیج بوونی خود) لە چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا .. ١٠٥
میتامۆرفۆس لە نێوان (وەهم ـ واقیع)دا ........ ١٣٥
خەسانی ئیرۆسییەت لە (نامەکانی ژاکۆن) ی (جەبار جەمال غەریب)دا........ ١٦٣
(خلودییەتی شیعر) لە دیدگای (فروغ فەرۆخزاد)دا........ ١٩٩
**نیوەی سێیەم ( پاشکۆی دەقەکان ) ........ ٢٢١**
زارا........ عەبدوڵلا سەڕاج ........ ٢٢٣
گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان ...... شێرزاد حەسەن ........ ٢٣١
نامەکانی ژاکۆن........ جەبار جەمال غەریب........ ٢٥٣

# پێشکەشە بە:

بەو نەوە قەقنەسەی کە هەمیشە لە هەناوی تاریکی و نەبوونەوە دەردەکەوێ، ئەو نەوەیەی کە بەردەوام لە خەمی گۆڕان و بەرخودان و نوێبوونەوە دا هەناسە دەدا، ئەو نەوەیەی کە هەمیشەکۆڵپشتەکانیان پڕیەتی لە نامۆبوون، پرسیار، گومان، ئەو نەوەیەی کە دەیەوێ بە گومانە جوان و فیکرە کراوەکانیەوە سەر لەنوێ، راڤە و تەئویلاتی جیاواز بە چەمك و مەفاهیمەکانی کۆمەڵگە ببەخشێتەوە، بەو نەوەیەی کە بەردەوام لە نێو هەناوی سەرجەم ترادسیۆنە داخراوەکان، لە نیەتی بزاڤ سازیداخۆی هەڵدەگرێتەوە. بۆ ئەوەی لە روانگەیەکی دیکەوە، نییەت و میلۆدیایەکی کراوەتر بە بوون ببەخشێت.

# پێشگوتار

خوێندنەوە ئەو مەخلووقە پڕ تاقەیەیە، کە هیچ ساتێ پشوو ناگرێ، هەمیشە بە شوێن چێکردنی کایە ڕەنگاوڕەنگەکانا هەناسە دەدات، لە نێو کوچە و خیابانەکانی تێکستدا وازی هەڵدەگرێتەوە.. وازی لەگەڵ ڕەنگ و مانا پەراوێزخراوەکان، لەگەڵ بەها نەکراوەکان، لەگەڵ سەرجەم ئەو پنت و کایانەی کە لە رووگەیەکی نێو ئەم بوونە تێکچرژاوە وەنەوز دەدەن و لە چاوەڕوانی روئیایەکن، کە نمایان پێبدەن.

هەمیشە ئەو مەخلووقە ویستگەرە، بە تەوسێکی فرە و بە هارمۆنییەتێکی میلۆدیدار، پرۆسێسە جوانییەکان، چێژەکان، ماناکان، هەناسەکان دەکات و جەستەی خۆی لە نێو رایەڵەکانی زماندا هەڵدەخا و بە شوێن بەرجەستەبوونی مانا هەمەڕەنگ و دیدگا جیاوازەکانا هارمۆنییەتی خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەو پێودانگەی کە هەناوی دەق پڕە لە ترس و گومان و نامۆیی. هەربۆیە لەو دیو تەونیەتی دەق دا، دونیاگەلێك باکگراوەند و رایەڵی فەلسەفی و مێتازمانی ئەبستراکت، نزیك لە وەهم و خەون، جەستەی خۆیان بە کراوەیی هەڵخستووە، ئیتر ئەم کراوەییەی دەق وایکردووە، کە دونیایەك روئیا و پێناسی فرە رەنگ و جیاواز لەلایەن پرۆسێسە چێکەرەکان خودی خۆیان هەڵگرنەوە و رەنگرێژ بکەن. ئیدی لێرەدا بەدواوە، دوو رووگە و دوو جەستە، پەنجەرە هەمەڕەنگە پڕ مانا و سکێچەکانیان بە رووی یەکترا هەڵدەخەن و دەکەنەوە و پەیوەندییەك دادەمەزرێنن، کە دواجار پەیوەندییەکی یەکدیگیر دێتە نمایش، کە ئەوانیش بریتین لە پەیوەندییە یەکدیگیر و ئاوێتەبییەکەی (دەق — خوێنەر)، ئیدی لەوێوە، بە یەکەوە دەست دەکەن بە چنینەوەی تەونیەتی دەق و بە دونیاگەلێك رەنگ، سکێچ، مانا، گومان، پرس، لەززەت.. بارگاوی دەکەن و رەنگرێژی ئەکەن، لە تانوپۆیێکی کراوەی پڕهارمۆنیا، بۆ ئەوەی پەنجەرەکانی خۆی بە دیوی ئەودیوی خەون و زمان و وەهم و دونیای مێتا ماناکان بکاتەوە، بۆ ئەوەی هارمۆنیا و ماهییەتێکی تر بە رایەڵە و پۆینتە زمانییەکان بدات و هەناوی تێکست بە رەنگ و سێبەر و مانا و نماد ئاڵۆوالا و چراخان بکات. ئیتر دەق بەو دونیا ئیمکانیاتە کراوەییەی خۆیەوە، لە توانای دا هەیە، کە بەردەوام کایە و جەستەی



هێمای ئاراستە بۆ کراو (مەدلوول) هەڵگر، نمایان بکات و دابمەزرێنێ، لەلایەکی تر بە پێی ئەم ئیمکانیاتەی دەتوانێ فەزایەك چێبکات، کە توانای تەقینەوەی کایە و کەینوونەی هەمەڕەنگ لە مانا، سکێچ، ئێستاتیکا، چێژ هەیە بۆ ئەوەی جەستەی دەق پڕ بکات لە پرۆسیسەی داهێنانکاری، بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە پرۆسیسەکانی داهێنانکاری کەشف ناکرێ و دانامەزرێ، تاوەکو ئامادەگییەکی فیکری و فەلسەفی و مێتازمانییانە لەلایەن روئیاکانی خوێنەری ئاگامەند نەبێ.

بەواتە پرۆسیسەکانی دەقی داهێنانکاری هەمیشە خۆی لە نێو باکگراوەندە مەعریفی و ئاماژە دەلالی و زمانییەکانی تاکی خوێنەر خودی خۆی هەڵدەگرێتەوە و دادەمەزرێنێ، ئەگینا دەق جگە لە جەستەیەکی چەقبەست و نەکراوە چیدیکە نییە.

بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە بازنەکانی داهێنان دوور لە روئیا و تەماشا جیاواز و فرە رەهەندەکانی خوێنەری ئاگا، ناتوانێ خۆی بتەقێنێتەوە، بۆ ئیفرازکردنی سەرجەم کایە هەمەڕەنگ و پڕ چێژ و ئێستاتیکاکانی، ئیدی ئیتر لێرەدا دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە پرۆسیسەی خوێندنەوە، بە یارمەتی و لە پاڵ تاکە بە ویقار و روئیا پڕ ئیستاتیکاکانەوە، دەتوانێت لە هەناوی خۆیدا جەستە و کایەیێکی تر (دەق) ئیفراز بکات و لە کەش و هەوایێکی تر و زەمەنێکی دیکەدا دابمەزرێنێ.

ئەم تیانووسە هەوڵدانێکە بۆ کەشفکردن و هەڵگرتنەوەی لەون و مانا و چێژ و سکێچ و مەعریفە و ئێستاتیکاکانی چەند دەقێك، بەواتە و لەونیەتێکی تر لە هەوڵی پچڕان و گرێدانەوەی سەرجەم دانە زمانییەکانی نێو ئەم دەقانە خۆی هەڵدەگرێتەوە، لە نێو هەر خۆ هەڵگرتنەوەێکیشدا، کەشفی هەناوی دەیان کایە و کەینوونەی پێچراو بە مێتافۆر دەکات، بۆ ئەوەی لەونیەتی مێتاماناکانیان بدۆزێتەوە و کەشفێکی شەفاف و کراوەیان بۆ بکرێ و بخرێنە نێو وار و دیدی تاکی خوێنەر.

بە مێتافۆربوونی ئەو دەقانەی کە بەهای کراوە و چێژ و ئێستاتیکا دەخولقێنن، هەمیشە تەماشاکانی ئێمە بۆ خۆی گلدەداتەوە و هەڵدەگرێتەوە، وا لە دیدی ئێمەی بەرامبەر دەکات کە پرۆسیسی هەڵکەندن و شۆڕبوونەوە لە هەناوی ئەو دەقانە جێبەجێبکەین، بە شوێن کایە دژەکانا خۆمان بکەینەوە، ئەو کایە سیحراوییانەی کە لە نێو زەمزەمەی زمانا خۆیان حەشارداوە، یەکە یەکەیان بەرجەستە بکەین، ئیدی لەوێوە کایە جیاوازەکانمان بۆ دەدۆزرێتەوە و وێناکانی نزیك لە راستی بوونمان بۆ بەرجەستە دەبێت، چونکە مادام بوون پڕە لە ئالۆزی و

تێکچڕژوی و لێڵبوون، کەواتە دەتوانین بڵێین: بوون (مێتافۆڕ)ە. لە دیو و رووگەیەکی تر مێتافۆڕییەتی ئەو دەقانە وا لە تەماشاکانی ئێمە دەکەن، کە بە شوێن پرس و گومان و ئازادییەکانی (خود)دا وێڵبین و لەو دیو مەرزەکانی تانوپۆی نەریتە باوەکانی نووسیندا، وازی لە تەك مۆرفیمەکانا سازبدەین.

هەڵبژاردنی ئەم نێونیشانە بۆ ئەم کتێبە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرجەم ئەو دەقانەی کە هەڵمانبژاردووە، جۆرێك لە مێتافۆرییەتیان تێدا هەیە و وەك سێبەرێك خۆیان رواندووە و نمایش بە خۆیان دەدەن، بەکار بردنی ئەم فۆرمە هونەرییە، وەك لای برگسۆن و نیتشە زۆر بە شەفافی دەردەکەون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمان لە دیدی ئەوانەدا ئەو قودرەت و توانایەی نییە، کە ئارایشەکانی حەقیقەت و راستی بوون دەرببڕێ، هەر بۆیە بۆ بەرجەستە بوونی هەناوی کایەکان پەنایان بۆ ئەو نمادە بردووە.

ئەم لێکۆلینەوەیە، خۆی لە سێ نیوە هەڵدەگرێتەوە و نمایش بە خۆی ئەدات.

نیوەی یەکەم: تایبەتە بە (رەخنە و خوێندنەوە)، ئەم نیوەیە خوی بە چەند وێستگە و ستوونێکی هەمە رەنگ نمایش دەکات، نمایشی چەند رایەڵەیەك لە بابەتەکانی وەك (زمان، کلتوور، میوزیك، هزر، ئەدەبیات).

دیارە ئەم هەمەڕەنگییەش وا دەکات لە رووگەیەکدا، خوێنەر روئیاکانی بەڕووی پەنجەرەیەکی کراوەی فرە رەنگ خۆی ڤاڵا بکات، لە دیوەکەی تریش لە نێو هەر جومگە و رایەڵەیەکدا کایەکانی مەعریفە و چێژ و ئێستەتیکا کەشف بکات و بەرجەستەی هەناوەکانیان بکات، کە دواجار دەتوانێ وەك مێوەڕەنێك لە هەر چەشنە لەززەت و رەنگێکدا، بە پێی دید و ئیحساسات و ویستی خۆی جومگەیەك هەڵبژێرێ.

نیوەی یەکەم جەستە و ستراتیژییەتی خۆی لە نێو پێنج رایەڵی کراوە وێناکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە.

لە رایەڵەی یەکەمدا: بونیادی زمان لە نێوان دوالیزمی بە سیحرکردن و بە ئیمپراتۆرییەت بووندا، کەلە بنکۆلێکی مەعریفییانەوە هەوڵمانداوە راڤەیەك بۆ ئەهمییەتی ئەو کایەیە ئیحا بەخش و پڕ لە رەزمە بکەین، دواتر لە دید و تەماشاکردنێکی هیرمینیۆتیکییانەدا، بەڕووی خوێندنەوەێك جەستەی زمانمان کردۆتەوە. هاتووین لە تەماشاکانی خۆمانەوە لە کایەکانی زمانەوە وردبووینەتەوە، لە دەرەنجاما گەیشتووینەتە ئەو رایەڵە مەعریفەیەیەی کە هەموو کایەکان لە زمانەوە زمان هەڵدەگرنەوە و ماهییەتی خۆیان دەدۆزنەوە، بە واتە بە حوکمی



ئەوەی کە زمان بریتییە لە سیستەمێکی پەیوەندداری، هەر بۆیە زمان توانیویەتی هەموو کایە (مەعریفی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆ- سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی و هزری و... تاد)، لە هەناوی خۆیدا هەڵبگرێ.

لە رایەڵەی دووەمدا: قسەکردنمان لە سەر چەمکێکی تەمومژاوی و پڕلە ئیحایە، کە ئەویش چەمکی (کلتوور)ە، ئەم چەمك و موفرەدەیە، لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، خۆی وەك پیاوێك لە دەمامك نمایان کردووە، ئێمە لە تەماشاکانی خۆمانەوە، هەوڵمانداوە حەقیقەتی ئەو پیاوە فرە رەنگە کەشف بکەین و لە نیەت و مەرامەکانی ئەو پیاوە بگەین، کە هەمیشە ویستوویەتی سێنتراڵییەت بە جەستە و کایەی خۆی ببەخشێ و بەربەرییەت بە جەستەی بەرامبەر، بە واتە ویستومانە کلتوور وەك کوتلە و جومگەیەك لە ئایدیۆلۆژیا پێناسە بکەین.

لە رایەڵەی سێیەمدا: ویستومانە دیدگا و تەماشاکانی خۆمان لە نێو خوێندنەوە و راڤەکانی (فرۆید)ەوە هەڵبگرینەوە، بۆ ئەوەی بمانگەیەنێت بەو وێستگەلانەی کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لای مرۆڤەکان دەخولقێنن، وەك: کۆتەکانی ئایین، دابونەریت، یاسا و پێوەرە دۆگما کۆمەلایەتییەکان... تاد.

لە رایەڵەی چوارەمدا: خوێندنەوەی دونیا ئایدیالییەکەی (مەحوی) شاعیر و هەڵکڕاندنی چەمکی عەشق لە وێردە شیعرییەکانیدا، راڤە و یەکلاکردنەوەی ئەو ئوستادەی کە مەحوی شاعیر، دەرسی عەشقی لێوە فێردەبێ و دەیگەیەنێت بە پلەکانی فەنابوون و عەشقی حەقیقی، بەرجەستە کردنی مێتافۆرییەت لە شیعرە تەڕ و پڕ وێردەکانی.

نیوەی دووەم تایبەتە بە (دەق و خوێندنەوە)، تۆبۆگرافیای ئەم نیوەیە خۆی بەڕووی راڤە و تەئویلات و خوێندنەوەی جیاجیای چەند دەق و تێکستێك سکێچ و رەسمەکانی جەستەی خۆی لە پێنج رایەڵ دا، رەنگرێژ دەکات.

لەرایەڵەی یەکەمدا: نیەتی ئەوەمان هەبووە کە بڵێین: دەقی (زارا)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)، نمایشەکانی خۆی لە نێو تانوپۆکانی (واقیع ـ خەیاڵ)دا، هەڵدەگرێتەوە و ساز ئەدا، راڤەی ئەو ساتانەی کە سەڕاج لە پرۆسیسەی ئاویتە بوونی هەردوو دونیادا، فەنتازیا و داهینان دەهەناسێنێ.

ئیترلە نێو ئەو دوو دونیایەدا، بە شوێن شکاندنی قاوغە رێسا لۆژیکە باوەکان دا و دامەزراندنی لۆژیکییەتێك تایبەت بە خۆی، وازی دەکات. لە نێو رووپێوی دەقی (زارا)دا، دەزووڵە باریکەکانی زەمەنت بۆ دەسگیر نابێ، لە دیوێکی ئەم دەقەدا، بە شوێن هەڵگرتنەوەی ئەو مەدلوولاتانەدا حەوداڵین کە لە جەستە و دالییەتی (زارا)دا، هەڵدەوەرن، لە دیوەکەی

تریاندا، خەریکی هەڵگرتنەوەی سەرجەم تەکنیکە هونەرییەکانی وەك: (گرتەی سینەمایی، فرە دەنگی، فلاشباك، دۆنادۆن، خۆدواندن، فەنتازیا...تاد)ین.

لە رایەڵەی دووەمدا: هەوڵمان داوە شۆرببینەوە بۆ نێو دونیا پەنهانەکانی نووسین، بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانین ساتەکانی داهێنان لای (شێرزاد حەسەن) بەرجەستە بکەین، چونکە لەوێوە نووسەر فەزایەکی کراوە لە فیکر و فەلسەفە و ئێستەتیکا دەخولقێنێ. هەڵگرتنەوەی نەمەتە فیکرییەکانی نووسەر لەودیو پەیڤە رەنگاڵەییەکانی لە دەقی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان)، هەروەك: راڤەی ئەو ساتانەی کە (شێرزاد حەسەن) بە شوێن پەنجەرەیەکا وێڵە، کە باڵ بە تاکەکان، کارەکتەرەکان بدات، بۆ ئەوەی ئازاد بن و لە مانا کراوەکان نەترسێن.

کەشفکردنی ئەو مێتاهەوڵانەی کە نووسەر دەیەوێت شۆڕشێکی مەعریفییانەی ئاگایانە سازبدات، بۆ ئەوەی ببین بەو ئیبراهیمەی کە سامی بتەکان لە هەناوی خۆمانا بشکێنین. هەروەها کەشفکردنی نیەتەکانی نووسەر کە دەیەوێت لە سەر زاری (سپینۆزا)وە، پێمان بڵێت: پێویستە ئێوە بڵێن: (نا)، نا بۆ هەموو ئەو جومگە و ترادسیۆنە داخراوانەی کە جەستە و عەقلمان دەکوژن و ئازادیمان لێ زەوت دەکەن، نا بۆ ئەو جوگرافیایەی کە هەمیشە لە ئەنفالکردنی شوناسەکاندا کاردەکات.

لە رایەڵەی سێیەمدا: هەوڵمانداوە لە رێگەی پرۆسێسە دۆنادۆنییەکانی نووسەر لەتەك کەرەسەکانی بە شوێن دوزینەوەی فۆڕمە حەقیقەتییەکانی مرۆڤ دا بگەڕێین، بەواتە گەڕان بە شوێن ئەو ساتانەی کە (سەلاح عومەر) لە دەقی (میتامۆرفۆس)دا، دەیوێت دوو سکیچ وێنا بکات:

یەکێکیان رەسمی فۆڕمە راستەقینەکانی مرۆڤەکان، ئەوەی‌تریان، وێنای فۆڕمە ساختە و پەراوێزە مەسخبووەکانی مرۆڤ، هەروها کەشفکردنی ئەو ساتانەی کە نووسەر دەیەوێت لە رێگەی کردە هونەری و مێناتۆرییەکانیدا، هەردوو جومگە و وێستگە (وەهم ـ واقیع)، بە رووی یەکا ڤالاّ بکات، بۆ ئەوەی دەق بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

لە رایەڵەی چوارەمدا: لە خوێندنەوە و راڤەیێکی سیمیۆلۆژییانەی دەقی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەماڵ غەریب)دا، گەیشتووینەتە ئەو هەوڵەیەی کە جوگرافیا و کلتووری رۆژهەڵات، جوگرافیا و کلتوورێکی داخراوە، کە هەمیشە لە هەوڵی پتەوکردنی جومگە ستەمکارییەکانیدایە، لە هەوڵی خەساندنی وزە ئیرۆسیەتەکانا، ئەو وزە زیندوانەی کە بەهای جوان و مانای کراوە دادەمەزرێنن.



کەشفی نیەتەکانی (جەبار جەماڵ غەریب)مان کردووە، بەوەی کە دەیەوێت لە (نامەکانی ژاکۆن)دا، رەسمی کۆمەڵگەیەکی داخراوی پڕ لە ترس و بیم، پڕ لە ئەشکەنجە و رایەڵە ستەمکارییەکان رابکێشێ، هەمیشە دەیەوێت (ویستی هێز) بە مانا نیتشەییەکەی دابمەزرێنێ، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم رەهەندەوە، سەرلەنوێ مانا بۆ ئەوکایەیانە بگەڕێنێتەوە، کە ژیان جوان و پڕ ماناتر دەکەن. هەروەها (جەبار جەماڵ غەریب) ویستوویەتی (نامەکانی ژاکۆن) بکات بە مانفیێستێك بۆ دەربڕینی هەرچی خەسان و شکست و وێرانەی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

نیوەی سێیەم تایبەتە بە (تێکستەکان)، نمایشی ئەو دەقانەی کە خویندنەوە و راڤەیان بە خۆیانەوە هەڵگرتۆتەوە و کردۆتەوە، دیارە دابەزاندنی پاشکۆی ئەو دەقانە، لە دوو رووگەوە هەدەف و ئامانجی خۆی دەپێکێ: لە دیوێکیاندا، دەبێتە نمایشی ئاهەنگ و رەزمی پەیڤەکان، ئەو پەیڤانەی کە هەناویان پڕیەتی لە سیحر و ئێستەتیکا، پڕیەتی لە گومان و نامۆیی، پڕیەتی لە فیکر و فەلسەفەی یاخییانە. لە دیوەکەی تریاندا، تاکی خوێنەر دەتوانێ زۆر بە ئاسانی هەردوو پرۆسێسە (دەق ـ خوێندنەوە)، لە بەرامبەر یەکا دابنێت و بۆ جارێکی تر و لە خوێندنەوەێکیترا، راڤە و خوێندنەوەی بۆ بکات، چونکە وەك (درێدا) روئیای وایە کە: هیچ خوێندنەوەیێك دوا خوێندنەوە نییە، بۆیە دەشێ خوێندنەوەکانی من و ئەوەی دوای منیش چەند خوێندنەوەی تر بە خۆیانەوە هەڵبگرن.

لە کۆتاییدا.. بە پیویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی یەکە یەکەی هاوڕێیانم (عەبدوڵلاّ رەحمان) کە ئەرکی مۆنتاژ و سکێچی ئەم کتیبەی لە ئەستۆ گرت، (حەیدەر جەوهەر) کە زۆر ئەرکی لە کۆلکردمەوە لە ساتی داچاندنی پیتەکانا، (یونس عەبدولقەهار) لە ئامادەکردنی بەشێکی زۆری رەشنووسی ئەم کتێبە، بکەم، وێڕای سوپاسێکی زۆرم بۆ هەریەك لە ئامادەکاری بەرگ و دەزگای چاپ، کە ئەم کتێبەیان بۆ هەناسە پێدام.

**ستاری پیرداود / هەولێر**

**٢٠٠٧/٤/١٨**

# نیوەی یەکەم

# رەخنە و خوێندنەوە

# بونیادی زمان.. لە نێوان دوالیزمی (بەسیحر کردن) و (بەئیمپراتۆرییەت بوون)دا

ئەگەر بێت و ئێمە راستە و قەڵەم و پرگاڵێکی موعریفییانەمان لە پانتاییەکانی جوگرافیای (ئەپستمۆلۆژیا/ سایکۆ سۆسیۆلۆژیا) لەژێر دەستابێت، بۆئەوەی بتوانین سکێچێکی لۆژیکییانە و مەعریفییانە بە دەوری جەستەی (بونیادی زمان) لە نێوان دوالیزمی (بەسیحرکردن) و (بەئیمپراتۆرییەت بوون)دا بکێشین، بە مەرجێك چەند دەمامکە سیفەتێکی ئارکیۆلۆژیستانەمان بە خودی خۆماندا دەمامکاندبێ، بۆ ئەوەی بتوانین وەك خاوەن خودێکی بەتوانا و سەلیقە بەرەو شۆڕبوونەوەیەکی ئارکیۆلۆژیی مەنتیقییانە بەڕێ بکەوین، بۆ نێو خەرەندە قووڵ و بێ ئامانەکانی مەعریفە و زەمینە و فەزا و دونیای نەستەقەکانی نووسین. وەك کردەیەکی هزری سەبارەت بە ناسینی چەمك و ماهییەت و کەینوونەی (بونیادی زمان) لەودیو سنوور و شورای ژێیەکانی (ئاگا/ نائاگا) و لە نێو جوولانەوەیەکی ئەپستیمیانە بۆ نێو مەلەفە کۆنینە و تازەکانی (دایکۆنی/ سایکۆنی)..بۆ ئەوەی وەك خاوەن خودێکی ئەزموونگەر، راشکاوانە بەرەو قوولایی دەریا تاریك و پڕ شوومەکانی جیهانی (پرۆسەی نووسین) بەڕێ بکەوین، بۆ دەرهێنانی یاقووت و مەرجانە کریستالییەکانی نێو هەناوی زمان و چێژ و لەززەت وەرگرتن لەکانگا ئەفسووناوییەکانی دونیای (مێتازمان).

تا بونیادی زمان چەندێك تەنزیر کردنێکی ئەپستیمیانە بێت بەرەو گوتاری (جیهانبینیی) لە نێو پانتایی و زەمینەی بونیادی دەق چ وەك (سیحری ستاتیکا) چ وەك (دەسەڵاتی مەعریفە). خودێکی خاوەن سەلیقەدار دەتوانێت بەشیاوترین و ئەفسوناوترین فۆرم و شێوە، بەروئیایەکی مۆدێرنیستییانە و مەعریفییانە لەودیو سنوور و مەرز و خەرەندەکانی دەق بالادەستییەتی خۆی بە سیحراویترین و ستاتیکاترین تەکنیك لە پانتاییەکانی (ئەپستمۆلۆژیا) رەنگرێژ بکات، یەکێك لەسیفەتە هەرە چاکەکانی دەسەڵاتگەرایی زمان، ئەوەیە کە تیشکە روئیا مۆدێرنیستییەکانی خۆی، بەشیاوترین تەقەنییات بۆ سەر هەموو رەهەندە مەعریفییەکان پەخش بکات. هەڵبەت هێلی سەرەکیی ئەم گۆتارەشمان لە ئاکامی پێوەندارییی دەسەڵاتگەرایی



زمان و بونیادی زمان بە هەردوو چەمکەوە (سیحر/ دەسەڵات) سەرچاوە دەگرێت و تروسکاییەك دەرژێنن بۆ سەر (هەیکەڵی ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان) و دەتوانێت خۆی بەشیاوترین سیناریۆ و مۆنتاژ لەنێو پرۆسەی نووسیندا نمایش بکات.

ئێمە دەزانین هەر ئەوە نییە خوێندنەوە و راڤە کردن ئەرکێکی سەردەمییانە بێت لە هەناوی زماندا، بەڵکو رێچکە و رەهەندێکی ناسۆسیۆلۆژی و خودی نازمانیش ئەوەیە کە ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ هەموو شتەکانی دەوروبەر بکات. بەمەش ئەو سات ئەو روئیا و بۆچوون و تێڕامانانە دەبێتە حەقیقەت و راستییەکی زەق و پێش چاو، هەروەها دەزانین کە زمان پێش ئەوەی بوویەکی خودی بێت، بڕیتییە لە بوویەکی سۆسیۆلۆژیی مرۆییەکان، جا لێرەدا بۆ پراکتیزەکردنی جیهانی هزر لەنێو یەك دەفردا لە رووی ئیشکالییەتی نووسین لەبوارە ئەپستیمییەکان سەبارەت بە دونیا ئەفسوناوی و پڕکایە فرە دەلالییەکانی (بونیادگەری زمانەوانییەوە) دەبێت بەتێڕامان و دیدگایەکی وردبینانە و مەعریفییانە بەرەو دونیای نەسەقەکانی نووسین بەڕێ بکەوین، جا بۆیە بەچاکی دەزانین لە نێو منداڵدان و دەفری ئەم گوتارەماندا سەبارەت بە تەعاروف کردنێکی سەرپێییانە، سەبارەت بە (چەمکی بونیاد) لە نێو دەفر و ریشاڵەکانی زماندا بگێڕین و مەعریفەیەکی شیاوی لێ هەڵبکرێنین.

## چەمکی (بونیاد) لەنێو دەفری زماندا:

لەمیانەی ئەو تەوەرەیەدا ئەگەر بمانەوێت وەك خاوەن خودێکی کارامە و لێزان لەنێو کەشکۆڵ و دەفری هەر چەمکێکدا کاربکەین و وردبیینەوە، ئەوە دەبێت ئێمە زۆر بەسەلیقە روئیای خۆمانی ئاراستەبکەین، بۆ ئەوەی کەشفێکی ئەپستیمانەی تێدا بە ئەنجام بگەیەنین و بەدوای ئەو کریستاڵە درەوشاوانەدا بگەڕێین کە لەژێر زێرابە تاریکەکانی مێژوودا ون بوونە.

جا لێرەدا پێویستە لەسەر ئێمە بۆ نێو خودی ئەو چەمکە شۆڕببینەوە کە دەمانەوێت هەڵکۆڵینێکی ئەپستیمانەی تێدا بە ئەنجام بگەیەنین، هەڵبەتە ئەوکاتیش پێویستیمان بە چەمکی (تێگەیشتن) دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریمان ئاراستە بکات و لێی تێبگەین.

(تێگەیشتن) وەك دەزانین پرۆسەیەکی زەینی و عەقڵییە، تا ئەوپەڕی توانایی، دەیەوێت وەسفێکی گشتگیری و جەوهەری ئەوچەمکانە بکات کە دەلالەت بەخشن. چەمکی (بونیاد) لە زماندا بڕیتییە لە: ((خاوەن نەسەقێکی پێوەندار))[1].

هەمیشە واتاکانی زمان بەشێوەیەکی جودا و راڤەکردنێکی جوداکار و فرە دەلالەت بەکار دەهێنرێت و بەخودی خۆیەوە هەڵدەگرێت. هەرگیز لە کەشوهەوایەکی یاساغ و چەقبەستوو رونیاکانمان بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا هەن، کە لەپێناسە و تەعریفێکی پتەو و کۆنکریت نامانهێڵنەوە، چونکە زمان گەلێ توانای دەلالی و جۆراوجۆری هەمەڕەنگی هەیە، هەر بەتەنیا دەلالەت لە پنتێکی دیاریکراو ناکات و خاوەن یەك دەلالەتی دەستنیشانکراوی نییە، هەربۆیە زمان بەرجەستەکەری هومانیستییەتی مرۆڤە لەنێو هەموو کایە فیکری و مەعریفی و ئایدۆلۆژییەکاندا.

هەموو کات خودی زمان دوو ئاماژە بەخودی خۆیەوە گرێ دەدات، جا پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ئاماژە بکەین و راڤە بکرێت کە ئەوانیش (دال) و (مەدلوول)ن.

– (دال) هێمایە بۆ کۆمەڵێك نیشانە و پنت و ئاماژە بۆکراوێك، کاری ئەوەشە کە پەیامی قسەکەر رادەگەیەنێت.

– (مەدلوول) هێمای ئارستە بۆکراو، واتە جەوهەر و پەیامی ئەو خاوەن خودەیە کە دەپەیڤێ.




زمان خۆی بریتییە لەهەناوی (ئیرادە/ ئازادی/ دیموکراسییەت/ هۆمانستییەت...تاد).

تەنانەت هەموو رەهەندە مەعریفی و فیکری و فەلسەفییەکانیش بەخودی خۆیەوە گرێ دەدات، ئەگەر بچینە ژێر بار و چەتر و رونیا فەلسەفییەکانی هزرمەند (فردینان دی سۆسێر) کاتێك دەبێژێت ((زمان بریتییە لە کۆمەڵە سیستەمێکی ئەبستراکتی — مجرد — دەربڕین و خاوەنی یاسا و رێسایەکی تایبەت بەخۆیەتی..)) ئەمەش وای کردووە کە زمان خاوەن کیان و قەوارە و ئیمپراتۆرییەتێکی سەربەخۆ و ئازادی هەبێت، جیاوازیشی لەگەڵ (ئاخافتن) لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە ئاخافتن بەکارهێنان و خولقاندنی قسەی رۆژانەی ئەو زمانەیە کە لەلایەن فەردێکی کۆمەڵەوە لەنگەر دەگرێت.[٢]



پەیڕەو و میتۆدی زمانەوانی بونیادگەری لەلایەن چەندان هزرمەندەوە بەکار براوە، بۆ خوێندنەوە و راڤەکردن و شیکردنەوەی رونیافیکری و فەلسەفییەکان، هەروەك دەبینین بۆ نموونە خوێندنەوەی (ئالتۆسیر) لەسەر مەنهەجییەتی مارکسیزم لەرێگەی دەسەڵاتی ئەم میتۆدە بووە، هەر بۆیە ئەرك و ماهییەتی ستراکتورالیزم گەڕانەوە و شۆڕبوونەوەیە بۆ جەوهەر و ناوەڕۆکی پێوەندییەکان لە خودی خۆیدا، کەدیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێداویستییەکە لەخودی ئەپستمۆلۆژیادا. هەروەك چۆن (فۆکۆ)ی بیرمەند لە چوارچێوە و سنووری خوێندنەوەی سایکۆلۆژیادا کردەی گوێزانەوەی هێنایە گۆڕێ لەسیستەمی (ئاگا بۆئاگا بوونێکی شیاو) لەنێو هەناو و منداڵدانی (سایکۆ ـ سۆسیۆلۆژیا)دا هەر بۆ نموونە کاتێك (فۆکۆ) شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو خوێندنەوەی دەهالیزەکانی (نیتشە) لە رێگەی پرانسیپێکی ستراکچرالیزمییانە، لەزمانی نیتشە ورد دەبێتەوە. ئەوسات دەچێتە نێو کردەیەکی سایکۆ سۆسیۆلۆژییانەی بەئاگاوە لەبواری رەهەندی ئەبستمۆلۆژییادا و هەر لەنێو بازنەی ئەم پێناسەیەشەوە تەعریفی زمان رەتدەکاتەوە، هەروەك (نیتشە) خۆی دەبێژێت: ((وشەکان بەر لەوەی نیشانە بن، تەفسیری مانای جەوهەرین، هەر لەبەر ئەوەشە کە وشەکان هیچ مانایەکیان نابێت...)).[٣]

## (دەسەڵاتی مەعریفە/ مەعریفەی دەسەڵات) لە ستونی زماندا

سەرەتا پێم چاکە لەپێشگەشتی ئەم تەوەرەدا روونکردنەوەیەکی بچووك بخەمە بەر دیدەی (بینەر- خوێنەر) سەبارەت بەهەر دانەیەك لەچەمکی (مەعریفە) و (دەسەڵات) وەك کردەیەکی هزری لەنێو ستونیەتی زماندا و بەپێویستی دەزانم بۆ خوێندنەوە و راڤەکردنی هەریەك لەو چەمکە مەعریفانە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و دەسپێکی بەتیۆریزە کردنی مەعریفە وەك دەسەڵاتێکی فیکری و مەعریفی، یا فلاشباکانە بگەڕێینەوە بۆ چۆنیەتی تیۆریزەکردنی مەعریفە وەك دەسەڵاتێکی رەها، یان بێین تەعریف لەماهیەت و کەینونەی (ئەبستمۆلۆژیا) بکەین و بزانین لەسەر دەستی کێ هاتۆتە ئاراوە بۆنێو پرۆسەی نووسین، یا لەڕووی پێوەندارییەتی بەسەرجەم رەهەندە فیکریی و فەلسەفییەکان، ئێمە لەم تەوەرەیەدا زیاتر باس لەدەسەڵاتی مەعریفە لەنێو دەفری زماندا دەکەین نەك بەشێوەیەکی گشتگیرییانەوە، ساتێ دەبینین ئەو پێوەندییە دیالێکتیکییەی لەنێوان (مەعریفە/ دەسەڵات)دا هەیە، لە دیدی (فۆکۆ)دا کێشە و دەمالڤییەکی زۆری ناوەتەوە لەنێو چین و توێژی رۆشنبیرانەوە، هەرچەندە دان بەبوونی ئەو پێوەندییە ئورگانیزمییەش دەنێت کە لەنێوان ئەو دوو چەمکەوە هەیە، هەروەها

دان بەوەش دادەنێ کەهەر یەکێکیان لەو دوو چەمکە مەعریفییە خاوەن بونیاد و پرەنسیپی تایبەت بەخۆیانە و هەیە، هەر یەکێکیانیش لەنێو دەفری زمان و پانتایی جوگرافیای نووسیندا هەوڵی خۆ پراکتیزەکردن دەدەن بۆ تەنزیکردنێکی دەسەڵاتگەرانەی خودی خۆیان، هەر لەژێر چەتری ئەم روئیایەشەوە دان بەوە دادەنێت کەدەسەڵات بەهیچ شێوەیەك دەست لەبالای مەعریفە هەڵناگرێت و هەوڵیشی بۆ دەدات، دەتوانین بە فۆرم و شێوەیەکی تر بڵێین: هەموو تاکرەهەندێکی مەعریفی لەنێو دەفری زماندا دەسەڵاتێك بۆ خودی خۆی پێك دێنێت و دەبێتە خاوەن سوڵتەیەك، هەست کردن بەخۆرۆشەنبیرکردن و هۆشمەندیی راستەوخۆ پەیوەست بوونە بەدەسەڵاتگەرایی تیۆری مەعریفە.

هەڵبەتە لای هەندێك لەهزرمەند و فەیلەسووفەکان وا سەیردەکرێ کەدەسەڵاتی زمان وەك کایەیەکی بەهێز و کاریگەر بوونی هەیە، بۆ گەیشتن بە مەعریفە ئا لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو دوو چەمکەی سەرەوە دەکەین، وەك خاوەن دەسەڵاتێکی (مەعریفی ـ مێتازمانی) و چۆن چۆنی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان روئیای خۆیان ئاراستەی دەسەڵات و ماهییەتی زمان وەك بوونێکی پێویست کردووە. ئەگەر بەرەو گەڕانەوەیەکی مێژوویی خۆمان ئاراستەبکەین بگەڕێینەوە بۆ نێو ریشاڵەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی بەشەرییەت لەڕووی دەسەڵاتگەراییەوە بۆ نێو رەهەندی زمان وەك پرۆسەیەکی هزری و گوزارشتێکی لۆژیکییانەی تێدا بەئەنجام بگەین، دەبینین تاکرەهەندێکی زمان لەڕووی دەسەڵاتەوە، توانیویەتی هەموو بەها (مەعریفی، فیکری، داب و نەریت...تاد)ەکان. لەنێو ریشاڵ و دەفرییەتی خۆی هەڵگرێ و دەستەمۆیان بکات.

زمان نەك لە پێشوودا گرنگی هەبووە، بەڵکو ئێستاکەش بوونییەتی خۆی لەدەست نەداوە و خاوەن ماهییەت و کەینوونەی دەسەڵاتگەرایەتی خۆی هەیە، وەك دەبینین ئەگەر نووسەرێك یان لێتوژەرێك بیەوێت لەژیاری سەردەمێك بکۆلێتەوە، بەپێی ئەو سەردەمەی کە خۆی بازنەبەندی کردووە و سنووری بۆ کێشاوە بۆ گەیشتن بە زانیاری لە رووی (نەریت، ئایدۆلۆژیا، مەزهەب، فەلسەفە...تاد).

دەبێت ئەو کات بێت بەشێوازێکی وردبینانە و لێزانانە بتوانێت بنکۆلێکی (ئەنترۆپۆلۆژی/ سایکۆ- سۆسیۆلۆژی)یانە، لەنێو جەستە و هەناوی زمانەکە لێبدات. تا لێکۆڵەر خۆی بگەیەنێت بەچەند خاڵ و پنتێکی نادیار و گرنگ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەژێر روئیا و مەعریفییەتی سەردەم بەرجەستەی بکات. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە پۆزەتیڤیەکانی



تاکرەهەندیی زمان، لەنێو دەفری زماندا هەموو شتە بە بەهاکان حەشار دراون، وەك (رەوشت ـ نەریت ـ ئایین) هەر بۆیە لەنێو کۆمەڵگە سەرتاییەکاندا دەسەلاتێکی گشتگیری رەها دراوە بە چەمکی زمان یا دەتوانین بلێین: زمان لای کۆمەڵگە سەرتاییەکان کاریگەرترین ناسنامە بووە کە بتوانێت بەشێکی زۆری ژیاری نەتەوەیەك لە رووی سیمایە شارستانییە مرۆڤایەتییەکان لەنێو دەفرە کریستالییەکانی خودی خۆی هەڵبگیرێت و بەگشت مرۆڤایەتی بناسێنێت.

هەروەها دەبینین زمان لەلایەن کۆمەڵگە سەرتاییەکان خاوەن گەورەترین ئیمپراتۆرییەت بووە لە رووی دەسەلاتی مەعریفی و فیکری و فەلسەفی و ئایینییەوە. یا بەشێوەیەکی تر و روئیایەکی تر بڵێین: هەموو تایفە و مەزهەبەکان لەڕووی مێژووییەوە لە نێو دەفر و تاکرەهەندیەتی (سۆسیۆلۆژیا)دا توانیویانە هێماکانی خۆیان لەنێو دەفرە درەوشاوەکانی زمان هەڵبگرن و هەڵبکۆڵن. دەبینین کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەر بەوەندە نەوەستاون، بەڵکو ویستوویانە و هەوڵیان داوە هەرچی کایە و تەعامووڵی سۆسیۆلۆژییانەی خۆیان هەیە لەنێو بۆتەی هێما زمانەوانییەکاندا بتوێننەوە و لە قاڵبی بدەن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەبێ حیکمەت نەبووە، دەتوانم بلێم زیاتر بۆ ئەوەیان بووە، کە بەردەوامییەك بە دینامیکییەتی زمان و خودی خۆشیان بدەن، کە بەردەوام ئەو رەمز و هێما و ئاماژانەی خۆیانی پێ تازە بکەنەوە و ئارایشتی بکەن.

جگە لەمە دەبینین لەنێو هەموو تایفە و هۆزەکاندا، هەموو دەسەڵاتێکی ماددی و مەعنەوی دراوە بە بونیادی (دەسەلاتگەرایی زمان) تەنانەت خاوەن هەموو دەسەلاتێکی هێمایی و کردەکی هەبووە.

بونیادی زمان لەڕووی دەسەڵاتگەراییەوە توانا و ئیمکانییەت و سوڵتەی بەسەر هەموو رەهەندە مەعریفی و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی و فیکرییەکانەوە هەبووە، ئەوەتا لەنێو هەناو و منداڵدانی میتۆلۆژیادا، زمان دەسەڵاتێکی مەعریفی وای پێ دراوە، کە دەسەڵاتێکی گشتگیری بەسەر هەموو رەهەند و ژێیەکانی ژیان و تەنانەت فەنابوون و مردنیش هەبووە، بۆ نموونە دەبینین لە میتۆلۆژیای گریکیی کۆندا کاتێ کە وتراوە (پرۆمیسیۆس، چونکە ئاگری بۆخەڵك دزی، بەفەرمانی زیۆس لە تاوێر بەسترایەوە، رۆژانە داڵێك دەهات جگەری دەخوارد، بەڵام جگەری هەمیشە سەرلەنوێ دەژیایەوە، لەدواجاردا (هێراکلیتس)ی پاڵەوان داڵەکەی بەتیر کوشت..).

ئەگەربێت و ئێمە بە روئیایەکی ئەپستیمیانە راڤەی ئەم ئەفسانەیە بکەین و گوزارشت لە تیمە یا مەغزای نێو دەفری دەقە ئەفسانەییەکەی بکەین، دەبینین تەنیا لەنێو دەفر و

فەرهەنگی زماندا مانا دەبەخشێ، ئەگینا لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا جگە لەکایەیەکی زمانی و لە چەند رەمز و ئاماژەیەکی ئالۆز و تێکچڕژاو و راڤەیەکی میتۆلۆژی نەبێ، هیچیتر هەلناگرێ و ناگەیەنێ، یان دەتوانین لە دیوێکی ترەوە راڤەی کایەی زمان بکەین و بڵێین: بونیادی دەسەلاتگەریی زمان لە رووی دەسەلاتگەریکی مەعریفییەوە سەرچڵە و زاڵبووە بەسەر هەموو سەرمایە و دەسەلاتەکانی تری کۆمەڵگاوە، هەربۆیە پرۆسەی بونیادی زمان وەك مەعریفەیەکی شیاو و کردەیەکی عەقلانییەوە، لەگەڵ گشت ریشاڵە مەعریفییەکانیتر، خۆی بارگاوی و موتووربە دەکات، بەمەش بەهۆی ئەوەی کە ((زمان سیستەمێکی هێماییە))... چونکە هێماکان دەبێتە بەرجەستەکردنی گشت ویست و ئیرادەکانی مرۆڤ.

کردەی زمان وەك کردەیەکی زەینی و هزری لە دایك دەبێت و دێتەکایەوە و نەشونما دەکات، هەروەك (بارت) وای بۆ دەچێت کە ((مرۆڤ کائینێکی زمانییە)) زیاتر بەواتە مرۆڤ خۆی خولقێنەری هەموو دەلالەتە زمانەوانییەکانە و هەر خۆشی نەشونمای پێ دەدات، ئەو کاتیش دەمامکێك لەخودی دەسەلات وەردەگرێت و خودی خۆی پێ دەماك دەدات و بالا دەستییەتی خۆی دەنوێنێ بەسەر هەموو رەهەندە فیکری و مەعریفی و فەلسەفییەکاندا زال دەبێت، کەواتە دەگەینە ئەو بڕە زانیارییەی کە میکانیزمییەتی زمان بڕیتییە لەهەناو و ناوکی هەموو رەهەندە مەعریفییەکان و بەرجەستەکەری هەموو ویژدانی خەلیقەت، لای مارکسییەکان دەبینین هەمان ئەو کاریگەرە دەسەلاتگەرایییەی زمان رەنگدەداتەوە کە زمان بڕیتییە لە (رەنگدانەوە، هۆشیاری تاك (فرد)...)... بە واتە زیاتر هۆشیاری و وەعی فەرادەنییەت لەڕووی رووخسار و هەناوی زمانەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرجەستە دەبێت، یان (جان کۆهین)ی هزرمەند دەبێژێت: (زمان دەمامك و پۆشاکی هزر نییە، بەڵکو جەستەیەتی، چونکە هزر بەبێ زمان بوونایەتی خۆی بەدەست ناهێنێ....))، بەواتە زمان دەبێتە خولقێنەری هزر لای (کۆهین) و لەنێو قوڕگی زمانەکەدا (بیر) بەرجەستە دەبێت و نەشونمادەکات لەمانای ئەم گوزارشتە زمانەوانییەوە دەمەوێت جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ نێو راڤە کردنێکی هزری بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لای هەندێك لە هزرمەندانەوە، وەك دەبینین (شتراوس) بۆ راڤە و شیکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە هەڵدەستێ بە گوێزانەوەی پرەنسیپەکانی میتۆدی زمانەوانی بونیادگەری بۆ مەودا و زەمینەیەکی نازمانی کە (ئەنترۆپۆلۆژیا)یە، ئەم کردەیە لەڕووی تیۆریزەکردنێکی عەقلانییەوە (شتراوس)ی هاندا بۆ ئەوەی راڤەی کۆمەڵگەی سەرەتایی پێ بکات.



ئەگەر بمانەوێت بە روئیایەکی مەعریفییانە لەڕووی پرۆسەی نووسیندا خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ رەهەندی مێژووی هاتنە ئارای کردەی ((نووسین))، دەبینین پرۆسەی نووسین لەلایان کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا پێوەندی بەدەسەلات و کۆیلەیەتییەوە هەبووە، هەروەك لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە چاکی پراکتیزە دەکرێت و بەرجەستە دەبێت، بەشێوەیەکی تر لای ((شتراوس)) پرۆسەی نووسین دەبێتە هۆی لەدایکبوونی (کۆیلەکردن)، زیاتر بەواتە بوونایەتی نووسین پێوەندی بەرەمز و ئاماژەیەك هەیە لە کردەکانی دەسەلاتگەراییەوە لەلایەن دەستییەك لەمرۆڤەوە بەسەر دەستەیەکی تری مرۆڤەکانەوە، هەر بۆیە پێی وایە ویست و ئیرادەی کۆیلەکەر لەنێو هەناوی دەسەلاتی پرۆسەی (نووسین)ەوە هاتۆتە ئاراوە هەر ئەویش هێناویەتیە وجود و خولقاندن.[٤]

ئەگەر بێت و ئێمە بە روئیایەکی مەعریفانەش بەهەمان شێوە بڕوانینە دونیای میتۆلۆژییاوە، دەبینین (بارت و شتراوس) خوێندنەوە و راڤەکردنیان بۆ ئیمپراتۆرییەتی میتۆلۆژییاوە بە ئەنجام گەیاندووە، (شتراوس) بەوەندەش نەوەستاوە بۆ گەیشتن بەفیکر و هزری کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ پشت بەستن بە (سایکۆلۆژیای فرۆید) و لێکولێنەوە زمانەوانیەکانی (سۆسێرو چاکۆپسن) و خوێندنەوەی ناوەکی (لاکان) بۆ فرۆیدزم لە رێگەی رەهەندی ستراکتورالیزمی زمانەوانییەوە.

## دووسەرەی (سایکۆلۆژیا/ سایکۆ ـ سۆسیۆلۆژیا) لەنێو هەناوی زماندا:

هەرچەندە ئێمە دەزانین کە پرەنسیپەکانی میتۆدی زمانەوانی بونیادگەری بووە بەخاوەن بەرنامە و پرۆگرامێك بۆخوێندنەوە و دۆزینەوەی سەرجەم زانستەمرۆییەکان و دەتوانێت بەپێی ئەو ئیمکانیاتە مەعریفی و فیکرییانەی کەلانێو بۆتەی ئەم میتۆدە کۆبوونەتەوە و تەراکومیانکردووە، بەلام بەپێی ئەوهێلەی گرتوومانە لە نێو هەناوی ئەم گوتارەماندا باس لە پێوەندیی زمان بەهەموو رەهەندە مەعریفی و فیکری و فەلسەفییەکان ناکەین، تەنیا باس لەدوو جەمسەری کاریگەر دەکەین کەوا پێوەندییەکی توندوتۆل و بەهێزیان لەگەڵ دەسەلاتی زمان هەیە کەوا ئەوانیش دوالیزمی (سایکۆلۆژیا/ سایکۆ ـ سۆسیۆلۆژیا)ن، ئێمە لێرەدا وەك دوو فاکتەری کاریگەر و گرنگ لەنێو بازنەی زمان دەدوێین، هەروەك دەبینین تاکڕەهەندییەتی سایکۆلۆژیا بەشداربووە لەراڤە و تەئویلکردنی فیکری سۆسێردا، هەر لەم میانەشدا پێوەندیی ئۆرگانیزمییەتی رەهەندی سایکۆلۆژیا بەزمانەوە، هەروەك دەبینین زانای سایکۆلۆژیست (ود

ورث) ساتێك بەدوای دۆزینەوە و کەشفکردنی پێوەندیی ئۆرگانی نێوان سایکۆلۆژیا بەزمانەوە دەبێژێت: ((سایکۆلۆژیا زانستی چالاکیی مرۆڤە وەك چالاکیی جوولە لە ئاخاوتندا...)).[٥]

ئێمە وەك دەزانین سروشتی دەسەلاتگەرایی لەوجوودی مرۆڤدا رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی دیسپلینکراوی لەسەرجەم بوارە مەعریفییەکان (سایکۆلۆژیا/ سایکۆ- سۆسیۆلۆژیا/ مێژوو/ فەلسەفە...تاد) رەنگی داوەتەوە و خولقاندووە یەکێك لەو رەهەندە مەعریفییانە تاکڕەهەندیی (زمان)ە. لەنێو پانتایی و مندالدانی رەهەندی زمانەوە تاکڕەهەندیی (سایکۆلۆژیا) لەکردەی ناسینێکی شموولیانەدا ئەرك و ماهییەتی خۆی ئەفراندووە و پەیداکردووە، زمان لەسادەترین پێناسەکردنیدا، سەرەکیترین و بەجەوهەرترین وەسیلەی پێوەندییەکانی مرۆیە لەکەوندا، هەروەك دەبینین هزرمەند و نووسەری سەردەم (نئوم چۆمسکی)، کە یەکێکە لەو نووسەرانەی لەگوتاری سەردەمییانەی زمان دەکۆڵێتەوە، زمان لای ئەو هزرمەند و زمانناسەدا بۆتە ئەلتەرناتیفی هەموو بابەتە زیندووەکان، کەواتە بەشێوەیەکی تر دەتوانین بلێین: زمان لای (چۆمسکی) رەزمی مانەوە و زیندەگی هەموو رەهەندە مەعریفیی و فیکرییەکانی سەردەمە و نەشونمایان پێدەدات.

هەروەك دەبینین (چۆمسکی) بەپێی روئیا و سەلیقەی خۆی و تێڕامانی فیکریی خودی خۆی بۆ بونیادی زمان گەیشتۆتە ئەو رایە کە بلێت: ((بونیادی زمان بە فاکتەرێکی ئێجگار گرنگ و کاریگەر دادەنرێت لەڕووی بونیادنانی ئەقلانییەت و شارستانییەت و داهێنانی سەرجەم بەها و قیمە مەعریفییەکان)).. پێیوایە دەبێت هەموو رەهەندە فیکری و مەعریفی و فەلسەفییەکان پشت بەنهێنی و پنتە ئەفسوناوییەکانی زمان ببەستن، تەنانەت تاکڕەهەندی مێژووش دەبێت لەگوتارەکانی خۆی دا پشت بەو زمانە ببەستێ، هەر بۆیە لەپێشوودا وتمان ((زمان بریتییە لەسیستەمێکی پەیوەندار...)). کە یەکێك لەو پەیوەندییانەش تاکڕەهەندی (سایکۆسۆسیۆلۆژیا)یە، یەکێك لەو روئیایانەی کە تێڕوانینی (سایکۆ ـ سۆسیۆلۆژیا) نەبەرپادەکات، چۆنیەتی تێگەیشتن و حالی بوونی لەرەهەندەکانی ئەودیو سنوور و شوورەپۆلاینەکانی زمانی بەرامبەرە، هەروەك چۆن (فرۆید) کاری بۆ دەکرد، وەك دەزانین پرۆسەی (ئەفراندن) کردەیەکی هزرییانەی سەرجەم مرۆڤەکانە، بۆیە دەبێت دەسپێکی هەموو شتێك لەزمانەوە دەست پێبکا و سەرچاوەبگرێ و لەدایکببێت، هەر لەنێو دەفری زمانەوەش مەرگی خۆی رابگەیەنێت و ئەفراندن بونیادێکە لەنێو مندالدانی بونیادێکی ترەوە دەخولقێت و و چاو هەلدێنێت، نەشونمادەکات، تێڕوانینی سایکۆلۆژیا بۆ بونیادی زمان جۆرێکە لەهەلگری



ئەو پەیامەی کە حەقیقەتی گرێدانەوەی پێوەندی هەردوو زانست بەیەکەوە دەخاتەڕوو، کاتێك کە چالاکی کردەی زمان بۆ ژێر کاریگەر و فشارێکی دەروونی دەگەڕێنێتەوە و دواتریش لەگەل بوارەکانی تردا دەیانگونجێنێت.[٦]

بونیادی دەسەلاتگەریی زمان لەتوانایدا هەیە سیحر و ئەفسوونە بەسامەکانی خودی خۆی بکات بەشورایەکی کۆنکریت بۆ هەموو پنتێکی مەعریفی لەوجووددا، بتوانێت غەرقی نێو هەناوی خۆی بکات و دەسەلاتی خۆی بخاتە سەر هەموو پنتێکی زیندوو و مردوو، بەمەش دەمامکی (دیکتاتۆرییەت) بەخودی خۆیەوە گرێ دەدات، هەربۆیە کاتێ ئێمە هەرجولەیەك لەنێو بۆتەی ئەم کەونە دەکەین، ئەوە خۆی لەخۆیدا جوولە و نەشونما کردنمانە لەنێو لەپی زماندا، هەربۆیە هیچ کامێکمان لەدەرەوەی بازنەی زماندا کارناکەین و ناجوولێینەوە.

(فردینان دی سۆسێر)ی زمانناسی بەهرەمەند لە وتەیەکیدا دەبێژێت: ((زمان رەگ و ریشالێکی سۆسیۆلۆژییانەی هەیە و کۆمەلێکی دیاریکراو و ئامادە بەکاری دەهێنن...))... ئەگەر بێت و ئەم وتەیەی (سۆسێر) روئیا و ئەتویلاتی خودی خۆمانی ئاراستە بکەین و بیدەینە بەرمەقسەلەی تەفسیر کردن لەنێو ژووری نەشتەرگەریی زمانەوانییەوە، دەگەینە ئەو رایەی کە بلێین: فەردییەت دەکەوێتە ژێر چەتر و جەبرییەتی بونیادی دەسەلاتگەریی زمانەوە و بەسەرجەم توانای سیستەمە جۆراوجۆرەکانی زمان مەحکوم دەبێت، کەواتە دەسەلاتگەرایی زمان توانای دیسپلێنکردنی بەسەرهەموو شتەکانەوە هەیە، لەڕووی موتلەقییەتی دەربڕینەوە، هەموو تاکێك بۆیاسا و رێساکانی دەسەلاتگەریی زمان ملکەچە، هەربۆیە زمان دەکەوێتە دەرەوەی کیانی فەردییەتەوە، کەچی لەکاتێکیشدا دەبینین (تاك/ کۆ) دەخاتە ژێر باری راڤەکردنی دەسەلاتگەرانەی خودی خۆی و بەیاساکانی خۆشی مەحکومیان دەکات.

## (سیحری زمان/ زمانی سیحر) لەنێو بونیادی دەقدا:

لەنێو ئەم پانتاییەدا ئێمەی (نووسەر/ خوێنەر) دەبێت زۆر لێهاتوانە و سەلیقەدارانە بچینە نێو میحرابە پیرۆزەکانی زمان و سیحری زمان. ئەگینا وەك بەردەکەی سیزیف غل دەبینەوە بۆ نێو سێگۆشەی بەرمۆدەی هەرەسهێنان و داڕووخان، ئێمە دەبێت ئا لەم زەمینە بەرتەسکەدا هەودایەك بۆ رەزمی سیحر و جوانی چێ بکەین و لەنێو فەزا بخوورستانەکەی (سیحری زمان) شۆڕبینەوە بۆ نێو ریشالە ئالۆز و تێکچڕژاوەکانی مەرقەسیەتی نووسین، تا بتوانین تا ئەوپەڕی جیدییەت و لەخۆبوردەیی قوڕگی وشە پڕبکەین لەپۆلیە ئاگر و سیحری ستاتیکا، بۆ ئەوەی

بتوانین کردەی (پیتێن) لەنێو وشەکان و سیحری زمان بخولقێنین، وشەکانیش بتوانن لەنێو میکانیزمییەتی بونیادی زمان و پرۆسە بێ ئامانەکانی دونیای نووسین لەسەمایەکی ئەزەلییانەدا رەزمی مانەوە و زیندەگییەتی خۆیان بگێڕن.

به پێی ئەو روئیا و میتۆدەی کە هەڵمانگرتووە، لەوڕایە داین کە سیحری زمان و جاویدانییەتی نووسین لەنێو پانتایی هەموو دەقە ئەدەبییەکاندا جا چ (شیعر/ پەخشان) بێت. لەنێو خودی پرۆسەی بونیادی زمانەوە لەنگەر دەگرێت، (نووسەر) ئەگەر بتوانێت لەنێو دارستانە سنووبەرییەکانی دەقێکدا تەشویق بەرەزموو ستاتیکای وشەکان بدات، ئەو کات خودی وشەکان خۆیان دەتوانن سەرچۆپی نەمریی و زیندەگییەتی خۆیان لەنێو پانتایی (دەق)دا بگێڕن و بەدەستی بهێنن. وەك دەزانین (زمان) ئەو تەکنیك و شێواز و جۆرە دەربڕینەی ئەوقالبە زمانەوانییانەیە، کەلەتوانایاندا هەیە، باری ماناکان لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر بگوازێتەوە[٧].

هەڵبەتە ئەمە ئەرکی سەرشانی قاڵبە زمانەوانییەکانە، کەش و هەوا و دۆخی ماناکان لەشوێنگەیەکەوە بۆ شوێنگەیەکی لەبارتر و ئارامتر بگوێزێتەوە، ئەگینا زمان زیندوویەتی و جاویدانییەتی خودی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانێت ببێت بە سوڵتان، بەڵێ زمان تەنیا نابێتە هۆیەك بۆ دەربڕین کردن لەڕاستییە یەکگرتوو و تەباکانی مەعریفەی مرۆڤەوە، بەڵکو دەبێتە ئەو تەوەرە گەییو کاملەی لە بەشبەش بوونی یەکەکانی زانین و دەربڕین لێکردن و لە تێکدان و رێکخستنەوەی دەسەڵاتەکانی نواندندا[٨].

سوڵتەی سولتانییەتی زمان ئەوەندە بەجۆش و کاریگەرە، دەتوانێت باڵادەستی خودییەتی خۆی لەنێو پانتایی سەرجەم ریشاڵە مەعریفییەکان بەدەست بهێنێ، هەروەك دەبینین کەچۆن (رۆلان بارت) دەبێژێت: ((کاتێك نووسەر بەخودییەتی من دێتە گۆ و دەنووسێ، ئەوە منە منێکی ساختەیە و منێکە لەنێو کاغەز، ئەوەی دەپەیڤێ زمانە نەك نووسەر، بۆیە کاتێك دەقێك دەخوێنیتەوە بیر لەنووسەرەکەی مەکەوە)).

یان لە شوێنێکی تردا دەلێ: ((پلەی سفری زمان یەکسانە بە خودی نووسەر)) یان ((خودی نووسەر یەکسانە بە زمان)) زیاتر مەبەستی لەدەسەلاٙتگەرایی و خاوەن دەسەلاٙتی زمانە کە لەنێو پرۆسەی نووسیندا شتە مردووەکان هەناسەیان پێ دەدات و زیندوویان دەکاتەوە، مادەم زمان یەکسان بێت بەخودی نووسەرەکە، ئەوکات نووسینەکە دەبێتە ژیانێکی سەرمەدییانە لەنێو خودی نووسەری مردوودا، هەروەها ئەوکات کە زمان ئەوتوانایەی پێ درا دەتوانێت



بەپێی ئەوکردەیە، بتوانێت یەکە یەکەی وشەکان بارگاوی بکات بەجوانی ستاتیکا و بیانخاتە نێو رەزمی وشە سیحراوییەکانیتر، هەروەها دەبینین ئەو دەسەڵاتەی زمان لای (فۆکۆ)ش دووبارە دەبێتەوە، زیاتر زمان لای فۆکۆی هزرمەند لەشێوەی فۆڕمێکی هەڕەمەکیدا دەژیی و پێش بیرکردنەوە دەکەوێت و هەمیشە بەردەوام تاکەکان دەکات بەملکەچ و کۆیلە و خودی خۆی فەرز دەکات[٩]. ئەوکاتیش بەشێوەیەکی رەها بانگەوازی (دیکتاتۆرییەت)ی خۆی رادەگەیەنێت و دەسەلاٙت دەخاتە سەر هەموو پنتێك لەنێو دەفری وجوددا.

نووسەر لەنێو چوارچێوەی زمانەکەیدا توانستی خوڵقاندن و دروستکردنی پالاٙوگەیەکی هەیە وشەمردووەکان بداتە بەر مەقسەلە و ورد و خاشیان بکات، یا بەهۆی وزەی بارگاوی کردن سەرلەنوێ گیانیان بەبەردا بکاتەوە، وشە زیندووەکانیش مووتوربەی (سیحر/ ستاتیکا) بکات، ئەوکات دەتوانێت بەبێ ترس بچێتە نێو پەرستگەکانی نووسین و سینەی وشە سیحراوییە بێ ئامانەکان و بتوانێت سەمایەکی قەقنەسانە لەنێو ئاتشگەی سووتاندا سازبدات و دووبارە و سێ بارە نەمرایەتیی خودی خۆی رابگەیێنەیێتەوە، تەنانەت رێچکە و تەریقەت وەرگرتنی نووسەر لەنێو پرۆسەی نووسیندا هەر لەڕووی سرووتەکانی زماندا جاویدانییەتی زمان و نووسینیش دەناسرێتەوە، ئەمە زیاتر خۆی لەخۆیدا باڵادەستییەتی بونیادی دەسەلاٙتگەری زمان لەنێو پانتایی جوگرافیای هەموو رەهەندە مەعریفییەکاندا ئاشکرا دەکات و چەقبەستی دەکات.

جاری واهەیە ئەم دەسەلاٙتە وا لەزمان دەکات، کە زمان کردەی هۆیەتی و ئامانجییەت بەخودی خۆیەوە دەمامك بدات، هەروەك (ڤالێری) دەپەیڤێ: ((خودی زمان خۆی لەخۆیدا هەم هۆیە و هەم ئامانجیشە...)) واتە بەجارێك دووکردە لەخودی خۆی کۆدەکاتەوە لەنێو زەمینە و فەزای هەموو دەقێکی نووسراودا، هەربۆیە زمان: هەوێنی ستاتیکا و رەزمی دەقە و هەم پۆشاکی زەیندەگییەتی نووسەرە و هەم بونیادی زمانیشە کە (نووسەر) دەخولقێنێ و نەشونمای مەعریفی و فیکری و فەلسەفی پێ دەدات، نەك زمان تەنیا بریتی بێت لە کەرەسە و شێواز و فۆرمی دەربڕین، بەڵکو بریتییە لە کەرەسەی خولقاندنیش))[١٠].

هەربۆیە زۆرینەی پێناسەکانی، دەقی ئەدەبی و چەمکی زمانی شیعر ئەوزمانە وەك ترازان و دابڕانێك لەزمانی خەڵکی رەش و رووت دیاری دەکەن، هەربۆیەش (پرۆسەی نوێکردنەوە) بە پلەی یەکەم رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ بونیادی زمان و سیحری زمان، ئەگەر بێت و تەبایی و هاوئاهەنگی و رەزمی نێوان وشەکان وەك (فالێری) دەپەیڤێ: ((چۆنیەتیی بەکارهێنان و

بەگەڕخستنی زمانە...)).[11] هاوگونجاوبێت روئیای (شاعیر) دەبێت لەبواری مامەلەکردن لەگەڵ هەموو بونیادێکی زمانی سەرەڕۆو سەرکێش دابێت. بەسیحرێکی پڕ لەڕەزم و ستاتیکا و لەسەرسوڕمانێکی چاوەڕێ نەکراو خوێنەر تووشی داوی سەرسوڕمان بکات، هەروەها بەرەو دوورگە بێ کۆتاییەکان ئاراستە بکات و بەرەو جیهانی یۆتۆچیای ببات و بتوانێت هەڤپەیڤین لەگەڵ هەموو شتەکانی نێو کەون (هەور، سەراب، بەرد، دار، سێبەر، پەپوولە.. تاد) بکات.

زیاتر بۆ بەرجەستە بوونی رەزمی سیحر و ستاتیکای وشەکانی نێو میحرابە درەوشاوەکان و مەرقەسیەتی پەیڤە بالاٚ زراڤی و بێ باکەکانی نێو دەقە شیعرییەکان. نووسەری لێهاتووی دەقی ئەدەبی وشەکانی نێو دارستانە سنەوبەرییەکانی نێو دەقەکە، کە هەمیشە و بەردەوام بۆنی تەڕییان لێ دێت، جا پێویستە بەسەبکێکی سیحراوی و پڕ لە رەزمی ستاتیکاییەکەی قوڕگی وشەکان پڕ بکات لەپۆلیە ئاگری جاوێدانی و بارگاوییان بکات، بە جوانییەکی وا کەلە فۆرمی زەخرەفەی سەربالێی پەپوولە باڵ کریستالییەکان بچێت، جار جاریش بۆنداریان بکات، بە عەتری نێو دەستی گوڵە دالیاکان، هەناسە بە وشەکان ببەخشێت کە لەهەناسەی نێوسینەی ماسییە پوولەکە دارینەکانی تەهارەت بچێ.

بۆ ئەوەی وشەکان بتوانن سەرمەستانە چێژ و لەززەت لە شەڕابە کۆنینە و تازەکانی نێو کاسەی نەمرایەتی و نەمری وەربگرن، لەگەڵ فریشتە باڵ عاتفییەکانی جوانی بکەونە نێو تەقسی سەمایەکی سەرشێتانە، بەلێ زمانیش رەزمی شیعرییەتی خۆی هەیە، چەند نووسەر بتوانێ سەلیقەی خۆی لەنێو بۆتەی دەقدا بنوێنێ و بتوانێ لەنێوان پانتایی دەقدا سیحرئامێزانە لەگەڵ وشە و رستەکاندا مامەلە بکات و بە ستاتیکاترین فۆڕم و شێوە تەوزیفیان بکات و هەناسەی مانەوەیان پێ ببەخشێت، ئەوکات لەنێو دەقەکەدا، کریستالە درەوشاوەکان دەست دەکەن بە تریسکانەوەیەکی ئەوتۆ کە جوانییەك بەجەوهەری دەقەکە بدات، دەبێت نووسەرە دەقە ئەدەبییەکان لەبەردەم فاکتەرە دەرەکییەکاندا بەپێی تێڕوانین و روئیا ئەپستیمییەکانی زاتی خۆی، بچێتەوە سەر کۆمەڵێك تەکنیك و فۆڕم و ئیلقائیاتێکی وا کە زۆرجار وای لێ دەکەن بچێتەوە نێو قاوغ و دەسەلاٚتی زمان بەدەربڕین لێکردن و نواندنی شتەکانی دەبەخشێت)).[12]، چونکە زمان هەروەك (سۆسێر) دەلێ: ((زمان سیستەمێکی دەلالی بەدوای یەکدا هاتووە...)). ئیتر نووسەر بۆی هەیە تەنانەت لەنێو هەناوی یەك تاقە وشەدا چەندین مانا و واتا کۆ بکاتەوە، ئەگەر بهاتبایە زمان خاوەنی ئەوسیستەمە دەلالییەتە نەبایە، ئەوە هەرگیز نووسەر نەیدەتوانی بونیادێك لەنێو هەناوی بونیادێکی تر بخولقێنێ و



کردەی (ئەفراندن) بێنێتە ئاراوە و شۆڕشێك لە ستاتیکا لەنێو فەزا و زەمینەی دەقەکانیدا بەرپا بکات، لەو کاتیش زمان نەیدەتوانی دەسەڵاتێکی بەهێز و کاریگەر لەنێو بونیادی دەقدا، بتوانێ وەرچەرخانە فیکرییەکانی نووسەر ئیحیتوا بکا و بەرامبەر بەتەوژم و گۆڕانی روئیا و فۆرمی واتاکان خۆی دەربخات.

سیحری زمان و کاریگەری دەسەلاٚتی زمان کەوا بەئاشکرا لەنێو دەقە شیعرییەکان و چیرۆکەکانی سەردەمدا بەرجەستە دەکرێن، لەڕووی نوشستییەوە لەلایەن هەندێکیانەوە، لێرەوە ئەمیش بە سروشتی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سەرەکی کورتبینینی ئەو شتانەی کە واتاکانی لەناخی خۆیاندا هەڵگرتووە، بەڵکو زیاتر ئەم نوشستییە بۆ جەوهەرییەتی ماناکە و مامەلەکردن لەتەك زمانە دەلالیەکەی، هەر بۆیە دەبینین تائێستاکەش خوێنەران و رۆشنبیران باس لە بەرهەمە شیعرییەکانی (نالی ـ مەحوی ـ گۆران... تاد) دەکەن، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ زیندوویەتی و رەزمی زمانەکەیان کە هەموو کات وشەکانیان لەنێو هەناوی خۆیاندا رەزم و سەمای نەمرایەتی دەگێرن. ئێمە دەزانین کەزمان لای نووسەران بریتییە لە رەنگدانەوەی تواناکان و دەسەلاٚت، لەنمایشکردنی واقیعییەتێکی تایبەتدا، ئەو واقیعییەتەی کە هەمیشە زمان تێدا دەبێتە داینەمۆی گشت گۆڕان و شۆڕشێك جا چ شۆڕشێکی (مەعریفی/ فیکری/ کلتووری/ فەلسەفی... تاد) بێت. زمان هەمیشە (نووسەر)ی دەقی ئەدەبی دەبێتە ئەو ئافەریدە زیندووەی کە هەمیشە لەگەشکردن و نەشونمادایە، بۆ ئەوەی لەنێو هەموو کەش و هەوایەکی سەردەمییانە مەودایەکی مەعریفییانە و ستاتیکایانە لەنێو هەناوی خۆی چێبکات، دەسەلاٚتی زمان لای شاعیر دەبێت وەك ئەو زەرەبینە بێت کە گەردیلە زۆر وردەکانی دەسەلاٚتی مانا و ئیستاتیکای جولە و ماتبوونی زمانمان بۆ گەورەدەکات.))[13]

دەبێت (نووسەر/ شاعیر) تا ئەوپەڕی جیدییەت و توانست هەولّی خۆ تەنزیر کردنێکی ئەپستیمیانە و مۆدێرنیستیانە بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ کەش و هەوای سەردەم خۆی بگونجێنێت و خۆی لەدەمامکی تەقلیدییەت هەڵبمالێت و رزگار بکات، هەولی ئەمیش پێویستی بە ئەوپەڕی لەخۆ بوردوویی هەیە، بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی دونیای سیحر و جوانی هەولی ئەوە بدات کە خولقاندن و لەدایکبوونێکی دیالێکتیکی نوێ لەنێو دەفر و جەستەی زمان بسازێنێی، تا بگات بەو شتە بە نرخانەی کەلەنێو قوڕگ و منداڵدانی زمان کەڵەکە بوون و کۆبوونەتەوە، چونکە ئەو توانستانە لەدەسەلاٚتی زماندا هەیە، کەتوانایەکی گۆدۆیانە و سیزیفیانە بە (بینەر، خوێنەر، نووسەر) ببەخشێت، ئەوەش دەرئەنجامێکی تری دەسەلاتە

ستاتیکایەکەی زمانە کە سەرچاوەی گرتووە، ئەوکات هەست بەلەززەتمەندییەتی و موگناتیسییەتی سێرکی زمانەکە دەکرێت، کە چۆن نیگای خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ نێو کەونییەتی دەق و ئاشنای دەکا بەو جیهانە بزر و شاراوەی کەلەدەرەوە و ناوەی خۆ بەرجەستە بووە، کە چەندان دەقی زیندووی وامان لا بەرجەستە بووە، سیحری ئەم سێرکە زمانەوانییە لەنێو ئۆپێرای دەقەکانیان لەنمایشێکی ئەفسوناویدان، نێوبانگی سەرکەوتووی دەق بە پلەی یەکەم لەڕووی پاراوی زمانەکەیاندایە، کەوا بەسەبکێکی سیحرئامێزانە سرووتێکی سێرکانە نووسراونەتەوە کەوا بەردەوام وا لەخوێنەر دەکات، بەتامەزرۆیی و وردبینانە رووەو پەرستگە پیرۆزەکانی دەقەکانیان بچێت و بەتێڕامانێکی فیکریی قووڵ بەپێی ئەو بڕە مەعریفەیەی کە لەزەیندا بەرجەستە بووە راڤەیان بکات.

سیحری زمان لەنێو پانتایی جوگرافیای دەقەکاندا دەبێت بەجادوویەکی وا چەشنی موگناتیس نیگاکان پەلکێش بکات. لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شاعیر (هاشم سەراج)دا، شاعیر وا دیدگاکانی سەبارەت بە تاکی خوێنەر هەڵدەگرێتەوە کە دەڵێت: ((کاتێك خوێنەری زرنگ و لەززەتمەند، خاوەن هۆشمەندییەکی نیمچە تەڕ و کراوە، بالاّی دوور لەشۆفینییەتی فیکر و میزاجی دۆگمایی، ئەو خوێنەرەی بەردەوام هەست بەحالەتە بێهودەییەکانی گەردوون دەکات و دەزانێت پرۆسەکانی نووسین کردەیەکە و دژی ئامانجە عەبەسییەکانی مەرگ کاردەکات...)) ئەوکات خوێنەری کراوە دەتوانێت لەنێو سێڕکی وشە سیحراوییەکان، بارگاویبووەکان بەستاتیکا ئامادەیی خۆی بنوێنێ، وشەکان بەپێی تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جادووگەرێکی زیرەك و کاراما بە کهرۆموگناتیسییەتی ستاتیکا بارگاوی دەکرێن، لەهەمان کاتیش موتوربەی سیحری زمانەکەش دەکرێن، تابتوانین سنعەت و گەمەی زیرەکانە لەنێو هەناوی زماندا بخولقێنین بۆ جوانکردنی بونیادە فرەدەلالییەکانی وشەکان شوێنگە بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت زیاد لەوتاو دەلالەتێکی سەربەخۆ هەڵبگرن.

لەهەندێ شوێنگەدا دەبینین (دەق/ زمان) وەك دوو چەمکی مانەوە لەپێناو نەمرایەتی کاردەکەن، تابتوانن لەنێو زەمینەیەکدا جاویدانییەت و نەمری بەرۆح و دیوی ناوەوی دەق بدەن تا بۆ ئەوەی بەزیندوویەتی کاربکات تەنانەت جاری وا هەیە کاتێك نووسراوێك جا چ (شیعر) بێت، چ (پەخشان) بەنێو سینەی زماندا گوزەر دەکات و رۆدەچێت، ئەو کات دەتوانێت زیندەگی و بەردەوامی بەخودی خۆی ببەخشێت، هەروەها زمانیش وەك فۆڕمێکی زیندوو بەردەوامییەتی خۆی لەنێو هاوجووتبوون و کۆبوونەوە لەتەك دەقێکی ئەدەبی نووسراودا



وەردەگرێت و بەدەست دەهێنێت و هاوسەنگ دەبێت هەروەك (هایدگەر) دەبێژێت: ((شیعر لەنێو سنوور و مەرزی زماندا بەرهەمەکانی خۆی دەسازێنێ و دەخولقێنێ، هەر لەنێو هەناو و دەفری زمانیشدا دەیانهێنێتە نێو کاسەی ئەفراندن...)).[١٤]

سیحری زمان یاخود زمانی سیحر دەتوانێت بە پێی ئەو توانایانەی کەهەیەتی شۆڕشێکی ستایتیکییانە بەئەنجام بگەینێ و بتوانێت تەزووی رووناهی و جوانی بدات بەو هێڵە سەرەکییانەی کە مەملەکەت و بونیادی (دەق) دەدرەوشێننەوە. شیعرییەتی نوێی و کردەی نوێگەرییەتی بەپێداگرتن و جەختکردن لەسەر مەسەلەی (چۆنیەتی) وتن نەك (چی) وتن، زمانی شیعر بە ئەلتەرناتیڤێکی کارامە دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیە وەك چۆن دەبینن کە هزرمەند (ئەلان تایت) لەم بارەیەوە راڤە و تەفسیراتی خۆی هەیە و دەبێژێت: ((فەلسەفەی شاعیر هەر چۆن و چییەك بێت مەودا و دەلالەتی واتاکانی هەرچەندە بێ سنوور و فراوان بێت، تەنیا لەڕووی رێچکە و تاکڕەهەندیی زمانەکەیەوە دەیناسێتەوە)).[١٥]

دەقی ئەدەبێ نوێ و مۆدێڕن ئایندە و ئاسۆیەکی گەشبین و بەرفراوانی لەپێش هەیە، بەردەوام لەگەشە و نەشونمادایە و هەموو ساتێ، ساتی لەدایك بوون و خولقاندنیەتی. نووسەری نوێخواز و دوور لەسانسۆر و تەقلیدییەت، بەردەوام روئیای خۆی ئاراستەی کیشوەرە نوێ و بزرەکان دەکات، ئەو کیشوەرانەی کە تائێستاش کەس نەیدۆزینەتەوە، کە پڕە لە شتی تەهارەت و پاککەرەوە، نووسەری نوێخواز و ئەزموونگەر هەموو ساتێك سەرقالی کێشمەکێش و شۆڕش و تەوژمە گۆڕانەکانی سەردەمە، هەموو کاتێ لەبیری ئەوەدا دەژیت کە شۆڕشێکی نوێ لەنێو منداڵدانی شۆڕشە دامرکاوەکە بتەقێنێتەوە، هەروەك چۆن (مارکس) لەمشووری ئەوەدابوو کەجیهان بگۆڕێت، لەپێی ئەو میتۆدە فیکرییەی کەهەڵیگرتبوو، هەروەها شاعیری نوێخوازیش (مالارمێ) وتەنی: ((زمان هەمیشە لەگۆڕان و خۆداماڵین دایە و هەردەبێ شاعیر بەوزمانە نوێیەش شیعر بنووسێت..)) سەبارەت بە تیمە و جەوهەرییەتی (شیعر)یش وتە بەنرخەکەی (جان کۆهین)ی هزرمەند لەیاد ناکەین کە دەبێژێت: ((کرۆکی شیعر، دروست بەکارهێنانی خودی زمانەکەیە، نەك پشتگوێ خستن و لەیاد کردنی رێزمانە)).[١٦]

دەقی چاك و بارگاویکراو بە ئێستاتیکا، هەمیشە و هاوکات دەبێ لەبواری زمانەکەیدا موغامەرەی دەلالی تێدابێت، دەقی جوان و موومەیەز ئەگەر بێت و باس لە

مەزنترین و کاریگەرترین کارەسات بکات، هەرزادەی سرووت و گەمەسیحراوییەکانە لەگەڵ خودی زمانەکەیدا. شتێکی تر کە لەیادمان نەچێت ئەویش مەسەلەی فرە دەلالییەتە لای شاعیر کە زیاتر مەبەستەکەی ئێمە لە (خوازە)وە بەرجەستە دەبێت، چونکە زمان هەرگیز بەبێ بەکاربردنی خوازە نابێتە زمانێکی شیعرئامێز هەروەك (سارتەر) دەڵێت: (شاعیری لێهاتوو بەسەلیقە لەڕێی بەکاربردنی خوازە و زانستی سیمۆلۆژیاوە خزمەتی وشەکان دەکات، هەربەهۆی خوازەشەوە خودی خۆ لەزمانە باو و سەلەفییەکە دەترازێنێ و دەمامکی تەقلیدییەت لەسیمای خۆی دادەماڵێت و یاخی دەبێت، (کۆهین)یش لەسەر ئەو رایەیە کە: ((تەنیا خوازە بەچاکی دەتوانێت ببێتە پێوەر و شیعری چاك و خراپ دەستنیشان بکات.))[١٧]

هەر خوازەشە وەك فاکتەرێکی کارامە رۆڵی خۆی بۆ دەولەمەندکردنی بیرکردنەوە و تێڕامان بۆ سەرجەم شتەکان دەگێڕێت، ئێمە لێرەدا زیاتر ئەو هەولانەمان بۆ دۆزینەوە و کەشف کردنی پرەنسیپی نوێ و فۆرم و رەگەزی مۆدێرن، دینامیکییەتی نوێ لەنێو جەستەی زماندا، کە دەسەڵاتی زمان و دیسپلینییەتی سیحری زمان بەردەوام و بەبێ پچڕان توانای کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی هەیە، هەموو کات دەربڕین لەبەردەم شاعیر دەکاتەوە، وەك نوێنەر و سەرکردەی راستەقینەی باری شتەکان.

## پێکهاتەی دووسەرەی (سیحر/ دەسەڵات) لە بۆتەی زماندا:

لە پێشوودا لە راڤەکردنێکی سەرپێیانەی خێرادا بووین سەبارەت بە چەمکی دووسەرەی (سیحر/ دەسەڵات). کەوەك تروسکاییەکی تیۆریی خستمانە ژێر روئیا و بیر و بۆچوون و تێڕامانی خۆمان و هزرمەندانەوە، ئالێرەشدا باس لەو دوو جەمسەرە دەکەین کەوەك دوو دینگەی پتەو و چالاك رۆلی خۆیان دەگێرن. بۆ ئەوەی پرۆسەی میکانیزمییەتی (بونیادی زمان) بەرەو گەشەکردن بڕوات و ئەرکێك بگێڕێت بۆ بەرەو پێش چوون و خۆ تەنزیککردنێکی ئەپستیمییانە لەنێو بۆتەی دەقدا.

هەردوو ستوونەکەشی کە وشەی تێدا بارگاوی دەکرێت و دوو رووپۆش یا دوو دیو شێوە بەجەستەی خۆیەوە دەمامك دەدات، دیوی دەرەوە کەزیاتر رووخسارەکە دەگەڕێتەوە کەبە (سیحری ستاتیکا) ئارایش کراوە. ئەمەش زیاتر کردەی جەمالییە بە ئەنجام دەگەیەنێت کەچی ستوون و دینگەی دووەم کە بۆ جەوهەرەکەی دەگەڕێتەوە لەناوکە (پرۆتۆن/



نیۆترۆن)ێکی لە دەسەلات هەڵکێشراو، کە خۆی لەکردەی (دەسەڵاتێکی تۆکمە) بەرجەستە ئەکات.

ـ (سیحر/ ئێستاتیکا) جەمالییەت (دیوی دەرەوە).

ـ (دەسەڵات/ دیکتاتۆرییەت) دەسەڵاتگەریی (دیوی ناوەوە).

کاتێك یەکە یەکەی وشەکان لەنێو کارگەی (میکانیزمییەتی بونیادی زمان) بارگاوی دەکرێن. دەبینین بە دوو جەمسەر بارگاوی دەکرێن یان بە دوو شێوەوە ئامادە دەکرێن لە هەریەك لەگۆشەکان، کاتێ وشەکان تێدەپەرن یاخود دەگەن بەسنووری گۆشە (بارگاوی کراوەکان) هەڵبەت ئەم کردارە بە هەردوو لا ستوونەکەدا ئامادە دەکرێت، ئینجا دوای ئەوەی وشەکان بارگاوی دەکرێن و لەکاسەی (+/ -) هەڵدەکێشرێن، ئینجا بەهەردوو لا دیواری میکانیزمییەتی بونیادی زمان بەدوو جەمسەر یان دوو ستون شۆر دەبنەوە بۆ نێو لاکێشە و ژوری ئەزموونگەریی، ژوورێکیان تایبەتە بە (سیحری ستاتیکا) کە وشەکان تێدا ئارایش دەکرێن و بە جەمالییەتێکی کراوە و شایستە، لەدواتر قورگی هەریەك لەوشەکان پڕدەکرێن لە گەمە و سوروتێکی سیحرگەرانەوە و پۆڵییە ئاگری نێو پەرستگەکانی نەمرایەتی، ئینجا لەنێو ئاوی ستاتیکا هەڵدەکێشرێت، بەمەش ئەوکات دەتوانرێت وشەکان لەنێو هەناوی بارگاویکراوێکی شیاودا سێڕکێکی ئەفسوناوی سازبدات، لەتەك وشەکانی تر و رووناهی ببەخشێت بە پەرستگە تاریکەکانی دەق، ئەگەر لەدیدگایەکی ترەوە بڕوانینە ستوونەکەی تر و دیوی ناوەوەی، دەبینین وشەکان دەخزێنرێنە ژێر چەتر و سێبەرەی سوڵتانگەرایی زمان و بەرەو نەشونمایەکی سەربازییانەی چالاك و کارامە لەنێو ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان هەڵدەستن بەخۆسازدان و خۆپتەوکردن بەجێبەجێکردنی هەموو یاسا و رێساکانی سیستەمی دەسەڵاتگەرایەتی زمانەکە و شۆڕدەکرێنەوە بۆ نێو لاکێشەی (دەسەڵاتگەرایی) بەهەمان فۆڕم و شێوەی سەرەوە کردەی ژێرەوەی ئەم پرۆسەی (بونیادی زمان)یش بەهەمان فۆڕم و شێوەی سەرەوە دووبارە دەبێتەوە، ئینجا وشەکان لەدوایدا رێچکەی خۆیان دەدۆزنەوە سەبارەت بەپەیوەندی بەستن بەسەرجەم رەهەندە مەعریفییەکان کە لەنێو هەناوی ئەم ئیمپراتۆرییەتەدا کۆبوونەتەوە.

ئیتر دەست بەنەشومانکردن و خۆسازدان دەکەن، تەبیعی ئەم راڤەکردنەی پێکهاتەی دووسەرەی (سیحر- دەسەڵات) لەوێنەی ژمارە (١)دا، کەوەك نەشونمایەکی نازمانی کاردەکات بۆ تەنزیر کردنێکی ئەپستیمییانەی شیاو خۆ سازدان بۆ بەرەو پێش چوون و

خۆخولڵقاندنی زەمینەی هەیکەلی (ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان) کەلەدواتردا بە پوختی باس لە میکانیزمییەتی بونیادی زمان دەکەین، وەك کردەیەکی مەعریفییانە و زمانییانەی بەئاگاوە.

وێنەی (١)




نەشونمای بونیادی زمان لە نێوان دوالیزمەی (سیحرگەرایی/ دەسەڵاتگەرایی)دا

## بەرەو کاملبوونی هەیکەلی (ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان):

لەمەو پێش بینیمان و روئیای لۆژیکی خودی خۆمان لەوێنەی (١)دا ئاراستەی هەردوو جەمسەری (سیحر/ دەسەڵات) وەك کردەیەکی هزری و زەینی کرد و باس لەجوولە و نەشونمایانەمان کرد کەهەردوو ستوون و جەمسەر کردەی خۆیان لەنێو قورگی وشەدا تەقاندەوە و بەئەنجامیان گەیاند، هەروەها باسمان لەوەکرد کە چۆن چۆنی وشەکان خولقان و نەشونمایان کرد، ئەمێستاکەش لەم تەوەرەیەدا باس لەدوا ئەزموون و دوا قۆناغی جوڵەی وشەکان دەکەین لەڕووی نەشونماکردن و گەورەبوونیان لەنێو میکانیزمییەتی بونیادی زماندا، زیاتر لێرەدا هەنگاوەکانی خۆمان ئاراستەی ئەوە دەکەین، کە تاچەند هەنگاویان بەرەو کاملبوون ناوە و کۆنکریت بوونی پرۆسەی بونیادی زمان و تەنزیرکردنێکی لۆژیکییانە و مەعریفییانە لەنێو چوارچێوەی هەیکەلی ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان. جا لێرەدا زیاتر دەمانەوێ زۆر بەپوختی راڤەی نەخشە و پرۆگرامی ئەم هێلکارییەی کە لە ژمارە (٢) بەرجەستە دەبێت بکەین.



سەرەتای ئەم پرۆسە زەینییە بە چوارگۆشەی (بونیادی زمان) کەوەك میکانیزمییەتێك کاردەکات، ئا لەنێو ئەم سندووقەدا، وشەکان یەکەیەکە بەنێو تونێلی کارۆموگناتیسی رادەگوزەرن و لە هەردوو جەمسەردا دەگەن بە گۆشەکان، کە بە گۆشەی بارگاویکردنی وشەکان ناسراون. هەر لەم گۆشانەدا بە چوار ئاراستە خۆیان ئاراستەی بونیادی (دەق) دەکەن، کە هەریەکەیان لەژێر تاکرەهەندێکی مەعریفیدا ئاماژە بە دەق دەکەن و ناوەوەی دەق دەدرەوشێننەوە هێلێکیان لەژێر ناونیشانی (سیحری ئێستاتیکا/ ئێستاتیکای سیحر). کە بەرامبەر یەك دێن بەرەو بونیادی دەق. لە گۆشەیەکی تر خۆی ئاراستەی بونیادی دەق دەکات لەژێر نازناوی (مەعریفەی دەسەڵات/ دەسەڵاتی مەعریفە) خۆیان ئامادە دەکەن و هەر هێلێکیشیان جارێك بە (پرۆتون/ نیوترۆن) و جارێکی تر بە (نیوترۆن/ پرۆتۆن) خۆیان موتوربە دەکەن، دوای ئەوەی وشەکانیش بارگاوی کران.

ئیتر وشە بارگاوی کراوەکان بەفۆرم و شێوەیەکی دووسەرە خۆیان شۆڕدەکەنەوە بەرەو ژووری نەشتەرگەری، کە ئەوانیش (سیحرگەرایی/ دەسەڵاتگەرایی)ین، ئەم دوو سندووقە بە دەزوویەکی راستەوخۆ لە (+/ -) خۆیان دەسپێرن بە پانتایی دەق، ئەو کات وشەکان دوو دیو وەردەگرن، کە دیوێکیان لەکاسەی ستاتیکا هەڵدەکێشرێت، ئەو کات خۆیان لە نێو فۆرمەکانی جەمالییەت هەڵدەگرنەوە، لەدیوەکەی ترەوە کەکرۆکی وشەکان دەگرێتەوە بارگاوی دەکرێت بەدەسەڵاتێکی رەها و تیژکراو، ئیتر ئەوکات وشەکە لەنێو منداڵدانی دەقدا بەگوێرەی ئەودەسەڵاتەی کەپێی دەدرێت، وشەکان پارێزگاری لەوجودی خۆیان دەکەن. بەم شێوەیە هەناوی پەرستگە تاریکەکانی دەق رووناك دەکرێتەوە و دەسەڵاتێکیش دێتەکایەوە بۆ پارێزگاریکردنی لەفۆرم و کرۆکی دەقەکە، ئا لەوکاتیش نەمرایەتی بۆ سەراپای بونیادی دەق دەستەبەر دەکرێت.

جاهەر دەقێکی نووسراوی ئەدەبی جا چ (شیعر/ پەخشان) بێت، کاتێك دەقێکی زیندوو پڕ لەڕەزمی مانەوە، دەبینین، ئەوە دیارە نووسەری دەقەکە زۆر بەکارامایانە وشەکانی نێو دەقەکەی بارگاوی کردووە و لەنێو ئەم پرۆسەیەدا وشەکان ئاراستەی هەردوو جەمسەر کردوون، لەنێو کردەیەکی مەعریفی و مێتازمانی کاری خۆیان بەشیاوترین فۆرم ئاراستە کردووە. والەخوارەوەشدا درێژەی باسکردنی ئەم تەوەرەیە بەشێوەی هێلکارییەك دەردەبڕین کە لە وێنەی (٢) دا خۆی ئاراستەی خوێنەر دەکات.

## وێنەی (٢)




* هەیکەلی ( ئیمپراتۆرییەتی بونیادی زمان)

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١ ـ النقد التكوينى، لوسيان گولدمان، ترجمة، د. محمد نقي، ص ٩.

2 ـ منهج الواقيعية في الابداع الادبي، د. صلاح فضل، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨، ص ١٢٥.

3 ـ فردريك نيتشه، عوسمان یاسین، گۆڤاری وەرگێڕان، ژ (٢) ل ٧.

٤ ـ مرۆڤی سەرتایی و مرۆڤی شارستانی، عوسمان یاسین، گۆڤاری وەرگێڕان، ژ(١). ل ١٣.

٥ ـ مدخل الى علم النفس، د. هاشم جاسم السامرائى، ١٩٨٨، ص ٢٦.

6 ـ قاموس علم النفس، د. عبدالستار طاهر، ١٩٨٥، ص ١١٢.

٧ ـ مێژووی خود لەناو لەنگەریەکدا، نەجات حەمید ئەحمەد، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٦.

8 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٨.

٩ ـ الكلمات و الاشياء، میشیل فوكو، بیروت، ١٩٨٩، ل ٩.

١٠ ـ گەڕان لەدووی خود، حەمە سەعید حەسەن، گۆڤاری (رامان)، ژ (٢١)، ١٩٩٨، ل ١١.

١١ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢ ـ مێژووی خود لەناو لەنگەریەکدا، نەجات حەمید ئەحمەد، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٥ — ٦.

١٣ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

١٤ ـ ما الفلسفة، ما الميتافيزيقا، هلدرلن وماهية الشعر، مارتن هايدجر، ترجمة، فؤاد كامل محمود، مراجعة وتقديم، عبدالرحمان بدوي، دارالثقافة والنشر بالقاهيرة، ١٩٧٤، ص ١٤٣.

١٥ ـ فى الشعرية، كمال ابوديب، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٧، ص ١٤٧.

١٦ ـ گەڕان لەدووی خود: ل ١١.

١٧ ـ بلاغة الخطاب، د.صلاح فضل، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٢ ص ٩٥.

# کولتور

# وەك کوتلەیەك لە ئایدیۆلۆژیا

کولتور ئەو جەستە پڕ لە ئیحایەیە، کە وەك چەمکێکی تەمومژاوی و ئالۆز خودی خۆی وەك کوتلەیەك لە (دەمامك/ ئایدیۆلۆژیا) خزاندە نێو سەرجەم رایەڵە هزری و ئەبستیمی و فەلسەفییەکانی سەردەم، ئەویش بەحوکمی ئەوەی کولتور بزاوتە هزرییەکانی مرۆیی لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا خستۆتە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە، چونکە کولتور دەشێ وەك پرۆسە و میکانیزمێك سەیر بکرێت، کە خودی خۆی لەسەر چەندین سیستەم و پێکهاتە بونیادناوە. بەشێوەیەکی ئاسایی-ش سەرجەم ئەم سیسستەمانەش بوونەتە هۆی چالاکی و بزاوت خستنە نێو مرۆڤەکان و سەرقاڵکردنی سەرجەم مرۆڤایەتی، بێگومان ئێمە وەکو ئەزانین کولتور وەك هەرکایە و جەستەیەك هەمیشە لە حاڵەتی بزاوت و گۆڕان و بەرەو پێشڤەچوون هەنگاوی هەڵهێناوە لەتەك سەرجەم بزاوتە هزری و ئەبستمییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

بەشێوەیەکی ئاسایی-ش هەر کۆمەڵگایەك لەتەك هەر هەنگاو هەڵهێنانێکی لەنێو زەمەندا، دەتوانێ کوتلەیەك لە چەمك و واتا و موفرەدات بەرهەم بهێنێ، جا لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا بێت (سۆسیۆلۆژیا/ ئایدیۆلۆژیا/ ئەنترۆپۆلۆژیا... تاد) بەهەمان شێوەی هەنگاو هەڵهێنانی کۆمەڵگە، کلتووریش توانیویەتی لە چەندین چەمك و موفرەدە و رموز بەخودی خۆی ببەخشێت، یاخود دەشێ بێژین کلتوور وەك پیاوێکی فرەڕەنگ و فرە دەمامك خودی خۆی نمایش کردووە، لە سەرەتای خولقانی تاکو ئەمێستاکە، جا لە میانەی ئەم پێشەکییەی سەرەوە دەمەوێ لێرەدا تەنها جەخت لەسەر رەهەندێك لە رەهەندەکانی نێو جەستەی کلتوور بکەمەوە، کە ئەویش بریتییە لە رەهەند و ستونییەتی (ئایدیۆلۆژیا) بەواتە لەم گوتارەدا زیاتر بەشوێن ئەم تەمومژاوییەی کە جەستەی کلتووری وەك پیاوێکی فرە دەمامك نیشانداوە دەگەڕێین، یاخود بەلەونێکی تر دەمانەوێ بەشوێن حەقیقەتی ئەم پیاوە فرەڕەنگەدا بگەڕێین کە خودی (کلتوور)ە، چونکە لەم سەدانەی دواییدا (کلتوور) خراوتە ژێر چەندین دەمامك و وێنا، بە واتە بەفۆڕمێکی تەجریدکراوەوە خزێنراوەتە نێو چەندین دەمامکی



ئایدیۆلۆژی، بێگومان لە هەر پرۆسەیەکی بەیەکەوە ژیان و بەجیهانکردندا پێویستە فەزا و روپێوێك بۆ بەیەکەوە ژیان بخولقێنێ، واتەبەدەستهێنانی شوناسی جەستەی خودی خۆت لەوساتەوە بەدەست دێت.

بەفۆڕمێکی گشتی هیچ کاتێك ئەقڵانییەتی خۆرئاوا ناتوانێت لە هیچ زەوایەیەکدا ماڵی جیهان لە تاك روئیاکانی خۆیەوە ببینێ. بەڵکو دەشێ لە رێگەی پەیوەندییەکی جیهانگیر و گشتگیردا لەنێو فەزایەکی دیالۆگ ئامیزدا لەنێو هەدوو ژیار و جەستە (خۆرئاوا/ خۆرهەڵات)، (من/ ئەویدی)، (سەنتەر/ پەراوێز)دا بهێنتەدی و ببینێ. لە تەك مانا بەخشین بەخودی خۆی. دەبێ مانا و دەلالەت بەخودی بەرامبەریش ببەخشین، ئیتر ئەوسات و کاتە جیهان دەبێت بەو ماڵەی کە سەرجەم بەرژەوەندییە گشییەکان لە فرە کلتوورێکدا بەرهەم بێت، نەك تەنیا لەنێو فەزایەکی تاك کلتووریدا، واتە ئەو ساتەی تاك لە کلتوورێك بەو مەرامەی کە لە خزمەتی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا خودی خۆی نمایش دەکات، ئەوە ئەو ساتە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە دیارە لەودیو ئەم تاك کلتوورییەتەوە مەرامێکی ئایدیۆلۆژی چێنراوە، ئەم مەرامەش لەبەرژەوەندی سەرجەم رایەڵەکانی ئەم کلتووورە دایە، بەواتە ئەوسا لە فرە کلتوورییەتەوە خودی خۆی بە نێو کلتوورێکی کۆلۆنیالییانە بازدەدات، هەمیشە تاك کلتووری بەو مەرامە کاردەکات کە سەرجەم پەنجەرەکان داخات و وامان لێ بکات تەنها لە تاك دەرگایەکدا بڕوانین بۆ سەرجەم کایە و چەمکەکان.

ئیتر ئەو کاتە دەتوانین ژیان لەیەك رووداو بەیەك رەنگ و مانا بەرجەستە بکەین. لەوانەیە ئەوکاتیش بەجۆرێك لە توندوتیژی و بوغزوقینە بە فۆڕم و لەونێکی مۆدێرن خودی خۆی نمایش بکاتەوە، هەرچەندە ئەمجارەیان توندوتیژییەکە زۆر کاریگەرتر و ژەهراوی ترە و تا سەر ئێسقان دەچێت. بەواتە ئەمجارە توندوتیژییەکە لە ژێر باڵی تەکنۆلۆژیای سەردەم بەکاردەبرێت بۆ سەرلەنوێ کوشتن و قەمعکردنی سەرجەم مانا و دەلالەتەکان کە لەنێو هەناوی کلتوورێکدا خولقاوە، ئەوکاتیش سەرجەم وێنە رەنگاوڕەنگەکان دەشێوێنێ و رەفزی جەستە و کلتووری بەرامبەر دەکات و خۆی دەخاتە نێو بازنەکانی تەقدیسکردن و پیرۆزییەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا کلتوور جوانییەکانی ئەوی بەرامبەر دەخاتە نێو زەوایەکی لەبیرچوونەوە، ئەوکات سەرجەم بەها مرۆڤایەتییەکان کە بەدرێژایی مێژوو کاری بۆ کراوە، مەرگیان بۆ رادەگەیەنێ و دەیانخاتە نێو بازنە و سکێچێکی تراژیدیی بێ هەناسە، هەرگیز نەدەبوایە جەستەی کلتوور بکرێتە خاڵی ململانێ و توندوتیژییەکان، بەڵکو زیاتر ببوایە بەبزاوتێکی چاڵاك بۆ پێکەوە

ژیان، بەڵام بەداخەوە لە سەدەی بیستدا وەك فۆڕمێك لە توندوتیژی موتوربەکراوە، سەرلەنوێ مانا و ڕەنگە تەڵخەکان و شمشێرە خوێناوییەکان دەخاتەوە بەر نیگاکان و دووبارە تەختەی شانۆی توندوتیژییەکان تۆختر دەکاتەوە.

ئیتر شەرعییەت بەخودی کلتوورەکەی خۆی دەبەخشێت و سەرجەم بەها ئینسانییەکانی ئەوانی دی مۆنۆپۆڵ دەکات و هەروەها سەرجەم بەها ئەخلاقییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئیتر هیچ زەمینە و فەزایەك ناهێڵێتەوە بۆ پێکەوە ژیان و شەرعییەت بەخشین بەتاکە دەسەڵاتێك، بەواتە شەرعییەت دان بەتاکە ئایدیۆلۆژییەك، کە دەشێ وەك میکانیزمییەتێك بۆ خولقاندن و بەکاربردنی مەرامە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بەکاری ببات. ئیتر ئەوسا سەرلەنوێ پێناسەی شتەکان لە دیدێکی ئایدیۆلۆژییانە دەکاتەوە، بەواتە لە دیدی ئەوی خۆرئاوا هیچ کایە و چەمك و موفرەداتێك بوونی نییە، کە لەژێر ڕکێفی پێناسە و ڕاڤەکانی ئەو نەبێت. ئەگەر لەژێر ڕوئیایەکی قووڵی لۆژێکی و مەعریفییانە بڕوانین بۆ جەستەی کلتووری خۆرئاوا وەك کوتلەیەك لە عەقڵانییەت خۆی نمایش دەکات و خودی خۆی دەخاتەڕوو، ئیتر جەستەی خۆرئاوا لەم سەدانەی دواییدا توانی خۆی وەك جەستەیەکی تێربوو لە هزر و مەعریفە و فەلسەفە، پۆشتە بەتوانا هزرییەکانی خۆی، ئیتر لەو ساکەوە توانی وەك پرۆسە و میکانیزمییەتێك خودی خۆی بخاتە بەر ڕوئیاکانی جیهانی دەرەوەی خۆی، کە لەتوانایدا هەیە ڕاڤە و خوێندنەوەی تایبەتی بۆ ژیان و مەدەنییەت و کلتوور بکات و پۆشتەیان بکات بەسەرجەم توانا فیکرییەکانی خۆی.

هەر بەهۆی ئەم واتا فیکری و مەعریفییانە دەتوانێت مانا و وێنای تازە ببەخشێت، بەسەرجەم کایەکانی ژیان، ئیتر لەو ڕۆژەدا زیاتر وەك تاکێك کە پڕ بێت لە عەقڵانییەت و ڕۆشنفکری و هیومانیزمی. ئیتر خۆی وەك خاوەن پرۆسەیەکی پێشکەوتنخواز و خاوەن کۆمەڵگەیەکی سیستماتیزەکراو سیماکانی دەخاتەڕوو، تاکو خودی خۆی وا بەیان بکات، کە سەرجەم تێزەکان لەلایەن دونیای دەرەوە و کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بخرێتە پراکتیزەکردنەوە، تاوای لێهات چەشنێك لە بەخۆداچوونەوە سەرسامی کردن، ئیتر ئالێرەدا کایەیەك لە گومان لای کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان دروست بوو کە گومان لەسەر جەستەی خۆیان بکەن بەوەی کە چەندە دواکەوتوون، ئیتر ئەم گومان و سەرسامییە بەڕووی جەستەی خۆرئاوا وای کرد کە ببێت بە خۆداچوونەوە، ئەمەش وای کرد کە ببێت بە شۆڕشێك بۆ دەرکێشانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەنێو بازنەکانی دۆگمابوون و ئیفلیج بوون، ئیتر لەژێر سەرجەم ئەم بزووتنەوە و چالاکییە پۆزەتیڤانەی خودی کلتووری خۆرئاوا کە پراکتیزەی کردووە، بووە هۆی زەنگێك بەڕووی



کلتوورە دواکەتووەکانی دەرەوەی جیهانی خۆی، ئەمەش خاڵێکی چالاك بوو، کە خودی کلتووری خۆرهەڵات بەخۆدا بچێتەوە، تا وای لێ هات ئەم بزووتنەوە وای کرد گەلێك مانا و دەلالەتی نوێ و بەهای هزری و ئەپستمی و ژیاری بە عەقڵییەتی تاکی خۆرهەڵاتی بدات.

ئەم بەرەو کرانەوەی عەقڵ و هزری تاکەکان وای کرد کلتوور و ژیاری خۆیان لەنێو ڕوپێوی تەپوتۆزی مێژوو و سەرجەم مانا و دەلالەتە میتۆلۆژییەکان دەربهێنێ، شۆڕشێك لە شکاندنی بتەکان دەست پێ بکەن و پرۆسەیەك ئەنجام بدەن، کە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و شکاندنی سەرجەم ئەم کایانەی کە لەلایەن خودە دۆگمابووەکان پەرستێنراون و تەقدیسکراون، تەبیعی خودی ئەم تەقدیسکردنەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیاتر پابەندبوون و گوێڕایەڵی بوون، ئیتر ئەوکاتە ئەم تاکە هیچ کاتێك بۆی نییە پرسیار بوروژێنێ سەبارەت بە هەر مانایەك ئەوەش خۆی لە خۆیدا شوناسی ڕەخنەگرتن و پرسیار و وروژاندن لە عەقڵ دەسێننەوە، تا وای لێ هات بەرە بەرە تاکەکانی نێو کۆمەڵگای خۆرهەڵات، ئەو کۆمەڵگایەی کە غەرقی نێو جیهانی خورافییات و میتۆلۆژیا بووە، هۆشیاربوونەوە و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بتانەی کە لەلایەن کۆمەڵگاکان تەقدیسکراون و بەرگی پیرۆزیان بەبەردا کردوون، تا وای لێ هات بە دیدێکی کراوە و نوێ دەستیان کرد بەخوێندنەوەی جەستەی کلتوور و شرۆڤەکردنی سەرجەم ماناکان.

بۆ ئەوەی بتوانن بەدید و ڕوئیایەکی کراوە، ڕەخنەیەکی بونیادنەرانە نەك شێکێنەرانە بدەن بەڕووی کلتوورێك کە غەرقی جیهانی خورافییات ببوو، ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی مانای نوێ و هەناسەدانەوەش بەو مانایانەی کە تووشی هەناسە بڕکێ ببوون لەنێو ئەم تەپوتۆزەی مێژووەدا، هەروەها دەستکاری سەرجەم سیستماتیزە میتۆلۆژییەکانی خۆیان بکەن و هۆشیاریان بکەنەوە، بۆ ئەوەی فەزا و زەمینەیەك ڤالا بکەن، بۆ ئەوەی نەوەیەکی دی بخولقێ بۆ داتاشینی مانای نوێ و هزری تازە، هەنگاونانی بەرەو ڕێنسانسێکی لۆژیکییانە، بۆ ئەوەی دووبارە ئەقلانییەت بگەڕێنێتەوە، بۆ جیهانی ئەمڕۆ، هەروەها تاکەکان هۆشیار بکاتەوە لەسەرجەم ئایدیا سەلەفییە تەقلیدگەراییەکان پاك بکاتەوە. سەرجەم ئەم هەولانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی شکاندنی سەرجەم جەستە تەقدیسکراوەکان و داکەندنی پۆشاکی پیرۆزیی لە جەستەی کلتوور و مێژوو، ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی شوناسی ڕەخنە گرتن و پرسیار وروژاندن و ڕەخنەگرتن لە ئەقلانییەتی تاکەکانی نێو دونیای خورافە دۆگمابووەکان.

ئیتر سەرجەم ئەم بزاوتە هزری و ئەبستیمییانە دەبێتە هۆی خولقاندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ سەندنەوەی سەرجەم بەها مەعریفی و ژیارییەکان لە لایەك، لەلایەکی دیکەش گەڕانەوەی شەرعییەت بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا کە لەژێر دەسەڵات و هەیمەنییەتی کلتووردا قۆرغکرابوون، ئەمەش بووە هێنانە ئارای دەنگی تازە و مانای تازە کە خۆیان لە ماناکانی دوێنێ دەترازێنن و هێڵێك دەخەنە نێوان مانا کۆنەکان و ماناکانی ئاینده، ئیتر ئەم هەموو چالاکی و بزاوتانە بوونە هۆی خولقاندنی خەونێکی خۆش و ئاسۆیەکی رۆشن و کرانەوەی پەنجەرەیەك بە رووی دەنگە عەقڵگەراییەکانی جیهانی خۆرهەڵات.

پرۆسەی دووبارە خوێندنەوە و تەفسیر کردنی مێژوو و کلتووری خۆرهەڵات، یەکێك بوو لەو خاڵە پۆزەتیڤانەی کە لەژێر بزووتنەوەی رۆشنگەری خۆرئاوا سەرچاوەی گرتبوو، ئەم دووبارە خوێندنەوەیەی مێژوو، وای کرد سەرلەنوێ تەوزیفی ماناکانی نێو کلتوور و ئایین، لە نێو هەستێتی تاکی رۆژهەڵات بکرێت. بەواتە دووبارە ڤالابخستنە سەر سەرجەم چەمك و جومگە دۆگماکان و دووبارە بەدیدێکی کراوە ئایین بخرێتە نێو راڤەیەکی تەئویلییانەی سەردەم. دوور لە مانا کۆنینەکانی مێژوو، چونکە ئەم دووبارە کردنەوەیە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی خولقاندنی گومان، گومان لەو سکێچە دۆگماییە ئەرسۆدۆکسییانەی کە بەهیچ شێوەیەك نەیدەهێشتن فرە رەنگییەت و فرە رەهەندییەت لە مانا و چەمکەکان لەلایەن تاکی راڤەکار و تەئویلکار بخرێنەروو، بەڵکو بوو بەچەتەیەك کە بیری نوێ و راڤەی نوێ و تەئویلییەتی نوێی قەدەغە دەکرد، بەهیچ شێوەیەك نەیدەهێشت تەلوینی جیاواز سەرهەڵبدات، بەڵکو دەیویست هەموو کایەکان لە تاکڕەهەندێکەوە بڕوانێت، کە خودی خۆی بەرهەمی هێناوە لەژێر رەهەندی جەبەروتییەتی خۆیدا هەنگاو ئەنێ، بەڵام ئەو بزووتنەوە رێنسانسەی کە لە هەناوی کلتووری خۆرهەڵات لەلایەن تاکە واعیەکان دەستی پێکردووە. وەك زەنگێك بووە هۆی ئەوەی تەئویلی جیاواز بۆ سەرجەم ماناکانی (ئایین/ کلتوور/ مێژوو..) تاد، بکرێن و سەرجەم دەق و تێکستەکان بخرێنە بەر دیدگای تەئویلکار، بۆ ئەوەی مانای نوێ ئینتاج بکات، چونکە نەخوێندنەوە و تەئویل نەکردنی کایەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا تووشی ئیفلیجی و سەقەتی بێت لەسەرجەم بوار و رەهەندەکانی ژیان.

تەبیعی ئەگەر ئاوڕێك لە دۆشدامان و وەستانی خۆرهەڵات بدەین لە پێش بزووتنەوەی رۆشنگەری و فیکرییەکانی کۆمەڵگای خۆرئاوا، دەبینین یەکێك لەو خاڵانەی کە جومگەکانی رۆشنبیران و هزرمەندانی تووشی سەقەتی کردبوو، نەبوونی ئازادی تاك بوو لە بەرامبەر سەرجەم



رەهەندەکانی ژیاندا. چونکە نەبوونی ئازادی تاك دەبێتە وەستانی سەرجەم توانستە عەقڵانی و هزرییەکانی تاك لە سەرجەم کارەکانی تەئویلکردنی دەق و خوێندنەوەی دەق، قۆرغکردنی دەق.

قۆرغکردنی سەرجەم ئەم ئازادییانەی تاك لەلایەن چینێکی دەسەڵاتدار و ئایدیۆلۆژیست بوو، کە هەمیشە دەیویست مانا و کایەی نوێ نەخولقێ، لەلایەن تاکی راڤەکاردا، چونکە ئازادی لە مانا بەخشین بە جەستە و کایەکان خۆی لە خۆیدا خەتەرییەت دەخاتە سەر سێکچیەتی چینی دەسەڵاتداره ئەرسۆدۆکسی و ئایدیۆلۆژییەکانی، بۆیە نەبوونی سیستمێکی هۆشیاری لەلایەن تاکی خۆرهەڵات، زیاتر پەیوەستە بە نەبوونی رایەڵەکانی ئازادی لەلایەن تاکییەتی خۆرهەڵات. هەربۆیە ئازادی و ئیرادەی مرۆڤ، وا دەکات کە هەمیشە مرۆڤ خۆی سەنتەری دەسەڵاتی خۆی بێت و کائینێکی خاوەن ئیرادە و پڕ توانست بێت لە دروستکردنی رووداودا، لە دروستکردنی رەوتی مێژوو لەبەردەم سەرجەم گۆڕانکارییەکاندا. ئەم پرۆسەیە دەبێت بە پرۆسەیەکی پڕ بزاوت، بۆ بەخشینی ئیرادە و ئازادی بە سەرجەم مرۆڤەکان. بۆ ئەوەی لە نێو بازنەبەندی کلتووری ئایدیۆلۆژی و میتۆلۆژیایی دەربهێنێت، هەر بۆیە ئازادی تاك دەشێ چەشنی پرۆسە و هەنگاو هەڵهێنانێك بێت، رووەو خولقاندنی مانا و دەلالەت و چەمکی نوێ، نموونەمان بۆ ئەمەش ئەوەیە کە بەحوکمی ئەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان، ئازادییەکی فرەڕەهەندیان هەیە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتدا، کە بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین چەمك و مانای نوێ لە تەك گۆڕانی ژیان و کۆمەڵگاکانیان بێتەکایەوە، وەك چەمکەکانی (هیومانیستییەت، مەدەنییەت، دیموکراسییەت، مۆدێرنییەت...تاد).

دیارە سەرجەم ئەم چەمکە فرە بەهایانەی ئەزموونی فیکرمەندان و تاکە خاوەن ئیرادەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە. کە بە هۆی خولقاندنی ئەم چەمك و مانایانە توانیویەتی بزووتنەوەی رێنیسانس لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بێنێتەکایەوە، بەرگێکی نوێ بەکلتوور ببەخشێت و لە چوارچێوەی کلتووره تەقلیدگەرایەکە دەری بهێنێ، بە دیدێکی کراوەی دوور لە دیدێکی میتۆلۆژییانە، بڕوانێت بۆ سەرجەم رەهەندەکانی ژیان، خۆی خولقاندووە، بزووتنەوەیەك چەشنی بزووتنەوەی رۆشنگەری دەبێتە هۆی ئەوەی عەقڵانییەت دەربهێنێ لە بەندیخانەکانی مێژوووەوە، چونکە عەقڵانییەت سەرجەم دەرگاکان ڤاڵا دەکات بەسەر تێکستە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان و سەرلەنوێ بەدیدگایەکی نوێ مانای نوێ و خوێندنەوەی نوێی پێ دەداتەوە، کە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگای خۆرهەڵات.

دوا بەدوای ئەوەی کە خۆرئاوا وەك کوتلەیەك لە عەقلانییەت و هیومانیزمییەت و ڕۆشنگەر خودی خۆی لە نێو سەرجەم ڕووداوەکانی مێژوو نمایشکرد و توانی چەندین چەمك و مانا بخولقێنێ وەك (ئیرادەی مرۆڤ، دیموکراسییەت، مەدەنییەت، جیهانگەرایی، مۆدێرنیتییەت،...تاد).

دەشێ ئالێرە دا هەڵوەستەیەکی ئاگایانە بەرامبەر سەرجەم چەمکەکان بکەین، وەك کرۆك و جەوهەر، بەواتە شۆڕبوونەوەیەکی لۆژیکییانەی ئیبستیمییانە بۆ نێو هەریەك لەو چەمکە مۆدێرنییانە بکەین، چونکە دەشێ خودی خۆرئاوا چەشنی ((گورگێك لە پێستی مەڕدا)) خۆی بخاتە بەر دیدگاکانی تاکی خۆرهەڵات، خۆرئاوا زۆر زیرەکانە و ئاگایانە توانیویەتی بەرگێکی قەشەنگ و بریق و باق بخاتە بەر سەرجەم چەمکەکان. هەروەها چەمکەکانیش بە لەونییەتێك نزیك لە مەرامەکانیدا نیشان بدات، بەواتە سەرجەم چەمکەکان بەدوو دیو خودی خۆیان نمایشکردووە و بونیادنراون، بەواتە دیوێکیان لە خزمەتی مەرامەکانی خۆیدا بووە، دیوێکی دیکەشیان بۆتە ڤایرۆسێك بۆ ئیفلیجکردنی جەستەی بەرامبەر، هەر بۆ نموونە ئامێر و کەرستە تەکنەلۆژی و زانستییەکان، هەرچەندە توانیویانە چاوی مرۆڤی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆتە هۆی دروستکردنی تام و چێژێك و ئەفیونیك لە بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگا، کە ڕەفزی کلتووری خۆیان بکەن و ڕووەو کلتووری خۆرئاوا ڕوئیاکانیان ڤالا بکەن.

ئەگەر سەیری چەمکێکی وەك (جیهانگەرایی) بکەین، دەبینین خۆی لەخۆیدا بەواتە جیهان ببینین بەیەك ماڵ و یەك دیوەخان، هیچ جیاوازییەك نەمینێ لە نێو خودی کلتوورەکان، کەچی خۆی لەخۆیدا لە نێو هەناوی ئەم چەمکە تازەیەشدا، ڕایەڵەیەکی مەرامگەرییانەی ئایدیۆلۆژییانەی تێدا چێنراوە وەك (سێنتەر، جیهانی نموونەی بالا) جەستە و کلتووری بەرامبەریش بە (پەراوێز، بەربەرییەت)، تەنانەت بەم دواییانە توانی ئەزموونێکی تازەتر و ژەهراویتر بخاتەڕوو، کە ئەویش (مۆدێرنییەت)ە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەر سەیری ڕووە شاراوەکەی ئەم چەمکە بکەین، هەست بەوە دەکەین کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی مەرامگەرییانەی تێدا ڕووێنراوە، ئەویش ئەفیونیکردنی چینی دەستە بژێری (نوخبە)یە، لە ڕۆشنفکران و هزرمەندان دا. نەك وەك سیستەمێکی گشتگیر، بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەك لە سەر ئەساسێکی پتەو و تازە، ئەمەش خۆی لەنێو ماڵی لە ڕۆژهەڵاتدا دەبینێتەوە.



ئیتر ئالێرەدا سەرجەم چەمك و ماناکانی نێو جەستەی خۆرئاوا ڕایەڵەیەك لە ئایدۆلۆژیا لە نێو هەناوی دا چێنراوە، ئابەم شێوە خودی ڕۆژئاوا بە چەشنە گوتارێکی ستراتیژ و ئەکادیمییانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم چەمك و ماناکان دەکات و سەرجەم کایە و دەلالەتەکانی خۆی دەخاتە نێو قالبی تەقدیسکردن و پیرۆزی بەجەستە و کلتوورەکەی خۆی دەبەخشێت، خودی خۆی بەدەسەلاتێکی ڕەها و باوکسالار، جیهان و کلتووری دەرەوەی خۆشی بەچەشنە سێبەرێکی جەستەکەی خۆی دەزانێ و هەمیشە لە کەناری خۆیدا شوێنگەیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەروەها لەنێو سکێچی ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی دووریان دەخاتەوە.

سەرجەم ئەم گوتارە دیبلۆماسییانەی خودی خۆرئاوا هێندە چالاك و پڕ بزاوتە، کە قەناعەت و ڕاستگۆیی نەك هەر لەلای تاکی خۆرئاوا، بەڵکو لەلای تاکەکانی خۆرهەڵاتیش دروست کردووە و سەرجەم ڕوئیای تاکەکانی خۆرهەڵاتی ڕووەو ڕۆژئاوا ڤالاکردووە، دوابەدوای سەرجەم کردە ئەکتیڤەکانی جەستە و کلتووری خۆرئاوا لە سەدەکانی (١٨/١٩)دا، دەبینین ئەم جارە لە دیوەکەی تر (دیوە شاراوەکە) چەندین سەهمی ئایدیۆلۆژی و ژەهراوی ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەمارگرژی بەرامبەر جەستەی (ئەو)ی بەرامبەر هەمیشە خودی خۆرئاوا ڕۆحییەتێکی سالارییانەی هەبووە و هەیەتی، هەر بۆیە وەك خاوەن خودێکی پڕ بزاڤ و تەمومژاوی خۆی نمایش دەکات، هەمیشە لەودیو ئەم تەمومیژاوییە، دەیەوێت سەرجەم حەز و مەرامەکانی خۆی بەرجەستە بکات، بەواتا و فۆرمێك خۆرئاوا بەو نیازە کردەکانی خۆی پراکتیزە دەکات، کە گوایە خۆرئاوا وەك فریادڕەسێك بە هانای نەتەوە کەمدەسەڵات و ڕەش و ڕووتەکان، بەتایبەتی نەتەوەکانی ئەودیو ماڵی خۆرئاوا، دێت و سەرجەم سکێچ و مەرزەکانیان دەشکێنێت بەو مەبەستەی کە گوایە ئامادەیی هەیە بۆ ئازاد کردنی سەرجەم میللەتان لە هەژاری و قات و قڕی، بەڵام لە ژێر ئەم هەڵوێستە دەبینین مەرامێکی ئایدیۆلۆژییانەی خۆی ڕواندووە، چەشنی دووپشکێکی ژەهراوی، کە هەمیشە بە نیازی ژەهر ڕژاندنە بۆ نێو شادەمارەکانی جەستە و کلتووری خۆرهەڵات.

بەو هەدەفەی جەستەی بەرامبەر بەرەو مەرگەساتێکی کوشندە و ترسناك ڕەوانە بکات. ئەوەتا لەلایەك مەرز و سنوورەکان دەشکێنێت، بەو هیوایەی کە جیاوازی نەمینێ لە نێو کلتوورەکاندا، کەچی خۆی دووبارە دێت کۆمەڵێك مەرز و سنووری کۆنکریتی دیکە دادەڕێژێت، کە خۆی مەبەستیەتی. بە واتە هەمیشە بەو مەرامە کاردەکات کە سەرجەم هەڵسوکەوت و جووڵە و بزاڤەکانیانی لە ژێر حوکمێکی موتلەقییانەی خۆرئاوای باوکسالار بێت.

ئالێرەدا هیچ مەجالێك بۆ (ئەو)ی بەرامبەر ناهێڵێت، کە وەك جەستەی (ئەم)ی خۆرئاوا، خاوەن رایەڵی فیکری و ئەبستیمی و کلتووری خۆت بیت و بە فۆرمێکی ئازادانە هەناسە بدەیت لە نێو فەزایەکی کراوەدا، هەمیشە بەو هیوایە دەژیت کە تۆ نەتوانیت پرسیار بخولقێنی و هیچ مانا و دەلالەت و جوانییەك بەرهەم بهێنیێ، بەڵکو دەبێت سەرجەم مانا و چەمك و بەهاکان لە (ئەو)ی خاوەن دەسەڵات وەربگریت، بەواتە و لەونێکیدی فۆتۆکۆپی سەرجەم مانا و چەمکەکانی (ئەو) بکەیت و چەشنی سێبەرێك نمایشی سەرجەم جوولەکانی (ئەو)ی خۆرئاوا بکەیت، ئیتر ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرەو هەڵوەشاندنەوە و شکست هێنانی جەستە و کلتووری خۆرهەڵات لە سەرجەم رەهەندەکان دێت. ئەمەش وا دەکات هەنگاوەکان تووشی ئیفلیجی بێت و هیچ بزاڤ و گۆڕانێك لە بوارەکانی ژیان نەهێتەدی. ئەوەتا بە کردەوەوە ئەوە دەسەلمێنیێ، کە هەمیشە ستوونەکانی خۆی بونیاد دەنێت بە شێوەیەکی کۆنکریتی و هەمیشەش خودی خۆی وا دەردەخات کە لە خزمەتی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دایە.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر مەرزێك لەبەردەم رەوتی بەرەو پێش چوونی بزاڤی کۆمەڵگاکانی لابەرێت ئەوە هەر ئەوکات سکێچ و مەرزێکی دی (شاراوە) لە شوێن و سکێچ و مەرزەکەی پێشوودا بونیاد دەنێتەوە، لە شوێن ئەوەی پرۆسە و میکانیزمییەتێك بخولقێنیێ بۆ بەرهەمهێنانی تۆڕێك بۆ پێکەوە ژیان و برایەتی و چەمکەکانی دیموکراسییەت و لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی سەرجەم بەشەرییەتدا بێت، کەچی دەبینین کەسێکی وەك (فۆکۆیاما) کە هەمیشە خودی خۆی بەدوو دیو نمایش دەکات، لەلایەك وەك خۆی وتەنی باس لەمەرگی ئایدیۆلۆژیا و ململانیێ دەکات، کەچی دوابەدوای تیۆریزەی یەکەم تیۆریزەیەکی دیکەی داڕشت کە زۆر ترسناك تر و ژەهراوی تر بوو، کە رووبەڕووی جەستە و کلتوورەکانی ئەو دیو شورا و ئیمپراتۆرییەتی خۆرئاوا بۆوە. کە ئەویش تیۆری (کۆتایی مێژوو)ی (فۆکۆیاما)یە.

فۆکۆیاما بەم تیۆرەی، کۆتایی بۆ کلتوور و جەستەی خۆرهەڵات دانا و راگەیاند. بۆ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ ئایندەیەك نەکات، بەواتە بەم تیۆرەی مەرگێکی ئاشکرای بۆ خودی کلتووری خۆرهەڵات راگەیاند. ئیتر بەومەرامەی جیاوازگەرایی و فرە رەهەندییەت لە نێو کێشە و چەمکەکان نەهێڵێت و بەتەنها تاکرەهەندییەتی خۆی لەنێو گۆڕەپانەکەدا کار بکات، یاخود دەیەوێت سەرجەم رایەڵەکانی بهێنێتەوە نێو تاك رایەڵەکانی خۆی و لە نێو یەك سکێچدا کۆیان بکاتەوە، کە خۆی دەیەوێت و مەبەستییەتی. زیاتر ئەویش پشتیوانی کردنە لە لیبڕاڵییەتی خۆرئاوا، سەرجەم روئیا جیهانبینییەکانی خۆی وەك دەسەلاتێکی رەها.



ئەم پشتیوانی کردن و جەخت کردنە سەر لیبڕاڵییەتی خۆرئاوا خۆی لە خۆیدا دیارە مەرامێکی ئایدیۆلۆژی بۆ بەرهەم دەهێنێت. ئەویش دەرگا داخستنە بەڕووی فرە رەهەندییەت و جیاوازگەلێك لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا زیاتر مانا و دەلالەت بەخودی کلتوورەکەی خۆی دەبەخشێت، ئالێرەدا ستراتیژییەت و گوتاری لیبڕاڵییەتی خۆرئاواو بە هیچ کلۆجێك نایەلێت جەستە و کلتوورێکی تر لە دەرەوەی دەسەلاتی خۆیدا بخولقیێ و نەشونما بکات، ئالێرەدا بەجیهانکردنی تاك کلتوورێك دەبینین، ئیتر خۆی لە خۆیدا تاك کلتوورییەتیش دەچێتە نێو قالبێکی دیکەی ململانیێ و خوێنڕێژی و جەنگەڵستانێك لە خوێن بەرهەم دەهێنێت.

راگەیاندنی مەرگ بەڕووی کلتوورەکانی دی، خۆی لە خۆیدا راگەیاندنی ململانێیە بەڕووی سەرجەم بەشەرییەتدا، ئیتر تەنها بوار بۆ یەك کلتوور و مانا و یەك جەستە دەهێڵێتەوە، خودی خۆشی بەسەرجەم چەمك و ماناکان بە جوانترین فۆڕم و لەون تەلوین دەکات. پیرۆزترین مانا و دەلالەت بەجەستەی خۆی دەبەخشێت و هیچ مانا و دەلالەتێکی دی بۆ جەستەی بەرامبەر ناهێڵتەوە کە شایەنی شوناس پێدان بێت. تەبیعی بە حوکمی ئەو چەشنە دبلۆماسییەتەی کە هەیەتی و بەکاری دەبات، سەرجەم بەها ئەخلاقی و چەمکە هیومانیستییەکان دەکات بەشوناسنامەی کلتوورەکەی و لیبڕاڵییەت و بالاییەت بەخۆی دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بگات بە رەهاییەت.

ئەمە راگەیاندنی مەرگەساتە بە رووی مانا جیاوازەکان و چەمك و دەلالەت و روئیا رەنگاورەنگەکان، خودی ئەم راگەیاندنە مەرگاوییە وادەکات سەرجەم کۆمەڵگا و کلتوورەکانی دی لە ناوەوەی خۆیاندا ئیرادەیەکی کامل بونیاد بنێن، بۆ رووبەڕوو بوونەوە لە هەر توندوتیژی و ململانێیەك کە رووبەڕوویان بکرێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ململانیێ و توندوتیژی دەخاتە بەردەم سەرجەم چەمك و تیۆرێزە فیکرییەکان و دەیانخاتە نێو چوارچێوەیەکی کۆیلایەتی و رەگەزپەرستی، سەر لە نویێ ململانێیەکان دەخاتەوە نێوان مرۆڤەکان. ئەوکات هیچ رەهەندێك بۆ دیموکراتیزەکردنی چەمك و ماناکان نامێنێتەوە بۆ راپرسین و رادەربڕین. ئەگەر بێت و بەرهەمیش بێت ئەوا وێنەیەکی سەقەت و ئیفلیجی لیێ بەرهەم دێت.

کەواتە کۆتایی مێژوو کۆتاییترین سیستەمەکانی لیبڕاڵییەتی جەستەی خۆرئاوایە. کە (فۆکۆیاما) بەرهەمی هێناوە. واتە دەشیێ دیموکراتییەتی لیبڕاڵ دوا ئامانج و پێگە بێت بۆ سەرجەم کۆمەڵگاکانی بەشەرییەت و مرۆڤایەتی. سەرجەم بەشەرییەت وا پێشبینی ئەکرد کە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، کۆتاییە بۆ سەرجەم کایە توندوتیژ و پڕ بوغزەکان، ئیتر

پەنجەرەیەك ڤالاٚ دەكات بەڕووی سەرجەم چەمكەكانی برایەتی و ئاشتی و ئازادی، ئیتر بوار بۆ پێكەوە ژیان و هاومالّی بەرهەم دێت و هەنگاوێك بەرەو دیموكراسییەت بچێت، ئیتر سەرجەم مرۆڤایەتی وەك هەلّەقەیەك بەدەوری سەرجەم پەیوەندی و بەرژەوەندییە گشتییەكان بخولێنەوە و لە خزمەتی دابن، ئیتر ئەو ساتە دەبێت بە ساتی برایەتی و راگەیاندنی مەرگی ئایدیۆلۆژیا، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی كە خەریك بوو سەرجەم بەشەرییەت بەرەو مەنفا و خانەكانی مەرگ و تراژیدیا ببات.

ئیتر سەرجەم بەشەرییەت لە نێو خەونە وەهمییەكانیدا بەرەو ئایندەیەكی رووناك لە بالاٚ فڕە دەدەن، كەچی سەدان مخابن بۆ جەستە و كلتوورێك كە بانگەشەی دیموكراسییەت و مەدەنییەت دەكات، كەچی رقە توندوتیژ و بوغزاوییەكان هەر مابوونەوە، بۆیە جارێكی دی دەستی كرد بەدووپات كردنەوەی سەرجەم وێنە توندوتیژی ململانێیەكانی بەرامبەر جەستە و كلتووری میللەتانی بەرامبەر، بەلاٚم ئەم جارە لە وێنابوونێكی تۆقێنەر و ژەهراوی كە ئەویش شەڕی دژە كلتوورە.

هەلّگرتنی گوتاری خوێن و ئەنتی كلتووری لەلایەن خودی خۆرئاوا. زۆر پێچەوانە دەبێتەوە لەگەلّ سەرجەم خالّە سەپێنراوەكانی نێو گوتاری جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ، سەرجەم ئەو چەمكانەی كە بانگەشەی دوا مەرگ و تراژیدیا دەكات، ئەو كاتەش كە ئەم گوتارە هەلّدەستێت به بەرهەمهێنانی كایەكانی بوغز و توندوتیژی، ئیتر ئالێرەدا حەلەقەكانی پێكەوە ژیان و هاومالّی هێدی هێدی درزی تێ دەكەوێ و لەبەریەك هەلّدەوەشێتەوە، چونكە خودی جەستەی خۆرئاوا نایەت بە فۆڕمێكی برایانە و واقیعبینانە مامەلّە لەگەلّ جەستە و كلتووری بەرامبەر بكات و بوارێك بۆ پێكەوە ژیان و موحیببەت بهێلّێتەوە.

ئا لێرەدا سكێچیەتی جەستەی كلتوورەكەی هەلّدەوەشێنێتەوە و كلتوورییەت لەڕووی خۆیدا هەلّدەمالّێت و دەمامكێكی دی دەپۆشێت كە لە ژێرەوە و چەندین رایەلّ و سەهمی ئایدیۆلۆژیای حەشاردراوە بەمەبەستی پوكانەوەی سەرجەم خەونەكانی جەستەی بەرامبەر و دەست بەسەراگرتنی و كردەی بەرۆبۆتبوونی لەسەر پراكتیزە دەكات، خودی خۆشی وەك حاكمێكی موتلّەق بڕیار دەردەكات، كە پێی وایە ئەمەیە لیبڕالّییەتی خۆرئاوا، ئەمەیە كۆتایی مێژوو، كە هەمیشە خۆرئاوا حەودالّە بۆ گەیشتنی، هەمیشەش بەو مەرامە كاردەكات و هەولّ دەدات كە خودی خۆی وەك فەزایەكی ژیاری دەربخات و سەرجەم نەتەوە و كۆمەلّگاكانی لە ژێریا بخولێننەوە و بەم كەشوهەوایە رازی بن، بەواتە رازی بوون بە پەراوێزبوون. گوتاری



سێنترالیزمەتی خۆرئاوا، هەمیشە دەیەوێت بە فۆڕم و لەونیەتێكی نوێ و شەفاف مامەلّە لەگەلّ سەرجەم رووداوەكانی ئێستا و ئایندە بكات و سكێچیەتێكی یۆتۆپیایی بۆ هەنگاوە كلتوورییەكانی خۆی بخولّقێنێ.

ئالێرەدا بەو ویست و مەرامەی كە لەرابردوودا چاندوویەتی، دەیەوێت سەرجەم كایە و مانا و چەمكەكان لە سەرجەم بوارەكانی ژیاندا بۆ خودی خۆیی بگەڕێنێتەوە، هیچ پەنجەرەیەك نەهێلّێتەوە، كە بەڕووی جەستەی بەرامبەر بكرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ مەجالێك دروست نەبێت بۆ مەسەلەی پێكەوە ژیان و برایەتی، ئیتر خودی خۆی دەكات بەو سێنترالەی كە سەرجەم بەها جوانەكان و چەمك و ماناكان لایەقی ئەون و خۆشی دەستی هەبووە لە دروستكردن و بەرهەمهێناندا. بێ نرخی و كەم ئەزموونیش دەخاتە پالّ كلتووری بەرامبەر (كلتووری خۆرهەلاٚت).

بەو مەرامە ئایدیۆلۆژیاكانی ئایندە و گوتارییەتی خۆرئاوای نوێ بەهیچ كلۆجێك نایەوێت سیمای جەستەی (بەرامبەر) ببینێ، سەبارەت بە مەسەلەكانی پێكەوە ژیان و هاومالّیدا. بەلّكو هەمیشە بەو مەرامە كاردەكات كە بەهیچ شێوەیەك لە ئایندەدا رێگە خۆش نەكات، بۆ هاومالّی و پێكەوە ژیان لەنێو یەك فەزا و یەك ژیاردا. بەلّكو زیاتر بەو مەرامە كاردەكات، كە بونیادە كلتوورییەكانی میللەتانی دی تەفكیك بكات و بەتەنیا و تاككلتوورییەتی خۆی وەك كلتوورێكی خاوەن ئیمپراتۆر و خاوەن دەسەلاٚت رەسم بكات. ئەمەش زیاتر پێویستی بە وریایی و ئاگاییەكی تۆكمە و ورد هەیە. بۆ ئەوەی بتوانێت لە شوێنگەیەكی شاراوە سەهمە ژەهراوییەكانی ئاراستەی جەستەی بەرامبەر بكات، بۆیە دێت لە سیمایەكی پڕ ژیاریيانە چەشنی پیاوێكی مەدەنی، ژیاری خودی خۆی دەردەخات، پیاوێك بە چەندین دەمامك. دەمامكی (ئازادی/ مەدەنییەت، دیموكراتییەت..) لە ژێرەوەی هەموو ئەوانەشدا، دەمامكێكی دی هەیە، كە ئەویش دەمامكی سەهمە ژەهراوییەكانی ئایدیۆلۆژیایە، بەواتە و لەونێكی دی لە سەدەی بیستدا (خۆرئاوا) وەك كوتلەیەك لە دەمامكی ئایدیۆلۆژی و كۆلۆنیالّی خودی خۆی نمایش كرد.

سەرجەم كۆمەلّگەی خۆرهەلاٚتی خستە ژێر چەپۆكی داگیركارانە و گشت بزاوت و گۆڕانكارییە ئازادیخوازەكانی گەلانی رۆژهەلاٚتی كۆنترۆلّ كرد و خستیە نێو تانوپۆی هەیمەنەی دەسەلاٚتە رەهاكانی خۆیەوە. بەواتە و فۆڕمێكی دی خزاندیە نێو ئەو سكێچە ئایدیۆلۆژیایەی، كە خۆی بەرهەمی هێناوە، ئیتر ئالێرەدا توانی لە سەرجەم رەهەندەكانی ژیان (كۆمەلاٚیەتی،

فەرهەنگی، ئابووری..)دا ڤایرۆس بخاتە نێو جەستەی خۆرهەڵات و ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بنیادە عەقلانی و هزرییەکان. کەواتە لێرەدا دەگەینە سەدەی نۆزدە، کۆتایی سەرجەم پێشکەوتن و بزاوتە عەقلانییەکانی خودی رۆژهەڵاتە، ئیتر سەدەی بیست سەدەی راگەیاندنی تراژیدیایە، کە رووبەڕووی گەڵانی خۆرهەڵات بۆوە، دەشێ بڵێین: سەدەی بیست، سەدەی کوشتنی رایەڵەکانی عەقلانییەت و جاویدانییەتی خۆرهەڵاتە، سەدەی سەرجەم وەهمە ئایدیۆلۆژی و کۆلۆنیاڵەکانی خۆرئاوایە، کە خودی جەستەی خۆرهەڵاتی خزاندە نێو جەنگەڵستانێك لە خوێن و قات و قڕی.

ئیتر پەنجەرە رەنگاوڕەنگەکانی مەعریفە و هزر و فەلسەفەیان بەڕووی روئیاکانی کۆمەڵگای خۆرهەڵات داخست و کۆنکریتیان کرد، ئیتر ئەم سەدەیە سەدەی نابووتکردن و شێواندنی کولتور و جەستەی خۆرهەڵات بوو، لە بەرامبەر ئەم نابووتکردنەش خۆرئاوا خۆی بە خاوەن و خولقێنەری سەرجەم چەمك و ماناکانی مەدەنییەت و دیموکراتییەت و جیهانگەرایی...تاد حساب کرد، گوتاری کلتووری خۆرهەڵات بە گوتارێکی ناهیومانیستی، ناعەقلانی نیشاندا، دوابەدوای سەرجەم تیرە ژەهراوییە ئایدیۆلۆژیاکان، کە لەلایەن جەستەی خۆرئاوا ئامادە کراوە، بەرامبەر جەستەی خۆرهەڵات، ئا ئەوکاتە دەستەیەك لەتاکە ئاگایەکانی گەلانی خۆرهەڵات دەستیان کرد، بە رووبەڕووبونەوەی ئەم هێرشە یەك لەدوای یەکانە، کە لەلایەن خۆرئاوا ئامادە دەکرێت. ئەم رووبەڕووبوونەوانەش بەهۆی گەڕانەوە بەرەو رۆژە پیرۆز و سەرکەوتووەکانیان لەرابردوودا، واتە شانازی کردن بە مێژووی ئەو چرکە ساتانەی کە تێدا سەرکەوتوون بەسەر دونیای خۆرئاوا، بۆیە هەستی بەمەرجەعییەتکردنی (مێژوو، کلتوور) تیایاندا رووا. کە زیاتر وەك پرۆسە و میکانیزمییەتێك بەکاریان هێنا، بۆ رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر گوتارە ئایدیۆلۆژیاکان، بەڵام بابزانین ئایا ئەم رووبەڕووبوونەوەیە لە مەرجەعییەتکردنی کلتوورەکەیان دا راستە؟.

بێگومان نەخێر. چونکە گەڕانەوە بەرەو رابردوو. بەواتە گەڕانەوەیە بۆ سەرجەم بارە نێگەتیڤەکان، کە لە رابردوودا رووبەڕووی کۆمەڵگا بووبۆوە، ئەم پرۆسەیە.. پرۆسەی بەمەرجەعییەتکردنی مێژوو، بەواتە دووبارە بەخشینەوەی سەرجەم چەمك و مانا تەقلید و دۆگماکانی سەدەکانی رابردوو بەجەستەی سەردەم و ئێستاکە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێت بەجومگەیەکی سەقەت و ئیفلیج و وەستاو. دەبێت بە کۆسپ و رێگرێك لەبەردەم سەرجەم هەنگاوە هزرییەکان و بەرەو پێشڤەچوونی کۆمەڵگا و دابڕان و ترازاندنی کۆمەڵگا لە سەرجەم



چەمك و مانا تایبەتییەکان، دەشێ بڵێین: ئەو کات بەرۆحییەتێکی سەقەت و پیر دێت، لە جیات ئەوەی بەروئیایەکی تازە و مۆدێرن بێت مامەڵە لەگەڵ سەرجەم چەمکەکان بکات، بۆ خولقاندنی مانای نوێ و لەونییەتی جیاجیا و تازە.

بەواتە ئالێرەدا لەژێر بەپیرۆز راگرتنی مێژوو و هۆشیارییە دۆگماکانی سەدەکانی رابردوو، دۆسیەکانی عەقڵ تووشی ئیفلیجی دەبێت و ناتوانێت بەرۆحییەتێکی پۆزەتیڤانە هەڵسێت، بۆ مومارەسەکردنی سەرجەم پرۆسە عەقڵانییەکانی خۆی و چەمك و مانای نوێ بسازێنێ، بازنە و سکێچە دۆگمابووەکان بەجێ بهێڵێت.

ئەوکاتە عەقڵ چەندین هەنگاوی مەعریفی و هزری بنێت، ئەوە هەر لەنێو سکێچە بە بەردبووەکەدا، یا دۆگماکانی رابردوو هەنگاوەکانی خۆی دەهاوێژێت و رەهەند و دەروازیەك نابینێتەوە، بۆ دەربازبوونی مانا و چەمکە جیاوازەکان، هیچ کاتێك ناتوانێت بەشداربێت، چ لەبەرهەمهێنانی مانا و دەلالەتی نوێدا، وە چ مامەڵەکردن لەگەڵ مانا و چەمکە نوێکانی ئایندەدا، ئائەو کاتەش ناتوانێت تێزێکی مۆدێرن بخولقێنێ، بەڵکو دەشێ بەشمشێرە تەقلیدییەکانی رابردوو، رووبەڕووی تەکنۆلۆژیا ببێتەوە، ئەگەر بێت و هەمان پرۆسە و میکانیزمییەتییەکانی رابردوو دووبارە بکرێتەوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا دیارە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی روئیا و دیدگاکانی کۆنە و هەمان کێشەکان رووبەڕوو دەبنەوە، ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریش دروست ببێت، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە کە بەدەستی خۆمان خودی خۆمان دەشکێنین، چونکە گواستنەوەی چەمك و بەها و کێشەکان لە رابردوودا بۆ هەناوی ئایندەدا ئەوا خۆی لەخۆیدا زۆر ترسناکتر و ژەهراوی ترە.

ئەگەر بێت و روئیا بگرین لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان لە زەمەنی ئێستادا، دەبنین زیاتر کۆمەڵگەکان لەنێو باوەشی مەرجەعییەتێکی بەرتەسك و تەقدیسکراو هەناسە دەدەن و مانای سائید دەخولقێنن، ئەمەش بەدیوەکەی دی لە خزمەتی روئیا و مەرامە کۆلۆنیاڵەکانی خودی خۆرئاوایە.

## سەرچاوەکان

١- التراث والحداثة/ د.محمد عابد الجابري/ ١٩٩٠.
٢- نقد العقل العربي/ د.محمد عابد الجابري/ بيروت/ ١٩٨٩.
٣- ئایدیۆلۆژیا چیه؟ د.عبدالکریم سروش/ و: دلشاد حەمە/ گۆڤاری ژیار/ ژ (٣).
٤- کلتوور و ڕێنسانس/ ئومێد قەرەداغی/ گۆڤاری ژیار/ ژ (٥).

# ئەنگێزە سەرەكییەكانی (نیگەرانی خود) و چەمكی (نامۆ بوون) لە دیدگای (فرۆید)دا

**((خوێندنەوە ئەو چالاكییە كاریگەرەیە، كە دەروازە بۆ نووسین دەكاتەوە))**

**(بۆرخیس)**

ئەگەر كردەی نووسین توانای ئەوەی هەبێت بونیادی خۆی بەشیاوترین تەكنیك و شەفافترین هزر رەنگرێژ بكات. یان بە جۆرێكی دیكە ئەگەر باش نووسین، وەك ((فیسوافا شیمبورسكا)) لە كتێبی ((چێژی نووسین))دا دەڵێ: لەگەڵ لەدایكبوونێكی چاوەڕوانكراو دا بەرامبەر بێتەوە.

لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین بازنەیەك بەدەوری ئەو جەستەیەدا بكێشین و لەدوو تویێی مەعریفەیەكی گشتگیریدا بەئەنجامی بگەیەنین. هەوڵدەدەین شتێكی نابەرجەستە لەنێو هەناوی شتە بەرجەستەكراوەكاندا هەڵبكرێنین، تا بمانگەیەنێت بەو چێژەی كە سەراپای شتە نابەرجەستەكانی داگرتووە، ئێمە وەك دەزانین روئیای هەموو تاكە كەسێك لەنێو كۆمەڵدا زیاتر بریتییە لەكردەیەكی گشتگیرییانەی هزری مرۆڤەكان، بەسەر شتە مەنتقی بەرجەستە بووەكانیان پەخش دەبێت. جا لەمیانەی ئەم چەند وشەیە سەبارەت بەكردەی نووسین، كە وەك پەنجەرەیەك وایە بۆ روانینەكانمان، هەوڵدەدەین چەمكی (نیگەرانی و دڵەڕاوكێ) لە دیدی فرۆیدی هزرمەندەوە بخوێنینەوە، ئەمەش پێویستی بە شۆڕبوونەوەیەكی ئەپیستمیانەوە هەیە بۆنێو دۆسیە و نووسینەكانی (فرۆید) سەبارەت بەراڤە و كردە شیكارییەكانیی، كە ئامانجی فرۆید لەئەزموونكردنی تاكەكانی كۆمەڵەوە بەدەستی هێناوە. (فرۆید)، یەكێكە لەو هزرمەندانەی كە سەر بەخانەی (دەروونشیكاری)یە، توانی هەرسێ ئاستی (ئاگا، نائاگا، پێش ئاگا) دیاری بكات، سەرەڕای ئەمەش توانی كردەی تیۆرێزەكردنی (سێكس) و دابەشكردنی ئەنێگزەكانی (ژیان/ مردن) دیاری بكات.



پێش ئەوەی بمانەوێت باس لە تاكرپانی (نیگەرانی و راڕایی) لە دیدی فرۆیدی دەروونناسەوە بكەین. دەمەوێت شتێك بخەمە بەر دیدی (خوێنەر)ی زرەنگ و هۆشیار، سەبارەت بە (ئامانجی فرۆید) كە گەڕانە بەدوای شتە لۆژیكییەكان، تاكو لەوێوە پاڵنەرەكانی ناوەوەی مرۆڤ بەدیار بخات، بەتایبەتی لەڕووی ئەنگێزە نائەقلانییەكان، فرۆید بەدوای ئەو شتە پەنهان و نادیارانە دەگەڕا، كە دەبێتە خولقێنەری فاكتەرێك بۆ هەر چەمكێك لە (رق، خۆشەویستی، ئیرەیی، شەڕانگێزی، نامۆیی..تاد) و سەرجەم هەڵچوونە دەروونییەكان. فرۆید دەیویست بەپێی روئیای خودی خۆی دەمامكێكی ئەبستیمییانە بەگشت ئەنگێزەكان بدات، ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ گەیشتن بەنەست، كە لەكۆتاییدا توانی وەك زانست بونیادی بنێت.

فرۆید هەمووكات دەیویست مرۆڤ قووڵ بێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی و توانای تێگەیشتنی لەخودی خۆی هەبێت و كەشفی (نائاگا ـ نەست)ی خۆی بكات. لەوێوە بەكردەی (ئازادی) بگات، هەروەك (بودا) دەبێژێت: ((مرۆڤ خۆی سەنتەری دەسەڵاتی خۆیەتی..)).

لێرەدا دەتوانین چەمكی (نیگەرانی) بەفاكتەرێكی كارا دابنێین، سەبارەت بەخولقاندنی بازنە و گەردەلوولی بێهوودەیی و نامۆبوون، چونكە پلەی نیگەرانی مرۆڤەكان چەند تەشەنە و بلێسە بستێنێ ئەوەندە رووەو بازنەكانی (نامۆ بوون) دەبینەوە. نیگەرانی و راڕایی لە دیدگای (فرۆید)ی هزرمەندەوە لەئەنجامی ترسی كردەی چەپاندنەوە (الكبت) سەرچاوە دەگرێ و دەتەقێتەوە. دەست دەكات بەنەشونمایەكی میكانیزمی و بەرەو بازنەی (نامۆ بوونی خود) هەنگاو دەنێت.

فرۆید پێی وایە ساتێ مرۆڤ لەدونیایەكی ئاسوودەگی و بێ ئاگا (السكون) كە سكی دایكە و لێی جیادەبێتەوە و دێتە دونیاوە، راستەوخۆ دەخرێتە نێو چەند تەڵبەندێكی كۆنكریت و چەق بەستووی دابونەریت و یاسا باوەكانی كۆمەڵ. لەپێوەری یاسا و رێسا كۆمەڵایەتییەكان هەڵدەكیشرێت. ئەم كردەیەش لەسەر چالاكی كردەی غەریزەیی و بایۆلۆژییەكانی مرۆڤ رەنگدەداتەوە. ئیتر واقیعی كۆمەڵایەتی ئەو بازنە و سنوورە كۆنكریتانە بەسەر مرۆڤەكاندا دەسەپێنن مرۆڤەكان بۆیان نییە، ئەم سنوورانە بشكێنن و لێ لابدەن.

هەروەك لای منداڵ بەتەواوی بەرجەستە دەبێت كاتێك پێیدەڵێن ئەمە مەكە (خراپە) و ئەوە (بكە) باشە، بەمجۆرە قۆناغی منداڵی كاردانەوەیەكی والای منداڵەكە دروست دەكات و.. لەنێو دڵ و دەروون و مێشكی، دواتر رەنگدانەوەی دەبێت. هەربەو حەز و ئارەزووە چەپێنراوە متبوانەوە مرۆڤ بەشداری لەژیار دەكات، هەر لەدووتویێی دڵەڕاوكێ و نیگەرانیشدا مرۆڤەكان

دووچاری دەمارگیری دەبن و کەسێتییەکی گۆشەگیر و ئیفلیجیان لێ دروست دەبێت، ئەو کاتیش لەئاست بەسەنتەر بوونی شارستانییەت، دواجار مرۆڤەکان دووچاری نامۆبوون و بەپەراوێز بوون دەبن. رەفتارگەراکان (السلوكيون) دەڵێن ((مرۆڤ بریتییە لە بوونەوەرێکی کاردانەوە، کاتێ هەر ئەنگێزەیەکی ئاراستە بکرێت، راستەوخۆ کاردانەوەی بەرامبەر دەخولقێنێ)). دەبینین بەپێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە، کاتێ دەسەڵات و کۆنترۆڵی تەواو و رەها دەخرێتە سەر بوونەوەرێکی زیندوو لە گیانلەبەر، مرۆڤ، ئیتر ئەنگێزە دیسپلینکراوەکانی ژیان وا دەکات مرۆڤەکان تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی توند بێن.

ئێمە لە پێشوودا باس لەپرۆسەی میکانیزمییەتی نیگەرانی و راڕاییمان کرد، لێرەدا (فرۆید)یش ئەم میکانیزمییەتەی بەسەر (سێ) تەوەرە دابەشکردووە، کە دەتوانین لەخوارەوە ئاماژەیان پێ بدەین.

– **تەوەری بابەتی (موضوعيي):** ئەمەش لە ئەنجامی ئاراستە کردنی ترسی ئەنگێزە دەرەکییەکان دەخولقێ و نەشوونما دەکات.

– **تەوەری دەمارگیری:** ئەمەش لە ئەنجامی داواکارییە ترسناکەکانی (ئید) دەسازێ، کە غەریزەکان فاکتەری سەرەکی دروست بوونیەتی.

– **تەوەری ئەتیکی (ئەخلاقی):** فاکتەر و پاڵنەری سەرەکی بەرزە مەن (سوپەر ئیگۆ) دروست دەبێت.

ئەم سێ تەوەرە و بازنەیە دەبێتە مەرزێکی کۆنکریت و لەجەستەی تاکەکان هەڵدەکێشرێت، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی منداڵییەوە تا دەگاتە پێکهاتنی کەسێتی مرۆڤەکە و هێدی هێدی دەست بەنەشوونما دەکات و تادەگاتە نێو بازنەی راڕایی و نامۆبوون و رووخانی کەسێتییەکەی. تێگەی نیگەرانی و نامۆبوون لە دیدگای فرۆیدەوە لە جەوهەردا بریتییە: لە ئیفلیج بوونی مرۆڤەکان بۆ دەرباز بوون لەبازنە کۆنکریتەکانی مەلوولی و مەینەتییەکان، کە لە بنەڕەتدا بە سروشتی مرۆڤەوە گرێ دراوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کردە و کۆسپانەی کە دێتە سەر رێگای بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك لەنێوان کردەکان، بۆ گەیشتن بەئارەزوو و غەریزەکانی، کە بەشێوازێکی سەربەست و دوور لەکۆت و پەیوەند بەشێوەیەکی رەها لەلایەك و لەنێوان پێداویستییە کۆمەڵایەتی و شارستانیی و رۆشبیرییەکان لەلایەکی دیکەوە.

کردەی چەپاندن (الكبت) بە فۆرمێکی راستەوخۆش بەر ئەنجامەکەی لەرێگەی میکانیزمییەکانی (ئید) کە بەسەر تاکگەراییدا ئەنجام دەدرێت و نەشوونما دەکات، ئەمەش



دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سەرەکی رێگە نەدانی کۆمەڵگە بۆ غەریزە و حەزە خودییەکانی مرۆڤ، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەدی دێت، لەوکاتیش شارستانییەت بۆ پێشکەوتنی خۆی پێویستی بەکار و تێکۆشانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەکان هەیە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ دەست لەسەرجەم حەز و ئارەزووە ئیرۆسییەکانی خودی خۆی هەڵبگرێت و بیانچەپێنێ بۆ خزمەتکردنی شارستانییەت، کەچی لای (فرۆم) تێگەی نامۆبوونی خودی مرۆڤەکان، راڤەیەکی تاڕادەیەك بایۆلۆژیانەی وەرگرتووە و لەدیدەی فرۆمدا شارستانییەت بەو رۆڵە هەڵناستێ کە (فرۆید) پێی هەڵساوە، بەڵام لەدیدگای (هایدگەر)ەوە ئاراستەیەکی دی وەردەگرێ، پێی وایە مرۆڤ خۆی لەخۆیدا لە زگماکییەوە بریتییە، لە کائینێکی راڕا و نیگەران، نیگەرانی هەر لەگەڵ بوونایەتی مرۆڤەکاندا دەست پێدەکات و گەشەدەسێنێ.

لەگەڵ ئاکامی کرداری (چەپاندن)دا، کاتێ مرۆڤ بەهۆی تێرامان و بیرکردنەوەوە بۆ ناخی خودی خۆی، لەمەیل و مەرام و ئارەزووی خودییەکانی خۆی ورد دەبێتەوە، ئەوکات مرۆڤ بەبەردەوام لەگەڵ تەنگژە و ململانێکانی کۆمەڵگا بەرامبەر دەبێتەوە، ئەوکاتیش بەهۆی کۆت و پەیوەندییە باوەکانی کۆمەڵگا کەوەك تەوقێك دەخرێتە ملی مرۆڤەکان و ئەوکاتیش مرۆڤەکان تووشی سەرسوڕمان و شەپۆلی گێژاوەیی دەبن.

جەوهەر و سەرچاوەی (نامۆبوون)ی مرۆڤ لەروئیای فرۆیدی دەروونناسەوە تەنیا بریتی نییە لەململانێی بەردەوامی نێوان دووسەری (گیانی/ ماددی)،(ئاوەز/ جەستەیی) یان تاکڕەهەندی مەیل و مەرام و غەریزەییەکانی مرۆڤ کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم مرۆڤ بۆ گەیشتن بەبازنەی پاکبوونەوە، بەڵکو (فرۆید) روئیای خۆی لەمەڕ نیگەرانی و نامۆبوونی مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندان کۆتی (ئایینی، دابونەریت، یاسا و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵایەتی) کە هەر لەسەرەتای هاتنە دونیاوە دەخرێتە ئەستۆی و نابێت ئەو بازنە و سنوورە خەتەرناکانە ببەزێنێ و بپەڕێتەوە. ئیتر ئەو حەز و ئارەزوانەی کە دەیویست بەفۆڕم و رەنگێکی سەربەست و رەها گوزارشتی لێوە بکات، دادەمرکێنرێتەوە و پشتگوێ دەخرێت، ئەمەش وەك سوننەتێکی بەردەوامی ژیان، کۆمەڵ بەکاریدەهێنێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ پەلکێش بکات و هاوبەش بێت لە ژیار و شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگایەی، کە تێدا ژیان بەسەر دەبات، ئەم بازنە و کۆتانە وا لە مرۆڤ دەکات گۆشەگیر بێت و بەرەو بازنەی نامۆ بوون هەلکشێت. نامۆبوون (الاغتراب ـ ALIENATION) لە دیدگای (هیگل)ی هزرمەندەوە واسەیرکراوە کە بریتییە، لە رەتکردنەوە و داماڵینی خود لەو ئازادییە سروشتییەی کە هەیەتی..

ئەو ئازادییە لای (فرۆید) بە ئازادی و پرۆسەی سێکسییەوە پەیوەستە، لەم دونیا جەنجاڵەی کە سەرجەم بەها مرۆڤایەتی و رۆحییەکان داماڵراون، بەهۆی هاتنە ئارای سەرجەم قەیرانە شارستانی و تەکنۆلۆژی و ماددەییەکان گرفتارن، جیهانی (رۆح) بەرەو هەراسان دەبات و راستییە رەهاکان بەپێچەوانە و کاری خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن، (ئەریك فرۆم) باس لەو حالەتەی نامۆبوونە دەکات لای مرۆڤەکان کە بەدوورکەوتنەوەیان لە جیهان و چێژی رۆحی و نزیك بوونەوەیان لە دونیای ماددییەتەوە دەیانبەستێتەوە، چونکە ماددە دەبێتەوە تەلبەندێکی کۆنکریت و رۆحییەتی مرۆڤەکان بەرەو ئیفلیجی و خنکان دەبات، ئەو کاتیش دەبێتە فاکتەری کارای هاتنە ئارای کردەی نامۆبوون و نیگەرانی، ئەلەوکاتەدا زیاتر دەکەونە ژێر جەبرییەتی بازنەی نامۆبوون و گەردەلوولی بێهوودەیی، کەژیان لای مرۆڤەکان ئەوکات لەبەردەکەی سیزیف بێ نرختر و پووچتر دەبێت.

(فرۆید) کاتێك روئیای خۆی ئاراستەی ئەو مرۆڤانە دەکات و قووڵ دەبێتەوە بۆ نێو بازنەی (نائاگا)یی سەبارەت بەو مەیل و مەرامانەی کە لەنێوان نەستی مرۆڤەکان کۆبوونەتەوە جێبەجێ کردنیان لەلایەن تاکەکانی نێو کۆمەڵەوە، بەرامبەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە بەزەحمەتی دادەنێت، چونکە سەرجەم مرۆڤەکان لەتەمەنی منداڵییەوە تەوقی نیگەرانی دەکات و دەیانخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئەو واقیعە کۆمەلایەتییەی کە هەیە و هەر دەشمێنێ.

فرۆید بەردەوام دەبێ لەسەر روئیا و راڤە سایکۆلۆژییەکانی خۆی، کەپێی وایە، کاتێك مرۆڤ ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت و دژ بە ئاراستەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە رادەوەستێ و یاسا و رێسا باوەکانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو ناگرێ، ئەو کات مرۆڤەکان دەکەونە نێو خانە و گێژاوە و پێداویستییە بایۆلۆژییەکان و دووبەرەکی لەنێوان حەز و مەرامەکان دەێتەکایەوە.

هەرچەندە ئەو مرۆڤانەی کە لە تەمەنی منداڵییەوە، هەراشتر و گەورەترن و بەرەو قۆناغەکانی (کامل بوون) دەچن ئەوە کاریگەری کردەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کەمتر بەرجەستە دەبێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵ و فاکتەری سەرەکی (سوپەر ئیگۆ)، ئەمەش هەر لەنێو منداڵدانی یاسا و رێسا باوە کۆمەڵایەتییەکە دەخولقێ. هەرچەندە ناتوانێت بە شێوەیەکی بنبڕ و یەکجارەکی لێدەرچێت.

چونکە رەگ و ریشەی هەر لەمنداڵییەوە، داکوتاوە و تامردنیش لێی جیانابێتەوە، هەروەها تێگەیەکی دی نیگەرانی و نامۆبوون لەدیدی فرۆیدەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنگێزەی سێکسی، کە یەکێکە لە پێویستییە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤەکان، کە لەلایەن یاسا و ریسا واقیعە



کۆمەڵایەتییەکان دادەمرکێنرێتەوە، جا فرۆید پێی وایە ئەگەر بێت، ئەو وزە و کپ کراوانە بخرێتە گەڕ لەرێگای چالاکییە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوە ئەو کات دەتوانرێت بەشیاوترین تەکنیکی ئەپستمیانەیی چالاك و بەگوڕ لەڕووی ئاراستەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە.

لە خوێندنەوە و راڤە دەروونییەکانی (فرۆید) دەگەینە ئەوەی کە فرۆید رێگە چارەیەکی وای نەدۆزیتەوە بۆ رزگار بوونی مرۆڤەکان لەتەوق و بازنە کۆنکریتەکانی نیگەرانی و نامۆبوون نە ئەوەتە دێت رزگاریان بکات لەو تەنگەژەیە، نە ئەوەتاش نقومی ئەم تەنگەژەیان دەکات و دەیانخنکێنێ. بەڵکو لە نێوەندی دووسەرەی ئەنگێزەی (ژیان/ مردن) دەیانهێڵێتەوە، بەمەش کردەی نامۆ بوون و راڕایی بەرز دەبێتەوە، پاڵ بەمرۆڤەکان دەنێت بۆ غەریزەی کوشتن (غریزه القتل).

ئیترفرۆید لەو رایە دایە کە (ئاکار و پەروەردەی ئایینی) نابێتە رێگەچارە بۆ دەرباز بوون و زاڵبوون بەسەر ئەو مەینەتی و نیگەرانییە، کە بەسروشتی مرۆڤەکانەوە گرێ دراوە، کەچی ئەگەر ئاوڕێك لەروئیا مەعریفی و فیکرییەکانی نووسەری بەتوانا (دیستوفیسکی) بدەینەوە دەربارەی کردەی بێهودەیی و نیگەرانی دەدوێت، پێی وایە ئەنجامی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم کردەیە لەئەنجامی دوورکەوتنەوە و پچڕان لەیەزدان و خواوەندەوەیە. کە هەمیشە مرۆڤەکان فەرامۆشی ئەم پەیوەندییە رۆحییەی کە نێوان یەزدان و مرۆڤەکان دا هەیە و دەیکەن، بەمەش لە روئیای (دیستۆفیسکی)یەوە نزیك دەبینەوە دەگەینە ئەوەی کە سەرجەم پرەنسیپە ئایینی و ئاکارییەکان لە باوەڕهێنان بە (یەزدان) سەرچاوە دەگرێت. لەئەنجامدا دەبێتە چارەسەر و حەلی ئەم تەنگەژە دەروونییەی کە (فرۆید) باسی لێوە کردووە.

کەچی دەبینین فرۆید بەپێچەوانەوە، ریشاڵەکانی ئەم کردەیە راڤەدەکات و دەڵێت ئاکار لەخودی مرۆڤەکان خۆیاندایە و هیچ پنتێکی ناگەڕێتەوە بۆ ئەم پەیوەستبوونە بەخواوەندەوە.. تەنها رێگە چارەك بەچاك دەزانێ ئەویش ئەوەیە کە سەرجەم مرۆڤەکان بگەڕینەوە بۆ نێو ژیانی سروشتی خودی خۆیان و بتوانن بەشیاوترین تەکنیك مەیل و مەرام و ئارەزووە غەریزییەکانی خودی خۆیانی جێبەجێ بکەن و دووربن لەچەوساندنەوە و سنوور دانانی یاسا کۆمەڵایەتییە باوەکە، بەڵام (ئەریك فرۆم)ی هزرمەند، پێی وایە بەهاوسەنگ بوونی دووسەرەی (گیان + جەستە) دەگاتە رێگا چارەی هەراسان بوونی (گیان).

# سەرچاوەکان

١- قلق في الحضارة/ سيجموند فرويد/ ترجمة: جورج طربيشي.
٢- الاَغتراب/ ريتشارد شاخت/ ت: كامل يوسف حسين/ بيروت/ لبنان.
٣- سايكولوجية الشخصية/ محدداتها، قياسها، نظرياتها/ دار النهضة العربي/ ١٩٧٥.
٤- فرويد والطبيعة الانسانية/ عدنان عبدالرحيم/ دار الحقائق/ بيروت/ لبنان.
٥- بەناوی ژیانەوە/ ئەریك فرۆم/ و: ئازاد بەرزەنجی.

# (سووتانی پەروانە) یا پراکتیزەکردنی چەمکی (عیشق) لە شیعرەکانی(مەحوی)دا

کاتێك ناوی (مەحوی)ی شاعیر دەبەین، ئیتر پێویست ناکات بڵێین ((محەمەد کوڕی مەلا وەسمان ـ باڵخی)). یاخود قەوانێك لە ژیانی پڕبکەینەوە، چونکە (مەحوی) لەو شاعیرە نادیارانە نەبووە کە خەڵك بە دیدی هزر و پلەی ڕۆشنبیرییەوە بەرجەستەی نەکردبێ، ئەگەر بێت و ئێمە ڕۆچین بەنێو دەریا فراوانەکەی ئەدەب و لەدیدگا و پەنجەرەی ژانری شیعرەوە بڕوانینە دەقە شیعرییەکانی مەحوی، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی چەندان شەپۆلی بەهێز و هەڵچوو دەبینەوە و بەرجەستەی دەکەین.

هەرچەندە تا ئێستا ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردن بێت ئەوەیە کە، ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە توانییان گەشتێکی مەعریفییانە بەنێو فەزا و بونیادی دەقە شیعرییەکانی (مەحوی)دا بکەن و خۆیان ئاراستەی شەپۆلە تیژڕەوەکانی شیعری مەحوی بکەن، ئەوە دەتوانین بەپەنجەی دەست بیانژمێرین، کە توانیبیان لە دەریا فراوانەکەی مەحوی بپەڕنەوە و بتوانن وەك مەلەوانێکی کارامە و زیرەك لەقووڵایی شیعرەکانی مەحویدا گەوهەرە بەنرخ و پڕ لەستاتیکاکانی بدۆزنەوە و ئەوانی دی یا نەوێربوونە، گەر بوێریش بووبن، ئەوە لە نیوەی ڕێگا خنکاون. بەڵێ مەحوی (شاعیر، مەلا، زانا، سۆفی..تاد) بووە، توانیویەتی سەراپای خۆشی و چێژی ژیانی خودی خۆی لەنێو خەراباتی عیشقە سووتێنەرەکەی جیهانی سۆفیگەرییەوە بەرجەستە بکات. هەروەها هەموو هەوڵێکی داوە بۆ گەیشتن بەواتای ڕاستی و بازنەی هەقیقەت.

مەحوی ئەو کەڵە شاعیرە بوێرە بووە، کە بتوانێ نازناوی شیعری خودی خۆی لە (مەشوی)یەوە بگۆڕێ بە نازناوی (مەحوی)یەوە، ئینجا ئەوە چ لەڕووی تیۆریزە کردنێکی هزری بێت، یا لەڕووی پراکتیزەکردنێکی جەستەیی بێت.

دینامیکییەتی چەمکی (خۆشەویستی) لەلایەن مەحوی وا بە سووڕ و بەهێزە کەوادەکات ڕاستەوخۆ ڕەفزی پرۆسەی (مەشوی ـ برژان) بکا و پرۆسەی (مەحوی) کە نەمانێکی



یەکجارەکی و کۆتاگی بۆ خودی خۆی هەڵدەبژێرێ، پێش ئەوەی مەحوی پەیوەندی بە بازنەی سۆفیگەرییەوە بکات. نازناوی شیعری (مەشوی) بووە، ئەم نازناوەش زاراوەیەکی سۆفییانەیە، کە بەواتە (برژان لە عیشقێکی خودایی) دەگرێتەوە، بەڵام لەوساتەی (مەحوی) شاعیر لەرۆخانەی سۆفیگەرییەوە نزیك دەبێتەوە و ڕۆدەچێتە نێو بازنەی فەلسەفەکەیەوە، ڕاستەوخۆ هەستی بەوەکرد کە ئەم نازناوەیە شیاوی خۆشەویستێکی وا گەورە و گران نییە، چونکە هەر ماددەیەك ئەگەر ببرژێ لەناو ناچێت و بوونی ماددەی هەر دەمێنێ وەك (خۆڵەمێش). بەڵام مەحوی ئەم پرۆسەیە بەلەنگ و لاسەنگ دەزانێ، بەڵکو پێی وایە دەبێ بەدیلێکی بەهێزتر و کاریگەرتر هەبێ، بۆ ئەوەی مەودای بازنەی عیشقە بەسۆیەکەی پێ فراوانتر بکات، ڕاستەوخۆ کردەی نەمانێکی یەکجارەکی و فەنابوون هەڵدەبژێرێ و نازناوی (مەحوی) بۆ خودی خۆی دەستنیشان دەکات، تاکو هیچ پاشماوەیەك بەدوای خۆیەوە نەهێڵێ و بەیەکجاری بسڕیتەوە. (مەحوی)یش واتای مەحوبوونەوە، فەنا، لەناوچوونێکی هەتایی..دەگرێتەوە..

بێگومان ئەم سووتان و لەناو چوونەش لەعیشقێکی پیرۆزەوەیە.. و هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە و شاد بوونەوە بەدیداری ئازیز و خۆشەویست، هەرچەندە مەحوی لەداڕشتن و چنینەوەی شیعرەکانیدا هەوڵیداوە بە کەرەسە و ئامرازی ماتریالی هۆنراوەکان هەڵبکۆڵێنێت و بینەخشێنێت، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە تا هەموو چینەکانی کۆمەڵ بتوانن بە ئاسانی لە جۆری عەشقەکەی مەحوی تێبگەن، بەڵام مەحوی زیاتر لەمەرز و دیوی دەرەوەی ئایدیالەوە دەسوڕێتەوە نەك لەدیوی ماتریالییەوە، چونکە مەحوی عاشقی ئەو فەلسەفەیە کە پەیوەندی بەتاك ستوونی ئایدیالەوە هەیە، چونکە پێیوایە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت بەهێز و گوڕی ماتڕیالییەوە خۆی بگەینێتە خواوەند.

مەحوی ئەو مرۆڤە بەرزەیە کە زانایی و شارەزایی و ڕۆچوون و قووڵبوونەوە لەفەلسەفە تایبەتییەکەی خۆی و دروستبوونی گیانی بەرزێتی وای لێکردووە و هانیداوە کە لاسایی پیاوچاکان و زانایان بکاتەوە، چونکە ئەوانەی خاوەن مێشك و هزرێکی بەرزن، لاسایی پیاوچاکان دەکەنەوە، هەروەك (ئەرەستۆ) دەڵێ: ((ئەوانەی مێشکێکی بەرزیان هەیە لاسایی کرداری بەرز و ئیشی پیاوچاکانیان کردۆتەوە، بەڵام خاوەن نەفسییەتە نزمەکان لاسایی کەسانی بێ نرخ و هیچ و پووچیان کردۆتەوە..))[1].

دەتوانین بڵێین ئەگەرچی مەحوی لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوازێکی دووسەرەی (ئایدیاڵی/ ماتریاڵی) تیشکە ڕوئیاکانی خودی خۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵام زیاتر خۆی بەسەر

دیوی (ئایدیاڵ)یەکەدا شکاندۆتەوە و بۆ لای خۆی کەمەندکێشی کردووە، نەلەدیو و مەرزی ماتریالییەکەی، هەر بۆیەشە ساتێ (مەحوی) شاعیر لە عیشق و ئەوینی خودی خۆی دەدوێ و دەچێتە نێو جیهانە بەرفراوان و پڕ چێژ و پرستاتیکایەکەی تابلۆی (ڕۆفائێل)[٢]. کە ئایدیای دووسەرەی (ئایدیاڵی/ ماتریاڵی) تیادا بەرجەستە دەکەین، جا بۆ ئەوەی لەبازنەی بابەتەکەمان دەرنەچین، ئێمە دەزانین خۆشەویستی خوایی سڕ و نهێنییەکە لەنێوان ڕێبوار و خوادا، هەروەها خۆشەویستی وەکو زانستەکانی دی نییە، پێناسە بکرێ، بەڵکو زیاتر چێژێکە ڕۆدەچێتە نێو دڵ و دەروونی دڵدارانەوە، جا هەر دڵێ بیەوێ بەرەو مەعریفەی ڕاستی خوایەتی بڕوا، دەبێ لەورێگەیەدا بەرگەی گەلێ ئازار و ناخۆشی بگرێ. خۆشەویستی خوایی دەریایەکی فراوان و بێ کەنارە و پێویستی بە مەلەوانێکی زیرەك و هۆشیار و کارامە هەیە، بۆ ئەوەی لەهەڵبەز و دابەز و گێژنەکانی تێپەڕێ و ڕزگاری بێت..

مەحویش کە ڕێبوارێکی سۆفیگەرییە و گیرۆدەی ئەم خۆشەویستییەیە، سەری سوڕماوە لەبەرامبەر ئەم خۆشەویستییە گەورەیە، کە چۆن لەدڵی خۆی جێی بۆ بکاتەوە، ئەوەی عاشق نەبێ نازانێ چێژی عیشق چیە؟ خۆشەویستی ئاگرێکی وەهایە، هەر کەسێ پێی سووتابێ، خوا خوایەتی چەند جاری دیکەش پێی بسووتێ[٣]. لێرەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو دێڕە شیعرانەی کە دەچنە نێو بازنەی ناونیشانی بابەتەکەی ئێمەوە و کام ڕەهەند دەگرێتەوە بەر لەگەشتەکەیدا.

**- دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە.**
**بیگەمێ، یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم[٤]**

لێرەدا مەحوی زیاتر دەیەوێت خۆی ئاڕاستەی یەك تاکڕەهەند و پرۆسەی (عیشق) بکاتن و دەستی لەباڵای عیشقەکەی هەڵنەگرێت و بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی و یەك ڕێبەر بۆ خودی خۆی هەڵبژێرێ جا بگات بەپایە و وەسڵی یار یانەیگاتێ. لەسەر دەستی یەك مامۆستا وانەی عیشق بخوێنێ، بەواتە لە هەڵبژاردن و کردەیەکی دوالیزمییانە (ثنائیة) خۆی بگۆڕێ بۆ کردە و فۆڕمێکی تاکگەرایانە. بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ دێڕە شیعرییەکانی مەحوی لای کام مامۆستا وانەی عیشق دەخوێنێ و خۆی پەروەردە دەکا؟ بۆچی ئەم مامۆستایەی هەڵبژاردووە.

**- پەروانەیەك بەبولبولێ وا وت کە ((بو الفضول))**
**سووتانە ئیشی ئەهلی مەحەببەت، نەهوولە هوول[٥]**



خۆشەویستی ڕاستەقینە بەدیمەنکاری و جوانکاری خۆدەرخستن نابێ، وەکو بولبول، خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێ وەك پەروانە وابێ، کاتێ دەسووتێ بەبێ دەنگی و بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێبکا، نەك وەك بولبول کە دەڵێ ((من عاشقی گوڵم)) بەسەر چڵانەوە دەیکاتە یەك هەرا و هات و فیغان کە وەك بازاڕی دەلاڵخانەی لێدێ، بەم هات و هاوارەش هیچی پێناکرێ تەنها خودی خۆی دەردەخا و خۆی دەخاتە نێو بازنەی ریاکارییەوە.

لێرەدا مەحوی ئەم نموونەیەی لەجیهانی ماتریالییەوە، وەرگرتووە و بەراورد لەنێوان عیشقەکانیاندا دەکات و خۆی بەدوای پلەی بەرزی عیشق دەکەوێ و بەسووتان و لەناوچوون ڕازییە، بەوەی وەك پەروانە بەبێ دەنگی خۆی بسووتێنێ لەپێناو عیشقەکەی.

لێرەدا لامان ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە هەندێك لە شاعیرە کلاسیکەکانمان بەردەوام نەیانتوانیوە تەعبیر لەخودی خۆیان بکەن، دوور بێت لە سروشت. دەوروبەر، بەڵکو هاتوون لە دەوروبەرەوە تەعبیریان لە خودی خۆیان کردووە.

**- سووتانی بەبێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت.**
**وەك بولبولێ ئەم فەغانە بەپەروانە حەرامە[٦]**

ئامۆژگاری و ئادابی (خۆشەویستی) ئەوەیە، کە دڵدار بەبێ دەنگی بەتەنهایی بۆخۆی بسووتێ، وەك پەروانە کە چۆن بەبێ دەنگی خودی خۆی دەسووتێنێ و ئادابی سووتانەکە دەزانێ، نەك وەك بولبول بەناڵە ناڵین و هوولە هوول بەشێوەیەکی ریایی خۆی دەربخات. ئەم شێوازە و هات و هاوارەش، تەبیعی ناگونجێ لەگەڵ ئادابی پەروانە و حەرامە.

دەبینین کردارەکانی مەحوی کردەیەکی فیدائییانەیە، لە ڕووی ئاوەزەیی و جەستەیی، یا بڵێین، زیاتر مەحوی دەیەوێ تایبەتمەندییەکی ئەرکیۆلۆژی لە خودی خۆیدا دابمەزرێنێ، بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە پانتایی و فەزای بازنەی خۆشەویستییەکەی، چونکە خۆشەویستی خوایی کە لە پێشەوە باسمان کرد، کە نهێنیەکە لە نێوان ڕێبوار و خواوەندا، و پێویستە ئەو ڕێبوارە لە کاروان و گەشتی خۆشەویستییەکە گەلێك ئاڕاستە و شتی سەیر و سوڕهێنەری دێتە ڕێگاوە، ئەوکات وا پێویست بە هیچ شێوەیەك ئەم نهێنییە نەدرکێنێ، بە واتە تووشی بێ هۆشی و بێ ئاگایی نەبێت وەك (حەلاج) کە بەسەری هات بۆیە وتەی (اناالحق)ی لەسەرە مەرگا درکاند.

چونکە لەنیشانە و خاسیەتی خۆشەویستی خوایی نەدرکاندنی نهێنییە. بۆیە زیاتر عاشقانی ئەم خۆشەویستییە خواییە کاتی شەو هەڵدەبژێرن، چونکە شەو پەردەیەکە، یا خەڵوەتگەی بەندەکانی خوایە[٧] هەر بۆیەشە دەڵێت:

**- هەر لەتاریکی شەوایە ڕێ دڕێ ئەهلی نیاز**
**رازی دڵ ئیفشا بکەن، خەڵوەتگەهی خاصانە شەو**[٨]

ئالێرەدا تایبەتمەندییەکانی شاعیر لەدەقە شیعریەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە دەڵێت:

**- شەو کەسێ پرسی لەخۆ دەرخستی پەروانە شەو**
**ئەو وتی ناتێگەیشتوو، تەجرەبەی مەردانە شەو**[٩].

دەبینیت یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کردەی پەروانە، ئەوەیە زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی ئەو تیشکە ئاگرە دەبێتەوە، خۆی دەسووتێنێ، هەربۆیە بەشەو ئەم پرۆسەیەی بەئەنجام دەگەیەنێ، تاکو لەبازنەی ڕیاکردنەوە بەدوور بێت، بۆیە شەو مەیدانە بۆ تاقیکردنەوە. جا لێرەدا مەحوی شاعیر دەیەوێت بەکردەی شیعر نووسین کردەی خۆدەرخستنی خودی خۆی بەستۆتەوە بەکردەی (سووتانی پەروانە)، کە لە پێشدا وتمان نابێت خۆی (ڕێبوار) بەهیچ شێوەیەك نهێنی بدرکێنێ تەنها لەشەودا نەبێ، چونکە شەو وەك خەڵوەتگا وایە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی (عیشق)، لەدیدی مەحوی، هەر بۆیە پەروانە تەنها بەشەو خۆ دەردەخا و دێتە مەیدان و بازنەی خۆشەویستی.

لێرەشدا لەخۆدەرخستن، مەحوی خۆی پەیوەست کردووە لەگەڵ کردەی (پەروانە)، بەواتا و لەونێکی دی مەحوی دەیەوێ وەك مامۆستاکەی کە (پەروانە) لەڕووی پراکتیزەکردنەوە کردەیەکی نارپایی ئەنجام بدات بۆیە شەو دەکاتە خەڵوەتگەی عاشقان.

**- دیارم دەیری عیشقە، جێ بەسووتن بێ لەوێدەگرم**
**کەمن مشتێ چل و چێوم، بەچی بم، کەڵکی کێ دەگرم**[١٠]

بەواتە من خەڵکی وڵاتی عیشق و ئەوینم، ئاگریشم تێ بەربێ و بسووتێم ئەوە دەست لەوێ هەڵناگرم. دەبا منی لاواز کەسیسیشبم لەوێ بسووتێم و بمرم.

لێرەدا لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەن ئیماکانیاتێکی زۆر نییە (مشتێ چل و چێوم). ئەگەر بێت و ئەو ماددەیە یا ئیمکانیاتە کەمە، بەهەوا بڕوا ئەوە هیچ شوێن و جێگایەك ناگرێ، بەلاَم



ئەگەر بێت قوربانی بدات و بوێر بێت، ئەوە هەمیشە نرخی بەرز دەبێتەوە، چونکە مەبەست لەقوربانیدان، ئیمکانیاتە ماددەیەکە نییە کە (چل چێو)ە، بەڵکو ئیمکانیاتە مەعنەوییەکەیە.

**- دەزانم بادیەی عیشقە خەتەرناك**
**کەچی هەر چووم، ئەگەر مام و ئەگەر چووم**[١١]

عاشق نابێت لە هیچ بیابانێکی ترسناك و بەسام بترسێ، بەڵکو دەبێت ڕووبەڕووی هەموو ناخۆشییەك بێتەوە، ئەگەر دەرباز بێت یا تیابچێ، دەبێت هەر ڕووبەڕووی بێتەوە، یا بەواتایەکی دی فەلسەفەی مەحوی وای لەمەحوی کردووە کە بڕوا و قەناعەتێکی وای لادروست کات، کە ئەم بڕوا و قەناعەتە لەلای کەس نەبێ غەیری مەحوی نەبێت. هەربۆیەشە وا بڕیار دەدات، گەر بشسووتێ، ئەوە مادام بۆ عیشقە و لە پێناو خۆشەویستی خوایەتییە. گەرچی بشمرێ ئەوە هەر دەست لەم خۆشەویستییە هەڵناگرێ.

با لێرەدا ئەوەش بلێین، کە لەئەدەبیاتی ڕۆژهەلاَتدا واباوە، کەوا پەروانە لەبەر خۆشەویستی ڕووناکی بەرەو تیشکی چرا دێت و هەتا خۆی نەسووتێنێ ئۆقرە ناگرێ و سەبری نابێت، عاشق پەروانە ئاسایە، گەر لەناخی دەریایی عیشقی حەقیقی هەر کەسێك ڕۆچووبێت بەرەو قوولاَیی ئەوە نەمانی لاخۆشترە لەمانەوەی، هەربۆیەشە مەحوی شاعیر کە بەشێکی لەم پلەی عیشقەدا هەیە، دەیەوێت چاو لە پەروانە بکات و خۆ بسووتێنێ، بۆیە ڕاستەوخۆ، کردەی مامۆستاکەی هەڵدەبژێرێ، کاتێ پێکی شەڕابی خۆشەویستی خوایی نۆش دەکات و چاوی بەچرای جوانی خۆشەویستەکەی دەکەوێت، بەخۆ ناوەستێ، گەر لێی نزیك نەبێتەوە و خۆ نەسووتێنێ[١٢].

**- کە هەڵگیرسا لەنووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ، چبکا؟**[١٣]

مەحوی دەیەوێ ڕێگای عیشق پیشانی خەڵك بدات و کاتێ دەڵێت: ((ئەوەی ئاگری عیشق بپەرستێ و دڵی بەو ئاگرە یا خۆشەویستییە دامرکێتەوە، ئەوە دەبێ وەك پەروانە چۆن خۆ دەسووتێنێ ئاواش دەبێ خۆ بسووتێنێ)).

ئەم خۆشەویستییە پێویستی بەمرۆڤی دڵ قایم و ئازا و نەبەرد هەیە تا ڕێبازی پەروانە هەڵبژێرێ، چونکە بەڕاستی پەروانە ڕێگا نیشاندەرێکی ڕاست و تەواوە، دەتوانێ دەرسی عیشقی ڕاستەقینەی لێوە فێربێ بۆیە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**- زوبانی حاڵی پەروانە لەوەختی سووتنا دەیووت:**

**کەسێ واریثمە** وەك من بێ، **لەعیشقا خۆ بسووتێنێ**[١٤]

بەواتە لەکاتی خۆ سووتانی پەروانە، پەروانە دەیووت، ((ئەگەر هەرکەسێ واریسی منە، ئەوە دەبا بێ وەك من لەپێناوی عیشقا خۆ بسووتێنێ)).

بۆیە مەحوی بەپێی ڕێبازی سۆفیگەری ویستوویەتی لەناوچوون و سووتانەکەی گەورەتر و زانستانەتر بێ لەپێناو عیشقەکەدا.

مەحوی لەو شاعیرە تاکانەیە، کە توانیویەتی تەعبیر لە خودی خۆی بکات، بەپێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی کلاسیك، کە لاسایی شاعیرانیان کردۆتەوە جا چ لەڕووی (فۆڕم) بێت یا لەڕووی (ناوەڕۆك) بێت، بەڵام مەحوی شاعیر توانیویەتی لەوبازنەیە دەرچێت و بتوانێ بەئازادانە تەعبیر لە خودی خۆی بکات، بەڵام لەم تەعبیر کردنەدا راستەوخۆ تەعبیری لە خودی خۆی نەکردووە، بەڵکو هاتووە لەڕووی پرۆسەیەکی دیکەوە، کە ئەویش پرۆسەی (سووتانی پەروانە)یە. مەحوی زۆر زیرەکانە توانیویەتی لێکچوونێك لە نێوان خودی خۆی و خودی پەروانە بسازێنێ، بەڵام هەر دێرە و بە شێوە و شێواز و تەکنیکێکی زمانی وا، کە هەمیشە جوانی دەدات بەدێرە شیعرەکانی. بەواتە زیاتر مەحوی توانیویەتی کردەی مێتافۆڕ (METAPHOR) لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات. هەر بۆیە لە تیۆلۆژی (خواناسی)دا، مێتافۆڕ ڕەهەندێکی ئاکتیڤ و گرنگە و شوێنگەیەکی بەرچاوی هەیە.

مەحوی شاعیر زۆر هۆشیارانە توانیویەتی لێکچوون و دژ یەکییە ئێستاتیکایەکە جوانتر و ناسك تر بکات. لەکاتی سەیرکردنی هەردوو پرۆسەکە پرۆسەی (سووتانی پەروانە)، و (هولەهولی بولبوڵ). بۆ ئەوەی خۆی بچوێنێ بەپەروانە و شاعیرانی دیکەش بچوێنێ بە (بولبوڵ).

لە کۆتاییدا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی مەحوی شاعیر بخاتە نێو دەریای عیشق و جیهانی سۆفیگەرییەوە، چونکە شاعیر لەزۆر رووی شیعرەکانییەوە بێ نرخی دونیای ماتریالی دەردەخا و دەردەبڕێ. بۆ ئەوەی بیخاتە بازنەی سۆفیگەری و جیهانە ئایدیالییەکەوە. هەروەها بتوانێ عەشقێکی بێ سنوور و پڕ لەعیشق پەروەردە بکات و دڵی خۆی بکات بەسەرچاوەی راستی ئەو عیشقە. هەست و سۆز و ژیری ناوەتە لاوە. تاکو بتوانێ، دیسپلینێکی خۆشەویستی بەهەمیشەیی و جاویدانی بخولقێنێ، تاکو بتوانێت ئاوێزان بێت لەگەڵ خۆشەویستی خوایی، کە بەشێوەیەك تایبەتمەندییەکی وای هەبێت ببێت بەخاوەن خۆشەویستییەکی نا کۆتاگی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٧٩: ل ٥٠.

٢- (رۆفائیل) : یەکێکە لەبەردەکانی ڤاتیکان، وێنەیەکی بەناوبانگە، کە یەکێکە لەکارەکانی نیگارکێشی بەناوبانگ (رۆفائیل). کە وێنەی (ئەسینا)ی لەسەر هەڵکۆڵێنراوە. وێنەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و قوتابییەکانی لەسەر نەخشراوە کە لەم وێنەیەدا (ئەفلاتوون) پەنجە بۆ ئاسمان ئاراستە دەکا، (ئەرەستۆ)ش پەنجە بۆ زەوی رەوان دەکا.

٣- شیعری ئایینی و سۆفیگەری لەشیعرە کوردییەکانی مەحویدا، نامەیەکی دکتۆرایە (ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن)، پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە. ١٩٩٦: ل ٣١٣.

٤- دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریم مودەریس، چاپی دووەم ١٩٨٤، ل ٢٣٤.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٠٦.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٧٥.

٧- شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی: ل ٣١٤.

٨- دیوانی مەحوی: ل ٢٥٩.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٥٦.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٢١٧.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٢٥.

١٢- شیعری ئایینی و سۆفیگەری لەشیعرە کوردییەکانی مەحوی: ل ٣١٨.

١٣- دیوانی مەحوی: ل ١٤٠.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ٣١١.

# تاك ڕەهەندی (میتۆلۆژیا)

# لە پڕۆسەی دینامیكییەتی (میوزیك)دا

ئاشكرایە كە تاك ڕەهەندییەتی میتۆلۆژیا گوزارشت لە هەموو كانگا ئەزلییەتی ژیـان بـە هەموو ڕەهەندە (فیكری و مەعریفی و عـادات و تەقالیـد و.... ئـەزموونی بـیروڕای هـەموو نەتەوەیەك و هەموو جۆرە ڕەگەزێك دەكات، هەروەها وەك دەسپێكێكی ئەبستیمی بۆ هـەموو ڕەهەنـدە (مێـژوویی، ئـەنترۆپۆلۆژی، سۆسـیۆلۆژی.....تـاد) خـۆی نمـایش بكـات. جـا تاكڕەهەندییەتی (میتۆلۆژیا) چەندێك تەنزیركردنی مەعریفییانە بێت بۆ سەر بونیادی جەستەی (میوزیك - MUSIC) و چەندێك كاركردن بێت لەودیو بازنەی هەستە لاوەكییەكان و توانـا و سەلیقەی ئەوەی هـەبێت، لەوەتـەری حـەقیقی بـوون و خـود بـدات، ئەوەنـدە ماهییـەتبوونی هومانیستییانە لە ویژدانی خەلیقەت نیشان دەدات.

كەواتە (میتۆلۆژیا) دەتوانێت بە فۆرمێكی نوێباوییانە و مەعریفییانە لەو دیـو سـنوور و مـەرزی شارسـتانییەت بـالا دەسـتییەتی خـۆی بـە جـوانترین و مـۆدێرنترین تـەقنییات لـە پانتاییـەكانی (ئەبـستمۆلۆژیا- ئێـستاتیكا) ڕەنگڕێـژ بكـات، هـەروەها تیـشكە ڕوئیـا مۆدێرنیستییەكانی خۆی بۆ سەر هەموو بوعدە مەعریفییەكان پەخش بكات.

بەواتە زیاتر تەنزیرێكی ئەبستیمییانە لەو دیو بونیادی (مێـژوو-ئایـدیۆلۆژیا) بەرجەسـتە بكات و هێڵە سەرەكییەكانی لە هەناوی مێژوودا هەڵبهێنجێ، بۆ فۆرمەڵەكردنی ئیشكالییەتی نووسین سەبارەت بە هونەری میوزیك لە دیدگایەكی میتۆلۆژیانە دا..

هەر هزر و ڕوئیایەك لەكلاوڕۆژنەی هەر بوارێـك لـە بوارەكـانی ژیـان جـا چ ((فەلـسەفە، ڕامیاری، كۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری..تاد)) بێت كەوەك دەسپێكێك دەبێت، گەڕانەوەیـەكی هزرییانـە و مەعریفییانـە بێـت بـۆ جیهـانی ئەفـسانە و لـە پانتـایی هێڵـە سـەرەكییە مەعریفییەكانی (ئیمپراتۆرییەتی میتۆلۆژیا) شتەكانی خۆی هەڵبكرێنێ و نمایش بكرێت.

جا ئێمە بۆ بایەخ پێدان بە ماهییەتی نووسین لە بـواری هونـەری میوزیـك، لـەژێر ڕوئیـا پێدانە مێژوویی و ئەبستیمییە هەنووكەییەكانی جیهانی میتۆلۆژیا لەڕووی تیـۆریزە كردنێكـی



عەقڵییانە، دەبێت بایەخ بە دیدگا مەعریفییەكان بدەین، تا بتوانین بـە شـیاوترین تەقـنییات سنووری نێوان دونیای ئەفسانە لە بۆتەیەكی مۆدێرنزمییانە ڕەنگرێژ بكەین.

جـا لـە میانـەی ئـەم گوتارەمانـدا پێویـستە لەسـەرمان شـێوازێكی ئاركیۆلۆژیـستانە و ئەبستیمییانە بەدی بكەین، بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی شۆڕبوونەوە (حفریات) لە پانتـای جەسـتەی مەلەفە كۆنینە و تاریخییەكان بەتایبەتی لە جیهانی میتۆلۆژیا، تاكو بتوانین بەشیاوترین چەشن بەرجەستەی بكەین، چونكە پێموایە جیهانی ئەفسانە تاكە شورایە بـۆ ئـەو جیهانـە دەلالـی و ستاتیكاییانەی كە پایەكانی (ئیمپراتۆرییەتی هونەر)ی دیاری كردووە و ڕاگرتووە. جا بێ شكە هونەری مۆسیقاش لقێكە لەو لقە هونەرییانەی كە بچێتە نێو پانتای ئەم شورایە.

بەڵێ ئەگەر سروشت مەكانەتی (حلول كردن) بێت لەگەڵ گشت شتەكاندا، ئـەوا لەهـەناوی ئەفسانەدا پڕۆسەی حلول كردن وەك مەعریفەیەك بەرجەستە دەبێـت، جـا لەهـەر سـتونێك لـە ستونەكانی ژیان بێت (ئەدەب، هونەر، زانست) كە بێ شك مۆسـیقاش چ وەك زانـست چ وەك هونەر، وەك چۆن بەڵگە مۆسیقاییەكان لە نووسراوی نێو مەلەفە كۆنەكاندا پێمان ڕادەگـەینن، كەوا چۆن بەتەركیزی حەقیقەتی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیزمییانە و دیالێكتیكییانەی نێو (ئایین، ئێستاتیكا، یاسا، زمان، ئەخلاق.. تاد) ئەنوێنن، ئەوا ماهییـەتی مۆسـیقا و گرینگییەكـەی لەوەدایـە كـە پەیوەندییـەكی تونـدوتۆڵ و پتـەوی بەسـەرجەم زانـستە سروشـتی و كۆمەڵایەتییەكانەوە هەیە. جا لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی كـەوا هونـەری مۆسـیقا كـەوەك هونەرێك دەتوانێت پەیوەندییەكی ئۆرگانی ببەستێت لەگەڵ گشت هونەر و زانستێك.

لێرەدا بەچاكی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كەوا فینۆمینای حلولكردن و ئۆرگانیزمییـەت وەك پرۆسەیەك لە نێـو (دونیـای مۆسـیقا - دونیـای ئەفـسانە) ڕوودەدات و وەك دوو جەمـسەری گرینگ و دیدەڕۆشن، كردەی حلول كردن و ئۆرگانیزمییەت لە نێوانیاندا بەرجەستە دەبێت.

وەك دەزانین ((گوتاری میتۆلۆژیا)) پێشگەشت و دەسپێكی گـشت ڕەهەنـدە مەعریفییـەكان بووە و دەربارەی شارستانییەت و تەكنۆلۆژیای هـەموو نەتـەوەكانی جیهـان، جـا لـە بوارەكـانی (ئایینی، ئەخلاقی، ڕامیاری، كۆمەڵایەتی، ئابووری..تاد) بێت، خۆمان دەزانین جیهانی ئەفـسانە بێشومار سەرچاوەی هەیە، دەبێت بێشوماریش فەرمانی هـەبێت. لەوكاتـە ئەفـسانە دەبێـت بـە ئاماژە، بۆ هێنانەوەی نیوە جوداكانی وجود لەڕووی پرۆسەی ئەبستمۆلۆژیا و كۆكردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنە و بۆتەدا، جالێرەدا بۆ پراكتیزە كردنی جیهانی هزر لەناو یەك بۆتە، لـەڕووی ئیشكالییەتی نووسین لەبوارە ئەبستیمییەكان سەبارەت بە جیهانی میتۆلۆژیا.

دەبێت بە تێڕامان و تێڕوانینێکی وردبینانە و مەعریفییانە بۆ دونیای نەسقەکانی نووسین بەرێ بکەوین، کە سەرەتا بەچاکی دەزانین بە گوتە بەنرخەکەی (ڤاگنەر)ی هزرمەند دەست پێبکەین کە دەڵێت: ((مۆسیقا و شیعر وەك کیژێك و دڵدارەکەی وان، مۆسیقا کیژەکەیە و شیعریش دڵدارەکەیەتی..)). ئەم گوتەیەی ڤاگنەری بیرمەند هەر چەندە پەیوەندی بەجیهانی ئەفسانەوە نییە، بەلاّم تەنها وەك نموونەیەك بۆ پەیوەندییە ئۆرگانییەکەمان هێناوە، کە لەنێوایاندا هەیە.

ئێمەش لەژێر ڕۆشنایی و پەراوێزی ئەم گوتەیە دەتوانین روئیای خۆمان بەرجەستە بکەین و بەفۆڕمێکی تر و بەنەسقێکی تر هەڵیبکرێنین و بلێین پەیوەندی نێوان (دونیای مۆسیقا ـــ دونیای ئەفسانە)ئاوا، پەیوەندییەکی بەهێز و دیالێکتیکانەیان لە نێواندا هەیە، هەروەهاوە ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە پەیوەندییەکی میتۆلۆژی لەنێوان جەستەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت و مێژوودا بەرجەستە دەبێت، بەوشێوەیەی کە دیالەکتیکی و ئۆرگانی لەنێوانیاندا هەبێت، مامۆستا (مەحموود زامدار) لە کتێبی ((دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی))دا کە لە قسەی ئارکیۆلۆجیست و مۆسیقاناس خاتو (دوکتۆر- تیلمەر) مامۆستای سەر بەزانستگەی کالیفۆڕنیا دەگێڕتەوە کە (لە فیرعەونستان دا کەیەکێك ئەمرد، ئامرازێکی مۆسیقایان لەگەڵ دەشاردەوە)[١].

دیارە هونەر ئەوەندە کاریگەر و بەنرخ و بەهێزبووە، ئاوا ئاوێتەی هزر و عەقڵی فیرعەونییەکان بووە، کەوەکەوا دیسپلینێکی (ئایینی-کۆمەلاّیەتی) بەهێزی هەبووە لەڕووی ئایدۆلۆژییەتی ئەوکاتە، کە کاریگەرییەکی بەهێز و دیاری هەبێت، لەڕووی دەسەلاّتی ئەفسانە و عادات و تەقالیدی ئەو کاتە، کە پێشی هەموو شتێ ئەم کاریگەرییە دیسپلینێکی تیۆلۆژی بەسەرەوە هەبووە، دیارە لە دیدگای هزری خۆیاندا وا هەست دەکەن، کەوا ئەم ئامرازە مۆسیقییە دەبێتە هۆی ئەوەی ناخۆشی و ترس و بیم و دڵتەنگی لەنێو گیانی ئەم مردووە دا نەهێڵی و بەرەو ئارامگیری و ڕۆح پاکبوونەوەی بەرێت. هەروەك (بودا) لەکاتێك ئامۆژگاری قوتابییەکان دەکات، دەڵێت: (ئاوازێك لە سروشتەوە هەڵدەقوولێت و دەنگی خواوەندی لەگەڵە کە هەموو تورەیی و گرژییەك لە نێوانیاندا ناهێڵێت و ڕۆح پاك دەکاتەوە و ئاشتی دروست دەکات))[٢].

گەر ئەم گوتەیەی (بودا) بکەینە پێوەدانگ بۆ ئەم عادات و تەقالیدە باوەی (فیرعەونییەکان)، ئەوە لەتەك ئاوازی مۆسیقا، ئەوە ئاوازی خواوەندیشی لەتەك ئەرژێ و



پەخش ئەبێت بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤەکە و دەبێتە هۆی پاکبوونەوە، هەر بۆیەشە فیرعەونییەکان لەتەك مردوو ناشتندا ئامرازێك لە ئامرازەکانی مۆسیقایان لەگەڵ دەشاردەوە، تاکو ببێتە هۆی پاکبوونەوەی مردووەکە لە گوناح و خواوەند لێی رازی بێت.. بەلێ دیارە ئەنگێزە دیارەکانی ستراکتۆرییەتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی (ئاشورستان)یش بە هەمان شێوە، ئەم دەسەلاّتە ئەفسانەییەی وەك فاکتەرێکی کۆمەلاّیەتی بەسەردا زاڵ بووە، هەر بۆ نموونە گوایە (ئایا)ی خواوەند، پاسەوانی مۆسیقای پیرۆز بووە، هەر بۆیە وێنەی خواوەند ((ئایا)) لەسەر زەنگی پەرستگاکان نەقش کراوە)[٣].

لە روئیای هزری ئەوکاتەی کۆمەڵگا و ستراکتۆرییەتی کۆمەلاّیەتی ئەو سەردەمە، گەر هەر شتێك پیرۆز بوایە و گەورە بوایە لای خواوەند و خەڵکی ئەو ساتە، ئەوە جۆرە گەورەییەك و شانازییەکیان پێوە دەلکاند و دەبوو خواوەندێکی بۆ دابنێن و بەپیرۆزی بزانن، بەم پێیە دەتوانین بلێین، دیارە مۆسیقاش خاوەنی ماهییەت و کەینونە و گرنگی خۆی هەبووە لای خواوەندەکان. هەر لەبەر ئەم پیرۆزییەش بووە، کە خواوەندیان بۆ داناوە، ئەم بایەخ و گرنگی پێدانە لەلایەن خواوەند و خەڵکی عەوام لە هەموو سەردەمە کۆنینەکان بایەخی پێدراوە، هەروەك سەردەمی (فیرعەونییەکان، سۆمەرییەکان، ئاشورییەکان، بابلییەکان..). هەر بۆیە خواوەندی یۆنانییەکان لە زمانی (ئەسیسۆس)دا دەڵێن: (بۆ ئەوەی لە زمانی جیهانییەکان فێربێت، پێویستە مۆسیقا فێربێت، بۆیە مۆسیقا چەکی حاڵی بوونە لەمرۆڤەکان)[٤].

هەمیشە زۆر لە خواوەندەکان ناوی خۆیان لە ئامرازە مۆسیقاییەکان ناوە و ئەمەش لە بڕی گرنگی و بایەخ پێدانیان لەم بوارە بووە، بۆ ئەم هونەرە، هەروەك ناوێکی تر کە ئەویش (عشتار)ی خواوەند (نایەی قامیشی ناسك) بووە، کەچی ناوی (تەمووز)ی خواوەندی هاوزای (دەنگی ناسك) بووە،[٥] هەروەها (میوزیك - MUSIC)یش لەوشەی (میوز)ەوە، هاتووە، کە لەمیتۆلۆژیای گریکی کۆن ناوی خواکان بووە، بەلێ شۆڕبوونەوە بۆ نێو جەستەی میتۆلۆژیا، دەمانگەیەنێتە زۆر لە شفرە بێ ڕەنگ و بێ دەنگەکانی بوون، هەروەها دەتوانین بەهۆی زمان و دیدی ئەفسانە لە زۆر شتە پەنهان و نادیارەکان درکی پێ بکەین و گەوهەرەکانی ناخی مێژوو بهێنینەدەرەوە، یەکە یەکە کەشفێکی لۆژیکیانەیان بۆ بکەین و گرنگییان پێ بدرێت.

هەر لە چاخە کۆنەکاندا مۆسیقا و عەقڵی ئەفسانەیی مرۆڤیش، دوو شتی لێك نەترازاو و لەیەکدا نەبڕاو بووە، لەسەردەمە کۆنەکاندا مۆسیقا سیمبوڵ بوو بۆ گشت شتە پیرۆزەکان و شتە پاککەرەوەکان. هەروەك (گلگامێش) چۆن دەربارەی پرۆسەی پاکبوونەوە دەڵێت: (بۆ

پاککردنەوەی ڕۆح و زاڵبوون بەسەر توڕەیی ئەهریمەن، پێویستە گوێ بیستی مۆسیقا بین، بۆیە ئەخناتوونی فیرعەونییەکان بۆ دامرکاندنەوەی دەمارە گرژەکانی و خۆگرتن لە بەرامبەر توڕەیی فیرعەون بە (ئیخبلانۆسی) مۆسیقاژەن. مۆسیقای دەژەنی و گوێ بیستی دەبوو، هێمن دەبۆوە و خەوی لێ دەکەوت)[٦].

دیارە پرۆسەی گوێ گرتن لەمیلۆدی مۆسیقا دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی ڕۆح و ئارامگیری دڵ و دەروون بەرەو ئاشتی بردن و زاڵبوون بەسەر ئەنگێزە شەڕاوییەکان و شتە ترسناکەکان، کە لەلایەن ئەهریمەن و خواوەندی شەڕ (تاناتۆس).[٧] واتە لە کۆنەوە دەرکەوتووە کە مۆسیقا وەك چالاکی شارستانییەتی هاوجووت و یەکدیگیرە، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ، کە هەر لەسەرەتاوە هەولی داوە بەدوای ئەو سەرچاوانەدا بگەرێت، کەوا هێمنی و ئارامی دەخاتە دڵی مرۆڤ، هەر بۆیە (ڕەسول هەمزە تۆڤ) دەڵێت: (خەنجەر پیاو دەخاتە باوەشی مەرگ و تەنبوور زیندووی دەکاتەوە..)[٨].

بەڵێ..جیهانە پەنهان و چڕوپڕەکەی میتۆلۆژیا ئەمانگەیەنێتە زۆر شوێنگە، کە تێدا بتوانین ستراکتۆرێکی عەقلی گونجاو بۆ گشت بوارەکانی ژیان بەهەموو ڕەهەندە فیکری و مەعریفی و ئەخلاقییەکان دابنێین وەك میتۆدێکیش مامەڵەی لەتەك بکرێت، دونیای مۆسیقا، ئەوە زۆر لە هزرمەند و فەیلەسوف و زانا دەیسەلمێنن، کە مۆسیقا زۆر گرنگ و پڕ بایەخە بۆ ژیان. هەروەك چۆن فەیلەسووفەکان وەك ((هیراکلیتس و دیمۆکراتیس و سۆکرات و ئەرەستۆ..)) باسیان لە ماهییەتی مۆسیقا و چێژی مۆسیقا کردووە. چ لەڕووی تیۆری و چ لەڕووی پراکتیکییەوە. بەلاَم لەسەرووی هەموویانەوە (فیساگۆرس)ی هزرمەندە کەوا مۆسیقای وەکو داو و دەرمان بۆ گەلێ نەخۆشی سایکۆلۆژی بەکارهێناوە. وەك (پەشێوی، خەم، ترس، توڕەیی، سێکس).

ئەم گرنگییەی دونیای مۆسیقا هەر لەلایەن خواوەندەکان ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لەلایەن یەکتاپەرستەکان و سۆفییەکانیش ڕەنگی داوەتەوە و باسی لێوەکراوە، هەروەك سۆفییەکی مەزنی وەکو (جەلال الدینی ڕۆمی) لە وتە وێردێکی میتۆلۆژیدا دەڵێ: (مۆسیقا خۆراکی عاشقانە، کۆنە یادێکی بەهەشتە دێرینەکەیە، هەر بۆیە مرۆڤ حەزی لە مۆسیقایە، کاتێکیش ئەیبیسێ، ئەوا کۆنە یادگارەکانی ئەو بەهەشت و ڕۆژگارە دێرینانە ئەبوژێتەوە)[٩].

هەروەها لە دێر زەمانەوە پرۆسەی مۆسیقا بۆ سیحر بەکارهێنراوە، جادووگەر و سیحرباز مۆسیقای تایبەتیان بەکاردەهێنا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەوا سیحرەکانیان لە پێناویدا



تەرخان دەکرد.. هەروەها لای کۆمەڵگای چینییەکانیش وەك (کۆنفۆشیۆس) و (ڤان شۆن) باسیان لەو پرۆسە پڕ چێژەی دونیای مۆسیقا کردووە و بایەخی خۆیان پێداوە. لە کۆتاییشدا ڕوئیایەکی (سپێنسەر)ی فەیلەسوف و بیرمەند لە کتێبەکەی (نەژاد و ئەرکی مۆسیقا)دا ئەهێنێتەوە کە دەڵێ: ((لە نێوان گشت هونەرەکان پێویستە چڵەپۆپەترین شوێن بدرێتە مۆسیقا، چونکە نزیکترین هونەرێکە لە مرۆڤ لە خێر و خۆشی)).

ئەم نووسینە هەوڵدانێك بوو بۆ نمایشکردن و ڕوونکردنەوەی کردە ئەبستیمییەکان لەلایەن خواوەندەکان کەوەك فینۆمینایەکی تیۆلۆژی خۆی لەبۆتەیەکی میتۆلۆژیا بەرجەستە دەکرد.. درك پێکردن و پەی بەنەهێنی بردن بۆ گشت پرانسیپە ئەبستراکتەکان، لەهەمان کاتیشدا ڕوئیایەکی لەزەتمەندانە و پڕ چێژانە و نغرۆ بوون بەرەو دونیای نەسقەکانی پرۆسەی نووسین لە بابەت ئۆرگانیزمییەتی میتۆلۆژیا و مۆسیقا. تابتوانین بەکانگا و نێو جەرگەی پرۆسەی دەمامك ئالۆزەکان بگەین و چەمکی جیهانبینییەتی میوزیك ئاراستەی هێڵە سەرەکییەکانی دالییەتی میتۆلۆژیا بکەین.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١- دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی، مەحموود زامدار، ساڵی ١٩٨٠: ل ١٦.

٢- سایکۆلۆژییەتی مۆسیقا و گرفتە دەروونییەکان، ئامانج عوسمان حەمەد، گۆڤاری (رامان)، ژ١٦: ل ١٦١.

٣- دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی: ل ١٧.

٤- سایکۆلۆژییەتی مۆسیقا و گرفتە دەروونییەکان: ل ١٦١.

٥- دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی: ل ١٧.

٦- الموسیقى والحضارة- هوغولاینمترین، ت.د.احمد حمدی محمود.

٧-(تاناتۆس): خواوەندی مەرگ و لەنێو چوون لە ئەفسانەی گریکەکاندا، زیاتر هێزی شەڕ دەگرێتەوە.

٨- داغستانی من، رەسول هەمزە تۆڤ (کتێبی دووەم) وەرگێڕانی، عەزیزگەردی، ساڵی ١٩٨٥: ل ١٧٨.

٩- دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی: ل١٩.

هەروەها سوود لەو سەرچاوانەش وەرگیراوە بۆ نووسینی دەسپێکی ئەم بابەتە:

* حفریات المعرفة، میشل فوکو، ترجمة، سالم یفوت - بیروت، دارالبیضاء ١٩٨٧.

* درجة الصفر للکتابة، رولان بارت، ترجمة، د.محمد برادة..

* سیکولوجیة الموسیقي، نادین غافلي، مطبعة، دار الملایین ــ بیروت، ١٩٧٤.

# نیوەی دووەم

# خوێندنەوەی دەق

# رایەڵەکانی (سیحری فەنتازیا)

# لە دەقی (زارا)دا

لە پەیڤ هەڵچنیندا وجودی خەیاڵ و تاکڕەهەندی مەعریفە لە تەراکومیاتی هزردا لە فۆڕمێکی جیوەیی خۆی ڕەنگڕێژ دەکات، لەو چرکەساتەشدا (هزر ـ مەعریفە) سەهم لە وجود و ناوجودی پەیڤیستان دەدات، لەو چرکەیەشدا هزرمەند و داهێنەری بوێر، نەك لە نێو مەودا زەمینییەکانی واقیع سەفەر دەکات، بەڵکو سەرەڕای ئەم بوێری و ئیرادەیەی داهێنەر، وا دەکات شۆڕببێتەوە بۆ نێو خانە شاراوە و نابەرجەستەکانی واقیع، یان بە فۆڕمێکی دەیمومەیی لە نێو رایەڵەکانی (واقیع ـ خەیاڵ) پەڕ دەربکا و باڵ بگرێ و گوزەر بکات.

داهێنەری بوێر و خود ئاگا، بەهەندەش ناوەستێ، بەڵکو دەیەوێت لە نێو رایەڵەکانی (ماقووڵییەت ـ نا ماقووڵییەت) بە پەیڤە سەرابییەکانی فەزایەکی کراوە بخولقێنێ. تا لە نێو شاشەی دەقدا، بە چەکی پەیڤ گوزارشت لە خودی خۆی بکات و تایبەتمەندییەتیی خودی خۆی تێدا رەنگڕێژ بکات.

هەمیشە کردەی نووسین لە نێو کەشکۆڵێکی ئەفسووناوی و فەزا رۆشن و کراوە لەلایەن داهێنەرەوە خودی خۆی خەڵقەندە دەکات، هەر بەهۆی ئەم پرۆسەیەشە، ئاگاییە خودییەکانی خۆی دەسازێنێ، ئەگەر بە فۆڕمێکی راستەوخۆ سەهم لە دەرگا کلۆمدراوەکانی پرۆسەی نووسین بدات. هەمیشە ئەم بە سەهم کردنەش تەنیا لەسەر مەرجی بوێری و ئیرادەی نووسەر ناخولقێ، بەڵکو لەوێشدا لە چرکەساتێکی سەفەراویدا، گەشت بۆ فەزای باخچە تەڕەکان دەکات، تا لەوێ شتێ لەودیو بازنەی ئیرادەوە، توانایی داهێنەر کەشف بکات و ژێیە سەرەکییەکانی کردەی بەرجەستەبوونی بگەیەنێ، سروشتی ئەم پرۆسەیەش پەیوەستە بە جیهانبینییەت و بازنە کراوە لاستیکییەکانی (داهێنان)ەوە.

دەتوانین بەشێوە و فۆڕمێکی تر بڵێین: کردەی (داهێنان) لەو پرۆسە بێ ئامانەیدا دەبێتە مینبەر و ئەو مەدارە فەزا کراو و نابەرجەستەیەی کە هەمیشە (داهێنەر- خەڵقەندە) لە هەوڵی بەرجەستەبوونیەتی، بە هێمنانە و لێزانانە لە ژێر کۆنترۆڵی



ئاگاییەکی خودیدا شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو کەینوونە و ماهییەتی شتە نابەرجەستەکان، ئەو کاتیش پرۆسەی داهێنان و خولڤاندن بەهۆی فۆڕمە جیوییەکەی خودی خۆی ناخاتە نێو چوارچێوە و مەرزە کۆنکریتە باوەکان.

ئێمە چەند بمانەوێت بتوانین لە نێو فەزای ئاگاییەوە بەرەو دونیا و پرۆسەی نووسین سەفەر بکەین، یان کردەی کایە نابەرجەستەکان بەرەو کردە و کایەیەکی بەرجەستەکراو بەرین، ئەم پرۆسەیە خۆشی لەنێو منداڵدانی خودی خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی گوزەر دەکات و بەرەو جیهانی ئەندیشە باڵ دەگرێ و مەودا زەمینەییەکانی فەنتازیا و هەڵڕژاندنی کەشکۆڵی هزر بەسەر وەتەرە سەرەکییەکانی (مەعریفە- ئێستاتیکا) بۆ لەدایك بوون و خولڤاندنی ئەو کەینوونانەی کە لەو دیو مەرزە کۆنکریتە باوەکانەوە تەراکومیان کردووە، ئا لەو کاتیش پرۆسەی نووسین بەواتای کردەی (کەشف کردن- خولڤاندن) خودی خۆی دەدات بەدەستی داهێنەرەوە، دیدگامان وایە ئەم پرۆسەیەی خولڤاندن کە لەلایەن نووسەر و داهێنەری خودئاگاوە بەرجەستە دەبێت، دەبێت پەیوەست بێت بە کردە بەردەوامییەکانی نووسینەوە. یان نووسەری بوێر و خودئاگا، دەشێ کردەی خولڤاندن لە نێو دەقێکی مردوودا بە ئەنجام بگەیەنێ، بە مەرجێ دەبێت بە نێو چەند درز و کەلەبەرێکی تاریك و شووەمدا سەفەر بکات و دەقە کۆنەکە کەرت کەرت بکات، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ خانە نازیندووەکان موتوربە بکات لە نێو کاسە ئاوی (هزر و مەعریفە و ئێستاتیکا و... تاد) ئەو کاتە دەتوانێ دەقە کۆنەکە بەرگە مردووەکەی لە خودی خۆی دامباڵێت و پۆشاکێکی زیندوو بپۆشێت و دەزوولە ریشاڵییەکانی بەرەو قووڵایی بەرێت..

زیاتر بەواتە نووسەری بوێر دەبێت چەند کردەیەك لە نێو منداڵدانی دەقە کۆنەکە بتەقێنێتەوە و پەیڤەکانیش بەرەو کردەی بە سەهم کردن و بە موتوربە کردن ببات، ئەم ئەنجامدانی کردەگییانەی داهێنەر، دەشێ بەهۆی ئەو دەزوولە باریك و وردانەی کە لە کەشکۆلی مەعریفە و هزرەوە بەدەستی هێناوە، لەتەك ئەو تاکئیرادەییەی کە چەنگی کەوتووە، بتوانێت زەمەنی بازنە کردەییەکان ببڕێ، بۆ تەنزیرکردنی کۆشکێکی درەوشاوە و زیندوو، لە نێو منداڵدانی دەقێکی مردوودا کە دەشێ لە ژێر هێلکارییەك کردەی خولڤاندنی نووسەر شەفاف و روونتر بکەین:



پرۆسەی خولقاندنی دەق لەلایەن داهێنەرەوە

دەشێ ئەم پەیڤ چنینانەی ئێمە، جۆرێك بێت لە هەوڵدان بۆ بەرجەستە بوون و دۆزینەوەی مەدلوولاتە شاراوە و نابەرجەستەکانی نێو دەقی (زارا)ی عەبدوڵڵا سەڕاج، چونکە دیدگامان وایە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوە و راڤەکردنی هەردەقێکی ئەدەبی پرۆسەیەکە لەکردە نابەرجەستەکان دەدوێ و بەو ئەرکە هەڵدەستێت، کە پەیوەستە بە کەشف کردنی پەیوەندییە هەڵچنێنراوەکانی نێوان (نووسەر - دەق - خوێنەر) و جیهان بە هەموو رەهەندەکانییەوە و وەکو (لۆرانس) دەبێژێت: ((من وەکو خاوەن خودێك بۆ ئەمە دەنووسم تا پێوەندییە بەزێنراوەکانی نێوان خودی خۆم و جیهان بگەیەنمەوە یەك..))[1].

ئێمە وەك دەزانین چیرۆك وەك پێکهاتە و بونیادێکی زیندوو و گەشەدار لە ناوەوە گەشە دەکات و لەو چرکەساتیش (پاڵەوان - رووداو - کەرەسەکانی تر) گەورەتری دەکەن، بەڵام ئەگەر وا دەرنەچوو، ئەوە لەیەك کاتدا ئیفلیجی یان دەقگرتوویی تووشی بونیادی چیرۆکەکە دەبێت، بۆیە دەبێت چیرۆکنووسی خەلّقەندە و بوێر، بتوانێ لە نێو ئەو کەرەسە و رەگەزانەی کە لە نێو دەقدا رایەڵ دەکرێن، بۆ چنینەوەی دەق، بە فۆرم و جۆرێکی تازەوە، هەمیشە بەو نیازەش لە نێو گۆڕانێکی هەمیشەییدا لە جووڵەدا بێت، بۆ ئەوەی چیرۆکەکە لەتەمی دەقگرتووی رزگار بکەن، سەرجەم پەیڤەکانیش، لە نێو فەزا و زەمینەیەکی ئازاد و کراوە هەناسە بدەن.



بێگومان دەبێت ئەوەش بزانین کە دەقی چیرۆکئامێز بەهۆی مەودا بەرفراوان و رەهەندە جیوەییەکانییەوە، داهێنەر بەهۆی وەتەرە موگناتیسییەکانی پەلکێش دەکات، بۆ نێو کردە ئەفسووناوییەکان و ئەزموونە جیهانبینی و پەیڤی ئارایشت کراو بە مەرجانە کریستاڵییەکانی ئێستاتیکا و زمان بۆ ئەوەی لە نێو دەقدا بتوێنێتەوە و کردە هونەرکارییەکانیشی بکات بە زەخرەفەیەك لە چەشنی زەخرەفەی سەرپەرشتی ماسییە پوولەکەدارینەکان و پەپوولە شاباڵ فیردەوسییەکان، تا بشێ و بتوانێ دیوی دەرەوە و ناوەوەی بونیادی دەق بە لەون و فۆڕمێکی قەشەنگ و دەلال و بە تەلوینێکی ئەفسوناوییەوە بۆ دیدەی خوێنەری زرنگ و دیدە رۆشن بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی نووسەر، لێهاتوویی و ئاگایی خودی، بۆ خۆی رەنگرێژ بکا، تا لە دیدەگای خوێنەر و هەمیشەش عەوداڵی ئەو کردەیەیە، کە تخووبێکی هونەرکارایانە لە نێوان مەودای دەق و دیدگای خوێنەر بە پەیڤە شاباڵ کریستاڵییەکانی بخولقێنێ.

* * *

(زارا) ناونیشانی دەقێکی چیرۆکنووس (عەبدوڵڵا سەراج)ە. ئەگەربێت و سەهمێك لە تێڕامان، دیدەی ئێمە ئاراستەی ناونیشانی ئەم دەقەمان بکات، دەبینین ناونیشانەکەی وەك کۆشکێك لە مەرجانی کریستاڵ، رووناهییەکی شاباڵ زێڕین، دەخاتە سەراپای مەودای زەمینەیی و فەزای دەقەکە و رۆشناییەکی تەواوی پێ دەبەخشێت و دەبێتە کۆشکێك لە رووناهی.. هەروەك (دریدا) دەبێژێت: ((ناونیشان.. چەشنێکە لە چەشنەکانی تاج))،[2]. یان دەتوانین بڵێین: ناونیشان بۆ دەق چەشنێکە لە چراخان و رووناهی.. جا دەشێت لەژێر ئەم وتەیەی (دریدا) هەڵوەستەیەك بکەین، بەنیگا بارانێکی خێرا دیدگای خۆمان تەنیا لە گۆشەنیگایەکی دەق نەڕەوێنینەوە، بەڵکو چۆن پێویستییەك وای کردووە، کە چیرۆکنووس ئەم ناونیشانەی بۆ کۆرپەلەی تازە لەدایکبووی دەقەکە داناوە و بەناقی (زارا)ی ناوزەد کردووە، ئاواش دەشێ ئێمەی خوێنەر پێویستییەکی پۆزەتیڤانە وامان لێ بکات و پاڵمان پێوە بنێ بۆ بەرجەستە کردنی ئەو دەزوولە باریك و وردانەی مەدلوولات و کەینوونە نابەرجەستە و شاراوانەی کە لە دیوی ئەو دیوی ناونیشانی دەقەکە خۆیان حەشارداوە، چونکە (ناونیشان) لە زۆر دەق، بەتایبەتی لە دەقە تازەگەرییەکان و فانتازییانەکاندا دەبێتە سەنتەر و خاڵی ناوەڕاستی دەق و سەنتەرێکی پڕشنگدار، بۆ ئەوەی رووناهییەکی تەواو بخاتە سەر پانتایی و فەزای دەق و سەرجەم پەیڤەکانیش، لە ژێر سێبەری تاریك و پڕ شووم بە کۆیلەیەتی هەناسە نەدەن.

دالّییەتی (زارا) لێرەدا دەشێ لەژێر تیروانینە سیمانتیکی و تەئویلاتە جوولّە دارینەکانی ئێمەی خوێنەر بشێ چەند سەهمێك لەمەدلوولات وەرگرێت، لەدواییشدا رووناهییەکی زێرین بەسەر فەزای دەق پەرش و بلاو بکاتەوە، دەشێ ناونیشانی (زارا) لەدیدگای هزری سەڕاجدا جۆرە فۆرمێك لە سوپەرمانییەت لەنێوەزین و فەزای دەق خۆی رەنگێژ بکات، جۆرێك لەسوپەرمانییەتی رۆحانی و نوورانی بێت، دەشێ زاتێکی پیرۆزبێت لەدیدەی سەراج و پەیامبەران، نەك سوپەرمانییەتێکی مەعریفی، کە ئەوەی (نیتشە)ی هزرمەند پێی گەیشت، هەروەك خۆی لە نێو دەقەکەیدا باسی دەکات و بە دیدی خوێنەری ئاشنا دەکات. وەك لەنێو درز و هەناسەی پەیڤەکانی نێو دەقەکەدا دەبێژێت: ((دەبێ ئەو رند و نوورانییە کێ بێت!؟ لەخۆم پرسی. ئەویش وەکو ئەوەی رووپەڕی ناومێشکم بخوێنێتەوە ئارام فەرمووی:

– زارام ئەو زارایەی پەیامبەران لە هزر و سروودی ئاڤێستا و زەندی منەوە پەیام و بێخی ئایینییەکانیان داڕشتووە))[٣].

لەم پەرەگرافەی سەرەوە ژێیە سەرەکییەکانی مەدلوولییەتمان دەسگیر دەبێت، کە دەشێ بێژین: دالییەتی (زارا) چەند سەهمێك لە مەدلوولییەتی (زاتێکی پیرۆز ـ پەیامبەرێکی زەردەشتی ـ زات و نوورانییێك ـ سوپەرمانێکی زەردەشتی...).

دەقی (زارا)ی سەراج لەژێر نیگا دەزوولەییەکانی ئێمەی (بینەر ـ خوێنەر)، دەشێ چەند رایەلێکی تەکنیکی و ئێستاتیکی و مەعریفی و فەلسەفی... تاد، پەخش بکات، هەر تاکرەهەندێکیش لەنێو ئەو تاکرەهەندانەوە، لەنێو خانە و سووچێکی نێو دەق لە فۆرم و شێوەی فەرشێکی گوڵچێنراوی قەشەنگ و هونەری چێنرابێ و بووبێتە هۆی رازانەوەی فەزا و زەمینەی دەق، جا ئەم چنینی رایەلانەش دەشێ بریتیبن لە: (فرە دەنگی و گرتەی سینەمایی و خۆدواندن و فلاشباك و شەپۆلی هۆش و سیحر و موگناتیسییەتی زمان و سوود وەرگرتن لە داستان و واریقاتی میللی و ئەفسانە و پیتاندنی پەیڤی چیرۆك بە زمانی شیعر و هونەری فەنتازیا... دا) جا وەك دەبینین دەقی (زارا)ی سەڕاج تەژییە لە تەکنیکی نوێ و گەمەی هونەریی جۆراوجۆر، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا... جا ئەگەر بێت و باس لە هەموو ئەو تەکنیکە هونەرییانە بکەین، ئەوا زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بەزەمەنێکی بەربلاویش دەبێ، بەلام ئێمە لەنێو ئەم خوێندنەوەیەماندا بە پێویستی دەزانین کە زیاتر سەهم لەیەك رەهەند بگرین و لەسەری بوەستین و لە تاکرەهەندێکەوە شۆڕبینەوە بۆ نێو درز و خانە شاراوەکانی دەقی (زارا) و ئاودیوی ئەودیوی دەقی (زارا) بین بۆ بەرجەستەکردنی کایە نابەرجەستە و پەیڤە



سەرابییەکانی سەڕاج، ئەویش رایەلّەکانی فەنتازییایە کە لەنێو دەقی (زارا)دا هەڵچێنراوە، کەلە چەشنی تەونی جالّجالۆکەیەك دەکات.

* * *

دەقی (زارا)ی سەڕاج دەشێ لەنێو سکێچێکی وادا فۆڕمەلّە بکرێت و بشێ و بووترێت: دەقی (زارا) جۆرە فۆڕم و شێوازێکی پەیڤ داڕشتنانەی ئێستاتیکایانەیە، بۆ باڵگرتن و فڕین، هەروەك خۆی دەبێژێت: ((دەچمە دۆنی گیانەوەرێکەوە، کە بە ئاسماندا گەردەش دەکات، ناوی نابەم هەرچەندە دەشێ بێژم: لە جۆری فریشتە و پەرییانە))[٤]. ئەم باڵگرتنەش جۆرێکە لەگەڕانەوە بۆ زەمەنە کوژراوەکانی رابردوو و سەرجەم شت و کایە فەناکراوەکان، ئاسایییە ئەم جۆرە فڕین و باڵگرتنەش، جۆرێکە لەو سەهمەی کە ئارەزوویەکی دەروونی یان هەر ئەنگێزەیەکی تر بێت وا لە دەقنووس خۆی دەکات و پاڵی پێوە دەنێت کەلەسەر شێوە و شکڵی باڵندەیەکی وەهمی و ئەفسووناوی پەڕبگرێ و بفڕێ و بەئاسماندا گەردەش بکات، لەشەققەی باڵی بدات و سەفەر بکات، بۆ ئەو شوێنکاتە فەناکراوانەی کەلەزەینی نووسەردا وجوودی هەیە و ماوەتەوە.

وەك پەرجوویەك ماوەتەوە و ناوە ناوە نووسەر ئاگادار دەکاتەوە و لەنێو بازنەی ناگاییەوە دەیهێنێتەوە نێو بازنەی ئاگاییەوە (نائاگا ـ ئاگا). دەشێ ئەم شوێنکاتانەش شوێنکاتی لەیاد نەکراوی زێدی باوباپیران بێت، یان ئەو شوێنکاتانەی کەمنداڵی نووسەری تێدا ژیاوە و بازنەیەکی کراوەیی لەزەینی نووسەردا چێکردووە یان بەهەر مەبەستێکی تری دەقنووس خۆی بووبێت پاڵەوانی سەرەکی لەدەقی (زارا)دا، لەیەکەم چرکەساتی سەفەرە ئەفسوناوییەکەیدا دەشێ سەفەرێکی لەئەندێشە چنراو هەڵکێشراو بێت، واتە جۆرێك بێت لەسەفەرێکی فانتازی، دەشێ نووسەر بەهۆی کردەی مەزراندنی دەق چنینی رایەلّەکانی (رووداو، پاڵەوان، زەمەن.... تاد)ی لەنێو منداڵدانی دەقدا ئەنجام دابێت، کردەی مەزراندنی دەق دەشێ بە واتایەکی شەفافتر چیرۆکێکی میللی یان هەقایەتێکی کۆن بێت. لەنێو کاسە ئاوی سیحری فەنتازیا هەڵیکێشێت و رووناهییەکی فانتازی ببەخشیت بەسەراپای دەق، ئینجا ئەم چیرۆکە بێنی و بیرۆکە و فۆڕمی دەقی چیرۆکەکە بەفۆڕم و لەون و دیدگایەکی تر بخەیتە بەر دیدەی خوێنەر ئەو کاتیش پاڵەوانی سەرەکی دەقەکە لەشێوەی باڵندەیەکی ئەفسوناوی پەڕ دەگرێت و لە شەققەی باڵ دەدات، وەك لەلای (سەلیم بەڕەکات)یش ئەم ئەزموونە رەچاو کراوە، لەچیرۆکی (پەڕ)دا کە پاڵەوان پەڕ

دەردەكات و بەنێو ئاسمانی دەقدا گەردەش دەكات، ئەو كاتیش پاڵەوان زیاتر تەشوقێكی فانتازی و سیحراوی بەفەزا و زەمینەی دەقی چیرۆكەكە دەدات و موگناتیسییەتی ئەفسوناوییەكەی كە چەنگێك لەپەیڤە سەرابییەكان بەكار دەبات، ئەو كاتیش نیگا نائاگاییەكەی خوێنەر بەسانایی بۆنێو رووداو و دیمەنە سیحراوییەكان پەلكێش دەكات و ناشهێڵێت دیدی خوێنەر خەو بیباتەوە و بێزار بێت.

بە فۆرمێكی تر و جوانی گوتنێكی تر گێڕانەوەكە بدات بەدەستی خوێنەر ئەوكاتیش سەمتی گێڕانەوەكە لەسەر زاران و بەر دیدە رۆشنەكانی خوێنەر خۆش دەكات و لەزەت بەدیدی خوێنەر دەبەخشێت، سەراپای پەیڤەكانیش رەنگی پاكبوونەوە لەنێو ئاوی ئێستاتیكا دەیانگرێت تادیوی دەرەوە و ناوەوەی دەق پڕ بێت لەوردە كریستال و پۆلییە ئاگر، تارۆشن بێتەوە فەزای دەق.. ئینجا كردەی بە فانتازیكردن دەشێ بەسوود وەرگرتن لەداستان و واریقات و چیرۆكی ئەفسانەیی و خورافات، وەك كردەی (دۆناد دۆناكردن، باڵگرتن و فڕین، بەشت بوون و...تاد). هەریەكێكیش لەم كردە ئەفسانەییانەی كە بەكاردەبرێت لە نێو دەقدا تاموچێژ دەدەن بە دیدی خوێنەر و دەبێتە مەست كردنی ناخ و دەروون و لە ئەنجامدا چێژ و لەززەتی بینینی ناوەوەی دەق بە دیدی خوێنەر دەبەخشێت.

لە دەقی (زارا)دا بازنەكانی (واقیع ـ ئەندێشە) دەشێ ببن بە یەك بازنەوە لە ناو یەكدیدا بتوێنەوە و ئاوێتەی یەكتربن و هیچ درزێكیش لەنێوانیاندا هەست پێ نەكرێت. ئەم بە فۆرمەلەكردن و بە خەیاڵكردنانەی واقیعیش، بۆئەوەیە تا بەجووتە (واقیع ـ خەیاڵ) فەزایەك لە پەیڤ چنین لەنێو فەرشی دەق رەنگڕێژ بكەن.






ئەم شێواز و بەفۆرم كردن و نووسینانەی (سەراج) لەمەیدانی دەقی چیرۆكدا زۆر سەرنج راكێشەرن و لەنێو مینبەری دەقە چیرۆكنووسە ئەورووپی و عەرەبییەكان زۆرن و شوێن پێگەی خۆیان هەیە لەڕووی تایبەتمەندییەتی شێوازی نووسیندا هەروەك لای (ماركیز و كافكا و بۆرخیس و بەڕەكات...تاد) ئاشنایەتییان بە دیدی خوێنەر هەیە.

دەشێ لەم نووسینەی منی بینەردا، ئاماژەیەكی خێرا و بچووك بە (زمانی دەق) بدەم، چونكە بێ گومانین لەوەی كە تانوپۆی دەق لە زماندا دەبێتە خاڵی چەقبەست و سەنتەر لەنێو رایەڵە سەرەكییە چنراوەكانی نێوان (نووسەر ـ بینەر ـ خوێنەر)دا، بۆ گەیاندنی ئەو خواست و ویست و پەیامە رانەگەیەنراوانەی كە نووسەری دەق بەدیدی خوێنەری ئاشنا دەكات.

دەشێ لەنێوان چیرۆكنووسانی كورد، چەند چیركنووسێك كە دەشێ بە پەنجەی دەست بژمێردرێن، كاریان لەنێو تانوپۆی زماندا كردبێت بۆ جوانكاریی دەق، چونكە پێم وایە زمان لەنێودەقدا، دەتوانێ یەكە یەكەی پەیڤەكان لەهەناسەتەنگی رزگار بكات.

(سەراج) دەیەوێت هەوڵی كردەی بە ئەفسانە كردن بدات بۆ دەق، لەڕێگەی تانوپۆی زمان و كەلەپوور و شوێنە دێرینەكانەوە، چونكە لەڕێگەی زمانەوە دەقنووس هەوڵی ئەوە دەدات، سینەی یەكە یەكەی پەیڤەكان هەڵدڕێ و پڕیان بكات لە پۆلییە ئاگری ئەفسووناوی و لەنێو مەرجانییەتی ئێستاتیكایان هەڵكێشێت و لەڕێگەی سیحری گوتن بەردەوامی و زیندەگی بەسەرجەم پەیڤەكان بدات بۆ ئەوەی بە بەردەوامی دەق هەناسە بدات.

لەنێو دەقی (زارا)دا، هەست بەوە دەكرێت بە تەواوی دەزوولە وردەكانی نێو بازنەی زەمەنت بۆ دەسگیر نابێت، دەبینین پاڵەوانی سەرەكیی دەق (عەبداڵ) كە دەشێ نووسەر خۆی بێت، دەچێتە دۆنی باڵندەیەكەوە، لە نێو بازنەی زەمەنی ئێستا هەڵدەفڕێ و سەفەر دەكات، بۆ نێو زەمەنی رابردوویەكی نزیك و دیار، زیاتر بەواتە بەكاربردنی تەكنیكی (فلاشباك) لەلایەن خودی نووسەرەوە، ئەمەش زیاتر سەمتی گێڕانەوەی پێ فراوان بێت و هەروەها نووسەر بگات بەو خواست و مەرامانەی كە پێیان ناگات، ئەم گەڕانەوەیە، بۆزەمەنی (منداڵی و رابردوو)، كە رابردوو ناخ مەست دەكەن و چێژ دەڕژێنن بەسەر دەرووندا.




ئه‌گه‌ر سه‌یرێكی دابه‌شكردن و پۆڵین كردنی تانوپۆی زه‌مه‌ن بكه‌ین له دیدگای (تۆدۆرۆف)ه‌وه. ده‌بینین سكێچ و رایه‌ڵه‌ی زه‌مه‌ن له نێو چیرۆكدا به‌سه‌ر دوو ره‌هه‌ندا دابه‌ش ده‌كات، كه ئه‌وانیش (زه‌مه‌نی گوتار ـ زه‌مه‌نی ده‌قی چیرۆك) هه‌ردوو زه‌مه‌نه‌كانیشی شیتاڵ كردووه و جیای كردوونه‌ته‌وه هه‌ر یه‌كه‌و له نێو رایه‌ڵه‌یه‌كدا پێناسه و راڤه‌یان بۆده‌كات، كه ده‌بێژێت: ((زه‌مه‌نی ده‌قی چیرۆكئامێز رایه‌ڵه‌كانی په‌رت و بلاْون و به ئاسانی به‌رجه‌سته ناكرێت له‌لایه‌ن دیدی خوێنه‌ره‌وه، به‌لاْم زه‌مه‌نی گوتار وه‌ك ده‌زوولە‌یه‌كی به‌دوایه‌كدا هاتوو به‌بێ پچڕان به‌دوای یه‌كتردا رووده‌ده‌ن))[٥].

ده‌بینین زه‌مه‌نی گوتار له‌چه‌ند خولْه‌كێك زیاتر خودی خۆی نمایش ناكات و له‌شێوه و فۆڕمێكی نیو بازنه‌یی یان بازنه‌یی ته‌واو، خۆی نیشانده‌دات، به‌لاْم زه‌مه‌نی ده‌ق ده‌شێ له‌لاْیه‌ن نووسه‌ر خۆیه‌وه وازی و گه‌مه له‌ته‌ك زه‌مه‌ندا بكرێت، واتا له‌نێو سكێچی زه‌مه‌نی ئێستادا بفڕێ بۆ نێو زه‌مه‌نی رابردوو یان ئاینده و بگه‌ڕێته‌وه بۆ ئێستایه‌كی وه‌ستاو.. یان نووسه‌ری خود ئاگا وه‌ك ته‌كنیكێكی مۆدێڕن گه‌مه له‌ته‌ك بازنه زه‌مه‌نییه‌كاندا ده‌كات و به ئاره‌زوو و هه‌وه‌سی خودی خۆی زه‌مه‌نه‌كان ده‌پچڕێنێ و درز ده‌خاته نێوانیان، ئه‌مه‌ش به‌و مه‌به‌سته‌یه، فۆرم و شێواز و سكێچێكی تر له‌نێو بازنه‌ی زه‌مه‌ندا بخولْقێنێ و دیدی خوێنه‌ر بخاته نێو گه‌مه جوولْێنه‌ره زه‌مه‌نییه‌كان، یان له‌چركه‌ساتی ته‌وزیف كردنی چیرۆك له‌لاْیه‌ن چیرۆكنووسه‌وه له نێو



سه‌مته‌كاندا بازنه زه‌مه‌نییه‌كان وا لێ بكات یه‌كتربڕن و له (ئێستا/ ئاینده) ببات یان به‌پێچه‌وانه‌وه له (ئێستا/ رابردوو). تا ده‌یمومییه‌تێكی زیندوو و به‌رده‌وام به‌ڕایه‌ڵه‌كانی زه‌مه‌ن بدات ئه‌م ده‌یموومییه‌ته‌ش وا ده‌كات رووداوی تازه و نوێ به سه‌متی گێڕانه‌وه و مه‌ودا فراوانه‌كانی ده‌ق ببخشێت له‌ته‌ك فراوان كردنی مه‌ودا سه‌فه‌ره ئه‌فسوناوییه‌كانی پاڵه‌وان له‌نێو فه‌زای ده‌قدا.

تا كرده‌ی گومان له‌لایه‌ن دیدی خوێنه‌ر بخولقێنێ و بلێ: به‌ڵێ راسته جیهان و زه‌مه‌نێكی تر هه‌یه له‌ودیو دیوی ئه‌و زه‌مه‌ن و شوێنه‌ی كه‌خوێنه‌ری تێدا ده‌ژی و خانه له‌كار كه‌وتووه‌كانی نێو زه‌ینی خوێنه‌ر بخاته‌وه گه‌ڕ و ژه‌نگی چه‌قبه‌ستووی به‌سه‌ر فه‌زای ده‌ق رابماڵێ و رزگاری بكات له‌ته‌می ده‌قگرتوویی.

(سه‌ڕاج) له ده‌سپێك و پێشگه‌شتی ده‌قه‌كه‌یدا، ده‌یه‌وێت ره‌هه‌ند و هۆكاره‌كانی هه‌ڵبژاردنی شێواز و به فۆڕم كردنی نووسینی ئه‌م ده‌قه‌ی كه له‌فۆڕم و له‌ونێكی فه‌نتازییایانه داڕێژراوه و پێمان ئاشنا بكات. هه‌روه‌ها له‌سه‌ره‌تای ده‌قه‌كه‌ی ئه‌وه‌ش ئاشكرا ده‌كات كه له كوێ و له‌لایه‌ن كێوه وه ئه‌م هۆشیاریی خودی و دیده رۆشنه‌ی به‌رجه‌سته كردووه، كه وه‌ك ده‌بێژێت: ((پاش ئه‌وه‌ی كیاكسار و حاجی له گیانما دۆناودۆنیان كرد، دروستتر وایه بێژم: بارانی رۆحیان نمنم رژایه ناخمه‌وه، ئه‌مێستا به سه‌رتۆپی وزه و هۆش و توانستی ئه‌وانه‌وه ناسره‌وم))[٦]. تا ئه‌و كاته‌ی كه به‌كرده خه‌یاڵییه فه‌نتازییه‌كانی خۆی ده‌چێته دۆنی گیانه‌وریكه‌وه، كه ئه‌مه‌ش به‌هره‌ی ئه‌و زاته پیرۆزانه‌ی كه‌ناومان بردن وه‌ك (حاجی، كیاكسار، زارا، به‌نده) هه‌روه‌ك خۆشی له‌نێو ده‌قه‌كه‌یدا ده‌بێژێت: ((ئه‌و به‌هره‌یه‌م خه‌لاتی ئه‌و زاتانه‌یه..))[٧]. دیاره لای نووسه‌ر (په‌یڤ) توانستێكی زۆر به‌ربلاْوی هه‌یه له نێو پانتایی ده‌قدا، توانستی فڕین و باڵگرتن.

خۆی له‌خۆیدا ئه‌م فڕین و باڵگرتنه‌ش توانستێكی فراوان ده‌به‌خشێت به فه‌زا و پانتایی ده‌ق، (عه‌بدالْ)ی پاڵه‌وانی ده‌ق به‌هۆی ئه‌م باڵگرتنه فه‌نتازییاییه له چه‌قێكی وه‌ستاو خودی خۆی گۆشه‌گیر ناكات و نایه‌ڵێت سێبه‌ری نامۆبوون بگاته سه‌ری و له نێو بازنه زه‌مه‌نییه‌كاندا له باڵگرتن و فڕیندا خودی خۆی نمایش ده‌كات. ئه‌م توانسته وه‌ك وتمان خه‌لاْتی ئه‌و زاتانه‌ی كه له‌سه‌ره‌وه ناومان برد.. ((مێشكم به‌خه‌ستی له جوانی و ره‌زم و گونجانی ئه‌م لۆگۆسه بێ سه‌رحه‌ده‌مان رامابوو، چۆن به‌تاكه وشه‌یه‌ك، كون فه‌یكون دروست بووه و به‌تاكه وشه‌یه‌ك سه‌ره‌نگووم ده‌بێ))[٨]. یان ((ده‌نگێك رایچه‌نا‌ندم.. له‌گه‌ڵ تۆمه ئه‌وه بۆ نافڕی!؟ فڕی ی ی))[٩]. یان ((وشه بكه به په‌ڕ و هه‌ڵفڕه، ده‌ی)) له‌شوێنێكی تر ده‌بێژێت: ((هه‌ر ئێسته، به‌باڵی وشه‌وه

دەفڕم وشە گشت توانایەکی هەیە، یەك.. دوو.. سێ های ئەوە پەڕی قووم لێـڕواوە و بـەکامی دڵ پەرەوازە دەکەم...))[١٠].

سەفەرە ئەفسوناوییەکەی (عەبداڵ)ی پاڵەوان لەو چرکەسـاتەوە دەسـت پێـدەکات.. کـە دەبێژێت: ((تەریك دانیشتبووم.. کتێبێکی کراوەم بە دەستەوە بوو..))[١١]. دوا بەدوای ئەمە لەژێر مەنەلۆگێکی کورت لەگەڵ (زارا) خۆیدا.. ئـەو زارایـەی کـە پەیامبـەران لـە هـزر و سروودی ئاڤێستا و زەندی ئەمەوە پەیام و بێخی ئایینییەکانیان داڕشتووە و کـە ئـەزموونی فڕینی پێ دەڵێت و لە دواییشدا خودی خۆی پێ دەناسێنێت و بە جووتە سـەفەر دەکـەن بـۆ ئەوشوێنانەی کە پاڵەوانی دەق مەرامیەتی ((با گەشتێکی کورتخایەن بکەم))[١٢]. بەدوای ئەم دەستەواژەیەدا ئەزموونی فڕین و باڵگرتنی (عەبداڵ)ی پاڵەوان دەستپێدەکات. ((ئەوەتا بڵند دەبمەوە سەرم دەگاتە سابیتەی ژوورەکەم. هەر بۆ ئەزموونی بازنەیەکی فڕین دروست دەکـەم و.. یەکڕاست بۆ دەرەوە..))[١٣].

ئەمە تائێستا دەشێ زەمەنێکە، پچڕ پچڕ نـەبووە بـەدوای یـەکتردا هاتووە ئینجا سەفەرە ئەفسوناوییەکەی دەستپێدەکات ((بەرزتر دەبمـەوە لـە هاوشـانی هـەورە زیوینەکانەوە، روو لە ئاسمانی قەلاتی هۆلاکۆ بەزێن دەکـەم))[١٤].. لـەدواتر نـەوەی دەبێتـەوە ((نەوەی دەبمەوە بەژێر جەمەلۆنی قەسـیەری دا تـەواوێك گەشت دەکـەم)).. ((دێمـە دەرەوە. دڵنیا دەبم لەوەی کـە باڵندەیـەکی بـەهێز و نەبینـدراوم))[١٥].. ((بـۆ هەنووکـە روو لەقـەڵای ئارابخای زێدم نەکەم))[١٦]. ئالێرەدا شوێنکات راستەوخۆ دەگۆڕێت.

بەواتە زەمەنی گوتار ئیفلیج دەبێت و زەمەنی دەق خـودی خـۆی رەنگرێـژ دەکـات... زەمــەن درزی لێ پەیـدا دەبێــت و دەگۆڕێـت و بــەهۆی تـەکنیکی فلاشـباك، پاڵــەوان دەگەڕێتەوە بـۆ زەمـەنی رابردوویـەکی نزیـك و شـوێنی باوبـاپیران بەسـەر دەکاتـەوە کـە (شاری کەرکوك)ە.






ـ گەمە هونەرییەکانی نووسەر لەنێو زەمەنی دەقدا ـ

نووسەر قاوغی زەمەنی ئێستا دەشکێنێ بۆ نێو فەزا و زەمەنێکی تر دەفڕێ و بـاڵ دەگـرێ کە ئەویش زەمەنی (رابردوویەکی نزیك)ە، دەیەوێت گەمە لەتەك ژێیە سەرەکییەکانی زەمـەنـدا بکـات وەك تـەکنیکێکی هونـەری- تـا فەزایـەکی کـراوە بـۆ مـەوداکانی گێڕانـەوەی رووداو بخوڵقێنێ. سەرجەم پەیڤەکانیش بە سانایی هەناسە بەدەق ببەخشن.

کاتێ جەستە و دیوی دەرەوەی پاڵـەوانی سـەرەکی (عەبـداڵ) دەگـۆڕێ، بەواتـە کـاتێ دەچێتە دۆنی باڵندەیەکەوە و پەڕ دەردەکات و دەفڕێ... شوێنکاتیش لەتەك ئـەم گـۆڕینی قەپێلکەی پاڵەواندا دەست دەکات بە گۆڕین یان پاڵەوان بە دەستی ئەنقەست دەیگۆڕێ، لە نێو فەزا و زەمینەیەکی کۆنکریت بـۆ نێـو زەمینـە و فەزایـەکی فـراوان و کـراوە... یـان زەمەنی ئێستای نووسەر.




گەڕانەوە بۆ نێو زەمەنی منداڵی کە زەمەنێکی پڕ بەرائەتە. زەمەنێکە دوور لە سەهمەکانی ئایدیۆلۆژیا.. وەك دەبێژێت: ((بۆ رێم پێدەگری؟! دەتناسم.. دەمناسی!!.. چەکەکەی سەرشانی تیشکی رۆژی دەگەڕاندە سۆمای چاوم، پێم گوتەوە: ـ پێناسەکەت؟ زەردی یان سەوزی؟..))[17]. دەشێ سەهمە بە سوێیەکانی ئایدیۆلۆژیا ببێتە کوشتەی ئەو منداڵەی کە لەناخی نووسەر دایە... کوشتەی پەپوولەکان.

(ناتالی سارۆت) دەبێژێت: ((جیهانی واقیع لە دیدی چیرۆکنووسەوە ئەو جیهانە نادیار و نا بەرجەستانەیە، کە بەتەنیا خودی ئەو بەرجەستەی دەکات و دەیبینێ واش زەین دەکات، کە تەنیا ئەوە بۆ یەکەم چرکە سات بینویەتی و بەسانایی دەستی بەسەر دابگرێت و بەرجەستەی بکات))[18].

هێندێ جار جیهانی خەون و جیهانی واقیع زۆر نزیك دەبنەوە لەیەکتری و تەنانەت درز و بۆشاییەك نەمێنێتەوە لەنێوانیاندا، جا دەشێ دەستی نووسەری تێدا نەبێت، چونکە روئیامان وایە ئادەمیزاد هەر بۆخۆی جیهانێکی ئاوێتەی ئەم دوو جیهانەیە، دەبێت دەقنووسی خود ئاگا لەنێو منداڵدانی ئەم دەقە چیرۆکەدا سەهم لەکلاو رۆژنە پڕ لە وەهمە سەد رەنگڕێژە پڕ لەخانە شاراوەکانی میتۆلۆژیا بدات و رەهەندەکانی خلودییەت و زەمبیلە پڕ نهێنییەکانی جاویدانی، بەدیدی خوێنەر ئاشنا بکات و هەڵیانهێنێ، لەدواییدا بە دەزوولە باریکە رایەڵ کراوەکانی فەنا و مردنیش تێپەڕێ، چونکە ئەگەر بێت و تەعریفە لۆژیکییەکەی (ت. ی. ابتر) بهێنینەوە لەسەر رایەڵە چنراوەکانی کردەی فەنتازیا، دەشێ نزیکایەتییەك هەبێت لەماهییەتی ئەو



شتانەی کە لەپێشوودا روونمان کردووەتەوە کە دەبێژێت: ((فەنتازییا... بریتییە لە شکاندنی قاوغی رێسا و لۆژیکە باوەکان، کەلەهەمان چرکەساتیشدا لۆژیکییەتێکی تایبەتی بۆ خودی خۆی دادەمەزرێنێ کە لەوێ چەند خانەیەکی لۆژیکی یان رێسا مەئلووفەکانی خودی خۆمانی تێدا رەنگڕێژ دەبێت))[19].

زیاتر دەشێ بەفۆڕم و لەونێکی تر کردەی فەنتازیا تەلوین بکەین و بێژین: کردەی فەنتازیاکردن بە واتە داهێنەر بتوانێ رووداوە خەیاڵی و غەریبەکانی ژیانی واقیع، نزیك بکاتەوە لە رووداوە مەئلووفەکانی ژیان و و بەزمانی فەنتازیکراو رووداوەکان بگێڕێتەوە هەروەك لای نووسەران (کافکا و مارکیز و بۆرخیس و دیستۆیڤسکی....تاد)) زۆر بەجوانی فۆڕمەڵە کراوە، بەکاربراوە، واتا خولقاندنی جیهان و زەمەن و رووداوێکی تر لە نێو جیهانی واقیعدا.

ئەگەر بۆ ئالوگۆڕکردنی شوێنکات و شکانی بازنەکانی زەمەن بگەڕێینەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: ((نووسەری دەق کردەی ئالوگۆڕکردنی (شوێنکات) بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەبات تا هەرچی خەون و خولیا و ئارەزوویەکی دەروونی هەیە، کە ناتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێ لە جیهانی واقیعدا، ئەوە دەشێ لەنێو جیهانە خەیاڵییەکەدا، کە خۆی دروستی کردووە بە ئەنجامی بگەیەنی، تەبیعی ئەم پرۆسەیەش پێویستە بە کەرەسەی تایبەتی هەیە، تاخودی خۆی بگەیەنێ بەو جیهانە یۆتۆپیا تایبەتییەی کە هەوڵی خولقاندنی بۆ دەدات.



دەقی فەنتازیا تەكنیك و وازییە هونەركارییەكان نێو دەقە كۆنەكانی هەڵاو گێڕ و دیوادیو دەكات، سەرلەنوێ لەنێو فەزایەكی ئازاد و كراوە، تەكنیك و گەمە هونەرییەكانی خۆی رەنگڕێژ دەكاتەوە. نووسەری خودئاگا و فەنتازیكار كەرەستە و فۆڕم و شێوازی گەواهی و بەڵگەداری تایبەت بە خودی خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەو فاكتەرانەش، گوتارە فەنتازیكانی خودی خۆی رادەتەنێ و ئاشكرایان دەكات و بە خوێنەری دیدەڕۆشنی دەناسێنێ، پەنا بۆ ئەو تەكنیكە نوێیانەش دەبات كە پێشتر بەرجەستەی كردوونە، بێگومان دەقە چیرۆكی (زارا)ی سەڕاج بەهۆی ئەو تەكنیكە تازانەی كە ئێستا لەنووسینی چیرۆكدا باویان هەیە، وای كردووە بە دەقێكی سەركەوتوویی فەنتازیا ئامێز خۆی بەدیدی خوێنەر بناسێنێ.

گێڕانەوەی چیرۆكنووس ئاوێتەی جیهانی لەڕادەبەدەری دونیای فەنتازیایی دەبێ وەك شاشەی سینەما دیمەنە خەیاڵی و ئەفسانەییەكان و دیمەنی جوان و پڕ هونەری و هێما و مەدلوولاتی فرە بخاتە نێو هزر و زەینی خوێنەر، دیمەن و وێنەكێشانیش هەمیشە لە جووڵە دابن و بینایی بەردیدی خوێنەر بەرنەدەن و لەبەردەوامی نەكەون، دەقی (زارا) تەژییە لە ئەفسانە و واریقات و خورافییات و رووداوی مێژوویی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی.. سەهم لێدان لە پەڕ و باڵی ئایدیۆلۆژیا و رایەڵە سەرەكییەكانی سایكۆلۆژیا وەك دەبێژێت: ((غەریزە نزمەكان و حەزە چڵێسەكان تورِ هەڵدە بۆ ئەوەی بگەیتە پایەی مرۆڤی باڵا..))[20].. ((بۆ پێشەوە.. هەر بۆ پێشەوە بۆ دەسگیر كردنی ئاسوودەیی دەروونی و نەمریی، كش لە حەزیای تاریكی و ئەهریمەن و مەرگەسات))[21]. هەروەها ئەم دەقە تەژییە لە خورافات و كردەی باڵگرتن و فڕین (تناسخ الارواح) و دۆنادۆن و بەشت بوون.. تاد، هەروەك لەلای دیدی (كافكا)دا بە تەواوی بەرجەستە دەبێت، ساتێ (كافكا) پاڵەوانە سەرەكییەكەی خۆی (گریگۆری سامسا) دەكا بە زیندەوەرێكی زڵ و زەبەلاح، دەیەوێت پاساو بۆ بێزاری و نامۆگەرایی ژیانی (سامسا) بهێنێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەچەند سەهم و ئەنگێزەیەكی دەروونی و وا لە پاڵەوانی سەرەكیی دەقەكە دەكات، كە لەڕێگەی چەند ئاڵوگۆڕێكی فەنتازیاییدا بەچەن فۆرم و شێوەیەكی خودی خۆی بگۆڕێ بۆ دابینكردنی خولیا و حەسرەتە دەروونییەكانی پاڵەوان، كە تاڕادەیەكی كەم نزیك دەبێتەوە لە كردەی (بەوەهم كردنی واقیع).. (سەڕاج)یش هەڵساوە بە كردەی بەفەنتازیاكردنی كەرەسەكان وەك فڕینی پاڵەوان و بەشت بوون و دۆنادۆن كردن و.. ساتێ (عەبداڵ)ی پاڵەوانی سەرەكی دەبێتە باڵندەیەك لەجۆری فریشتە و پەری..



ئەم بەباڵندە بوونەی پاڵەوانیش دەشێ چەند خولیا و ئارەزوویەكی دەروونی لە پشت بێت. بۆ زەمەنی رابردوویەكی نزیك بەهۆی كردەی بە ئەفسانە كردنی فلاشباك بگەڕێتەوە، یان لەلای رۆماننووسی فەنتازیكار (گابریل كارسیا ماركیز)یش ئەم كردەی بە ئەفسانە كردنی واقیعە دووبارە دەبێتەوە وەك لەڕۆمانی (سەد ساڵ لە دوورە پەرێزیدا)، دەبینین چەند رەهەند و رایەڵەیەكی واقیع و ئەفسانەیی خەیاڵی بەفۆرم و كردەیەكی شیاو بەیەكەوە گرێ دراوە لە (ماكۆندۆ)دا بەرجەستە دەكات، كەچی لەدیدگای (سەڕاج)دا چەند سەهم و ئەنگێزەیەكی دەروونی و كولتوری و فەرهەنگی وا دەكات (عەبدالّی)ی پاڵەوان بخاتە نێو جیهانی فەنتازیا و پەڕ بەربدا و سەفەرێكی ئەفسوناوی رەنگڕێژ بكات. چیرۆكنووس بەدەستی ئەنقەست و بەبێ هۆ بۆ ئارایشت كردنی دەق و بەئێستاتیكا كردنی هونەری دەق وەك زەخرەفەی سەرباڵی پەپوولەیەكی فیردەوسی دەقەكەی لە بەرگێكی ئەفسانەیی پۆشتە دەكات، ئەمەش وا دەكات زەمینەی دەق رەهەندە لاستیكییەكانی دەق زیاتر بدرەوشێنێتەوە كە هەرە بەرچاوترین ئەزموونیش ئەزموونی باڵگرتن و سەفەرە ئەفسوناوییەكەی (عەبداڵ)ی پاڵەوانە..

هەرچەندە (سەڕاج) هەوڵی داوە لەڕێگەی كولتور و كەلەپووری مێژوویییەوە، كردەی بە ئەفسانەكردن بخولقێنێ، زیرەكانە نەیویستووە ستوونەكانی كەلەپوور و رەهەندە مێژووییەكان وەكو خۆی بگوازێتەوە بۆ نێو دەق، بەڵكو دەبێت نووسەری خود ئاگا بێت و گۆڕانكارییەك لە زمان و فۆرمی تەكنیكە تازەكان هەڵبژێرێت، ئەو كاتیش تانوپۆی زمان دەبێتە مینبەرێكی رۆشنی چیرۆكنووس، تا كەرەستەكانی چیرۆك لە نێو پۆشاكێكی رەنگین و پڕ لە زەخرەفە گەڵاڵە بكات، چونكە ئەگەر بێت و راستەوخۆ ستوونەكانی مێژوو بگوێزرێتەوە بۆ نێو منداڵدانی دەق، ئەوە ئەو كات سەراپای فەزای دەق تووشی ئیفلیجی دەبێت و سەدای مردن سەرجەم پەیڤەكان كەڕ دەكات و دایان دەڕووخێنێ و بۆنی مێژوویەكی رووت و بۆگەنی لێ دێت و دەیگرێ. دەبینین (بۆرخیس)ی دەقنووس لە نێو دەقەكانیدا، زیاتر پێ لەسەر بیرۆكەیەكی سەرەكی دادەگرێ و دەیكاتە خاڵی سەنتەر و تیمەی سەركیی چیرۆكەكانی.

لەو ئیمە و جەوهەرەشدا (بۆرخیس) روئیای وایە، ئێمە پێداویستەكی زۆرمان بەئەندێشە و خەیاڵێكی فراوان هەیە، تا لەنێو رەهەندی فەنتازیاوە بتوانین رووبەڕووی سەرجەم گیروگرفت و مەرزە كۆنكریتە دەستكردەكان ببینەوە، چونكە دەقی فەنتازیا وەك شاعیری نوێخواز (هاشم سەڕاج) وا باسی (فەنتازیا) دەكات كە دەبێژێت: ((فەنتازیا بریتییە لە خولقاندنی جەستەیەك كە لە وەهم و سەراب و خەیاڵ و ئیحساس، جەستەیەكە لە یۆتۆپیا

جوانەکان، درەوشاوە بەسرووتەکانی وشە و زناك و ئاماژە و هەناسە قوولّەکانی هزر و هاوکێشە ئالۆسکاوەکانی دیدە و جیهانبینی و پرسیارە ورووژێنەرەکانی گەردوون و وجود، جوولّەیەکە بەڕەنگە قەوسوقوزەحەکانی سیحر و فەنتازیا و رستەیەك تەکنیکی و نادیاری جیوەیی، گوتارێکی مەست مەست بەگیانی خوێنەر و دیالۆگی بەهێز لەگەڵ تابۆکانی مێژوو و کریستالّە زیباکانی میتۆلۆژیا و پاژە پیرۆزەکانی عیشق و جوانی و رواندنی ئالّتوونەکانی زەمەن، رووداو، شوێن، کەسایەتی، پێشبینیکردنی ئایندە دوور دوورەکان و خولّقاندنی فەزایەکی کراوە بۆ لەززەت و راڤەکردن))[٢٢].

نووسەری بوێر خود ئاگا لە دەقی چیرۆکدا، هەمیشە دەیەوێت بە دوای ئەو پرۆسە بێ ئامانەدا بگەڕێت  کە دەبێتە هۆی خولّقاندنی واقیعێکی ریالیستی بەهۆی تانوپۆکانی فەزای فەنتازیا تا سەرلەنوێ ئەم واقیعە ریالیستییە نوێیە لە دایك بێتەوە و بەرهەم بێتەوە، جا (سەڕاج)ی دەقنووسیش لەم دەقە فەنتازییە ریالّیستییەیدا. بەهۆی ئاوێتە کردنی (واقیع ـ فەنتازیا) دوو جیهانییەت و دوو فەزا دەخولّقێنێ.

ئەگەرچی ناتوانین ئەو دەقەی سەڕاج وەك فلیمێکی سینەمایی ئەبستراکت بخەینە بەردیدە و نیگابارانی بکەین، بەلاّم لێهاتوویی و بوێری و نیگا ئاگایی دەقنووس لە بەرجەستە کردنی گرتەی دیمەنەکان و بینینی و بەرجەستەکردنی کەینوونەی شتە نابەرجەستەکان و وێنەگرتن و تێڕامان و نیگا گواستنەوە، لە سووچ و گۆشەیەکەوە بۆ سووچ و گۆشەیەکی تر و شۆڕبوونەوە بۆ نێو ناخی کەرەستە و بەرجەستەکردنی ماهییەتی شتەکان و پەردە هەلّدانەوەیان راستەوخۆ بەرەو تەکنیك و هونەری ئەبستراکتی دیدەمان دەبات و بەرەو گرتەی کامێرامان رادەکێشێت، بۆیە دەبێت بەهۆی فاکتەرێکی کارا و تەکنیکی تازە و بەگوڕ، بابەتە نامەئلووفەکان وەك بابەتێکی مەئلووف پیشان بدرێن، ئا لەو چرکەساتەشدا خولّقاندنی جیهانێکی نوێ دێتە خولّقاندن.

لەکۆتاییدا دەشێ، گوتەیەکی (دریدا) بهێنێنەوە کە دەبێژێت: ((هەموو خوێندنەوە و نووسینێك توانای هەلّوەشانەوە و سەرلەنوێ چنینەوە و خوێندنەوەی هەیە...))[٢٣].

دەشێ ئێمەی خوێنەریش لەم خوێندنەوەیەدا بۆ دەقی (زارا)ی سەڕاج لە ژێر ئەم گوتەیەی (دریدا) بێژین، ئەم خوێندنەوەیەی ئێمە دوا خوێندنەوە نییە و دەشێ چەندان خوێندنەوە راڤەکردن و بەرجەستە کردنی نابەرجەستەکان لەنێو خۆدا هەلّبگرێتەوە، چونکە دەقی (زارا) دەقێکە تەژییە لە تەکنیك و گەمەی هونەری و شەپۆلی هۆش و دایەلۆگ و مەنەلۆگ و گرتەی سینەمایی و خورافات و ئەفسانە...

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١ـ گۆڤاری (المدی)، ژ: (٩)، ١٩٩٥.

٢ـ شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و رەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣ـ زارا، (چیرۆك)، عەبدوڵلا سەڕاج، گۆڤاری (رامان)، ژ: ١٦، تشرینی یەکەم، ١٩٩٧، ل١٠٦.

٤ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

٥ـ تزفتیان تودوروف، الشعریة، ت: شکری المنحوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٧.

٦ـ زارا، عەبدوڵلا سەڕاج: ل ١٠٦.

٧ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

٨ ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

٩ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٠ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١١ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٢ ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٣ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٤ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٥ـ هـ. س. پ: ل ١٠٦.

١٦ ـ هـ. س. پ : ل ١٠٧.

١٧ـ هـ. س. پ: ل ١٠٧.

١٨ـ (ادب الفنتازیا ـ مدخل الی الواقیع)، ت. ی. أبتر، ت: صبار سعدون، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٨٩.

١٩ـ هـ. س. پ : ل.

٢٠ـ زارا، عەبدوڵلا سەڕاج: ل ١٠٧.



٢١ـ هـ. س. پ : ل ١٠٨.

٢٢ـ گۆڤاری (رامان)، ژ: ٤٠.

٢٣ـ شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و رەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی، ٢٠٠١.

هەروەها سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە بۆ دارشتەی پێشگوتاری ئەم لێکۆڵینەوەیەم:

* مدخل لدارسة الروایة، جیریمي هوثورن، ت: غازي درویش، بغداد، ١٩٩٦.

* الالسنیة والنقد الادبي في النظریة والممارسة، بیروت، ١٩٧٩.

# (ئیفلیج بوونی خود) له چیرۆکی
# (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەویڵەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا

## (١)

شۆڕبوونەوە لەنێو پرۆسەی نووسیندا، خولقاندنی فەزایەکە پڕ لەفیکر و فەلسەفە و ئێستاتیکا، ئەو فەزایەی کەهەمیشە، لە دیدگای جیاوازەوە لەشتەکان، لە فینۆمینۆییەکان دەدوێ و شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو دونیا شاراوەکانیان، هەمیشە لەو دیدگایەوە لەشتەکان دەدوێ، لەدیدگای خواوەند، شەیتان، فەیلەسووف (نووسەر).. تاد، هەر فیکر و فەلسەفەشە زمان بەسەرجەم شتە کەڕوڵاڵەکان دەبەخشێت، (خود)یش یەکێکە لەو شتانە و هەمیشە دەبێت بەمەکۆی بوون، بەومانایەی دەکەوێتە نێو ئەو فەزایەی کە بەفیکر و فەلسەفە داپۆشراوە، ئەوکاتەش بەردەوام لەحالەتی تەفسیر کردنێکی بەردەوام دایە بۆ سەرجەم بونیادەکان و گەڕان بە شوێن کایە شاراوەکان، ئەو کایانەی کەلەنێو تاریکایی چڕ هەناسەدەدەن هەر لەهەمان کاتیشدا درز درز دەبێت و تووشی حالەتی هەڵوەشانەوە دەبێت، هەر لەڕێگەی ئەم زمان و دیدگاییە، کە هەمیشە دەتوانن لەنێو بووندا خودی خۆیان و خودی سەرجەم شتەکان بخەنە بەردەم پرۆسەی تەفکیکییەت بەو مەرامەی کە لەسەرجەم شتەکان، چەمکەکان کار بکات، کە یەکێك لەو چەمك و موفرەداتانە کە ستراتیژییەتی گوتاری (خود) دەخولقێنن، کۆکردنەوەی سەرجەم ئەم پارچانەی کەلە بونیادی خود دەترازێ بەو مەرامەی خولقاندنی بونیادێکی دیکە بۆ خود بەرهەم بێنێ. تەفکیك کردنی خود بەمانا (دریدا)ییەکە نەك بەمانایەکی دی، بەو مەبەست و خۆزگەیەی هەموو کون و کەلەبەرەکانی کەهەریەك لەو کون و کەلەبەرانە لەتەك بەشێکی دیکەی دەرەوەی خود لە بەرخوددان، لەئەنجامدا بونیادێکی پتەو تر دەسازێنێ، کەئەویش ئەنتۆلۆژیایی (خود)ە، هەمیشە ئەم خودەش هەروەك (شتراوس) کە بەسێنترالیزمییەتی کارکردنی سەرجەم شتەکانی نێو بوون دەزانێ، هەرچەندە ئەم پرۆسەی بەسەنتەر کردنەی خود پێویستە لەنێو فەزایەکی کراوە، ئازاد، پڕ لەئیرادەی مرۆڤەکان بەرهەم



بێت. هەروەك (محەمەد عەبدە) دیدگای وایە کە ((ئازادی و ئیرادەی مرۆڤەکان ئامادەییان هەیە لە دروستکردنی مێژوودا))[1]، بێ ئەم ئازادییە مەحالە حەدەسەکانی مێژوو لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤەکان دەرنەچێ، هەرووەها بەبێ ئەم ئازادییە ناتوانیین لەو کلتووره باوەی کە ئیرادەی مرۆڤەکان لەبەرامبەر ئیرادەی رەها سفر دەکات و بەکەمی دەزانێ دەربچێ، هەمیشە دیدگای وایە کە پێویستە مرۆڤ خۆی ببێت بەکرۆك و سەنتەری سەرجەم شتەکانی نێو بوون. هەمیشە پێویستە ئەو مرۆڤە خودی خۆی بارگاوی بکات بەئیرادەیەکی مەعریفییانە و فیکرییانەی گونجاو، بۆ ئەوەی وەك کارەکتەرێکی ئەکتیڤ رۆڵی هەبێ لەدروستکردن و بەرهەمهێنانی سەرجەم حەدەسەکان، تەنانەت دەبێ ئامادەییەکی باشیشی هەبێ لەنێو سەرجەم گۆڕانکارییەکان، مادام مرۆڤەکان خۆیان بەرپرسن لەکردارەکانی خۆیان، ئەوکاتەش دروست ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ دەبێت بەو فەزایە کەسەرجەم رووداوەکان، گۆڕانکارییەکان، ئەگەر و پێکهاتەکان لەوەوە دەربچن و بەرهەمبێن.

بەم پێیە شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس لەدەقی ((گەمەی گۆڕینەوەی قەرەویڵەکان))دا هەمیشە کار لەسەر ئەم نەمەتە فیکرییە دەکات و بەنیازە روئیاکانی خودی خۆی لەنێو تانوپۆی دەقدا رەنگرێژبکات، بۆ ئەوەی بۆ جارێکی دی و سەرلەنوێ سەرجەم ماناکان و ئیرادەکان، تەنانەت ئازادییەکان ببەخشێتەوە بە مرۆڤەکان، هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات سەرجەم مرۆڤەکان، کاراکتەرەکان لەنێو هەناوی ئەم کلتووره سائیدەی دونیای رۆژهەڵاتدا، کە میللەتی کوردی تیا کەوتووە، دەربهێنێ و رزگاریان بکات، ((لەبری شارە قەرەباڵغەکەی ناو خەونەکە، دیوارێکی ئەستور و بڵندی تاریکم بینی، ناچار لەترسانا، ترس لەتەنیایی و تاریکی تاتوانام هەبوو هاوارم کرد: هێ خەلکینە فریام کەون دوو یاساولی چەتەوڵ بەدەنگمەوە هاتن))[2].

## (٢)

شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس دەیەوێت هەمیشە بیر لەو پەنجەرەیە بکاتەوە، کە لەتوانایدا هەبێت باڵ بەکاراکتەرەکان ببەخشێ، بۆ ئەوەی لەتوانایدا هەبێت شووره پۆلاینەکانی نێو کلتووره سائیدەکە ببڕن و لەنێو فەزایەکی ئازاد و کراوە لەخەونەکانیان نەترسێن، لەبۆنکردنی مانا ئازادەکان، رەنگەکان، کلتووره کراوەکان، پەیڤە بێ سانسۆرەکان نەترسێن، بتوانن بەشێوەیەکی ئازاد خاڵ لەسەر هەموو پەیڤە رەنگاورەنگەکان دابنێن، کەچی لەنیوەی رێگادا

سەرجەم کاراکتەرەکان (کلتووری ڕۆژهەڵات) باڵەکانیان هەڵوەرێن قاچەکانیان ژەنگ لێدەدات ((منیان هێنایەوە قاوشکە، دەستیان دایە بن باڵەکانم لە سەر قەروێڵەکەم پاڵیان خستم))[٣].

((من خەونم بەو بەهەشتەوە دەبینی، بەڵام هەزار ئەفسۆس... لەوێش نەمدەتوانی بەپێی خۆم بڕۆم هەمیشە وەك هەنووکە ئیفلیج بەسەر چەرخەکەمەوە بەند بووم...))[٤].

ئیتر بەردەوام لەنێو هەردوو فەزا و جوگرافیادا (واقیع/ خەون)دا کارەکتەرەکان لەنێو گەمەیەکی داخراودا ماندوو دەبن و هەرچەندە ئەم گەمە زمانەوانییە، گەمەی چیرۆکنووسە، تەنانەت شێرزاد حەسەنیش دەیەوێت بەجورئەتەوە خودی خۆی بهێنێتە پێشەوە و نەهێڵێت سەرجەم کارەکتەرەکانی لەنێو ئەم گەمە زمانەوانییەدا بخنکێن، بەڵام بەدەست خۆی نییە، چونکە تارماییەك لەنێو هەناوی ئەم کلتوورە سائیدەدا ئامادەی هەیە و فەزا و دونیابینی هەموو تاکەکانی دونیای ڕۆژهەڵاتی داگیر کردووە، تەنانەت هەناسە ڕەنگاوڕەنگەکانی نووسەریشی داگیر کردووە، بەردەوام رنگرێژکردنی جوگرافیای دەقی بردۆتە نێو تەمێکی خۆلەمێشی تاریك و داپۆشیوە، هەربۆیە کارەکتەرەکان بەهیچ کلۆجێك ناتوانن تەلبەندە کۆنکریتییە کلتوورییەکە ببڕن و ئازادبن، ئیتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دەسەڵات خستنەسەر تارماییەکان، ئیرادە، ئاگایەکی مەعریفییانەی گەورەی گەرەکە، ڕۆژهەڵات ئەو جوگرافیایەیە کە پڕیەتی لە تی ئێن تی کلتووری، کوشتن، بڕین، ترس، تیرۆری جەستە، نامۆبوون، لەخۆ بێگانە بوون... تاد. خۆرهەڵات واتە جوگرافیای فەنابوون و قەتلوعامکردنی جەستەکان، خەونەکان، فیکرەکراوەکان، فیکرە یاخییەکان، ئیدی ڕاکردن لەو جوگرافیایە، کە شێرزاد حەسەن بە نەخۆشخانەیەکی گەورە ناوی دەبات ((ئەم دونیایە جگە لە بیمارستانێکی گەورە هیچیدیکە نییە))[٥].

ئیدی ڕاکردنێك لەبەرامبەر زەوییەك، جوگرافیایەك، دونیایەك، کەبەدونیای سەرکوتکردن و ئیفلیج بوونی خودەکان ناسراوە، ئەودونیایەی کە هەمیشە مەرگ بۆی لەبۆسە دایە، ئەو جوگرافیایەی کە نامۆبوون و مەرگ، قەدەری بوونیەتی، بەواتە پڕۆسەی ڕاکردن لەدیدگای تاکەکان، کارەکتەرەکان، زیاتر وەك پڕۆسەیەکی خودی، خودی خۆی فەرز دەکات بۆ ئەوەی دووبارە سەرجەم ڕەنگەکان، ماناکان، ئازادییەکان، بەژیان و بەبوون ببەخشێتەوە، بوونێك کەهەمیشە بۆنی نامۆیی دەیخنکێنێ، ئەوجیهانەی کەجیهانی، خود ونکردنە، لەخۆ بێگانەبوون و نامۆبوونە، زیاتر بەو تەلوینە پڕۆسەی ڕاکردن لەلایەن تاکەکان، پڕۆسەی میکانیزمێکە بۆ دووبارە گەڕانەوەی سەروەرییەتە بۆ ستراکتۆرییەتی بوون، مرۆڤایەتی، بەواتا لەودیو شورە



پۆلاینەکان تاکەکان زۆر بەئازادانە دەتوانن بەشوێن دۆزینەوەی جوگرافیایەکدا بگەڕێن، کە بە جوگرافیای خودەکان ناسراون، بەو هیوا و مەبەستە بۆ ئەوەی دووبارە لەنێوماڵی خۆیدا ئارام بگرێ و سەرجەم دیدگاکانی کراوە و ئازادبن، هەرچەندە ئەو دیدگا و ڕوئیایانە هەڵقولاوی نێو دەستی منداڵە چەتوونەکانی دونیای مۆدێرنیتەیە، کە بە هیچ کلۆجێك باوکە شمشێر بەدەستەکانمان گوێی بۆ ناگرن، بەڵام خۆی لەخۆیدا ئەمە دیدگایەکە، بیرکردنەوەیەکە، هەناسەیەکە، لەنێو خەرەندە قووڵ و بێ ئاکامەکانی دونیای (مەعریفە)دا هەڵدەقوڵێ و بەنێو دونیای فیکر و فەلسەفەدا گوزەر دەکات، ئیدی هەر ئەم ڕایەڵە مەعریفییەیە بۆ دواجار خودی خۆی بارگاوی دەکات بەسەرجەم توانا و ئەپستیمییەکانی دونیای مۆێڕنیتە، بۆ ئەوەی هەمیشە پەنجەرەیەکی هەبێت بەنێو وجود دا.

ئیدی ڕۆچوون بەنێو جوگرافیای فیکر و فەزای فەلسەفەدا، ڕۆچوونە لەدەرەوەی فەزای فیکری عەوام، زیاتر ڕۆچوونە بەنێو فەزایەك کەجیا بێت لە سیاقێك کە مێژوو دەستەمۆی کردبێت، ئەویش ئەو فەزایەیە کەلەنێو زەمینەی مۆدێرنیتە وەکو فیکرێکی ئەکتیڤ و چالاك لەدایك دەبێت، هەمیشە (خود) لەم زەمەنەی مۆدێرنیتەدا بۆ نێو دونیا دێتە مێژووییەکانی خۆیدا ناگەڕێتەوە، ئیتر چیرۆکنووس وەکو (خود)ێکی (ڕاوی) خۆی لەنێو هەناوی مێژوودا نابینێتەوە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ هەنگاوە مێژووییەکەی خۆیدا گوزەر دەکات، بەواتا و لەونێکی دی ئەو وزە مەعریفییەی کەلە هەناوی خۆی دا هەیە، بتوانێت هەر خۆی مێژوو بخولقێنێت و دەستەمۆی بکات، تەبیعی ئەویش لەڕێگای سەرجەم ئەم ڕایەڵ و قیودانەی کەهەڵیدەبژێرین بۆ ئەوەی بەکاری ببات، بۆ هەوەستێك یا هەرکایەیەکی ئەبستیمی بێت، ئەوکاتیش (خود)ێك بەرهەم دێت، کەزیاتر بە خودی (فرەکلتووری) ناوزەد کراوە و خودی خۆی نمایش دەکات، بەواتا خودێك کەمەرز و دیواری لەبەردەم دا نییە و دەچێتە نێو هەموو فەزاکان، و هەموو بوون بەماڵیٚ خۆی دادەنێ، بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەچێتە نێو هەموو ماڵێك، تێکەڵ هەموو فەرهەنگێك دەبێت.

ئالێرەوە زیاتر بۆمان ئاشکرا دەبێت، گەر ڕوئیای فیکر توانا ببەخشێت بەسەرجەم دەستە و عەقلی خودەکانی نێو کۆمەڵگا، دووبارە دەستیان رادەکێشێت بۆنێو دونیای فیکر و فەلسەفەی قووڵ بۆ ئەوەی پێیان بێژێت: ئێوەن سەنتەری بوون، ئێوەن خاوەنی ئەم جیهانە بچکۆلەیە، ئەو جیهانەی کە لەنێو خەوێکی پڕ نامۆیی، پڕشلەژاندا دەژی.

## (٣)

کردەی نووسین لەنێو جوگرافیای ئەدەبدا، بەتایبەتی لای (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس تاکە پەنجەرە و دیدگا و فەزایە، بۆ رزگاربوون لەدەست شمشێرە ژەنگاوییەکانی باوك، ئەوەندەی هەڤپەیڤینە لەسەرجەم رەهەندە نەکراوەکان، گومانەکان، ئەوەندەش سکێچێکە لە خەو بینین، ئەو ساتەش لە نێو خەوندا هیچ سانسورێك لەئارادا نییە، زیاتر پەیوەندی بەو شتانە هەیە کە ئەودیو هەست فڕێی دەداتە دەرەوە و دەریدەبڕێت، هەمیشە (شێرزاد) خەریکی پرۆسەی نووسینە وەك (نیتشە)ی فەیلەسووف گوتەنی: تا نەخنکێ و هەناسەیەکی جاویدییانە هەڵمژیت، ئەوەتا لەفەزای نێو چیرۆکی ((گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان))دا، شێرزاد حەسەن دواندن و هەڤپەیڤینێکی هێمنانەی پڕ لە ترس و گومان سازدەکات، ترس لە (باوك/ خودا) کە وەك دوو دەسەڵاتی (سیاسی/ ئایینی) لەنێو کۆمەڵگەدا نمایشیان پێدەکرێت، هەروەك (فرۆید)یش دیدگای وایە کە سەرجەم ئەوڕایەڵە درێژکراوەی ترسەکان لە (باوك/ دەسەڵات) لە زاکیرەماندا رەسمی ئەو خودایە دەکێشین کە دواجار ناوی نراوە (خودا/ ئایین).

ئیدی کردەوە و میکانیزمییەتی، نووسین تەنها رزگار بوون نییە لەدەست شمشێرە ژەنگاوییەکانی باوك، یاخود ئەو ترس و گومانەی کە لە زاکیرەی ئێمەدا رووێنراوە، بەڵکو زیاتر بۆرزگار بوون لە رووداوە تاڵەکان، مێژووە داخراوەکان، سەرجەم گوناهەکان، دەشێ بەواتایەکی دی بێژین: میکانیزمییەتی نووسینەوەی ژیان، ترس، گومان، گوناهەکان، بریتیبێت لە جۆرێك خۆ پاقژکردنەوە، چونکە پاکبوونەوە لە هەڵەکان، ترسەکان، هەنگاوێکە رووەو پرۆسەی (خود) دۆزینەوە هەنگاو دەنێت.

((نە من و نە هاوەڵەکانم ناتوانین لە ڕێی نووسینەوە، ناتوانین خۆمان لە تارماییەکانی (باوك/ خودا) و شوورە بڵندەکان رزگار بکەین، چونکە (باوك/ خودا) لە جێگەیەکی زۆر عاسێدا خۆی چاندووە))[٦].

ئێمە کاتی دەچینە نێو پرۆسەی میکانیزمییەتی نووسین، بەتایبەتی نێو فەزای دەقێك کە تیایدا باسی (باوك/ خودا) دەکات، کاتێ دێین راڤەی بۆ دەکەین، بەواتا دەشێ بەواتا و تەلوینێکی شەفافتر بێژین: دوانەی (باوك/ خودا) دەشێ هەڵگری چەندین رایەڵ و مەدلوول بن، بەواتە کاتێ باسی (باوك) دەکەین نەوەك وەك باوکێکی راستەقینە وەك (مرۆڤ)، بەڵکو زیاتر وەك رایەڵێکی سیمیۆلۆژی دێین، باسی ئەم تاکە دالە دەکەین بەواتە (باوك/ خودا) ئەگەر وەك دوو (دال) ئاماژەیان پێ بدەین، ئەم مەدلوولییەتەی ئەم دوو دالە بریتین لە کۆی سیستەمە



مۆڕاڵی و فەرهەنگی و سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییەکان کە وەك رموزێکی نارۆشن نمایش دەکرێن و نیشان دەدرێن، ئەو کاتیش لەنێو ئەدەبدا زیاتر وەك بابەتێکی رقهەڵگر و ریسواکردن پەخش دەکرێت، چونکە ئەو رایەڵە مۆراڵییە تەقلیدە، کە بەناوی (ئایین، کلتوور، سیاسەت) خودی خۆیان نمایش دەکەن، ئەوە چەند کەسانێکن لەنێو هەناوی کۆمەڵگا و (باوك/ سەرکردە) کە هەمیشە داوا لەمنداڵەکانیان دەکەن، کەوا هەرگیز گەمە بەئاگر نەکەن، چونکە ئاگر دەستیان دەسووتێنێ، یاخود گەمەکردنیان بەسیاسەت و ئایین بەدیوەکەی دیکەوە.

بەردەوام گەورەکان گەفی ئەوە لە منداڵەکانیان دەکەن، کە هەمیشە نزیکبوونەوە لە شتە حەرامکراوەکان (سێکس) نزیکبوونەوەیە لە (دۆزەخ)، هەمان شت بۆ سیاسەتیش دروستە، ئەوکات قەدەری کوشتن دێتە پێش، بەواتا گەمەکردن لەنێو تانوپۆی (ئایین/ سیاسەت) بەشوێن گەڕانی مانا حەرامکراوەکان، مانا بڤەکراوەکان لەم دوو رووبەر و نێوەندەدا، رووبەڕووبوونەوەیە بەرامبەر دوالیزمەی زمانی (ئاگر/ گوللە).

ئەم دوو زمانەش جیا لە زمانی فیکر، زمانێکە لەنیوەندی بیرکردنەوە هەڵ ناقوولێ و بەنێو فەلسەفەدا گوزەر ناکات، بەڵکو زیاتر زمانێکە نزیك لەزمانی تەوتەمەکانی جەنگ، (تاناتۆس)، ئیدی لەم نێوەندەدا فەزایەك هەیە، کە بە فەزای نامۆبوون، مەرگ، تراژیدیا ناوزەد دەکرێت و خودی خۆی پەخش دەکات، ئیدی لەم فەزایەدا هەموو شتەکان بۆنی خوێنیان لێ دێت. ((وەڕەس و بێزاری لەخەون و خولیای درۆ، لەدەرمان و دەرزی، لەبینینی مەرگی سەدەها هاوەڵ، لەپیاسەی ناو قاوش و راڕەوەکان، لەژوانی ژنە مردووەکان، لەهەڵاتن و نەگەیشتنی بە مەملەکەتەکانی ئەودیو شورە بڵندەکانی بیمارستان وای کرد تاکو تەرا خۆ بکوژن))[٧].

((زەوی بەرپێیان)) بۆنی خوێنی لێ دێ و رەنگی خوێن بەسەر هەموو شتێکەوە دەنووسێ))[٨]. ((من هەمیشە چیرۆکی کوشتنی (ئیرۆسیەت) دەگێڕمەوە))[٩].

## (٤)

ئیرۆسیەت لەدیدگای شێرزاد حەسەن سەرجەم ئەو مانا و رەنگ و سکێچانە دەگرێتەوە کە ژیان جوان و جوانتر دەکەن، هەمیشە لەنێو چیرۆکەکانیدا زیاتر شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو فەزایەك کە تیایدا پڕیەتی لە دژەکاری، گرێ و ئالۆزی، ناجوانی، ئیتر دەیەوێ لەم دیدگایەدا جوگرافیای خود بنووسێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر دیدگایەکی کراوە و رۆشن بەخوێنەرەکانی ببەخشێت.

بۆئەوەی ماڵە تاریکەکەی رۆحیان ببینن و رۆشنی بکەنەوە. یاخود شۆڕببنەوە بۆ ئەو دیو پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان (کوڕ ـ کچ)، هەرچەندە پەیوەندییەکە بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ نهێنی (ئەبستراکت).. بەردەوام باوکەکان ئامۆژگاری ئەوەمان دەکەن کە دەبێ منداڵی بەحورمەت و بەحەیا بین، بەڵام کەچی کاتێ دەچینە نێو زەمینەی ئەدەب و مەعریفە و فیکر، هیچ پیرۆزی و بەهایەك بۆ ئەم رایەڵی ئامۆژگاریی و گوێڕایەڵییە نامێنێتەوە، چونکە هەمیشە فیکر هەموو دەرگاکان لەسەر پشت دەکاتەوە، دەچێتە نێو سەرجەم ئەو خەیاڵانەی کە پێیان دەووترێت: حورمەت و پیرۆزیی)). (تەقدیس) (ئێمە دەبێت ئەو ئیبراهیمە بین، سامی بتەکان لەخۆمان بشکێنین)[١٠]. چونکە خوڵ خواردنەوە لەنێو ئەم بەها پیرۆزانەی کەبەناوی (ئایین- سیاسەت، کلتوور) خودی خۆیان نمایش دەکەن، خوڵ خواردنەوەیان لەنێو سەرجەم بەها تەقلیدییەکان، لەوێش دیدگا کراوەکانیان جارێکی تر بەرەو کوێربوونەوە و داخران دەبەین.

بۆیە بۆ ئەوەی ببین بەو ئیبراهیمە، دەبێت هەمیشە جانتاکانمان پڕبکەین لە ئیرادە و مەعریفە و فیکر، بۆ ئەوەی سەرجەم گومانەکان، بتە کۆنکریتەکان کەلەمنداڵییەوە لەنێو زاکیرەماندا رووێنراوە بشکێنین، هەرچەندە ئەو سوپەرمانییەتەی کە (نیشتە) خوازیارێتی، لەنێو جوگرافیای کلتووره سائیدەکەی ئێمەی رۆژهەڵاتدا ئامادەیی نییە، هەر ئەوەشە وای کردووە سەرجەم سیستەمە مۆڕالی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانی ئێمەیە، لەنێو سەرجەم دامودەزگاکانی خۆیاندا جۆرە میلۆدییەك کە بەمیلۆدی (بە تەقدیسکردنی پایە دیکتاتۆرییەتەکان) دەناسرێتەوە خۆیان بکەن بە میلۆدی هەموان و میلۆدی هەموو ژیان.

دەکرێ کردەی نووسین زیاتر وەك کردەیەکی شیکاری و تەفکیکی کار بکات بۆ گەیشتن بەدونیای میتاماناکان کەلەنێو هەناوی تێکستەکاندا چێنراون، ئەدەب هەمیشە وەك کردەوە و پرۆسیسێکی زمانی خودی خۆی رەنگرێژ کردووە، لەنێو دونیای نووسیندا بەفۆرم و لەونییەتە دەیەوێت سەرەتا لەنێو کوچە و کۆڵانەکانی زەیندا کاربکات، بۆ ئەوەی هەمیشە گومان لەنێو هەناوی واقیع و حەقیقەتە رەهاکان بدۆزیتەوە، بەشوێن ئەو مەدلوولانەدا بگەڕێین، کە کەوتوونەتە نێو دونیا پەنهانەکان، بۆیە کە کردەی نووسین وەکو کردەیەکی شیکاری وەسفدەکرێن، زیاتر بەو مەبەستەی کە سەرجەم حەقیقەتە روون و نەدۆزراوەکانی نێو دونیای وجود و خستنەڕووی رایەڵی نامووبوونەکانی مرۆڤ، ئەو کاتیش راستییەکی دیکە و پڕ داهێنکاری دەخولقێنێ و هەناسەیان پێدەبەخشێ، بەواتا پرۆسە و کردەی نووسین هەمیشە بەشوێن ئەو شتانەدا دەگەڕێت و عەودالییەتی کە کەوتوونەتە ئەو دیو شتە سەپاوە



عەقلییەکان، یاخود زیاتر وەك میکانیزمییەتێکی پڕ رەنگ و مانا، پڕ تەئویل خودی خۆی نمایشدەکات و بەو نیازە کاردەکات، کەهەمیشە دەیەوێت لەڕیگای سەرجەم ئەوکردە و پرۆسێسانە، قناعەتێکی دی و زمانێکی دی بەبوون بدات، دوور لەقەناعەتە سەپاو و باوەکان، ئیتر هەر ئەو قەناعەتەشە گومان دەخاتە نێو ئەو فەزایەی کە دەکەوێتە نێو دونیای (عەقلانی/ ناعەقلانی).

## (٥)

ئەدەب ئەو تاکە کەناڵ و فەزایەیە، کە نووسەر تیایدا زۆر بوێرانە جەنگ دەخولقێنێ، جەنگێك لەسەر  گەڕانەوەی ماناکانی جوانی و شتە حەرامکراوەکان، جەنگ هەمیشە لەگەل ئەو کایە ناجوانانەی کە هەمیشە و بەردەوام وەك پیاوێك لە تارمایی بەشوێن داگیرکردنی جوگرافیایەك عەودالن، کە جوگرافیای رۆحەکانن ئەم جەنگ هەڵگیرساندنەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە نێگەتیڤ و ناکاراکانی کۆمەڵگا و کلتووره تەقلیدییە پڕ مۆراڵییەکان، بەڵام ئەم رایەڵە نامۆڕاڵییانەی کە کلتوور  بەرهەمی دەهێنێ لەدونیای رۆژهەڵاتدا، دەورێکی فەعالیان هەیە لە هەڵگیرساندنی ئەم جەنگانە.

نووسەر زۆر بوێرانە بەچەکی مەعریفە و فیکر هەمیشە جانتاکەی پڕ دەکات لە فیشەکی گومان و پرسیار، هەلوەشانەوە، درز درز کردن، بۆئەوەی رووبەڕووی سەرجەم فەزا نارۆشن و تەقدیسکراوەکان ببێتەوە، بۆ ئەوەی لەنێو فەزایەکی ناجوانیدا، فەزایەکی جوان بخولقێنێ، ئیتر دەبێ ئەدەب چی بێ جگە لەکەناڵێك، فەزایەك، کەتێدا پەردە لەسەر فەزاحەتەکانی نێو کۆمەڵگا، کە رووبەڕووی مرۆڤەکان دەبنەوە هەڵبدرێتەوە، یاخود دەبێ چی بێت جگە لە نووسینەوەی گریان و قیژەی کچێك لەنیوە شەوێکا، یاخود هەر رووداوێکی دی، کە رۆژانە لەنێو کۆمەڵگا سەقەتەکانی دونیای رۆژهەڵات، کە هەمیشە مێژوو تۆماریان ناکا و فەرامۆشیان دەکات.

شێرزاد حەسەن هەمیشە دەیەوێت لەڕێگای پرۆسەی نووسیندا،  وا لە دیدگای مرۆڤەکان بکات، کە بەبەردەوامی بەشوێن ئەو فەزایەدا بگەڕین کە پڕە لەشلەژان و نامۆبوون، فەزایەك جاری واهەیە، جەستەکان، رۆحەکان، درز درز دەکات، ئەم حاڵەتی بەنامۆبوونەی خودەکانیش، بۆ ئەو زەمەنە دەگەڕێتەوە کە خود لەنێو دونیای ئەنترۆپۆلۆژیدا پانتایی جوگرافی ئەوتۆی نەبووە،

کەتیایدا بەشوێن کون و کەلەبەرەکانی وجوددا بگەڕێت و شۆڕببێتەوە بۆ نێو کایە شاراوەکان و لەنێو ئەم کایانەدا، مانا بۆ سەرجەم شتەکانی بوون دابڕێژێت و کایەی تازەتر بخولقێنێ.

خود لەنێو ئەم زەمەنەی بەستەڵەك بوونەدا، نەیتوانیوە وەك سەنتەرێك سەرجەم رایەڵەکانی خۆی پەخش بکات و ببێت بەمیکانیزمییەتێك کە لە توانایدا هەبێت لە نهێنییەکانی مرۆڤ بگات و بە سەرجەم کایە فیکری و مەعریفییەکانی خودەکان ئاشنا بێت، ئیتر (خود) لەم زەمەنە داخراوەدا زیاتر خۆی بەشتە باوەکان خەریك کردووە و لەنێو بازنەی مۆراڵییەتێکی تەقلیدییانەدا خولی خواردۆتەوە و مانای بەشتەکان بەخشیوە، زیاتر لە سێبەری خۆی ترساوە و بەردەوام لەگەڵیدا لە جەنگدا بووە.

هەروەك (فرۆید) کە چۆن لەو فەزا و جوگرافیانەدا تیۆرەکەی بەرهەمهێنا، بەڵێ لەم نێوەندەدا خودی خۆی خڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی ببێت بەفەزایەك، سینترالێك کەتایبەت بێت بەتاقیکردنەوە و رۆچوون بەنێو تانوپۆی (خود)دا، ئیتر زیاتر سەرگەرمی شتە بێ سنوور و رەهاکان بووە، دەشێ بەواتا و مانایەکی دیکە بلێین: (خود) زیاتر بەشوێن رەهەندەکانی وجود سەرقاڵبووە، نەوەك سەرقاڵی رەهەندە خودییەکان، ئیتر بۆ دواجار هەر لەم نێوەندەیدا خولی خواردۆتەوە کەتیایدا وەڵامی بۆ هیچ لەپرسیارەکانی پێ نەبووە، لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە هەرکاتێك خود نەیتوانی لەنێوەندی فیکریی و فەلسەفییەکان بیر بکاتەوە، رابمینێ نەتوانێ مانایەکی دیی نوێ بەرهەم بێنێ و مانایەکی دوور لەمانا تەقلیدییە باوەکە بەسەرجەم شتەکانی نێو (بوون) بدات.

هەروەها بەدەست خۆی نەبێت کە ببێت بەو میکانیزمییەتە ئاکتیڤە، کە لەتوانایدا هەبێت شتەکان هەڵبسوڕێنێ، ئەو کاتە زیاتر وەك مرۆڤێکی رۆبۆتی خودی خۆی رەنگڕێژ دەکات لەنێو (بوون)دا، ئیتر ناچێتە نێو دۆسیەیەك، کە تیایدا فیکر ئامادەباشی هەبێت، لەجیاتی بەشوێن خۆیدا هەوڵ بدات و خودی خۆی تەنزیر بکات، زیاتر بەشوێن بێ مانایی خۆی کاری کردووە، بەواتا (نیتشە)ییەکە زیاتر کاری کردووە، وەك بوونەوەرێکی بێ مانا و بێ ستراتیژ، هەروەك (ئەلیکیس)ی هزرمەند دیدگای وایە کەمرۆڤایەتی بەحکومی زیاتر سەرقاڵبوون بە کێشە و مەسائیلە دەرەکییەکانی بوون و شۆڕبوونەوە بەنێو ئەو فەزا کەونییانە وایکردووە زیاتر خودی خۆی لەبیر بچێتەوە و حەقیقەتی خودی خۆی ونبکات، زیاتر مرۆڤایەتی لە زەمەنی رابردوودا شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ فینۆمینۆ سروشتییەکان، کەونییەکانی کردووە، کەمتر بەنێو فەزایە تاریك و نارۆشناکانی فەلسەفەی خود



شۆڕبۆتەوە و کەمتر بایەخی پێداوە، زیاتر لەنێو خۆیدا هەرای ناوەتەوە و لەبارێکی توندڕەویدا خۆی هێشتۆتەوە، تەنانەت (دیکارت)یش دیدگای وایە کە لەزەمەنی رابردوودا، ئەنترۆپۆلۆژیای خود وەك ستراتیژییەت و فەلسەفەیەکی خودی فەرامۆشکراوە، دەشێ بەواتایەك (خود) زیاتر لە سەرجەم شتەکانی دەوروبەری خۆی ترساوە و رایکردووە، ئیتر واینەکردووە بچێتە نێو ماڵەکەی خۆی و نەیویستووە رێکی بخاتەوە، چونکە ئەگەر سەیرێکی کۆجیتۆکەی (دێکارت) بکەین، دەبینین زیاتر مرۆڤی بەچەقی بوون زانیوە، هەربۆیەش پڕیەتی لە مانا، بەواتا: ئیتر مرۆڤ لەتونایدا هەیە سەرجەم کایە و بابەتەکان راڤە بکات و لەونییەت و مانای جیاجیایان پێببەخشێ. (سپینۆزا) گوتەنی: ((مرۆڤ ئەو کائینەیە کە دەبێژێت نا..))[11].

بەو واتایە لە توانایدا هەیە وەزیفەیەك بخاتە ئەستۆی خۆی و لەناوەوەی خۆیدا ماڵێك دروستبکات، ئەوکات لە شوێن ئەوەی قوربانی بۆ شتەکانی دەوروبەر بدات، دێت قوربانی بۆ خودی خۆی دەدات، بەو واتا و مانایە هەروەك (نیتشە) کە دیدگای وایە تاکو یەزدان (دەسەڵاتی غەیبانی) هەبێت و نەمرێت، مرۆڤ وەك خودێکی ئاکتیڤ ناخولقێ و دەسەڵاتی هەمووەکی بەسەر شتەکانی دەوروبەر نابێت و لەتوانای ئەوەشدا نییە داوای قوربانی و تەقدیسکردن بەلاوەبنێ و کۆتایی بەسەرجەم فیکرە کۆنکریتییەکان (میتافیزیك) بهێنێ و بچێتەوە ناو خودی خۆی، ئەوکاتیش (خود) ناتوانێ کەینوونەی خۆی بدۆزێتەوە، لەوێ لەتەك خودەکانی دیکە بتوانێ دیالۆگێکی هێمنانە لەسەر وجود بسازێنێ، تەنات مرۆڤایەتی تاکو ئێستاش نەیتوانیوە تەبایی و هاوسەنگییەك لەنێوان (خودی خۆی — خودا)دا بسازێنێ و دروستبکات[12].

ئا لێرەدا زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، مرۆڤ وەك کائینێکی سەربەخۆ و پڕ وەزیفە دەرنەکەوتووە و نەیتوانیوە ئیمپراتۆڕییەتێکی خودیی بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ و چانسی ئەوەی هەبێت هەموو شتەکانی نێو وجود بەدەوری خۆیدا بسوڕێنێتەوە، وەك ئەرك و وەزیفەکان لەوەوە بۆ شتەکان بدوێت، ئیدی خۆی خەڵقەندی هەموو کایە کەونییەکان بێت و ببێت بەسێنترالێکی پڕ لە داهێنانکاری، بەڵام بەداخەوە لە دونیای رۆژهەلاتدا تاکو ئێستاش مرۆڤ بەرهەمهێنەری دەستی کلتووره باوەکییەکەیە (سیاسەت، ئایین، کۆمەڵگا) بەڕێوەی دەبات بەپێی ئەو ستراتیژییەت و رێسایانەی کە خۆی بۆسەرجەم شتەکانی نێو بوونی کێشاوە و دایناوە.

کەواتە دەشێ بەواتا و لەونێکی شەفافتر ئەم بیرکردنەوەیەمان ڕەنگرێژ بکەین و بڵێین: ڕەهەندی نامۆبوونی مرۆڤەکان لەو چرکەساتەدا یەخەی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دەگرێت و هەڵدەگیرسێت، کاتێ مرۆڤەکان لە حاڵەتی ناوەندییەتی (سێنترالیەت) خۆیان دەترازێنن و بەرکەنار دەبن لە سەرجەم تواناکاندا، زیاتر بەو مانایە مرۆڤ شوێنی یەزدان ناگرێتەوە، نابێ بەسەنتەرێکی شیاو بۆ لێکدانەوەی سەرجەم کێشە و گرفتەکان، لەوکاتەدا کە مرۆڤەکان لەڕواڵەتدا وا هەستدەکەن، کە هەموو شتەکان (خود) دروستکەرییەتی و هەر ئەو بەرهەمی هێناون، بەلاّم کاتێ لەماهییەتدا تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ئیدی مرۆڤ (خود) دەکەوێتە ژێر دەسەلاّت و مەحکومییەتی سەرجەم شتەکانی نێو وجود، تەنانەت دەکەونە ژێر چەندین مۆراڵی تەقلیدی و داخراوی وەك (کلتوور، ئایین) کە باوکەکان و کەسایەتییە گەورەکان بەرهەمیان دەهێنن و بەڕێوەیان دەبەن.

لەرووگەیەکی دیکە ئەگەر بێتو ڕوئیاکانمان ڕووەو ڕەهەندێکی مێژوویی سەبارەت بە (ئەنتۆلۆژی خود) و میکانیزمییەتی خود ئاراستە بکەین، یاخود شاولئاسا شۆڕببیتەوە بۆ نێو هەناوی دۆکیۆمێنتە مێژووییەکان سەبارەت بەچەمکی (خود) لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، دەبینین جوگرافیای خود سێنترالیزمییەتێکی تەواوی هەیە لەنێو ڕایەڵەکانی بووندا، توانییەتی جوگرافیای خۆی گەشە پێبدات، تەنانەت هەموو چەمك و مەفاهیمە فیکری و فەلسەفییە مۆدێرنیتەکان لەنێو دەستی هەردوو مەردوومەکان خولقاون و لەنێو سەرجەم دیدگا فیکرییەکانیاندا هەناسەیان داوە.

## (٦)

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین مۆدێرنیتە هۆکارێکی بەهێز و چالاك بووە بۆ لەدایکبوونی (خود) و نەشونماکردنی، تەنانەت ڕوئیای خود سەبارەت هەموو ڕایەڵەکانی نێو وجود توانی بەفەزایەکی فیکری تۆکمەبێت بۆ ئەوەی دونیایەك چەمك و موفرەداتی مۆدێرن و عەولەمی بەرهەم بهێنێ و هەناسەیان پێ ببەخشێ هەروەك چەمکی (دیموکراسی، ئازادی، هیومانیستی، کرانەوە، هەڵوەشانەوە، لیبڕالی، تەئویل...) تەنانەت توانی کرانەوەیەك بەدیدگاکان ببەخشێ بۆ ئەوەی ئازاد و کراوە بن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە، کە بەئازادانە شۆڕببنەوە بۆ نێو ڕایەڵ و ڕەهەندە دینییەکان لە سەدەکانی (١٥ ـ ١٦)دا کە زیاتر بەڕەهەندە دینییە کۆنکریتییەکان



ناسراون، هەڵبوەشێنێتەوە و وێرانیان بکات و فەزایەکی کراوە لەمەڕ تێفکرین سەبارەت بەچەمکەکانی بوون بەرهەم بهێنێ.

ئیتر دوا بەدوای ئەم کرانەوەیە جوگرافیا و بونیادێکی تۆکمەی فیکری و فەلسەفی بۆ (خود) دامەزرا و سەری هەڵدا، ئیتر توانی وەزیفە و ئەرك و لێکدانەوەکان بۆ مرۆڤەکان بگەڕێنێتەوە و ببێت بە نێوەندێك بۆ لێکدانەوەکان، سەبارەت بە (بوون) ئیتر ببێت بە نوێنەری ئەم بوونە هەروەك (نیتشە) کە مەرگی یەزدان ڕادەگەیەنێ و دیدگای وایە، کە ئیتر مرۆڤ جێگەی یەزدان دەگرێتەوە، هەروەك (لیوتار)ی بیرمەندیش ڕوئیاکانی چڕدەکاتەوە سەبارەت بەستراتیژییەتی خود و زیاتر وا دەبینێ کە (خود) بەرهەمی نوێنەرایەتییە، بە لەناوچوون و وێرانبوونی ئەو نوێنەرایەتییە پڕ وەزیفەییە، ئیتر (خود)یش وەك هەرکایەیەکی دیکەی بوون لەناو دەچێ و هەڵدەوەشێتەوە و وێران دەبێ.

لەم ڕووەوە سەیرێکی کۆمەڵگای ڕۆژهەلاّتی بکەین، دەبینین هەمیشە بەو مەبەستە کاردەکەن، کە کەسایەتی لەنێو بۆنەیەکی وشکهەلاّتووی ڕەهادا بتوێننەوە هەموو چەمك و موفەرداتەکانیان پێبسپێرن، بەواتا تاکە سەرکردەیەك ببێت بەسێبەر و ببێت بەنوێنەریان لەسەر ڕووی زەوی، هەروەك (هیگڵ)یش سەرجەم ڕوئیاکانی سەبارەت بەچەمکی (خود) لە دونیای ڕۆژهەلاّتدا وا لێکدەداتەوە، بەواتا موتڵەقییەت تەنها بۆ تاکجەمسەر بێت، واتا تاکە هێزێك وجودی هەبێت و هیچ هێزی دیکە شانبەشانی هەنگاو نەنێت و نەژی.

ئیتر سەرجەم تاکەکان لەنێو یەك بۆنەدا هەناسە بدەن و بیر لە خەونە ترسناکەکانیان بکەنەوە، بەواتا سەرجەم پەنجەرەکان بەڕوویاندا دابخرێن و نەکرێنەوە، ئەو کاتیش سەرجەم هەنگاوە ئیفلیجییەکانی دەنووسێتەوە ((کەسێك کە هەر بەزگماك ئیفلیجم، کەسێك کە چەندەمین جارە سەرگوزەشتە و چیرۆك و هاواری خۆم بنووسمەوە، کەچی لێمی دەدزن))، ((لەوێش نەمدەتوانی بەپێی خۆم بڕۆم، هەمیشە وەك هەنووکە ئیفلیج و بەسەر چەرخەکەمەوە بەند بووم))، ((ئێمە لەم بیمارستانەدا نەخۆشی ئەبەدیین))[١٣].

## (٧)

لەنێو جوگرافیای ڕۆژهەلاّتدا تاکە جەمسەری چەقبەست حوکمی کۆمەڵگا دەکات، ئیتر وەك خوداوەندێك سەرجەم وەزیفەکان بەخۆی دەبەخشێ و تەنها هەر ئەو بۆی هەیە ببێت بە چەقی لێکدانەوەکان و هەر ئەویش تەفسیری ژیان و بوون بکات، ئەوکاتەش دەچێتە نێو

سکێچی کۆمەڵگا نەخۆشەکان، ئیفلیجبووەکان هەروەك (فرۆم)یش دیدگاکانی دەخاتەڕوو، ئیتر بە کۆمەڵگایەکی نەخۆش وەسفیان دەکات، چونکە بۆ گەیشتن و بەرجەستەبوونی (کەینوونە)ی خود، پێویستە عەقلێکی ئازاد و کراوە و مودەبیر هەبێ، بۆ ئەوەی سەرجەم پەنجەرەکان بەسەر هەموو چەمك و مەفاهیمەکان هەڵبداتەوە، بۆ ئەوەی هەوایەکی ئازاد هەڵمژن و پرۆسەکانی تەئویلییەت سەبارەت بەهەموو رەهەندە فیکریی و فەلسەفییەکان ڤالاّ بکات، ئەو کاتیش دەتوانرێ برینی کۆمەڵگا تەواوی بێت و لە ئیفلیجبوون رزگاری بێت.

ئەوەتا دەبا سەیری میللەتێکی وەکو (کورد) بکەین، کە سەر بە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتە، بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن چۆنی مەرگ، ترس، نامۆبوون پەنجەی خستۆتە نێو جگەر و هەناوی کۆمەڵگا و دەیکرۆژێ، ئەم هەنگاوە شەلەلییەی کۆمەڵگا دەشێ فاکتەری بەرکەناربوونی هەموو ئەو چەمك و موفرەدات و مقیاساتانە بێت کە سەر بە کۆمەڵگای هیومانیستەکانی بێت بۆ سەلماندن، ئەگەربێت و شۆڕببینەوە رووەو تێکست و فەرهەنگی مرۆڤایەتی، ئەم راستییەمان بەباشی بۆ روون دەبێتەوە و دەردەکەوێت، ئەوەتا کۆمەڵگا بەحالەتێکی زۆر خراپ و ناجۆردا تێدەپەڕی و رایەڵەکانی (خودبوون) لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە و دەکەوێتە نێو فەزایەك کە پڕیەتی لەترس و فۆبیا، ئەو کاتیش کۆمەڵگایەکی داخراو و خودیی بێ ئیرادەی لێ دەخولقێ و دەچێتە رێزی کۆمەڵگا ئیفلیجبووەکان و بەرکەناربووەکان، ئیتر ئەم حالەتی بەرکەناربوونەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگا بەرەو حالەتی رووتبوونەوە دەبات، رووتبوونەوە لە سەرجەم وەزیفە و ئەرك و کردارەکان، دەشێ بەواتا و مانایەکی دی روئیامان ئاراستە بکەین، ئەویش ئا لەو شتانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەجرید دەکرێت لەسەرجەم وەزیفە و ئەرکە مرۆڤایەتییەکان، کۆمەڵگا دەکەوێتە نێو فەزایەك کە وەك زەمەنی ئێستاکە، کە بەزەمەنی (وێرانبوون/ نامۆبوون)ی خودەکان، بەواتا ماهییەتی (کرۆکییەت) لەنێو جوگرافیا و فەزای مرۆڤەکان خۆی لەدەستدەدات و دەبێت بەئالیەتێك و لەلایەن موفرەداتێکی دیکەوە کاردەکات.

ئەم حالەتی نامۆبوونە ئەگەر سەیرێکی مێژوویی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین کۆمەڵگای (خۆرئاوا)ش پێیدا تێپەڕیوە، بەتایبەتی لەساتی هەردوو جەنگی گێتیدا، تەنانەت تاکو ئێستاش کە هەموو جیهان لەم مەئزەقە نامۆییەدا دەرنەچووە و بەڵکو دەتوانم بڵێم زیاتر بەنێویدا رۆچووە. بیرمەندێکی وەك (هیگل) دەبینین خوێندنەوەی بۆ ئەم حاڵەتە کردووە، تا دەگاتە ئەو رادەیە کە دەستەوەستان رادەوستێت، سەرجەم روئیایەکانی لەم گوتەیەدا



کۆدەکاتەوە ((سەراپای مێژووی مەردوومییەت پەڕەلێڵە بە مێژووی نامۆبوون و لەخۆبێگانە بوون))[١٤].

گرێچنی ئەم بارە نامۆبوونەی مرۆڤەکانیش لەو سکێچەدا سەرچاوە دەگرێت هەروەك (فیورباخ) لێکدانەوە و تەفسیراتی خودی هەیە بۆ ئەم بابەتە، ئەم هزرمەندە زیاتر دیدگای وایە کە کاتێ مرۆڤەکان دەکەونە ژێر باری ئەو شتانەی کە خۆی بەرهەمی هێناون و دروستیکردوون، تووشی ئەم حالەتە دەبن، تەنانەت روئیاکانی خۆی لەم پنتە چڕدەکاتەوە، کە پێی وایە هەموو شتەکانی نێو بوون ((خودا، شەیتان، دار، بەرد، ئاسمان... تاد)) لەڕووی ناونانەوە مرۆڤ بەرهەمی هێناون، ئەم حاڵەتی ناجێگیری پڕ قەیرانی خودییە لای کیرکیگۆریش جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە زیاتر لەوبڕوایە دایە کە ئەم حالەتی ناجێگیرییە سەرتاسەرین و سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دووچاری دەبێتەوە، ئەویش (سڕینەوەی کەسایەتی خودی مرۆڤەکانە)، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگای رۆژهەڵات، بەتایبەتی (کۆمەڵگای کوردی) لەم تانوپۆیەی (فیورباخ) دەردەچێ، ئەویش هەر لەزەمەنی منداڵییەوە بەسەرتاکەکاندا دەچەسپێنرێن و جێبەجێدەکرێن، مرۆڤەکان بەپێی سەرجەم کار و چالاکی وەزیفەییە ئیدارییەکان تێی دەڕوانرێن، واتە بەپێی قۆناغبەندی وەزیفەیی نەك وەك مرۆڤێك، بەڵکو زیاتر وەك کایەیەك لە کایەکانی (بەشتبوون) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە مرۆڤێتی خۆیدا دوور کەوتۆتەوە.

بە واتا هەموومان مەحکومین بەپرۆسەکانی گوێڕایەلی (منداڵ ـ باوك)، (قوتابی ـ مامۆستا)، (یاریدەدەر ــ بەڕێوەبەر)، بەواتا هەموو کایە ئیدارییەکانی کۆمەڵگا پۆشاکە پیرۆزەکانیان لێدەسەندرێتەوە و لەشوێن ئەم دەمامکە پیرۆزەیە، دەمامکێکی دیکەیان پێدەبەخشرێ وەك دەمامکە (ئایینی، سیاسی، کلتووری)یەکان، ئیتر سەرجەم کەناڵ و شوێنە ئیدارییەکان ماهییەتی خۆیان لەدەستدەدەن، بەو جۆرە بەماهییەتێکی دیکە سەرقاڵ دەکرێن، ئەمەش وادەکات جۆرێك لە میکانیزمییەتی قەیرانی خودی و نامۆیی بەرهەم بهێنێ لەنێو کۆمەڵگادا، بەواتە هەمیشە خودەکان لەنێو ئەو جوگرافیا و فەزایەی، کە هەمیشە نمایشەکانی خۆی تێدا دەخاتەڕوو، زیاتر وەك خودێکی پاسیڤ لەڕووی سەرجەم کردە عەقلانییەکاندا کاردەکات و زیاتر خودی خۆی بەرکەنار گرتووە و هەمیشە نایەت وەك خودێکی ئاکتیڤ و کارا کار بکات و جوگرافیای سەرجەم کایە کەونییەکان مۆنۆپۆلیزە بکات، کە خۆی دۆزیویەتییەوە و خولقاندوویەتی، لەڕووی ئاماژەپێدان و ناولێنانیان، کەچی بەپێچەوانەوە زیاتر لەنێو فەزایەکی

داخراوی پڕ نامۆبوون سەرجەم کارەکانی خۆی تەرحکردووە و بەشوێن چەندین سکێچ خودی خۆی خواردۆتەوە و بەشوێن سێبەر و دەسەڵاتی (کۆمەڵایەتی، کلتووری، رامیاری، خورافییات...)دا دەسوڕێتەوە، وەك خودێکی پاسیڤ و ناکارا نمایشە کەمڕەنگەکانی پەخشدەکات.

دوای مانەوە و زەمەنێکی زۆر لە کارکردن و بەشوێن گەڕانی حەقیقییەتی خود و سەرجەم رایەڵە وەزیفییەکانی لەنێو پرۆسەیەکی جەدەلییانەی کراو و بەردەوام، (رۆژئاوا) توانی جۆرێك لە خود نزیك لە دونیای عەقلانییەت بدۆزێتەوە و بیخولقێنێ، ئەویش (خودی مۆدێرنیتە)یە، ئەو خودەی کەهەمیشە رەفزی سەرجەم رەهەندە میتافیزیکییەکانی کردووە، ئیتر وەك جۆرێك لە خودێکی کراوە و بێ سانسۆر بێ هیچ دەمامکێك دەستی کرد بەشۆڕشی دژ بەعەقلانییەتە داخراوەکانی دونیای میتافیزیکی و خودە داخراوە فیکرییەکانی دی، بەڵێ هەمیشە ئەم خودە کراوەیە کاری بۆ ئەوە کردووە کە خود مەرکەزییەت و کرۆکییەتی سەرجەم رەهەندەکانی بوونە، هەمیشە دیدگاکانی ئامادەباش کردووە، سەبارەت بە ئەزموون و شۆڕبوونەوە بۆ نێو دونیا پەنهانەکانی مرۆڤ، لەئەنجامدا توانی جۆرێکی دی لە خودی سایکۆلۆژی بەرهەمبێنێ.

## (٨)

ئەم شۆڕشی بەعەقلانییەت و مەرکەزییەتبوونە وایکرد دونیایەك مەسائیلی فیکری و مەعریفی و فەلسەفی بەرهەمبهێنێ و رووگەیەکی دیکە و کراوەتر لە زەمەنی کلاسیك و دونیای میتافیزیك بدۆزێتەوە، کە تیایدا سەرجەم کایە شاراوەکانی بخاتە نێو گەمەیەکی فیکری بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیك لەتوانایدا هەبێت، کە دونیایەك چەمك و موفرەداتی نوێتر تایبەت بەخود و بەبوون بدۆزێتەوە و بەرهەمیان بێنێ، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەعەقڵێکی ساغتر و کراوەتر و پڕ ئەزموونتر بچێتەوە نێو ماڵە تاریکەکەی خود و سەرلەنوێ رۆشنایی پێ ببەخشێتەوە، و بیکەین بەمەرکەزییەتێکی پتەو، بۆ ئەوەی سەرجەم وەزیفە کەونییەکان لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤایەتی پەخش بکرێتەوە، ئیتر هەر ئەم سەنتەرییەتە خودییە بوو وایکرد دووبارە و قووڵتر بەرەهەندە مەعریفییەکاندا دابچێتەوە و سەرلەنوێ مانای پێ ببەخشێتەوە.

ئەدەب ئەو پەنجەرە زەخرەفییەیە، کە دیدگای هەموو مرۆڤدۆستەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و هەمیشە پرسیار و راڤە و گومانەکانیان لەبەردەم ئەزموون و تاقیکردنەوە قووڵ و ئاڵۆزەکان ئامادەباش دەکات و پێیان دەبێژێت: ئەی کائینە بێ باڵەکان، پڕ لەگومانەکان، عەقلانییەکان،



ئیتر ئالێرەدا زەمینە و فەزای تۆی مەردوومە، زەمینەی کارکردنە، وەلێ کارکردنێکی ئارکۆلۆژییانەی مەعریفییانە بۆ گەڕان بەشوێن سەرجەم موفرەداتە نادیارەکان، ئەو موفرەداتانەی کە کەوتوونەتە ژێر دیوارە کۆنکریتیکانی (ئایین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی). موفرەداتێك، پرسیارێك، گومانێك پڕیەتی لەبارگەی مەعریفی و فیکری دونیای مۆدێرنیتە، ئیتر ئالێرەدا سەرجەم گومانەکان، پرسیارەکان، وەڵامەکان، دەبن بەباڵ و پێکهاتەی ژیان، بوون، واقیع، ئیتر حەقیقەتەکان دەگۆڕن و لەون ماهییەتێکی دیکە بە فەلسەفەی ژیان دەبەخشێ.

ئیتر بۆئەوەی دەست بۆ دونیای مەردوومییەت درێژبکات و بڵێت: ئەی کائین، مرۆڤ ئەی ئەو زاتەی کەهەمیشە دیدگای جیاوازت هەیە بۆ سەرجەم رەهەندەکانی ژیان، تۆ خاوەن دونیایەکی پڕ لەتەنیایی و پڕ لەوەهم و پڕ لە گومانی، وا خەریکە تەنیایی و گومان و تراژیدیا و خوێن سەراپای جەستەت دەکرۆژێ ((رەنگی خوێن بەسەر هەموو شتێکەوە دەنوسێ)).

((من تەنها کەسێکم لەم بیمارستانەدا کە بەدزییەوە لەدەفتەرێکدا هەموو ئەم خەم و خوێناوە تۆماردەکەم))[١٥].

((ئاخر ئێمە لەم بیمارستانەدا هیچ گەمەیەکی دیکەمان نەدەزانی جگە لەگەمەی کوشتنی هاوەڵەکانمان))[١٦].

جا لەسەر خود پێویستە بەرلە ونبوونی جەستە و بوونی، سەرجەم تەمومژاوییەکان کەرۆشنای بەر دیدگاکانیان گرتووە، پەرشوبلاوبکاتەوە و رایبماڵێت و بەشوێن حەقیقەت و بوونی خۆیدا بگەرێت. بەشوێن ئەو سیمایەدا بگەڕێت کە سیمای تۆی مرۆڤە، ئەی کائین پرسیار لەبوونی خۆت بکە (تۆ بۆ هەیت؟ چی پێویستە لەسەرت بیکەیت؟ کامەیە سیمای راستەقینەت؟ ئەم دەمامکانە چین، مرۆڤ ناتوانێت بەئازادانە خودی خۆی لێ رزگار بکات؟ کێن دروستکەری دەمامکەکان؟) ئیدی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە شوناسی (خود) دەدۆزنەوە و کرۆکییەت و سێنترالیزمییەتی خودی دووبارە دەگەڕێننەوە و ئیتر کەس بۆی نییە تواناکانت لێ زەوت بکات و تەفرەت بدات و بوونت رەت بکاتەوە.

دووبارە وردبوونەوە و شۆڕبوونەوە بەنێو سەرجەم رەهەندەکانی ژیان و سەرجەم ئەو موفرەداتانەی کەژیان دروست دەکەن و ژیان دەکەن بەماڵێکی خۆش و پڕ مانا و بەخشینەوەی سەروەرییەتی بەمرۆڤەکان، دوا بەدوای ئەم هەنگاوە فیکرییە پڕ لەکارکردنە فەلسەفییانەی مرۆڤەکان ئەم جارە پرۆسەی بەخشینەوەی سەروەرییەتە بەئینساکان و گەرانەوەی ماناکان بۆ

شتەکان، وادەکات جۆرێکی دیکە لەخود بەرهەم بهێنێ و بازنە و سکێچی پرۆسە جەدەلییەکانی مرۆڤ لەبوارەکانی فیکر و فەلسەفە گەورەتر بکات و زیاتر تەشەنەی پێبدات، ئەویش فەزا و جوگرافیای دونیای (پۆست مۆدێرنیتە)یە، ئیتر ئەم جارە بەپێوەرێکی مەدەنی جیهانی کاردەکات، بەواتا کاتێ لەنێو فەزای مۆدیرنیتە باسی ئەوەمان کرد کە عەقلانییەت بووە بەرهێمهنەری خودێکی ئاکتیڤ بۆ ئەوەی هەمیشە شۆڕش بەرامبەر جوگرافیای میتافیزیك هەڵبگێرسێنێت و سەرجەم ڕەهەندە ستوونییەکانی ئەم بونیادە لە زەینی مرۆڤەکان هەڵبوەشێنێتەوە و دووبارە بەرەو کرانەوەی زەینەکان و وردبوونەوەی بەبەرکرد، ئەم بوارە (خود) دەکات بە خودی بێ سانسۆر، ئازاد، کراوە، کە زیاتر بەخودی فرە کلتووری و جیهانی ناوزەدکراوە، ئەم جۆرە خودە زیاتر بەو مەرامە کاردەکات کە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو کرانەوەیەکی فیکری و فەلسەفی زیاتر ببات، بۆ ئەوەی خۆی پڕبکات لە سەرجەم توانا هزرییەکان، بۆ ئەوەی وردتر و قووڵتر لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان بکات، بەتایبەتی خودی مرۆڤ خۆی، چونکە دۆزینەوەی شوناسی خود و ماناکانی کارکردنێکی زۆری گەرەکە و پێویستی بەتوانایەکی فیکری و فەلسەفەیی هەیە، چونکە ئەم پرۆسەی دووبارە شوناس بەخشینەوە بە (خود) زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، چونکە هەر وەك فۆکۆ ڕوئیای وایە (کە مرۆڤ جۆرێکە لە کەینوونە).

ئیتر بەم جۆرە خودی بێ سانسۆر و پڕ لەونییەت بەدوو ئاراستە کاردەکات، **یەکەمیان:** کارکردن لەسەر ئەو فەزایەی کە جوگرافیایەکی تایبەت بەخودی خۆی هەیە و پڕیەتی لە کایەی جۆراوجۆر، ئەویش هەیکەڵی مرۆڤە (جەستەیەتی). **دووەمیان:** کارکردنێکی دیکەیە ئەویش کۆمەڵگایە بە سەرجەم ڕەهەندەکانییەوە، ئیتر ئەم جۆرە خودە بەردەوام مامەلەیەکی پڕ لە مانا دەکات لە نێوان ئەم دوو فەزا و جوگرافیایە، مامەلەیەکی پوخت لەگەڵ سەرجەم کایەکانیان دەکات، شۆڕدەبێتەوە بۆ نێوان هەناویان، بە واتا خودێکی دیکە زیاتر هەڵدەگرێ دوو ڕوئیا و دوو ستراتیژییەتە لە پێناو ئەوەی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو رووگەیەکی نوێتر و کراوەتر هەنگاوی پێ بهاوێژێ، کە لە دواییدا بە (خودی ئەنتۆلۆژی) ناسراو کەوتە کارکردن.

ئەم خودە هەڵگری چەندین رایەڵی ئەبستیمی و توانای فەلسەفی نوێیە، بۆ شۆڕبوونەوە بەنێو هەموو ئەو درز و کەلێنانەی کە لەنێوان فەزای ئەنترۆپۆلۆژیا و بووندا هەیە، ئیتر



کەواتە کارکردن بەستایلێکی جیاوازبین و فرەڕەهەند، دوور لە تاکڕەهەندییەت کە وەك دونیای مۆدێرنیزم کە تەنها لە تاکڕەهەندێك، تەفسیری بۆ کێشەکان و ڕەهەندە مەعریفییەکان هەبوو، ئەویش (عەقڵ) بوو، کە پێیان وابوو تەنها عەقڵ مەرجەعییەتی وەرگرتنە، بەڵام خودی ئەنتۆلۆژی زیاتر خودێکە بەدونیای توانای عەقڵی و جەستەیی و فیکری نوێ شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو کێشە ئاڵۆزەکانی بوون و راڤە و تەئویلکردنی بە دیدگای کراوە و فرەڕەهەند، عەقڵ و فیکر، سەرجەم رایەڵەکانی دیکە لەو فەزایە تەسکە دێنە دەرەوە، لەدەرەوەی خۆیان مانا بە سەرجەم کایە و شتەکان دەبەخشن، ئیتر سەرجەم مقیاسە سابتەکانیان فڕێدەدەن و لەدەرەوەی ئەم مقیاسە سابتانە کاردەکات و ئیدی لەو شوێنە لەونییەتی جیاواز و فرەمانا لەودیو مەرزییەتی حەقیقەت و واقیع (مێتا حەقیقەت/ مێتا واقیع)دا دەدۆزێتەوە، ئەو کاتیش لەونێکی دیکە و نوێتر بۆ سەرجەم ڕەهەندە فیکری و فەلسەفییەکان بەرهەمدێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی جوانتر و قۆلتر رایەڵە زەینییەکانمان رابهەژێنین و وردبینەوە و بیر بکەینەوە، بەمەرجێك بیرکردنەوەیەك بێت پڕی بێت لە کەرەستەکانی بیرکردنەوە و راڤەکردن بۆ ئەوەی هیچی دیکە نەکەوینە ژێر سیبەر و دیوارە رووخاوەکانی فیکر، کە فەزای خودیمان بگۆڕێ و جوگرافیای بوونمان لێ زەوت بکات.

بۆیە پێویستە لەودیو دونیای واقیعدا بەشوێن بوونی جەستەیی و خودیماندا پڕەنسیپی تایبەت بەفەلسەفەی خود هەیە، دەشێ ئەم پڕەنسیپانەش بارگاوی بن بەسەرجەم توانا مەعریفییەکانی دونیای پۆست مۆدێرنیتە، بۆ ڕۆچوون بەنێو دونیایەك کە پڕیەتی لە ئاڵۆزی و تەمومژ، وەهم، نامۆبوون، چونکە هەر دیدگا جیاوازبینەکانی دونیای فەلسەفەیە سەرنجی مرۆڤەکان رادەکێشێت بۆ خولقاندنی پرسیار و گومان خستنە سەر سەرجەم ڕەهەند و فینۆمینۆیەکان، ئەو دیاردانەی کە دونیایەك کایەی ڕەنگاوڕەنگ، دەنگی جیاواز و وەڵامی دروستیان لە هەنیەی خۆیاندا دیلکردووە.

جا بۆئەوەی بەهەموو توانا ئەبستیمی و فەلسەفییەوە ڕۆبچین بەشوێن ئەم کلێشە و سکێچە ئاراستە بکەین، کە قولبوونەوەیە لە دونیای پاسیڤبوونی خود بۆ ئاکتیڤبوونی خود، هەنگاو پێهەڵهێنانی عەقڵمان لە فەزایەکی داخراو بۆ فەزایەکی کراوە لە خودێکی ڕۆبۆتی بۆ خودێکی بیرکەرەوەی عەقلانی، چونکە هەر ئەو ڕەهەندە فیکرییەی مۆدێرنیتانەیە وادەکەن هەمیشە زەینمان بارگاوی بێت بەدونیایەك توانای فەلسەفی بۆ گەڕان و کارکردن بەشوێن دۆزینەوەی ناسنامە و شوناسی خود و کەشفکردنی دیوە شاراوەکانی ناخ و دیوی ئەودیوی ماسکەکانی

مرۆڤ لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دۆزینەوەی حەقیقەتی شتەکان و دیاردەکان، ئیدی هەر ئەم توانا فەلسەفییەیە، کە دواجار مالێکمان بۆ بەرهەمدەهێنێ، مالێك پڕی بێت لە جیاوازی، لەفرەمانایی، فرەکلتووری، بۆ ئەوەی ئەمجارە لەنێو سیستەمێکی کراوە و مۆدێرن، یەکڕەنگ لە مانا قووڵبوونەوە، بنەما، مرۆڤی یەکڕەنگ لە دونیابینی بەرهەم نەهێنێتەوە، سەدوهەشتا پلە جیا لە فەزا کۆنکریتییەکەی، کە یەك دیوی شتەکان دەبینێ، کە بۆی نەبوو وردبێتەوە، فرە لەونییەت لە بابەتەکانیدا رەنگڕێژ بکات، بەڵکو لەتونایدا هەیە بەحکومی ئەو سوڵتە شاهانەیەی کە لە نێو کۆمەڵگادا هەیەتی، بتوانێ سەرجەم دەستوورەکان بگۆڕێ، سەرجەم حەلاڵەکان حەرام بکات و بەپێچەوانەش هەر بۆی هەیە لەساتی پرۆسەی قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە لە سەرجەم دیدگاکان و رووەو رووگەیەکی دیکەی تەفسیرکردنی (خود ـ ناوەوەی خود) ئاراستەبکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ماڵە تاریکەکەی خود رۆشنبێتەوە.

## (٩)

هەمیشە لەنێو دونیای ئەدەبدا سەرجەم کائینەکان، کاراکتەرەکان بەشوێن حەقیقەتەکاندا وێڵن، ئەویش مرۆڤە عاشقەکانن، ئەو مرۆڤانەی کە بەجۆرێك لە مرۆڤی کارا ناسراون هەمیشە کۆڵەپشتەکانیان پڕە لە گومان و پرسیار و راڤە و دیدگای جیاواز جیاواز، پڕە لە تارمایی، بێ وەلامی، بۆ ئەوەی بەشوێن دۆزینەوەی مانای نوێ، حەقیقەتی خودیدا بگەڕێین، چونکە قووڵبوونەوە و راڤەکردنی دیاردەکان، رۆچوون بەنێو فەزا جیاوازبینەکان، هەر دونیای فەلسەفەیە توانایەکی پتەو بەزمان و روئیاکانمان دەبەخشێ، بۆ ئەوەی شاوڵئاسا شۆڕببیتەوە بۆ نێو خەلایە تاریك و شاراوەکانی زمان، لەودیو دەقەکاندا دەگەڕێ بۆ بەرجەستەکردنی مانای جیاواز، مانای نوێتر تا لەوێوە بەسیستەمێکی دیکە، دیدگایەکی کراوە، پێوەندییەکی کراوە و نوێ لەگەڵ سەرجەم شتەکانی نێو واقیعدا بسازێنێ و بەرهەمبهێنێ بۆ ئەوەی بونیادێکی نوێ دروست بکا.

ئەو کات دەکەوینە نێو فەزایەکی رۆشن و کراوە، چونکە باش دەزانین رۆچوون بەنێو جوگرافیای فیکر و فەلسەفە روئیایەکی دیکەمان پێدەبەخشێ بۆ ئەوەی ئەمجارە دیلی ساتە مەستکراوەکانی حەقیقەت، تاکڕەهەندی لە تەفسیری کێشەکان و یەك شێوە ئەندازەیی لە روئیا بەخشین بەفینۆمینۆیەکانی نێو بووندا نەبینەوە.



(شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس لە چیرۆکی ((گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان))دا هەمیشە لەو فەزا بەرتەسکەی جەستە دێتە دەرەوە، لەدەرەوەی جەستەدا مانا بەسەرجەم کایە و شتەکان دەبەخشێ، ئیدی سەرجەم مەقایسە نەگۆڕ و سابتەکان فڕێدەدات و دەیانشکێنێ و لەدەرەوەی ئەم مەقایساتانەدا کاردەکات، کارکردنێك لە فیکردا، بەواتا ساتێك وەك تاکێکی پڕ جووڵە و ئاکتیڤ دێت گەمە بەو کایانە دەکات، کە لەنێو ماڵی فیکردا ئامادەییان هەیە، چونکە دەشێ فیکر ئەو ئامادەییەی هەبێ بۆ ئەوەی دەرگا لەسەر هەموو کایە نابەرجەستەکان بکاتەوە و بەرەو رووگەکانی کرانەوەیان ئاڕاستە بکات، لەونێکی شەفاف بەسەرجەم گەمە خودییەکان بدات.

ئەگەر سەیرێکی تانوپۆی ئەم دەقەی (شێرزاد حەسەن) بکەین، دەبینین شێرزاد زۆر زیرەکانە دێت کار لەسەر کێشە و گرفتە ئالۆزەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات و پەردە لەسەر سەرجەم لایەنە پاسیڤبووەکان هەڵدەداتەوە، کە بەرۆکی کۆمەڵگایان گرتووە، ئەویش کێشە و گرفتی سەرجەم گەمە مەرگاوییەکانە، ئەو گەمەکردنانەی کە لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو ئاسودەیی و بەختەوەری ئاراستە بکات بەپێچەوانەوە بەرەو خۆکوژی، بێزاری، نا ئاسودەی ئاراستە دەکات زیاتر بەو واتایە خۆی نیشان دەدات، کە کۆمەڵگای رۆژهەڵات کەوتۆتە نێو مەئزەقێکی مەرگاوی داخراو، هیچ کەس بۆی نییە رابکات و دەربازی ببێت، تەنانەت تاکە ئیفلیجووەکانیش کەوتوونەتە نێوی، ئیدی ئەم گەمە مەرگاوییانەش لەلایەن چەندین لایەن و رەهەندە هێرش دەکەنە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا. (کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتووری..)، ((ئاخر ئێمە لەم بیمارستانەدا هیچ گەمەیەکی دیکەمان نەدەزانی جگە لەگەمەی کوشتنی هەواڵەکانمان))[١٧].

((شەوێکیان زۆر بێزار بووین هەر هەموان کۆبووینەوە و بیرمان لەوە کردەوە کە مادامەکێ تائەبەد لێرە دەژین و دەخۆین و دەمرین واباشە کەبەدوای گەمەیەکدا بگەڕێین هەر هیچ نەبێ تادەمرین گەمەیەکی خۆش راببوێرین لەزەت لەوژیانە کورتەمان بکەین))[١٨].

بیمارستان ئەوزەوییە لەعنەتکراوەیە کەهەمیشە تاکەکان رووەو بێزاری و نامۆیی ئاراستە دەکات لەجیاتی ئەوەی بەهەشتێکی کراوەی پڕ لەئاسودەیی بخولقێنێ، دێت تاکەکان ئیفلیج دەکات، بەردەوام لەنێو بازنەیەکی داخراودا کە پڕیەتی لەگەمەی مەرگاوی، گەمەی ئیفلیجبوونی عەقل، ئیرادە، فیکر، جەستە..) دەخولقێنی. (شێرزاد) دەیەوێ کار لەسەرجەم ئەو رایەلانەدا بکات، کە دەبن بەتەڵەیەك، کۆمەڵگا بەرەو وێرانی ئاراستە دەکات، یاخود بەواتا و لەونێکی دیکە، دەیەوێت سەرجەم فاکتەرەکانمان بۆ بخاتەڕوو کە دروستکەری ئەم

بێزارییانەن، لەشوێن ئەم مەرگەساتە بێ ڕەنگ و بێ مانا یەك ستراتیژییەتیان هەیە لەنێو هەناوی مەرزییەتە کۆنکریتییەکان کە (شار/ کۆمەڵگا) بەدەوری خۆیدا کێشاویەتی.

لەونییەت و مانای فرەڕەهەند و فرەمانا بەسەرجەم کایەکان ببەخشێ، کە کەوتوونەتە ئەودیو حەقیقەت (میتا حەقیقەت). بۆ ئەوەی دووبارە ماهییەت بگەڕێنێتەوە بۆ سەرجەم ڕەهەندەکان، شتەکان، ئەو کاتەش مانایەکی کراوە و فرەمانا بۆ سەرجەم ڕەهەندە مەعریفی و فەلسەفییەکان بەرهەمدێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی جوانتر و قووڵتر ڕایەڵە زەینییەکانمان ڕابهەژێنین و وردبینەوە و بیربکەینەوە، بەمەرجێك بیرکردنەوەیەك بێت پڕی بێت لە کەرەستەکانی بیرکردنەوە، ڕاڤەکردن و خوێندنەوە، بۆ ئەوەی هیچیدیکە نەکەوینە ژێر سێبەر و دیوارە داڕووخاوەکانی فیکر، کە فەزای خودیمان بەرەو داخرانێك ئاراستە بکات و جوگرافیای بوونمان لێ زەوت بکات، بۆیە هەمیشە پێویستە لەودیو دونیای واقیع (مێتا واقیع)دا، مەبەستم لە ڕایەڵە فیکرییە بەرتەسکەکانی دونیای واقیعە، ئەو واقیعە تاڵەی کە قەدەری مەرگمان پێدەناسێنێ و هەمیشە بەرەو ئەو ساتانەمان دەبات، کە بەساتی (دیلبوون) ناوبراوە، بەشوێن بوونی جەستەیی و خودیماندا بگەڕێین. ئەوەتا (تاك)ی نێو کۆمەڵگای کوردیمان لە جیاتی ئەوەی جوگرافیایەکی کراوەی بۆ بسازێنین، بۆ ئەوەی بەکراوەیی و بەئازادی تەعاروفێکی پڕ مەعریفی لەتەك جەستەکەی خۆی بکات و (ترس) لە زەیندا نەڕوێت بەرامبەر جەستە و خودی خۆمان، بەرامبەر سەرجەم ڕایەڵە فیکرییە مێتافیزیکییەکان، سیاسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، کە هیچ کەس بۆی نییە ڕەتیان بکات و گوێڕایەڵی نەکات.

لەو کۆمەڵگا ناشیرینەی کە کۆمەڵگای (کورد)ییە، بەتایبەت و (کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات) بەگشتی، لەجیاتی ئەوەی تاك بە ئازاد جوگرافیا و فەزایەك هەڵبژێرێ کە خۆی حەزدەکات تیایدا بێتە بوون، بۆ ئەوەی لەو فەزا ئازادەدا بەکراوەیی مومارەسەی ژیانی خۆی بکات، پیاوە کلاو کۆنکریتییەکان دێن بەبێ ئازادی تاك دەخەنە نێو چوارچێوەیەك کەوەك تەوتەمێك لە گەردەنیان دەکەن و دەیخەنە نێو گرووپی مردووە زیندووەکان، بۆیە بەبێ ئیرادەی خۆی، مرۆڤەکە شوێنێکی بۆدیار دەکرێت و دەستەمۆ دەکرێت، دەقی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان)ی (شێرزاد حەسەن) کۆمەڵگا و شارێکی داڕووخاو و ئیفلیجمان پێ تەعاروف دەکات و پێمان دەناسێنێ، کەپڕیەتی لە وێرانەیی، ئیفلیجی خودی ((کەسێك نییە لەم بیمارستانە پێبکەنێ، کەسێك لێوی خەندەیەکی مردووی لەسەر نانیشێ)). ((ئەم دونیایە جگە لەبیمارستانێکی گەورە هیچی دیکە نییە))[19]. بازنەیەك لەمەرگ، هەمیشە مەرگ ئامادەیی



هەیە لەنێو سەرجەم ڕایەڵەکانی ژیان، ڕاکردن لەنێو ئەم بازنەیەدا، تەقینەوەی مینێکە کە کلتوورە سائیدەکە بەدرێژایی مێژوو چاندوویەتی و هەمیشە گەفی ئەوەمان لێدەکات کە بەحەیاوە و پڕ شەرم بین، بۆیە دەشێ بەواتا و لەونێکی دیکە بڵێین، ڕاکردن لەم شارە وێرانە، لەم دۆزەخە، دەرچوونە بۆ واقیعێکی نوێ و شەفافتر.

دەشێ ئەم دەرچوونە دەرچوونێك بێت تاهەتایی بێت، ئەوەتا (شێرزاد حەسەن) لەم دەقەیدا باسی پاڵەوانەکانی دەکات کە هەمیشە کەرەستەکانی بیرکردنەوەیان بریتین لە (بیرکردنەوە و ڕاکردن)، ڕاکردن لەو دۆزەخە، بیمارستانە، واقیعە تاڵەی کە سەرجەم تاکەکانی تیا کەوتوون ((کەسمان ناوێکی نەبوو، هەریەکەو بەجۆرێك بانگدەکراین: هێی شەڵەی قوون خوار، فەلەج، خێلە، کەڕیلە، لاڵەپتە، ملخوار، بێ قوون، قەمبوور، مەزمەعیل، نۆپل، میزکەر، بێ دەمار، سیرمە، لاسووتاو، گۆجە.. دەیەها ناوی وا کە دیسانەوە وەبیری دەهێنایەوە کە ئێمە لەم بیمارستانەدا نەخۆشی ئەبەدین))[20].

بەڵام هەرچەند سەرجەم ڕاکردنەکان بەخشینی کارتێکی مەرگاوییە لەلایەن پیاوە زەبەلاحەکان، دەرنەچوون لە نێو ئەم واقیعە تاڵە (نەخۆشخانە)یەدا، دەرنەچوونە لە دۆزەخ ڕووەو ئەو بەهەشتەی کە خەونی پێوە دەبینین، بەڵکو دووبارە گەڕانەوەی جەستەیە ڕووەو ئەشکەنجەدان و حاڵەتی شێتبوون. ((هەندێ بۆ خەریککردن حەبە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەدزی و وردیان دەکردن، کە دەبوونە ئارد تێکەڵیان دەکردن، هەندێك هەروەکو مەیموون خۆیان بەپانکەکانەوە هەڵدەواسی و خۆیان بەردەدایەوە سەر قەرەوێڵەکان، هەبوون سەدجار پەنجەرەکانیان دەکردنەوە و دایاندەخستنەوە))[21].

لێرەدا سەرجەم تاکەکان ڕووەو ئەنفالکردنێکی جەستەیی دەبردرێت و گوتارەکانیان ئیفلیج دەکرێت، دەدزرێت ((بەرلەوەی ڕستەکەم تەواو بکەم پزیشکێك هات و دەفتەرەکەی ڕافراند))[22].

((من تەنها کەسێکم لەم بیمارستانەدا کە بەدزییەوە لە دەفتەرێکدا هەموو ئەو خەم و خوێناوە تۆماردەکەم... دەست دەبەم دەفتەرەکە بدۆزمەوە، کەچی دەبینم لێیان دزیوم))[23].

## (١٠)

نووسەر زۆر زیرەکانە بەخولقاندنی وێنەی نموونەی زیندووی نێو کۆمەڵگا دەیەوێت پێمان بڵێت: کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئەو کۆمەڵگایەیە، کە پڕیەتی لە مرۆڤکوژ، عەقڵکوژ، گوتار کوژ، بەواتا تاك بۆی نییە ئازادانە بیربکاتەوە، ئازادانە ڕەفتاربکات، تەنانەت ئازادانە

یادداشتەکانی خۆی بنووسێتەوە، خەونە دزراوەکانی منداڵی، گەنجییەتی، ئەو خەونە پڕ لە باروودانەی کە بیر لەو سکێچە دەکەنەوە کە بەسیکێچی رزگاربوون ئاراستە دەبێت و هەنگاودەنێت. رزگاربوون لە سەرجەم یاسا کۆنیینەکان، دەستوور و بنەما داتەپیوە فیکرییەکانی رابردووی کۆن: ((بەهەزار ترس و نقەنق و فەلاکەتەوە یادداشتەکانی خۆم دەنووسمەوە، خەونەکانی خۆم، ترس و شەك و دوودڵیم، هی هاوەڵەکانم))[٢٤].

ئیتر ئەو کۆمەڵگایە بەردەوام وەك مردوویەك، تەوتەمێك، هەمیشە بەو مەبەستە کاردەکات، کارکردنێك کە ئەنفالکردنی شوناسی خودی تاکەکان، کۆمەڵگا، تەنانەت خودی خۆی کاردەکات و دەکەوێتەوە.

دەشێ سەرجەم رایەڵەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا، هەمیشە بەومانایە گێڕانەوەی رایەڵەکانی نێو مەتنی دەق دەگرێتەوە ئەستۆ. هەروەها بەو مەبەستەی کە بۆ ئەوەی توانای بەوێنابوونی فەزا و جوگرافیایەکی کراوە و نوێی هەبێت، ئەویش لەوکاتانەدا دەتوانرێ کەکاتی (مرۆڤەکان جۆرێکن لە زمان) بەواتا ساتی یەکسانبوون و پەرلێڵبوونی (نووسەر) بە (زمان) یاخود (نووسەر/ زمان)، چونکە دەتوانرێت لە رێگەی زماندا، زەمەنی رووداو سەرلەنوێ بخولقێندرێتەوە، ئەوکات هەوڵی ئەوە دەدات دووبارە زمان بەسەرجەم کەرەستە و رەهەندەکانی زەمەنی رووداو (رابردوو) ببەخشێتەوە، ئیدی ئەوکات دەتوانێ لەو زەمەنەدا (رابردوو) لەنێو زمانی ئەو زەمەنەدا دونیایەکی دیکە دونیایەکی خولقێنەر بسازێنێ و بەرهەم بهێنێتەوە، کە هەمیشە رایەڵ و زنجیرەی رووداوەکانی بخاتە سەر رووپێوی کاغەز و مەتنی تێکست.

ئیتر دوابەدوای ئەم پرۆسەیە زمانییە و گێڕانەوەی رووداوەکانی نێو زەمەنی دەقدا بۆ ئەوەی هەنگاوێکی دی روو لەدایکبوون و رزگاربوون لە ئەنفالکردنی توانای دەلالی دابێت، ئێمە وەکو لامان روونە کە هەمیشە رایەلەکانی گێڕانەوە وەك پیاوێکی فرەمانا هەمیشە بەشوێن جاویدانییەتی تێکستیدا وێڵ و سەرگەردانە و مانا بەئاستەکان دەبەخشێ و دەق دووبارە دەنووسێتەوە، ئەوکاتە وەك (بارت) روئیای وایە و وای بۆ دەچێت کە ((خود/ زمان)) ئیدی هەردووکیان بەرەو کرانەوەیەك هەنگاو دەنێن و لەنێو هەناوی نووسیندا ئازاد دەبن.

دەتوانین بەواتایەکی دی بڵێین: میکانیزمییەتی (دەق/ نووسین) هەمیشە لەرێگەی رایەڵەکانی گێڕانەوەی رووداوەکان دەیەوێ جوگرافیای (جەستە/ خود) رزگاربکات، خۆی لەخۆیدا ئەم رزگاربوونەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم توانا زمانییەکان.



ئەوکاتە دەشێ گێڕانەوە ئاستی کارکردنێکی فراوان بکات و رایەڵەکانی خۆی رووەو شەپۆل و جوگرافیایەکی کراوە ئاراستە بکات، ئەویش کاتێ تاکەکان لە فاقی مردن رزگار دەکات بەرامبەر ئەم عەمەلیە لە لایەکی دیکەش زمانیش لەنێو هەناوی (نووسین/دەق) رزگاردەکات.

(شێرزاد حەسەن) لەم چیرۆکەیدا بەشوێن ئاستە دەلالییە جیاوازەکاندا حەوداڵە، بۆ ئەوەی پرۆسەی فرە تەئویلییەت بەرهەم بهێنێ، دەق رووەو ئەم پرۆسەیە ئاراستەدەکات، بۆ ئەوەی مەتنی دەقەکەی، خوێندنەوە و راڤەکردنی زۆر هەڵبگرێ، بۆ تاکە وشەیەك دەیان مانا هەڵبگرێ، بەواتە تێکست لە رێگەی زمانەوە نەشونما و گەشەدەکات، هەروەها بەشوێن ئەوەدا وێڵە کە دەیەوێ لەرێگەی ئەم رایەڵی گێڕانەوەیە، زەمەنێکی تازە بەرهەم بهێنێ و ئەکتەرەکانیش لەنێو تانوپۆیە ئالۆزەکانی واقیع رزگاربکات، کەچی تەمومژە پڕ وەهمەکەی واقیع هەر لە منداڵییەوە تاکەکانی ئیفلیج کردووە، بۆ ئەوەی لە توانایاندا نەبێ بیر لەڕاکردن و ئازادبوون بکەنەوە ((هێ خەڵکینە فریامکەون، دوو یاساولی چەتەول بەدەنگمەوە هاتن سەرلەنوێ منیان کێل کردەوە خستمیانەوە سەر چەرخەکە، بنۆرە بەنێو دڕك و داڵی زۆر وشکەوەبووی حەوشەی پشتەوەی بیمارستانەکە منیان هێنایەوە قاوشەکە)[٢٥].

لێرەدا ئەوەمان بۆ کەشفدەبێت کە هەموو تاکەکان ئیفلیجن و توانای راکردنیان نییە، بۆیە هەرچەندە زەمەنێکی نوێ لەنێو دەقدا بەرهەمبێت، ناتوانرێ مانایەکی تازە و جوگرافیایەکی کراوە سەرهەڵبدات، چونکە تاکەکان بەتایبەتی (پاڵەوان)ی چیرۆکەکە هەرچەندە ئامادەیی هەیە، لەنێو دەقدا، لە سەرتاسەری رایەڵی گێڕانەوەکان، کەچی تاسەر ئێسقان ئیفلیجە، کە کاتێ لەتەك دەنگی نووسەر دەست بە گێڕانەوەی دونیای خۆی و دونیای تاکەکانی دیکە دەکات، هەمیشە خودی ئەم پاڵەوانە لەسەرەتای دەقەکەدا تاکۆتایی دەقەکە بەو فلچە ئیفلیجبووەی، سەرجەم کاراکتەرەکان رەنگرێژ دەکات، نووسەر گێڕانەوەکانی بەکراوەیی بەجێ دەهێلێت بۆ ئەوەی بازنەی ئیفلیجییەتەکە بهێلێتەوە و ببێژێت: ئیفلیجبوونی کاراکتەرەکان ئیفلیجبوونێکی ئادەمییانەیە، پەیوەندی بەهەموو شوورە بڵندە کۆنکریتییەکانی دونیای (میتافیزیك) هەیە، واتا ئەوکاتە پرسیارەکان لە دیدگای فەنتازییانە دەگۆڕێ بۆ روئیایەکی یەزدانییانەی خوداوەندییانە ((جگە لە مێژووی دەرد و دەرمەکان هیچی دیکەمان نەدەزانی، دەشمانزانی یەکەمین دامەزرێنەری بیمارستانەکە کێ بووە، ئەو پیاوەی کە وێنەیەکی گەورەی لەهەر هەموو قاوشەکاندا بەدیوارەوە لەنێو چوارچێوەیەکی زێڕیندا هەڵواسرابوو، وێنەیەك لەو

وێنە کۆنانەی کە پڕە لە سام و ترس و هەیبەت.. تا هەنووکەش ماوە و سەرگەرمی دامەزراندنی دەیەها بیمارستانی دیکەیە))[٢٦].

((گریانی ئێمە کۆتایی نەدەهات، تەنها وەختێك کە خۆشبەخت دەبووین، ئەو وەختە بوو کە پیاوێکی کەڵەگەت و نوورانی دەهات، بەخۆ و بەجبەیەکی رەش و مێزەرێکی سپی و کتێبێك بەبن باڵییەوە، لەتاو بۆنی ناخۆشی قاوشەکان دەمامکی دەبەست بەدەنگێکی خنکاوەوە شەوانی پڕدەکردین لە خەونی خۆش، خەونی وا کە قەت حەزمان نەدەکرد لێی وەئاگابێین. بەڵێنی پێداین کە لەپاش مردن دەچنە شوێنێك ناوی بەهشتە لەوێدا نە شەل هەیە و نەکوێر، نەکەڕ هەیە و نەلاڵ))[٢٧].

تا کۆتایی دەقەکە ئەم گەمەیە بەردەوامدەبێت کە بەگەمەی مەرگ و گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکانی سیاسەت دەناسرێنەوە ((ئەو وەختەی لە هەموو گەمە بێزەوەرەکانیش بێزار بووین هەموو نەخۆشەکان کەوتنە سەر را و تەگبیر، بیریان لە گەمەیەکی دانسقە و دەگمەن دەکردەوە، گەمەیەك هەرهەموویان بەشداربن، گەمەیەك کە هەرهەموویان پێی بخافڵێن، گەمەیەکی نەعلەتی و ئەهریمەنانە، هەر یارییەك کە دەرد لە دلاّن دەربکات))[٢٨].

((گەمەیەکمان دۆزیوەتەوە کە رەنگە ئەویش هەر پووچبێ، بەڵام بێزارمان ناکات! هەر هەموو بە پەرۆشییەوە پرسیمان چییە؟ ئەویش بەفیزێکەوە وتی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان)[٢٩].

## (١١)

هەمیشە (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس بەو ستراتیژییەت و دیبلۆماسییەتە هونەرییە دەیەوێت لەنێو خەلایە و کولاّنەکانی زاکیرەی ئێمەدا رەسمی ئەو کاراکتەرە کارایانە بکێشێ، کارەکتەرێك بەدونیایەك راستە و پڕگاڵ و قەڵەمی مەعریفی، لەنێوفەزای جوگرافیای نووسین (خەون)دا لەبەردەم پرسیار و گومانە هەمیشە نەکراوەکان دەوەستێت، یاخود لەبەردەم دونیا و فەزایەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو، ئەویش دونیا و جوگرافیای (خود)ە. هەمیشە وەلاّمێکی راستەوخۆ و گونجاوی بۆ خودی مرۆڤ پێ نییە و لە توانایدا نییە سەرجەم گەمە ئاڵۆزەکانی زەمەن راڤە و شیتەڵ بکات، حەقیقەتە جوانەکانی وجود، مرۆڤ بخوێنێتەوە، ئەو مرۆڤەی کە هەمیشە لەتوانایدا هەیە دەستی هەبێ لە گۆڕینی مەدلولەکانی حەقیقەت، کە تائێستاکەش زاکیرەی ئێمەی تێدا بەندکراوە.



دەشێ حەقیقەت چەشنی ئەو سوڕەبیایە بازنەییە هەزار رەنگانە سەیر بکەین، کە کاتێك لە فەزای مرۆڤەکان، کاراکتەرەکان دەکەوێتە خوارەوە و پارچە پارچە و هەپرون بەهەپرون دەبێت، ئیدی هەر پارچەیەکی کەوتبێتە دەست یەکێك، کاراکتەرێك، هەر کاراکتەرێکیش پارچەیەك بەدەستییەوە هەڵدەگرێت و دەڵێت: ئەمە پارچە حەقیقەتەکەی حەقیقەتە، یەکێکی دی دەڵێت: نەخێر، ئەوەیە پارچە راستەقینە و حەقیقەتەکەی حەقیقەت.

ئا لێرەدا دەشێ بەم واتا و لەونییەتە بێژین: ئێمەی مەردووم کەوتووینەتە نێو دونیایەك ئاراستەی نادروست و نارێکی دیاردەکان، بەواتا ئەوکاتەش نە خەیاڵ، نە عەقڵ توانای نامێنێ، خۆشنوودییەك، حەقیقەتێکی دروست بە نەبوون ببەخشێ، باڵ بەمرۆڤە کاراکتەرە بێ باڵەکان ببەخشێ، بۆ ئەوی هیوایەك لەنێو دەستی پاڵەوانەکان بڕوێنێ و رۆحیان رووناك بکاتەوە و دیدگاکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، لێرەدا کاراکتەری کارا و ئەکتیڤەکان ئەو کاراکتەرە مرۆڤانەن، کە هەمیشە بەدونیایەك پرسیار و گومان رووبەڕووی سەرجەم دیوارە کۆنکریتییەکانی (ئایین، سیاسەت، کلتوور...) دەبێتەوە، تەنانەت پرسیار و گومان لەو فەزایە دەکات، کە بەفەزای داخراوەکان ناسراوە، هەروەك خودی مۆدێرنیتە کە روئیای وایە خود لەنێو بازنەیەکدا خولدەخواتەوە، بەڵکو زیاتر فیکر لەو حاڵە دەکاتەوە کە تیایدا دونیایەك پیاوی فرەڕەنگ دانیشتوون، بیر لە سەرجەم کۆمەڵگای مەردوومییەت دەکەنەوە و زۆر ئازادانە روئیاکانیان دەگۆڕنەوە، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە فرەفیکرە جیاوازانە پێویستە پرسیار لە دونیای ئەمرۆکەیان بکەن، کە تیادا مرۆڤیان وەك ئالەیەك خستۆتەگەڕ و کاری پێدەکەن، هەمیشە لەنێو دونیا واقیعە دیفاکتۆیەکاندا بەئاگابێین، ئەو (خود)انەی کە هەمیشە جانتاکانیان پڕە لەفیکر، فەلسەفە، زمان، سیستەم.

چەمك و موفرەداتی دونیای مۆدیرنیتە، هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکەن زەنگێك لەبیرکردنەوە بە گوێچکەی مرۆڤەکان بدات و لەنێو فەزای بەوەسیلەبوون و بەرۆبۆت بووندا بەئاگابێ و سەرجەم توانا هزری و جەستەیی و حیسییەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە و دووبارە بەرهەمیان بهێنێتەوە و مرۆڤێکی بیرکەرەوەیان لێ بەرهەم بهێنێ، مرۆڤێك بێت هەمیشە لەخزمەتی ئەو منداڵە حەیابەرەی ناوەوەیدابێت، ئەو منداڵەی کە هەموو پرسیارێك دەکات و گومانی لەسەرجەم سیستەمە کۆمەڵایەتی و مۆراڵییەکانی نێو کۆمەڵگادا هەیە، کە هەمیشە دەبن بە دیوار لەبەردەم توانا هزرییەکان، ئەگەربێت و ئەو منداڵە حەیابەرە بکوژێ، ئەوە ئیتر ناتوانێ

دیوارە کۆنکریتییەکان بشکێنێ و فەزایەکی کراوە ئامادەباش بکات، بۆ ئەوەی بەفۆرم و ستایلی ئازاد پرسیارەکانی (وجود/ ناوجود) لەناوەوەی خۆیدا نەکوژێ و قەتلوعام نەکات.

ئێمەی تاکی رۆژهەلاتی، تاکو ئێستاش پرسیارەکانمان، گومانە جوانەکانمان، زیندەبەچالدەکرێت و دەکوژرێ لەجیاتی ئەوەی ئەم پرسیار و گومانە پڕ لە وەهمانە وەلام بدرێتەوە بە فۆڕمێکی دی سکێچی مەعریفی و هونەری لێ بەرهەم بهێنرێت، سەرجەم ئەو سکێچە مەعریفی و هونەرییانە دەتوانرێت ببن بە بونیادێکی پتەو بۆ بەرهەمهێنانی مانای نوێ، وەلامی تازە، بەلکو بەپێچەوانەوە سەرجەم دامودەزگا ئیداری و حکومییەکان ((قوتابخانە، مزگەوت، خێزان)) بەردەوام ئەو سیکاردەن، هەمیشە ئامادە دەکرێت بۆ خەساندن و ئیفلیجکردنی تاکەکان.

ئەوەتا چیرۆکی ((گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان))ی (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس باسی ئەو خودییەی تاکەکان دەگێڕێتەوە، لەم چیرۆکەدا (شار) یاخود ئەم جوگرافیایەی کە گەلێك رایەلی شارنشینی و شارستانی تیا بەدیدەکرێت، یاخود پێویستە تیا بەدی بکرێ، دەبێت بەو جوگرافیایەی کە هەمیشە بۆنی دۆزەخ، وێرانبوونی خودی لێ هەلدەستێت، ئیتر بۆت نییە بیر لە راکردن لەو دۆزەخە بکەیتەوە، تەنانەت ئەگەر بتەوێ ئەو رایەلە وێرانبوونانە، ئیفلیجبوونانەی تاکەکان بنووسێتەوە، بە مانایەکی دی گەر تۆ بتەوێ باسی وێرانبوونی رۆح و جەستە وەك کائینێك بکەیت لەنێو کۆمەلگا، ئەوە دەشێ قەدەری مردن بەفریات بکەوێ ئەوکاتیش جەلادەکان دێن سەرجەم رایەلەکانی (نووسین/ دەق) دەخەنە نێو ماشێنێکی پڕ لە باروت و دەیتەقێنێتەوە و بەرەو ئیفلیجبوونی ئاراستە دەکەن ((خودایە هاوار... چەند شەیدای ئەوە بووم مێژووی ئەو بیمارستانە و نەخۆشخانەکانی بنووسمەوە، بکەومە دوای نرکە و نالەکان، هەناسە مردووەکان.. رستەکانم درێژن وەك شەوانی درێژی خەوزڕان.. شێتانە ژمارەی کۆکینی پیرەمێردێکم تۆماردەکرد ئەو وەختەی بۆ هەناسەیەك لە ئێمە و خودا دەپاڕایەوە... نەدەهات، زریکەی بێ ئامان و بێ شوماری ژن و کچە نامرادەکان، ژمارەی ژوانی بەپەلە و پچڕاوی ناو ئاودەستخانەکان، هەلاتنی ئەو نەخۆشانەی قەت نەدەگەیشتنە ئەودیوی شوورەی بلندی بیمارستان، دەمویست بیخەمە ناو دەفتەرەکەم، هەر هەموو رۆندکە رژاوەکان... حەژمەتی کچە تەنیاکان))[30]. ((بەرلەوەی رستەکەم تەواو بکەم پزیشکێك هات و دەفتەرەکەی رفاند))[31].



## (١٢)

(شێرزاد حەسەن) دەیەوێ ئەم حیکایەتەمان بۆ بگێڕێتەوە و بنووسێتەوە کە پڕیەتی لە وێرانەیی خودی، ئەو وێرانەییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتوورە سەقەتەی، کە هەمیشە پەنجەرەکانی فیکر و فەلسەفە و تەئویلکردنمان لەسەر دادەخات، دواجار (شێرزاد) لەتەك ئەم گێڕانەوەیەدا چارەسەر و دەرگایەکمان بۆ نادۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لەو زیندانە تاریکەی ناوەوەمان دەربچین، ئەوەتا (کافکا) باسی تەنیایی دەکات، تەنانەت (مارکیز)یش هەمان روئیای بۆ ئەم بابەتە ئەزەلییە هەیە، دەبێژێت: ((ئەمانە کێشەی ئەزەلین و کەس بۆی نییە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە))[32].

چونکە مەرگ سیزیف ئاسا هەلسوکەوت دەکات و لەنێو یەك بازنەدا دەسوڕێتەوە، ئەوکات (خود) بەرەو رایەلێکی داخراو دەڕوات. (شێرزاد حەسەن) هاوروئیا دەبێت لەگەل (کیرکیگۆر) کە روئیای وایە لەو سەردەمەدا تاکە فاکتەری گەندەلی و فەسادی و ئیفلیجی خودی بریتییە: لە سڕینەوەی کەسایەتی خودی مرۆڤ. (کیرکیگۆر) دەبێژێت: ((فەسادی بنەڕەتی و سەرەکی لە سەردەمی ئێمەدا پەیوەندی بە سڕینەوەی خود هەیە))[33].

لەبەر چەشنە ترسێك خودەکان ناوێرن ببن بەکەسایەتی خۆیان، ئالێرەدا خودەکان جوگرافیای خودان بچووکدەبێتەوە، (من)ی هەموو تاکەکان بەرامبەری (ئەو)ی هەموو کەسەکان فەشەلدەبێتەوە، هەرچەندە (شێرزاد حەسەن) دەیەوێت تاکەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات، کە هەمیشە بکەونە ویزەی دیوارە کۆنکریتییە مۆرالییەکان، کۆمەلایەتییەکان، بیانشکێنن، هەرچەندە پێویستی بەچەشنە وشیارییەك هەیە، بۆ ئەوەی لەم چەشنە وێرانییەیدا خودی خۆیان بپارێزن و لێی دەربچن، بەواتا مولکدارییەتیکردنی خودییەتی خۆیانە، وجودی خودی، چونکە وجود بریتییە لە وشیاریی هەلبژاردنی ئازاد، بێ ئەوەی مرۆڤ لەحالەتێکی پڕ لە شلەژان و ناوهاوسەنگیدا گوزەران بکات، دووچاری نەخۆشی و شلەژانی رۆحی جیاوازدەبێتەوە، ئەوکات دەتوانێ وەك مرۆڤێك مانا بەشتەکان بدات، ئەوکاتەی کە جۆرێك لە وشیاری خودی دەدۆزێتەوە و بەرهەمدێنێ.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١ ـ کلتوور و رێنساس/ ئومێد قەرەداغی/ ژیار/ ژمار: ٥ ، ل ٩١.

٢ ـ گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان/ نۆڤلێت/ شێرزاد حەسەن/ گۆڤاری رامان/ ژ: ٥٦، تشرینی دووەمی ٢٠٠١/ ل ١٩.

٣ ـ هـ. س. پ: ل ٢٠.

٤ـ هـ. س. پ: ل ٢٤.

٥ـ هـ. س. پ: ل ٢٦.

٦ـ چاوپێکەوتنێکی فیکری و ئەدەبی لەگەڵ شێرزاد حەسەن/ ئا: شوان ئەحمەد/ گۆڤاری رامان/ ژ: ٧١ مایسی ٢٠٠٢.

٧ـ گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان: ل ٣.

٨ ـ هـ. س. پ: ل ٢٣.

٩ ـ چاوپێکەوتنێکی فیکری و ئەدەبی لەگەڵ شێرزاد حەسەن.

١٠ ـ هـ. س. پ: ل.

١١ ـ روانێك بۆ کولتور، مرۆڤ و کۆمەڵگا/ ئەبوبەکر سەعید عەلی/ ژمارە (٥)/ ل ١٧.

١٢ ـ هـ. س. پ: ل ٢٤.

١٣ ـ گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان: ل ٢٢.

١٤ ـ روانینێك بۆ کلتوور و مرۆڤ و کۆمەڵگا/ ژیار، ژ (٥): ل ١٦.

١٥ ـ گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان: ل ٣٣.

١٦ـ هـ. س. پ: ل ٢٣.

١٧ ـ هـ. س. پ: ل ٤.

١٨ـ هـ. س. پ: ل.

١٩ـ هـ. س. پ: ل.

٢٠ـ هـ. س. پ: ل.

٢١ـ هـ. س. پ: ل.





٢٢ـ هـ. س. پ: ل.

٢٣ـ هـ. س. پ: ل.

٢٤ـ هـ. س. پ: ل.

٢٥ـ هـ. س. پ: ل.

٢٦ـ هـ. س. پ: ل.

٢٧ـ هـ. س. پ: ل.

٢٨ـ هـ. س. پ: ل.

٢٩ـ هـ. س. پ: ل.

٣٠ـ هـ. س. پ: ل.

٣١ـ هـ. س. پ: ل.

٣٢ ـ ئونترۆپۆلۆژیای خود و خودی کوردی/ محەمەد تەها حوسێن/ (رامان) ژ: ٧١ ،ل ٢١٢.

٣٣ـ کیرکیگۆر و فەلسەفەی خود/ رێبین رەسووڵ ئیسماعیل/ (نما)، ژ٦، ل ٢٣.

# میتامۆرفۆس

# لە نێوان (وەهم ـ واقیع)دا

## (١)

کردەی نووسین هەمیشە لەنێو روپێوی تەقسێکی ئەفسووناوی و فەنتازیایی فەزا رۆشن و والاّ لەلایەن سەهمە روئیابەخشەکانی خودی خەلقەندە دەخولقێنرێت و هەر لەنێو هەناوی ئەم پرۆسەیەشەوە سەرجەم رایەڵ و ژێیە ئاگاییە خودییەکانی خۆی دادەمەزرێنێ. هەمیشە روئیاکانی نووسەری ئاگا بە شوێن ئەو چرکە ساتانە عەودالّکە تیایدا بتوانێت سەرجەم کایە رووتەکان بەرەو بەرسڤبوونێکی مەعریفییانە بەرێت، تەبیعی ئەم پرۆسە بێ ئامانەش پێویستی بەچەشنە لێزانین و بوێرییەك هەیە، بۆ ئەوەی خودی خولقێنەر بتوانێت لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتێکی ئاگاییانەی مەعریفییانەی خودییدا سەرجەم روئیاکانی شۆڕکاتەوە بۆ نێو قووڵایی و منداڵدانییەتی سەرجەم کەینوونەکان، بۆئەوەی لەوێدا بەرەو نەشونما و نمایشکردنێکی تازە لەنێو دەقێکی زیندوودا بەرسڤە بکات.. ئێمە وەکو دەزانین و لامان روونە کە ساتێك پرۆسەی نووسین خودی خۆی نمایش دەکات بۆ ساتی بەرسڤبوونی دەقێك، ئیدی لەو چرکە ساتەیە دەستدەکات بەهەنگاو هەڵهێنان بۆ ئافراندنی دەقێك و لەدایکبوونی جەستەیەك.. دوابەدوای ئەم لەدایکبوونەش (لەدایکبوونی تێکست).. کردەیەکی دیکە خودی خۆی دەهێنێتە پێشەوە لەلایەن روئیاکانی تاکی خوێنەر خودی خۆی نمایش دەکات ئەویش (کردەی خوێندنەوە)یە، بەنیازی هەڵمژینی هەناسەکانی نێو هەناوی دەقەکەیە.

لێرەدا دەشێ پرۆسەی خوێندنەوەش چەشنێك بێت لەگرێدانەوەیەکی مەعریفییانە، ئاگاییانەی تاکی خوێنەر لەمیانەی روئیا گرتن لەنێو پانتایی جەستەی دەقەوە، هەمیشە خودی خولقێنەری دەق بەو مەرامە کار دەکات کە دەروازەیەك ڤالاّ بکات، بۆ ئەوەی هەمیشە جەستەی دەق بەفۆڕمێکی کراوە بخاتە بەر دیدگاکانی تاکی خوێنەر لەساتی خوێندنەوەدا بەشوێن مانا و دەلالەتی تر و جیاوازتر لەوەی کە خودی نووسەری دەقەکە لەنێو منداڵدانی



دەقدا رواندوویەتی، دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، بەواتە چەند دانە مەدلوول بدات بەتاکە دالێکی نێو جەستەی دەق ئەوە خۆی لەخۆیدا دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەم دەقە دەقێکی زیندووە و هەمیشە هەناسە وەردەگرێت و بەرەو نەشونماکردنێکی جاویدانی هەنگاو دەنێت، تەبیعی ئەم جۆرە مانا و دەلالەت بەخشینەی تاکی خوێنەر بە جەستەی دەق خۆی لەخۆیدا دەبێتە چەشنە بونیادنانەوەیەکی دیکەی دەق لەڕێگەی ستراتیژییەتی تەئویلییەتەوە.

هەمیشە خودی رەخنەگری ئاگا بە لەون و فۆڕمێکی شیاو روئیا دەگرێت لە جەستەی دەق و دەیخاتە نێو تانوپۆی پرۆسەی خویندنەوە و بەو مەرامەی کە جەستەی دەق بریتییە لە چەشنە فەزایەکی زمانەوانی سەربەخۆ، کەواتە دەتوانین بێژین: (دەق/ زمان) چەند بتوانێت بونیادی دەق خۆی لەنێو فەزا و رایەڵی زمانەوانی دا خودی خۆی تێر بکات و خۆی لەنێو ریشاڵەکانی زمان بڕوێنێت، ئەوە ئەوەندە دەق بەرەو لەونییەتێکی جاویدانی خۆی پەلکێش دەکات، لەساتی خوێندنەوەشدا خوێندنەوەکەی دەبێتە چەشنە خوێندنەوەیەکی فرە رەهەند و فرە مانا.

بێگومان خوێندنەوەی دەقی تازەگەر لەلایەن خودی روئیاگر هەمیشە پێویستی بە چەشنە مەعریفەیەکی ئاگایانە هەیە لە ساتی شۆڕبوونەوە بۆ نێو قووڵایی کایە زاتی و کایە دەرەکییەکان، ماهییەتی ئەم چەشنە شۆڕبوونەوەیەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە فۆڕمێك لە شکاندنی ئەو سکێچیەتەی کە بەدەووری جەستەی دەق رایەڵ کراوە، ئەوکاتیش دەتوانێت ئازادانە سەرجەم کۆد و دەمامکەکان بەڕووی مرۆڤەکان و واقیع هەڵماڵێت و تێکیان بشکێنێ، ئەم چەشنە شکاندنەی کۆدەکان خۆی لەخۆیدا دەبێتە چەشنە توانا و ئیرادەیەکی بالاّ بۆ روئیاکانی تاکی خوێنەر تابیگەیەنێت بە شوێنە نادیار و تاریکەکان و دیوی ئەودیوی واقیع (مێتا واقیع).

دەمانەوێ لێرەدا ئاماژەیەکی خێراش بەوە بکەین کە هەمیشە پانتایی جەستەی دەق دەبێتە سەنترالیزمی ململانێی نێوان جەستەی دەق و رەهەندەکانی خوێندنەوە، یاخود بەواتایەکی دیکە دەبێتە چەشنە ململانێیەك لەنێوان (دەسەڵاتی دەق/ دەسەڵاتی خوێندنەوە). تەبیعی ئەم چەشنە ململانێیەش دەروازەیەك ڤالاّ دەکات، تاکو دیالۆگ و دواندنێك بێتە خولقان. هەر تێکستێکیش چەند لەتوانای دا بێت دیالۆگ سازبدات و بێتە کایەوە، ئەوەندە رایەڵی پرسیار دەوروژێنێ و سەرجەم رووە نادیارەکانی دەقیش بەرەو راڤەکردنێکی پۆزەتیڤانە دەبات.

تەبیعی لەژێر ئەم ئاماژە خێرایەی سەرەوە سەبارەت بە هەردوو کردە (نووسین/ خوێندنەوە) کە وەك چەشنە دەروازەیەك وان، بۆ ئەوەی زیاتر هانمان بدات و رۆشناییەك بەدیدەمان ببەخشێت لەساتی رووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ سەرجەم کایەکان، لەلایەکی رێڕەوی کارکردنەکەشمان زیاتر ئاشنا دەبێت بەسەرجەم روئیاکانی خوێنەرانەوە، جا لێرە بە دواوە روودەکەینە جەستەی ئەو دەقەی کە دەمانەوێ بیخەینە تانوپۆی خوێندنەوە.

## (٢)

جەستەی رۆمان بەهۆی ئەو شکڵە جیوەیی و لاستیکییەی توانیویەتی بوار بۆ رۆماننووس بخولقێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئارەزووی خۆی کشان و داکشانی پێ بدات و لەنێو ئەم دەقەدا بتوانێت سەرجەم ئەزموونی رۆژانە و جیهانبینییەت و تێڕامانەکانی خودی خۆی تیایدا بڕوێنێت و بتوانێت جەستەی دەقەکە بخاتە نێو تەونیەتی تەکنیکێکی ئێستاتیکییانە و بتوانێت بەرگێکی سیحراوی و فەنتازیایی بە جەستەیا هەڵکێشێ و بەرەو تەلوینێکی قەوس و قوزاحی ئەفسووناوی بۆ روئیاکانی خوێنەرانی دیدەڕۆشن بگوازێتەوە.

جەستەی دەقی جاویدان و زیندوو هەمیشە خۆی لەخۆیدا چەشنە خسوسییەتێکی جیوەیی بەخودی خۆی هەڵدەگرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کردەی زوو بەرسڤەبوون رەتدەکاتەوە لەلایەن روئیاکانی تاکی خوێنەر، بە هیچ شێوەیەك خۆ بە دەستەوە نادات، بەڵکو هەمیشە راڤە و لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرێت. ئەم ئالۆزی و تێکچڕژاوییەی دەقیش وا لە خوێنەر دەکات کە هەڵگری چەندین رایەڵی مەعریفی و هزری و ئێستاتیکی بێت لە ساتی پرۆسەی خوێندنەوەکەی. ئەمەش خۆی لەخۆیدا وا دەکات روئیاکانی خوێنەر بارگاوی بێت بە چەندین وزەی مەعریفی، کە دەبێتە یارمەتیدەرێك لەساتی شۆڕبوونەوەی روئیایەکانی خوێنەر بۆ نێو ریشاڵییەتی دەلالەتە شاراوە و تاریکەکانی نێو فەزا و بونیادی دەق.

هەرچەندە هەڵکولینی دەمامکەکانی دەقیش خوێنەر تووشی چەشنە نائارامی و هیلاکییەك دەکات، بەڵام لە ساتی تەواو بوونی کارەکەی هەست بە چەشنە لەزەتێکی تایبەت دەکا لە میانەی بەرسڤەبوونی کایە رووت و شاراوەکانی نێو منداڵدانی دەقدا[1].

بێگومان دەقی تازە و مۆدێرن وەکو دەقە کۆن و سەرەتاییەکان نییە، کە لەونێك لە شەفافییەت و سادەیی بەخودی خۆیا هەڵگرێ. بە واتە بە چەشنە فۆرمێکی بەرتەسك سەرجەم رووداوە واقیعی و ریالیستییەکان فەراهەم بکات و بەس، بەڵکو دەقی روونـاهی بەخش و



تازەگەر خۆی بە چەشنە تەلوینێکی قەوس و قوزاحی و زمانێکی پڕ لە ئاماژەوە، دەلالەت و مانا بەخودی خۆیا هەڵدەگرێ و بە روئیایەکی کراوە و شموولی دوور لە تەمومژی کۆنکرێت بوون، هەمیشە سەهمە روئیاکانی لەسەرجەم مەبەست و خۆزگە خودییەکانی تاك و کۆمەڵگا دەگرێت، هەربۆیە خودی (نووسەر)ی دەقی جاویدان و زیندوو هەمیشە و هەموو سات بە دوای تەکنیکی جیاوازی مۆدێرن دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەژێر سایەی ئەو تەکنیکە جیاوازانە بە روئیایەکی کراوە و قووڵ مامەڵە لەگەڵ سەرجەم شێواز و چەمکەکانی وەك (تیمە/ بونیاد/ کۆد/ زمان/ گوتار/ فەزا/ دەسپێك.... تاد) و سەرجەم وێنە رەنگاوڕەنگەکانی کەسایەتییەکان بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دەقەی کە هەناسەی پێ دەدات و دەیخولقێنێ بە تەکنیکێکی مۆدێرن و بەرز راگیری بکات.

لەبەردەم سەرجەم ئەم شەپۆلە گۆڕانکارییانە کەبەسەر فەزا و تەکنیکەکانی دەقدا دێت، بەواتە دەبێت نووسەری دەقی مۆدێرن هەمیشە سەرجەم کایەکان بارگاوی بکات بە چەندین رایەڵی ئێستاتیکی و مەعریفی، بۆ ئەوەی خودی دەقەکە بەکراوەیی و فرە رەهەندی بەجێ بمێنێ، بۆ ئەوەی بەسانایی خۆی نەداتە بەر روئیاکانی تاکی خوێنەر.

ئەگەر بێت و روئیایەکی رۆشن بگرین سەبارەت بە گوتاری چیرۆك و دەقی رۆمان لەڕووی مەرجەعییەتی بابەت و شێواز و فۆڕمی نووسینەکانیان، دەبینین زیاتر پەیوەستبوونە بەسەرجەم رایەڵ و گرفتە (کۆمەڵایەتی/ ئابووری/ رامیاری/..)یەکان، بەڵام سەبارەت بەمەرجەعییەتی دەقە مۆدێرنەکانی ئێستا کە بەرچاو کەوتوون، دەبینین ئەو شکڵە هەندەسییە دوگمایەی بەزاندووە، کە جاران کەسایەتییەکان لەنێو سکێچێکی فەزا بەرتەسك بە جوولەی پەنجەکانی رۆماننووس لە جووڵەدا دەبوون و تووشی چەشنە دۆگماییەك ببوو، بەڵام ئەو دەقانەی ئێستا دەبینین بەفۆڕمێك لە کرانەوە خۆیمان پی دەناسێنێ، واتە سەرجەم چەمك و رووداو و کەسایەتییەکان بە چەشنە تەلوین و فۆڕمێکی هەمەڕەنگ خودی خۆی نمایش دەکات، بەواتە نابێتە ئەو ئاوێنە رووتەختەی کە هەمان رووداوە واقیعی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی رۆژانە وەك چەشنەمەرجەعییەتێکی دووبارە بەهەمان شکڵ و رووخسار تیشك بداتەوە، بەڵکو دەقی زیندوو ریشە داری ئەمێستاکە چەشنێکە لە شۆڕبوونەوە بۆ نێو قووڵایی سەرجەم کایە پڕ نهێنی و پڕ تەلیسمەکانی کە (زات) هەڵگریەتی، کە لەوێدا بە روئیا و روانینێکی فرە رەهەند و فرە رایەڵ لەو جیهانبینییەی کە هەیەتی روئیا دەنێرێت بۆ سەرجەم سیما تێکشکاوەکان و

ڕەنگ پەرتبووە ئیفلیج بووەکان و سەرجەم کێشە نامۆگەراییە جیهانییەکان و ئەو دەووروبەرەی کە خودی خۆی تیادا ڕوودەوە.

ئیدی لەنێو سەرجەم ئەو ژێیە تەمومژاوی و سیحراوییانەی کە سیمای خودی تاکەکانی گیرۆدە کردووە بە فۆڕم و شێوازە کۆنەکەی جاران، ئیدی ناتوانرێت ململانێ لەگەڵ ئەو واقیعە پڕ تەلیسم و غەرائیبەی ئێستاکە بکرێت، بەواتە ساتێك بازنەی زەمەن لە جوولەیەکی پڕ گۆڕانکاریدا دەسووڕێتەوە و ناوەستێت، ئەوە بە هاوفۆڕمی ئەو سوڕانەوە و نەوەستانە سەرجەم شت و کایەکانی دەوروبەریش تەنانەت سەرجەم ڕوئیاکانیش لەگۆڕانێکی دەیمومەیی ناوەستێت و بەرەو چەشنە میتامۆرفۆسییەك دەچێت، بەواتە ئەگەر بێت و ئاماژە و ڕوانینێك بەو شێوازەی نووسین و بابەتەکەی ئێستاکە لەڕووی مەرجەعییەتەوە بدەین، دەبینین بریتییە لە مەرجەعییەتێك کە هەڵگری چەشنە تەمومژ و سیحر و فەنتازیایەکە، بۆیە بەهیچ کلۆجێك خودی دەقنووس ناتوانێت هەر بەهەمان شێواز و تەکنیك و ڕایەڵ بێت، ئەو شکڵە جیوەیی و پڕ لە غەرائیبە بەرسڤە بکات، چونکە جاران سەرجەم دەقەکان ئەو شکلە قەوس و قوزاحیە جیوەییەی بەخودی خۆیان هەڵنەگرتبوو، بۆیە دەبێت خودی دەقنووس بە ڕوئیایەکی شەفاف و کراوە و بەمامەڵەیەکی تر و جیاوازتر دوور لە مامەڵە کردنەکانی پێشوو لەگەڵ سەرجەم کەرەسەکان بکات، بەڵکو دەبێت بە ڕوئیایەکی تازە و کراوە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم کایە پەراوێز کراو و کایەکانی ئەودیو زمان و ئەودیو واقیع (مێتا زمان/ مێتا واقیع) بکات و سوود لەسەرجەم بونیادەکانی زمانەوانی خولقاندنە تازەکانی شێواز و فۆڕمی تەکنیك و نهێنییە شاراوەکانی نێو ڕووداوەکان وەربگرێت.

ئەمەش دیسان پەیوەست دەبێت بە سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی هونەری تێکەڵکاری نێوان هەردوو جیهانبینییەت (واقیع/ فەنتازیا) و سەرجەم نیماد و میتۆلۆژیا و ڕموزە ئەفسانەییەکان، ئەمەش لەتەك خوێندنەوە و شۆڕبوونەوەیەکی شاولئاسایانەی قووڵ بۆ نێو سەرجەم دیاردە مەئلوفاتەکانی ژیان، هەروەها بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی (فرە دەنگی/ سیمیۆلۆژیا/ بونیادی گێڕانەوە.. تاد) ئەمانەش لەڕێگەی شکاندن و وەلانانی سەرجەم گێڕانەوە تەقلیدییەکان، کە هەمیشە گێڕانەوەکان لەنێو بازنە و سکێچییەتێکی دۆگما و پەنگخواردوودا دەخولێتەوە.

## (٣)



جەستەی (مێتامۆرفۆس) زیاتر لەو جەستە فرە ڕەنگە قەوس و قوزاحە دەچێت، کە زیاتر بەسوود وەرگرتن لەسەرجەم ڕەهەند و ژێیە تەکنیکەکانی فەنتازیا و ئەفسانە و زمانێکی شیعرییانەی ئاوێتە بە واقیعە ریاڵیستییەکانی ژیانی ڕۆژانە یاخود دەتوانین بەو جەستەیەی بیچوێنین کە هەمیشە بەو مەرامە کاردەکات، کە ڕاستەقینەیەك بە چەشنە هارمۆنییەتێکی ئاوێتە بەسیحر و ئەفسوون و فەنتازیا بە ڕوئیاکانی ئێمەی خوێنەر دەدات، کەهەمیشە سوننەتە باوە دۆگمە کۆمەڵاّیەتییەکان لێمانیان شاردۆتەوە کە دەبێژین (واقیعیەتێکی فەنتازیایی) بەواتە لە بری ئەوەی چەشنە ئازارێك، جا ئازاری (ئایدۆلۆژی/کلتووری/ سۆسیۆلۆژی/ خودی/..تاد) بێت، بەدیدگایەکی فەنتازیانە نمایش دەکات کە هەمیشە سەرجەم ئازارەکانیش لەدوا ساتدا بە چەشنە کوتلەیەك لەئازاری خودی خۆی دەخولقێنێ.

(دەشێ لەژێر ئەم ئاماژە پێدانەی سەرەوە سەبارەت بە دەقی (میتامۆرفۆس) بڵێین سەرەتا میتامورفوس لە ڕووی دەلالەتی ناونیشانەوە مەرج و توخمێکی سەرەکییە لەهەر نووسینێکدا، یاخود بە یەکێك لە جومگە ڕەئیسییەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی دادەنرێت، بۆیە دەمانەوێت ئاماژەیەکی خێرای پێ بدەین).

## (٤)

(مێتامورفۆس) ئەو ناونیشانە پڕ جوولە و پڕ لە ئیحایەیە کە سەرەتای هەموو دەسپێکردنەکانی دەقێکە، (سەلاح عومەر)ی ڕۆماننووس خولقێنەرییەتی. دەشێ بە تەنیا بەو دە پەیڤە هەمە ڕەنگە کە بەڕەنگێکی شینی ئاسمانی بەدوای یەکا هاتووە. ڕستەیەك.. دەقێکی بچووککراوەی پڕ لە ڕەنگ و پڕ لە کارەسات و تەقسی قەوس و قوزاحی پڕ لە ئیحا فۆڕمەڵە بکات، بێگومان بەرجەستەکردنی دەلالەتەکانی ئەم ناونیشانە دەشێ ڕۆڵێکی پڕ بایەخی هەبێت لە چۆنیەتی خوێندنەوەی سەراپای مەتنی دەقەکە، سەرجەم کایە لوغزاوییەکان. ناونیشان چەشنە سوڕەیایەکە کە ڕۆشنایی بەسەراپای بونیادی دەقەکە دەبەخشێت و تیشك پرژێنی دەقەکە دەکات، دەکرێ لەئەنجامی نزیککردنەوەی ڕایەڵە دەلالییەکانی ناونیشان و ڕایەڵە پڕ جوولە ئیحا بەخشەکانی بونیاد و مەتنی دەقەکە زیاتر دەقەکانمان بۆ ڕووناك بکاتەوە، چونکە بێگومان هەردوو جومگەکانی ناونیشان و مەتن وەك دوو بازنە و دووسکێچ یەکتری تەواو دەکەن و بەیەکەوە دەبن بەیاریدە بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوە و کەشفکردنی سەرجەم کایە دەلالی و کۆد و ڕمووزە ئەفسانەییەکان.

ئەگەر بێت و لە رووی ئاماژە دەلالییەکانەوە روئیا بگرین لە دەقە بچکۆلەکەی ناونیشانی (میتامورفۆس)، دەبینین چەشنە ناونیشانێکە خودی خۆی بە چەندین وەتەری دەلالی و مانابەخش پەرژین کردووە و بۆتە تاجێك بەسەر فەزای دەقەکە و رووناهییەکی شەپاڵ زێرینی بەسەر جەستەیدا دەپرژێنێ و دەبێتە کۆشکێك لە رووناهی، یاخود بریتییە لە (دەقێکی بچکۆلەی چڕ کراوەی پڕ لە ئیحا)[٢].

یاخود بە چەشنە هەیکەل و بونیادێکی چڕکراوەی زمانی دابنێین، کەبەو مەرامە پڕ ماهییەتە کاردەکات بە حوکمی ئەوەی کە ئاستی دەلالی و سیمانتیکی بەیان دەکات، یاخود بە چەشنە فۆڕم و لەونێکی دیکە لە وەزیفە لەنێو پرۆسەی دەقدا کاردەکات، کە ئەویش بریتییە لە وەزیفەیەکی هیرمینۆتیکی، ئەمەش وا دەکات بە فۆڕمێك لە ئیجباری سەرجەم روئیاکانمان سەبارەت بە ناونیشانی دەقەکە خێرا نەگوازینەوە، چونکە بێگومان جومگە و ماهییەتی ناونیشان چی لە جومگە و رەگەز و توخمەکانی دیکەی نێو تەکنیکە هونەرییەکانی نێو هەر دەقێك کەمتر نییە، بۆ نموونە دەشێ هەرسێ جومگە سەرەکییەکانی چەشنی (ناونیشان/ دەسپێك/ مەتن) بەیەکەوە لە فۆڕمی کوتلەیەکدا ببن بە چەشنە هارمۆنییەتێك بۆ ئەو ستراتیژییەتەی کە هەیکەلی دەقێك پڕ لە مانا و دەلالەت و تقوسی سیحری و.. تاد بونیاد دەنێت، هەروەها جگە لەو هارمۆنییەت و بەکوتلەبوونەی هەرسێ رەگەز و توخم، دەشێ هەڵبستین بەنمایشکردنی چەشنە وەزیفەیەکی دیکە کە ئەویش وەزیفەی بەیانکردنی ئێمە و مەغزای دەقەکە، بێت بۆ زیاتر ئاشنابوون و ناساندن و جیابوونەوەی لەناونیشان و ناسنامەی دەقێکی دیکە، هەربۆیە (دریدا) دەبێژێت: ((ناونیشان چراخانی جەستەی دەقە)) کە وەك چەشنە بلاژکتۆرێك سەرجەم درزەکانی نێو جەستەی دەقەکە رووناك دەکاتەوە.

ئەگەر بێت و رایەڵی دیدگاکانمان بگوازینەوە بۆ ئەو جەستە و دەقە تازە و فنتازی و پڕ لە جیهانبینییەکانی هاوشێوەی (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆفسکی و (کوێر)ی ساراماگۆ و (کاتژمێر بیست و پێنج)ی کونستانتان جێور جێو و (سەد ساڵ تەنیایی)ی مارکیز و (مەدام بۆڤاری)ی فلۆبێر و (دکتۆر ژیڤاگۆی) پاسترناك و (چاوەکانی)ی بزورگی عەلەویی و (کونەپەپۆی کوێر)ی سادقی هیدایەت و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیاری عەلی و (گەڕەکی داهۆڵەکانی)ی شێرزاد حەسەن و (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەراج و (چناری شیری) جەبار جەماڵ غەریب و زۆر ناونیشانی دەقی دیکەمان هەن کە ئێستا هەر ئەم ناونیشانانەم لەیادن، لەڕووی بابی چەمك و



دەلالەتی ناونیشان دەبینین ناونیشانی سەرجەم ئەو دەقە پڕ لەداهێنانکارانە وابەستەیەکی گرنگیان لە تەك رایەڵ و مەتنی دەقەکانیان دا هەیە، بەواتە بەسەهمێکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێت رووناهییەکی شابالزێڕین دەپرژێننە سەر روپێوی مەتنی دەقەکانیان، بەها و فۆڕمی ئەم ناونیشانە قەوس و قوزاحییە پڕ لەئیحا بەخشانەی سەرەوە کە ناومان بردن.

(میتامۆرفۆس)یش بەهاوهارمۆنییای ئەمانە توانیویەتی هارمۆنییەتێکی پڕ لە ئیحا بەخش لەگەڵ مەتنی دەقەکە بونیاد بنێت. زۆر جار بەتایبەت لە دەقە تازە و مۆدێڕنەکاندا دەبینین ناونیشان وەزیفەیەکی دیکە وەردەگرێت کە دەبێت بە هاوفۆڕمی سەنتەرێکی پرشنگدار بۆ ئەوەی رووناهییەکی تەواو و گشتگیر بخاتە سەر پانتایی و فەزای دەق و سەرجەم پەیڤە رەنگاڵییەکان و لەهەناسە برکێ رزگاریان بکات، هەر بۆیە دەبێت نووسەر زۆر بەئاگایانە بتوانێت بەدوای ناونیشانێ بگەرێت و بۆ جەستەی دەقەکەی هەڵبژێرێت، کە پڕ بێت لەدەلالەت و ئیحا بەخشی و فۆڕمەلەی بکات و لەتەك چنینەوەی دەقەکە گونجاو بێت، هەندێ جاریش جومگەی ناونیشانی هەر دەقێك وەزیفەیەکی گونجاو و لەبار دەگرێتەبەر، ئەویش وەزیفەی تیمە و مەغزای دەقەکە رۆشن دەکاتەوە و نزیك دەبێتەوە، چونکە هەندێك دەق هەن کورتکراوە و چرکراوەی مەتن و تیمەی دەقەکانن، هەروەك لای ئەم رۆماننووسە بلیمەتانەش دیارە بۆ نموونە (مەسخ)ی کافکا، (مێش)ی سارتەر، (تاعون)ی کامۆ...تاد، بێگومان زۆر جاریش هەیە جومگەی ناونیشان خودی خۆی دەترازێنێت لە تیمە و مەغزای دەقەکە و دوور دەکەوێتەوە لە مەتن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بێ مەرام و مەبەست نییە، چونکە لە پاڵ ئەم مەبەستە مەبەستێکی دیکەی نووسەری دەق خۆی حەشارداوە، ئەویش بریتییە لەو مەرامەی کە دەیەوێت بە فۆڕمێکی بازنەیی رایەڵی بکات و بەکراوەیی فۆڕمەڵەی بکات، هەروەك لای (ئیتالۆ کالڤینۆ) و (ئیکۆ) دەبیندرێت، ئەمەش بەو مەبەستەی تاکو زیاتر تەشویق بە سەرجەم رایەڵ و ژێیە مەعریفی و هزری و ستاتیکییەکانی نێو جەستەی دەق بدات، بێگومان ئەمەش هەر لە سەرەتای خوێندنەوەدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ رووبەڕووی روئیاکانی خوێنەر دەبێتەوە و هەڵوەستەیەکی پێ دەکات و تووشی چەشنە وەستانێکی دەکات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەش جۆرە تەززەوقێك بەخوێنەر دەدات لە هەڵبژاردنی ئەم جومگەیە.

(ناونیشان) کە دەبێتە هۆی بەرینکردنی مەداری دەق، ئەمەش مەجاڵ زیاتر دەرەخسێنێ بۆ زیاتر فرە خوێندنەوەیی و فرە تەئویلییەتەوە. بێگومان ماهییەتی جومگە و کایەی ناونیشان لەڕووی رایەڵی دەلالییەوە گەلێك وەزیفەی ئێستاتیکی و هونەری فرە چەشنی هەیە

لەنێو پانتای هەر دەقێکدا، جگە لـەو چەشـنە ناونیـشانەی کـە لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێدا، والێرەدا چەشنێکی دیکەش دەبینین کەبەشـێوازی زنجیرەیـی و پارچـە پارچـەیی یـاخود دەشـێ بەتێکشکاوی خودی خۆی لەلایەن دەقنووسەوە فۆڕمەڵە بکرێت، هـەربۆ نموونـە ئەگـەر روئیـا بگرین لەناونیشانی رۆمانەکانی (هیرمان هیسە) دەبینین (هیسە)ی داهێنـەر زۆر بایـەخی بـەو جومگەیە داوە، جاری واهەیە جگە لەناونیشانی رەئیسی کەوەك کوتلەیەکی پتەو خـۆی بـەیان دەکات، دوابەدوای ئەویش کۆمەڵە کوتلەیەکی بچووکی پارچەپارچەیی دەبینین، تاوەکو دەقەکە تەقتیح بکەن، هەمیشە سەرجەم ئەم ناونیشانە پارچە و پارچە فەرعییانـەش لـەپاڵ ناونیـشانە سەرەکییەکە دەخولێنەوە بۆ زیاتر مانـا بەخـشین و کامـڵ کردنـی ناونیـشانە سـەرەکییە کـە بەهەموویانەوە چەندین وەزیفە و کایەی دەلالی و رەمزی دەخەنـە بـەر دیـدە، ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا دەبێتە چەشنە موگناتیسییەتێك بۆزیـاتر پـەلکێش کردنـی سـەرجەم رایەڵـە روئیـا زەینییەکانی تاکی خوێنەر.

لێرەدا ئەگەر بێت و رایەلی روئیا ئاگاییەکانمان ئاراستەی دەقـی (مێتـامۆرفۆس)ەکـەی (سەلاح عومـەر)ی دەقنووسـیش بکـەین، هـاوفۆرم و هاولەونییـەتی (هیرمـان هیـسـە)ی رۆماننووس لە رووی داڕشتنی شـکلییەتی ناونیـشان لەسـاتی بونیادنـان دا زۆر بـە وردی و تەکنیکێکی هونەری و ئێستاتیکییانە، توانیویەتی سەرجەم لەونییەتەکانی ناونیشان تـەنزیر بکـات. سـەرەتای رۆمانەکـە بـە ناونیـشانێکی قـەوس و قـوزاحی تەلیـسماوی بـەناوی (مێتامۆرفۆس)دا، بەیانکردووە کە وەکو جومگەیەکی سەرەکی خودی خۆی نمـایش دەکـات، دواتر مـەتنی دەقەکـەی پارچـە پارچـە کـردووە، هـەر پارچـەیەکیش لـەژێر ناونیـشانێکی ئەفـسوناویتر و رەنگالـەتر خـودی خۆیـان بـەڕێوە دەبـەن، لـە هـەمان کاتیـشدا دەبنـە یارمەتیدەرێك بۆ تەواوکردن و زیاتر رەنگالەتر کردنی ناونیشانە رەئیسییەکە، بێگومان دەبێن لەوەی کە دەقنووس زۆر بەوردی و ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ کەرەستەی ناونیـشان کـردووە و حەقیقەتی ئەم ترسەش دەشێ بەنموونەیەك روونی بکەینـەوە[٣]. دەشـێ خـودی ئـەم چەشـنە گۆڕانکارییە جوانتر لەم هێلکارییەی خوارەوە دەرکەوێت:






خودی گۆڕینی ئـەم ناونیـشانەش خـۆی لەخۆیـدا توانیویـەتی ناونیـشانەکان رەنگالـەتر و سیحراوی تر بکات لەبەردەم روئیاکانی خوێنەران، وا لەخوێنەرانیش بکات کەبەترسەوە مامەڵە لەگەڵ کەرەسە و ناونیشانەکانی نێو جەستەی دەقەکەی بکەین، هەروەها توانیویـەتی سـەرجەم هەناوی ناونیشان پڕبکات لە دەلالەت و رەمزی ئەفسانەیی هـەتا دەقەکـەی لـەژێر پارچـە و هەفت ناونیشان داڕشتووە، ئەمەش خۆی لەخۆیـدا بـەرەو رایەڵـەکانی ئەفسانەمان پـەلکێش دەکات، چونکە ژمارە (٧) حەفت، زیاتر بەژمارەیەکی ئەفسوناوی و فـەنتازیایی خـودی خـۆی تەلوین دەکات، لەبەردەم روئیا جیاوازاکانی خوێنەرانەوە چەندین مەدلوول وەردەگرێت، دەتوانین ناونیشانە رەئیسەکە و هەر حەفت ناونیشانە فەرعییەکەش لـەنێو هێلکارییـەك چەشـنی ئـەم هێلکارییەی خوارەوە نمایش بکەین:




لەم هێڵكارییەی سەرەوە زیاتر بۆمان روون دەبێتەوە کەسەرجەم ناونیشانە فەرعییەکان لەخزمەتی ناونیشانە سەرەکییەکەدان، بۆ ئەوەی سەرجەم ناونیشانە لاوەکییەکان بتوانن دەلالەتێکی کراوە بەناونیشانە سەرەکییەکە بدەن، ئەمەش وادەکات خودی بونیادی دەقەکە بتوانێت مەوداکانی تەنها لەنێو بازنە و سکێچێکدا خولنەخواتەوە، بەڵکو بتوانێت مەوداکانی خۆی فراوانبکات دوور لەبەسکێچبووندا، ئەگەر بێت و لەرووی دەلالییەوەش روئیاکانمان ئاراستەی جەستەی (مێتامۆرفۆس) بکەین وەك ناونیشان کەوەك سەرەتایەك بەرسەهەمەکانی زەینمان دەکەوێت بەر لەخوێندنەوەی حەتمی دەقەکە، ئەو کات راستەوخۆ تووشی دووچەشنە سیماگۆڕ دەبین بەواتە (ئاسوودەیی/ نا ئاسوودەیی) لەساتی خوێندنەوەی ناونیشانی دەقەکە سەرەتا کە رووبەڕووی چەشنێك لە ئاسوودەیی و خۆشنودی دەبین و لەززەتێکی تەواوی لێ وەردەگرین، ئەویش بەو لەون و واتایەی کە کردەی (مەسخ بوون) یاخود (مێتامۆرفۆس بوون) بەچەشنە دەلالەتێکی پڕ جوولە و بزاوت، گۆڕان لەفۆڕم و هەیکەلی روودەدات، بەواتە لەچەشنە میکانیزمییەتێکی جوولەدار دایە بۆ گۆڕینی فۆڕمەکان، بەواتە کردەی (گۆڕان) لەفۆڕمەکان



بونیاد دەنێت، بێگومان کردەی گۆڕانیش خۆی لەخۆیدا هەنگاونانە بۆ دۆزینەوە، دۆزینەوەی فۆڕمێکی تر و جەستەیەکی دیکە و دونیایەکی دی.. یاخود بەلەون و واتایەکی دیکە گوایە کەدەڵێت: ((ئەو شکلە هەندەسییەی کەبۆتە فۆڕمی مرۆڤەکان، ئەمە خۆی لەخۆیدا شکلە راستەقینەکانی مرۆڤەکان نین، بەڵکو شکلە راستەقینە و سەرەکییەکانیان لەنێو خودی مرۆڤەکان خۆیان شاردۆتەوە))[٤].

ئیتر چەند گۆڕان لە فۆڕم روودەدات، ئەوە ئەوەندە هەنگاونانە بەرەو نزیك بوونەوە لە شکڵ و فۆڕمە راستەقینەکەی مرۆڤ، بەڵام لایەنە نا ئاسوودەکەی ئەم چەشنە ناونیشانە، ئەوەیە کە ئەم ناونیشانە بە شکلێکی دیکە خودی خۆی بەیان دەکات، ئەویش بەوەی کەچەشنێك لە ساختەیی فۆڕمی مەسخ بوونی مرۆڤەکان بەیان دەکات، جاری وا هەیە لەم چەشنە مەسخ بوونەدا رووبەڕووی تراژیدیایەکی ترسناك دەکرێینەوە، ئەویش بەوەی کەهەندێك جار لە ساتی گۆڕینی فۆڕەکان تووشی چەشنە سلبیاتێك دەبینەوە، کە هەروەك چۆن رووبەڕووی (گریگۆر سامسا)ی پاڵەوانی دەقی (مەسخ)ی (کافکا) بۆوە، کە چۆن لەترسان دەبێت بە حەشەرەیەکی زەبەلاحی دەعبایی، تاوای لێدەکات لە کۆتاییدا ئەم چەشنە ترس و فۆبیایە خودی پاڵەوان دەتۆقێنێ و بەرەو کەنارەکانی مەرگی دەبات، زیاتر لێرەدا دەشێ جەستەی (مێتامۆرفۆس) لە رووی رایەڵەکانی ناونیشانەوە، دواتریش لە رووی ئاماژەی دەلالییەوە دەشێ بەدوو دیو و دوو جیهانبینییەت خودی خۆی نمایش بکات و فیگەری دوو فۆڕمی مرۆڤی مەسخ بوو بکێشێ و بە لەونییەتێکی قەوس و قوزاحی و جیوەیی وێنەی فۆڕمە مەسخ بووەکان بگرێ، دەشێ ئەوانیش بە دووسکێچ وەك:

- یەکەمیان: رەسمی فۆڕمە راستەقینە و سەرەکییەکانی نێو خودی مرۆڤ.
- دووەمیان رەسمی فۆڕمە ساختە و پەراوێزە مەسخبووەکانی مرۆڤ.

ئەم هەموو چەشنە مەسخبوونەی کە لەرۆمانی (مێتامۆرفۆس)دا هەیە و روودەدات، زیاتر بەو هیوا و مەبەستەیە، کە چەشنە ڤالاییەك بە تێکستەکە بدات، و خودی گێڕەرەوە درێژە بەداوی گێڕانەوەکەی بدات و درێژی بکاتەوە، هەروەها پاڵەوانەکانی ئازاد بکات لە هەر چەشنە گێڕانەوەیەکیش.. هەرچەندە ئەم چەشنە مەسخبوونەی مرۆڤەکان، هەروەکو لە پێشوشدا ئاماژەیەکی خێرامان پێدا، ڤالاییەك بە جەستەی دەقەکە دەبەخشێت لە تەك بەخشینی چەشنە ئاسوودەییەك بەرایەڵی زەینەکان.

هەرچەندە چەشنە ترس و فۆبیایەکیش لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە تاکی خوێنەر لە ساتی مامەڵەکردن و خوێندنەوەی دەقەکە هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵێکی

ئاگایییانە و ورياگەراييیانە ئاوڕ لەو ديو (فۆڕمەكان/ پەيڤەكان) دەداتەوە، چونكە پرۆسەی مەسخبوون لەنێو تان و پۆی ئەم دەقەدا داروبەردی گرتۆتەوە وەك (مرۆڤ، گورگ، قەلەڕەش، سەگ، پشيلە، دار، خۆڵەمێش، ئاو، گەردەلوول، گەڵاّ.. تاد) هەروەك دەڵێت: ((گاه هەڵدەستێ و گاه دادەنيشێ.. دەقيژێنێ.. دەلوورێنێ.. دەقيغێنێ.. دەحەپێ.. دەمياوێنێ، دەبێ بەهەموو ئەوانە وەك ئەوان هەڵسوكەوت دەكا. هەندی جاريش دەبێ بە لقەدارێك وشك دەبێ و دەسووتێ..ئينجا دەبێ بەخۆڵەمێش.. ئەوكاتەی دەشبێ بە ئاو..))(٥).

كەواتە لێرەدا دەقنووس توانيويەتی كردەی مەسخبوون بخاتە نێو هەناوی هەر چوار ڕەگەز و چين (نێر/ مێ/ دوولایەن/ بێلايەن). سەرجەم ئەم كردە هاوگۆڕانانە و مەسخبوانەی كە فۆڕمەكان تێی دەكەون هەمووی بۆ ئەوەيە كە مرۆڤەكان دەرك بە فۆڕمە ڕاستەقينەكانيان بكەن و بگەڕێنەوە بۆ سەر فۆڕمە ڕاستەقينەكانيان، بە واتە لەميانەی مەزراندن و نمايشكردنی سەرجەم مەسخە ساختەبووەكان، دەيەوێت بگات بە ديوی ئەوديوی فۆڕمە ڕەنگالّەييەكان و فۆڕمە ڕاستەقينەكانيش بەرجەستە بكات.

## (٥)

بێگومان وەكو لامان روون و ئاشكرايە دوا بە دوای ڕەگەز و توخمی ناونيشان ڕەگەز و توخم و كايەيەكی پڕ دەلاليتر خودی خۆی دەهێنێتە نێو دونيای كايە و ڕەگەزە هونەرييەكانيتر، كە ئەويش بەرايەڵ و ستوونييەتی (دەسپێك) ناوزەد كراوە، كە وانەيەكی پڕ ماهييەتە لە ڕووی وەزيفەی فەننی و ئێستاتيكی و ديناميكييەتی بونيادی دەقدا.

بەواتە لە تەك سەرجەم دانە و ڕەگەزە هونەرييەكانی تر بەشداری لە بونيادنانی دەق بكات. دوا بەدوای ڕەگەز و توخمی (ناونيشان) ڕەگەزی (دەسپێك) هەنگاو هەڵدێنێ و بەرەو پێشەوە خۆی ئاراستە دەكات و زياتر بەو مەبەستە كار دەكات كە نزيكايەتييەك لەتەك گێڕانەوەی ڕووداوەكانی دەق بكات و بەشداربێت.

سەرەتا خودی دەقنووس لەنێو ڕايەڵە زەينييەكانی خۆيدا خەلايەێك بونياد دەنێت. لەنێو خودی ئەم خەلايە و كرۆكەشدا بە شێوازێكی مێناتۆری پڕ لە ئيحا و جووڵە سەرجەم ڕايەڵەكان دەچنێ بە زمانێكی جاويدانی پڕ لە تەئويلييەت، بۆيە ڕەگەزی دەسپێك دەشێ چەشنی داينەمۆيەك سەرجەم كەرەسەكان و ڕايەڵی ڕووداوەكان لەنێومەودا و مەتنێكی بەرتەسك و چڕدا بخاتە گەڕ و نمايش بكات، هەروەها ئيحا بە فۆڕم و پەيڤەكانيش ببەخشێت، ئەمەش بۆ



ئەوەی بتوانێ بونيادی دەق هەر لەسەرەتای كارەكەيدا بە بونيادێكی پوخت و جوان دابمەزرێنێ، هەر بۆيە بەداوی ڕەگەزی ناونيشان هونەری دەسپێك دەبێتە ئەو چەشنە ميكانيزمييەتە كە سەرجەم كەرەسە و دالە پڕ لە ئيحا خەستكراوەكان لەنێو مەدارێكی بەرتەسكدا بخاتە جووڵە و بەرەو ڕووگەكانی مەتن ئاراستە بكات. بەواتە لەونێكی تر لەمەودايەكی بەرتەسك و چڕ بەرەو فەزايەكی بەرفرە و كراوە ئاراستەيان بكات، هەر بۆيە ئەم توخمە يەكێكە لەو توخم و ڕەگەز و ڕايەلاّنەی كە خودی دەقنووس گرنگی پێدەدا ئەوەيە، كە دەشێ بە ستوونێكی كارا دابنرێت لەتەواوكردنی بونيادنانی دەقێكی ئەدەبيدا، دەشێ ئەم توخمە يارمەتيدەربێت بۆ ئاشكراكردن و نزيك خستنەوەی ڕايەڵی ڕوئياكانی منی خوێنەر بۆ نێو هەناوی دەق، ياخود ئاشكراكردنی ڕووگەيەك لە ڕووگەكانی ديكەی دەق، تەبيعی ئەم ئاشكراكردنەش يارمەتيدەرە بۆ ڤالاّيی خستنە سەر ئەو كۆدانەی كە خۆيان ڕواندووە، لە ساتی شۆڕبوونەوە، بۆ نێو هەناوی دەق.

سەرەتا خاوەن هەردەقنووسێك خەلايەك لەزەينييەتی خۆی دا دەچنێ بەشێوازێكی ئێستاتيكی و هونەری، هێدی هێدی نەشونما بەو خەلايە دەدات تاوای لێدێت گەشە دەكات و دەبێت بە پارچە و جەستەيەكی تەواو، جا پێويستە خودی دەقنووس سەرەتا بەشێوازێكی مێناتۆری جوان و ورد لەنێو هەناوی ئەم تاكە خەلايەدا كاربكات، تالەكۆتاييدا ببێت بەبناغەيەكی كۆنكرێت بۆ دامەزراندن و بونيادنانی جەستە و دەقێكی كامل هەروەك (ياسين نەسير) دەبێژێت ((ئەگەر هات و دەسپێك جوان نەشونما بكات، ئەوە ئەوكات بەجوانيش جەستەی ئەم دەقە نەشونما دەكات، بەواتە كاتێ هەر شتێ لەهەناوی دەقدا ڕوودەدا ئەوەش دەشێ ناوكێكی لەدەسپێكدا هەبێ.))(٦)

بۆيە دەشێ لێرەدا زياد لەپێويست بايەخ بەهونەری دەسپێك بدەين و ئاگايانە لێی وردبينەوە بۆ ئەوەی بەرسڤەی ڕووگەيەك لەڕووگاكانی دەق بكەين و تەشريحی ئەم ڕووگەيەش بێشك هاندەر و نزيك خستنە بۆ ڕاڤەكردنی ڕووگەكانی تريش، چونكە خوێندنەوەی دەسپێكی هەر دەقێك زياتر ڕۆشنايی دەخاتە سەر بينا و مەتنی دەقەكە، چونكە وەكو دەزانين دەسپێك خەستكراوەی سەرجەم ڕايڵە ئێستاتيكی مەعريفی و هزرييەكانی دەقێكە لەمەودايەكی بچووكدا ياخو وێنايی بچووككراوەی دەقێكە بۆيە سەرجەم پەيڤەكانی نێو دەسپێك زۆر بەچالاكانە و پڕ جووڵە و بزاڤ كار دەكات، هاوكات هەمووشيان بارگراوی كراون لەنێو كاسە و ستراتيژييەتی هيرمنێوتيكاوە.

ئەم هونەرە لەڕووی وەزيفەوە زياتر ماهييەت و ئەكتيڤييەتی خۆی دەردەخات، چونكە ساتێك خودی دەقنووس گرنگی بەدەسپێك دەدات و ئەومەودا بەرتەسكە بەپەيڤی ڕەنگالّەيی و

سیحراوی دەچنێ و تەقسێکی وای بۆ بونیاد دەنێت کەڕایەڵی ڕوئیایەکانی تاکی خوێنەر پەڵکێش دەکات و بۆلای خۆی نزیك دەکاتەوە، هەروەها دەشێ بەکورتترین رستە مەتنی دەقەکە بەئاشکرایی بەیان بکات، ئەم ڕەگەزە لەدەقە کۆنەکانیش جێی بایەخدان بووە، بەلاّم لە دەقە نوێیەکاندا ئەم ڕەگەزە زیاتر بایەخی پێدراوە لەڕووی تەکنیکییەوە وەك یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی دەق، هەروەها لای ڕەخنەگرانیش ماهییەتی خۆی بەیان کردووە، بەواتا ئەم هونەرە لەدەقی نوێدا بەسیما و فۆرم و لەونێکی قەوس و قوزاحی هاتۆتە کایەوە. هونەری دەسپێك لەدەقی درێژ (ڕۆمان)دا دەشێ بە پەڕەگراف، پارچەیەك، بەشێك، بەکار ببرێت.

دەشێ ئەم دەسپێکە پارچە پارچە بکرێت لەهەر بەشێکدا بە دەسپێکێك بکرێتەوە، بەواتە دەشێ لەهەرپارچەیەکدا دەسپێکێك هەبێ سەرجەم ئەم پارچە وردانەی دەسپێك بەو ماهییەتە دروستکراوە، تا لەکۆتاییدا هەموویان ببنە تەواوکەری دەسپێکە ئەسڵییەکە، ئەوەتا لەنێو دەقە نوێیەکانی ئەدەبی کوردیشدا بەتایبەتی لەوساڵانەی دواییدا ئەم هونەرە زیاتر بەڕوئیایەکی نوێ و کراوە داڕێژراوە و ڕەفتاری لەتەك کراوە هەروەك لای بیرمەندانی وەك (بەختیار عەلی، کاکە مەم بۆتانی، محەممەد موکری، عەبدوڵلا سەڕاج، شێرزاد حەسەن..)

جا لە میانەی ئەم ئاماژە خێراییەی سەرەوە دەشێ ئاوڕێك لەهونەری دەسپێك لەدەقی (میتامۆرفۆس)ەکەی (سەلاح عومەر)ی دەقنووس بدەینەوە، کەی دەقنووس توانییەتی زۆر زیرەکانە و ئاگایانە ڕەفتار لەگەڵ ئەم هونەرە بکات، بۆیە لەسەرجەم دەقاکانیدا زۆر بەووردی و ئاگایانە چەشنە کارکردنێکی مێناتۆرییانە مامەڵە لەتەك وشە و ڕستە و پەڕەگرافەکانی دەسپێکەکەی کردووە، بەواتە سەرجەم پەیڤەکانی لەنێو کاسە مەرجاناوییەکانی ئێستاتیکا و سیحری زماندا بارگاوی بکات و سیحرێکی ڕەنگاڵەیی بەیەکە یەکەی پەیڤەکان بدات و بەفۆڕمێکی کراوەیی بەجێیان بهێڵێت، تەبیعی ئەمەش زیاتر بۆتە تەشویقکردنی سەرجەم ڕستەکانیەتی، هەروەها ئامرازێکە بۆ ڤالاێخستنە سەر گرێ چنەکان و نمادەکانی نێو دەقەکە، هەر بۆنموونە/ لەسەرەتای لاپەرە (٥) تا کۆتایی هەمان لاپەرە: ((کە گەیشتمە ناوەندی پردەکە)).. تاکو دەگاتە دوا پەیڤ ((بە بەهێزترین زەبریش کارم تێ ناکا))[٧].

دەشێ بێژین ئەم دەسپێکەی سەرەوە بەنێو ڕایەڵە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانی جەستەی دەقەکەمان ڕایەڵ دەکات و دەمانخاتە بەردەم چەندین ڕایەڵ و تەونی تێکچڕژاوی چێنراو، کەسەرجەم ڕوئیاکانمان لەودیدگا سیحراوییە تەمومژاوییە بۆ بەرجەستە دەبێت، کەزیاتر لەنێو تان و پۆیەکی (س/ ص) (س-/ ص-) وازی بەڕایەڵی دیدگاکانمان دەکات، بەواتا دەمانخاتە



بەردەم تان و پۆیەك کە لەڕوئیا و خەیاڵ و یادەوەر و خەونە مزرەکان، کە هەمیشە سەرجەم ڕوئیاکانی دەقنووس لەنێوان تان و پۆیەکی دوانەی چەشنی/ (وەهم/ واقیع)، (تاریك/ ڕوون)، (مەرگ/ زیندەگی)، (بیرەوەری/ خەون)... تاد/ وازی دەکات و هەمیشە لەسەفەرێکی ئەفسوناویدا، سەفەر بە ڕوئیاکانی دەکات، ئیتر بە وابەستە بوونی کردەی سەرجەم ئەم ڕایەڵە تان و پۆیانە و هەڵکوڵێنی شفرەکانی دەق و خوێندنەوەکی تەئویلییانەی ڕموزەکان..

دەشێ بگەین بە چەشنە کرانەوەیەك سەبارەت بەو هەموو گرێچن و مانا تاریکانەی کە خودی دەقنووس مەزراندوویەتی لەتەك سەراپای گێڕانەوەکانی خودی گێڕەوە، تا دواسات و هەناسەی گێرەوە هەیکەلی ڕووداو و بەسەرهاتی دەقەکەمان بۆ کەشف دەبێت، دەقنووس لەمیانەی ڕایەڵی ڕوئیا بەخشەکانی بۆ جیهانی بیرەوەرییەکانی سەرمەست دەبێت و هەنگاوێك لەڕووی مەعنەوییەتەوە بەرز دەبێتەوە، هەندێ جاریش خەیاڵەکانی پەروازە دەکات بۆ نێو تونێلەکانی مەرگەسات، بەواتە بەهۆی کەرەسەکانی خەیاڵ لەنێوان ڕایەڵەکانی (مەرگ/ ژین) لەنێو سەفەرێکی ئەفسوناوی خۆی دەبینێتەوە، ئەو مەرگ و ژینەی گاە گۆڕانی پێ دەچڕن و گاە دەیگرێینن: ((لەتوانام دانییە هاکەزایی بەتەکیاندا ڕابورم و بیریان لێ نەکەمەوە یا پشگوێیان بخەم، ئەو بیروەرییانەی گاە دەمگرێنن و گاە گۆرانیم پێ دەچڕن))[٨].

بە واتە خودی دەقنووس هەمیشە بەهۆی کەرەسەی خەیاڵ لەشەققەی باڵی سەفەر دەدات و هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابردووی دەهێنێتەوە بەر نێگاکانی، هەندێك جاریش لە میانەی سەفەرە ئەفسوناوییەکانی بۆ نێو جیهانی بیرەوەرییەکانی لەنێوان خۆشی و ناخۆشییەکان ڕادەوەستێت لەخالێکدا، ئیتر شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو قووڵایی تۆنێڵەکانی خودییەتی خۆی وەك دەبێژێت: ((یا بەدیوی ناوەوەی خۆم دا شۆڕببمەوە و هەستەکانم ئاڕاستەی یەك خاڵ بکەم. ئاگام لەدونیای دەرەوە نەمێنێ..))[٩].

لێرەدا لەمیانەی خوێندنەوەی دەسپێکی دەقی (میتامۆرفۆس) دەگەینە ئەوەی کە بێژین سەرجەم ڕوئیاکانی خودی دەقنووس لەنێوان تانوپۆیەك لەسەفەردایە، هەندێك جاریش لەخاڵێك ڕادەوەستێ و بەرەو ڕووگەیەکی دیکە سەفەر دەکات، بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنێکی دیکە تاکو لەوێدا هەموو ڕایەڵی خەونەکانی تیادا بڕوێنێ و هەناسەیەکی ئازادی دوور لەسەهمەکانی ئایدیۆلۆژیا و دەسەلاّتگەرایی هەڵبمژێت:




ئاڵێرەدا لەم هێلکارییەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە سەراپای هەیکەلی ئەم دەقە بریتییە لە چەندین سەفەری ئەفسوناوی و خەو و خەیاڵ و بیرەوەری تاڵ و شیرین..

## (٦)

دەشێ (گێڕانەوە) وەك هونەرێکی پڕ بزاڤ و خاوەن میکانیزم، لەرەیەکی زیندوو بە پانتایی بینای دەق ببەخشێ و خودی خۆی بۆ بونیادنانی جەستەیەکی جاویدانییانەی دەق بەیانبکات، سەرەڕای ئەم جاویدانییەت بەخشینەش بە سەراپای دەق دەبێتە هۆی چالاکییەکی پڕ بزاڤی نوێ، کەشانبەشانی سەرجەم رەگەزە هونەرییەکانی دیکە هەنگاو بەجەستەی دەق هەڵبهێنێ، ئەم رەگەزە هونەرییە زیاتر وەك میکانیزمییەتێکی ئەکتیڤی دەلالی لەنێو سکێچ و بازنە زەمەنییەکان خودی خۆی دەڕوێنێ.

دەقی نوێ زیاتر گرنگی بەچەشنە گێڕانەوەیەکی ئاسایی کە خودی دەقنووس بێت وەك تاکێکی هەقایەتخوان سەرجەم دیمەن و رووداوەکانی نێو پانتایی دەق بە چەشنە گێڕانەوەیەکی ساکار و سادە بگێڕێتەوە، بەڵکو خودی دەقنووس لەنێو دەقی مۆدێرندا لە رێگەی چەند رمووز و گێڕانەوەیەکی ئاڵۆز، سەرجەم دیمەن و رووداوەکان وا دادەڕێژێت کە جاری



وا هەیە پشت بە بەکاربردنی مۆتیڤی ئەفسانەیی و سیحری دەبەستێت لەساتی دەربڕین و وێنەکێشانی دیمەنەکان، کە بەزمانێکی رەمزئامێز و سیحراوی رووداوەکان دەگێڕێتەوە.

دەشێ لەنێو پانتایەکی دەقی نوێخواز باس لەڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژی یا مێژوویی یا تاکەکەسی بکات، بەلام بەمەرجێك خودی دەقنووس دەبێت زۆر ئاگایانە و وردبینانە و وەستایانە مامەلە لەتەك سەرجەم پەیڤەکان دا بکات و بەشێوازێکی مێناتۆرییانەی هونەرییانە و هارمۆنییانە، دێت رۆئیای ئێستاتیکی دەبەخشێ بە بونیادی دەقەکە، ئەوسا دەشێ ئێستاتیکییەتی دەقەکە سەراپای رووداوەکە بخاتە نێو قالبێکی دەربڕینخوازی هونەرییانە، بەواتە ئەوەندە رووداوەکە بخاتە نێو هارمۆنییایەکی کراوە کە هەندێ جار تاکی خوێنەر ئەگەر بێت و زۆر وردبین نەبێت، ئەوە زۆر مومکینە بگات بە سەرجەم مۆتیڤە هونەرییەکان، کە هەمیشە رووداوێك لە هەناویدا حەشار دراوە، چونکە دەقی نوێ نایەت راستەوخۆ کار لەنێو رووداوێکی واقیعی بکات، بەڵکو چەشنێك لەتاریکی و رۆشنایی پێ دەبەخشێ، بەواتە سەراپای رووداوەکە لەگەڵ رایەڵەکانی فەنتازیا موتوربە دەکا، ئا لەوکاتەشدا سەرجەم رایەڵی رووداوەکان چەشنی سێبەرێك ئاراستە و لەونییەتی خۆی دەگۆڕێت.

ئەوکات رۆئیاکانی خوێنەری زرنگ و هۆشیار دەشێ لە تەنها دالێکدا چەندین مەدلوول بەرجەستە بکات، بەرجەستە بوونی ئەم فرە مەدلوولییەتە دەشێ لەنێو هەناوی مانا شاراوەکانی نێو مەودای دەقەکە بەرجەستە بێت، جا بە ئەفسانەکردنی هەر رووداوێك (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، تاکە کەسی.. تاد) لەلای خودی دەقنووس دەبێت لەنێو زمانێکی شیعرئامێز لەتەکان و گەمەیەکی ئێستاتیکییانەدا وازی بکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەشنە جەمالییەتێك بەسەراپای دەقەکە دەدات. هەروەك لای کۆمەڵێك دەقنووسی ئاگامەند دەبینرێت وەك: (مارکیز، جۆیس، بەرەکات، جولیا کرستیڤا..تاد).. ئیتر لەنێو دەقێکی فرە رەهەند دا رۆئیاکانی تاکی خوێنەر ناتوانێت تەنها لە زەوایەیەکی دەقەکە بڕوانێ و تاك زەوایەیەك بۆ خۆی بونیاد بنێت.

بەڵکو دەشێ لە چەندین زەوایەوە هەنگاو بنێت بۆ نێو رووپێوی دەقەکە، جاری وا هەیە دەهالیزەکانی دەقەکە ئەوەندە فرە رێگا و بەمەودان کە تاکی خوێنەر هەرگیز بە رووی دەروازەکانی دەقەکە ناکرێتەوە و دەکەوێتە نێو تۆڕە تێکچڕژاوەکانی رمووز و دەلالەتە ئەفسانەییەکان.

ئەگەرچی لەنێو دەقی (میتامۆرفۆس) خودی پاڵەوانەکان هێندە زۆرنین، کە بەشدار بن لەکردەی گێڕانەوەی رووداوی دەقەکە، بەلام سەرجەم شتەکان (رۆح لەبەر/ نارۆح لەبەر)

هەڵدەستن بە کردەی گێڕانەوەی رووداوەکە، کە ستوونییەتی ئەساسی خراپکردنی فریشتە کچێك لەلایەن چەند کەسانێکەوە بەهۆی کردەی بە سیحرکردن، ئیدی سەرجەم شتەکانی دەوروبەر هەڵدەستن بە میکانیزمییەتی گێڕانەوەی رووداوەکە و دێنە نێو حیوارێکی هەڵچوونانە و هادیئانە، کە زیاتر لە گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی و خورافییانە نزیك دەبێتەوە، ئەم چەشنە گێڕانەوە ئەفسانەییانە، زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەدار و فەزای دەقەکە بەرین بێت و میکانیزمییەتی گێڕانەوەکەش بەرەو جووڵە و دیوێکی دیکە ببات.

هەڵبژاردنی شوێنێك (پردەکە) کە شوێنێکی سیحراوییە، رایەڵی رووداوەکان ئالێرەوە دەست پێ دەکات و دەکەونە جووڵە، بەواتە دەشێ رۆحی دەقەکە ئالەم شوێنەدا داچێنرابێت. ئیتر لەم شوێنەدا جەستەی دەقەکە و رووداوەکانی نێو مەتنی دەقەکە دەست دەکەن بە سەوڵ لێدان و مەداری بازنەی گێڕانەوەکەش بە دەوری ئەم شوێنە سیحراوییە خولبخواتەوە. ئەمەش بەهۆی بەکاربردنی سەرجەم بەکارهێنانە هونەری و فەنتازیاکان دەبێت. هەر لە (مەنەلۆژ و مۆتیڤی هونەری و فلاشباگ و شەپۆلی ئاگا و مۆنتاژی شوێن و کات و لەقتەی سینەمایی و زمانی شیعری.. تاد).

سەراپای دەقەکە بە هەموو ئەوکەرەسە هونەرییانە بەرەهەندێکی جەمالییانە رازێنراوەتەوە، کە هەمیشە سروتێکی تازە بەسەراپای گێڕانەوەکانی نێو دەقەکە دەدات، کەسایەتی سەرەکی نێو رۆمانەکە پێکهاتوون لە دەنگێکی دیار، وەك پاڵەوانی سەرەکی رەفتار دەکەن ئەوانیش (ئومێد/ فریشتە) لەگەڵ چەند کەسێکی بێ ناسنامە، بەڵام بەهۆی بەکاربردنی هونەری فرە دەنگییەت، هەموو شتەکان بەشداری لە گێڕانەوەی رووداوی دەقەکە دەکەن، کە سەراپایان رۆڵی گێڕەرەوە (راوی) دەگرنە دەست بۆ گێڕانەوەی رووداوی (خراپکردنی فریشتە).

بەڵام زیاتر لەهەموو شتەکان و کەسەکان گێڕەرەوەیەکی ئاگا هەیە، کە زیاتر گێڕانەوەکە دەگرێتە دەست کە خودی (ئومێد)ە، کە دەشێ دیوی ئەودیوی خودی دەقنووس بێت. دەقنووس زۆ کارامایانە و ئاگایانە قووڵدەبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی پاڵەوانەکە و سەرجەم رایەڵە بریندار کراوەکان دەخاتە بەر نیگاکانی تاکی خوێنەر و زیاتر خودی خۆی بە مەنهەجییەتێك (سایکۆلۆژیا) خەریك دەکات، بۆ ئەوەی یارمەتیدەربێت بۆ ڤالاّیی خستنە سەر دیوی ناوەوەی پاڵەوان و سەرجەم گرێیە دەروونییەکانیش بکاتەوە یاخود ئاشکرایان بکات، بەواتە خودی دەقنووس زیاتر گرنگی بەحاڵەتە تاکە کەسییەکان دەدات و شۆڕدەبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی پاڵەوان و سەرجەم حاڵەتە دەروونییەکان راڤە دەکات.



جاری واش هەیە قەدەری پاڵەوانەکان بە فۆڕمێکی ئەفسانەییانە دەبەخشێ، ئیدی قەدەری پاڵەوانەکان دەکەونە بەر سەهمە ژەهراوییەکانی کۆمەڵگا. پانتایی گێڕانەوە لەدەقی (میتامۆرفۆس) لە مەدارێکی بەرفراوان دەسوڕێتەوە، بۆ ئەوەی مەداری دەقەکە بەرفراوان بێت، نووسەری دەقەکە زۆر ئاگایانە هەڵدەستێت بەمەزراندنی خەیاڵێکی ئەفسانەیی و فەنتازیی بۆ زیاتر راڤەکردنی سایکۆلۆژییەتی پاڵەوان، زیاتر رایەلی گێڕانەوە لەنێو ئەم دەقەدا بەنێو فەزا و خەیالێکی فەنتازیایی کراوەدا هەنگاو دەنێت. ئەم هەنگاونانەش زیاتر بەو مەرامە کاردەکەن کە بەرائەت بوونی خودی پاڵەوانمان بۆ کەشف بکات.

لێرەدا لە درێژایی ئەم رەهەند و تەوەرەیەدا گەیشتنە ئەوەی، کە دەقەکە بەسەریەك ئاست و رەهەند لە گێڕانەوە هەنگاو نانێت، بەڵکو بەسوود وەرگرتن لە گەلێك تەکنیك ئەم رۆمانە خۆی دەنووسێتەوە، وەك (گێڕانەوەی ئاسایی، مەنەلۆگ، وەسفی شیعری، شەپۆلی ئاگا، مۆنتاژی کات و شوێن، ئەفسانە و خورافات، گرتەی سینەمایی، گرتەی فۆتۆگرافیانە..تاد). جاری وا هەیە خودی شتەکانی دەوروبەر دەبن بە گێڕەرەوە (الرواي)، ئیتر هەریەکەو لە زەوایەیەکەوە رایەڵی گێڕانەوەکە دەگرنە دەست و دەقەکە بەرەو کاملبوون دەبەن، یاخود جاری وا هەیە، ئاستی گێڕانەوە لە کەسێکەوە یا شتێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەس و شتێکی دیکە بێ ئەوەی خودی خوێنەر ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییە بێت.

## (٧)

ئەگەر بێت لەچەند زەوایەیەکەوە نیگابگرین لە دەقی (میتامۆرفۆس)، دەبینین سەراپای ئەم دەقە لە رووبەر و مەودایەکی دیاریکراو، چەشنە روودان و بەسەرهاتێکی واقیعی بەیان دەکات، کەئەویش (خراپکردنی فریشتە)یە، ئەوەی دیکە سەراپای دەقەکە بەڕایەڵەکانی فەنتازیا و دۆنای دۆنبوون تەنراوە، بەواتە و لەونێکی شەفافتر، دەقێکە لەشێوە بازنە و سکێچێکا بونیادنراوە، چەقی ئەم بازنەیە بریتییە لە رووداوێکی واقیعی کۆمەڵاّیەتی و تاکەکەسێ، بازنە و رایەڵەکانی دیکەی دەوری ئەم چەق و پنتە کە بەشێوەی بازنە بازنەیی لە خەیاڵ و فەنتازیا و دۆنادۆن بەدەوری چەقەکەوە بونیاد نراوە:




ئەگەر بێت و لە روپێوی ئەم تێکستە بڕوانین، دەبینین رایەڵەکانی واقیـع و خـەیاڵ و فـەنتازیا لەنێو گەمەیەکی ئێستاتیکانەی هونەریدا شەپۆل دەدەن، کە زیاتر لـە دەقێکـی فـەنتازیا ئـامێز دەچێت، یاخود ئەگەر روپێوی دەقەکـە دابـەش بکـەین بەسـەر تانوپۆگـەرایی (واقیـع/ خـەیاڵ)، ئەوکاتە دەبینین لە بەشێکی کورت و کەم مەودا (واقیع) و رووداوی (فریشتە) بەرجەستە دەبێـت، ئەوەی دیکەی دەکەوێتە نێو رایەڵە چڕ و تەمومژاوییەکانی فەنتازیا و سەراپای دەقەکە بە وێنـەی ئەفسانەیی و خورافییات و حکایەت و واریقات داپۆشـراوە، ئەمـەش جەمالییـەتێکی کـراوە بـە سەراپای دەقەکە دەبەخشێ. جاری وا هەیە ئاستی گێڕانەوەکانی خـودی دەقنووسـیش دەچـێتەوە نێو رایەڵەکانی ئەفسانەیی و خورافییاتەکان و چەندین رموز و مەدلوولاتی کـراوە لـەنێو هـەناوی تاکە دالێکدا بەرجەستە دەبێت و تەفکیری تاکی خوێنەر ئاڵۆز دەکەن و ئەوسا بەحەژمەت دەبێت کە سەرەداوێك بدۆزێتەوە تا بگات بەو دیو دیواری رەنگە رووتەکان (ئەبستراکت).



ئەم دەقەی (سەلاح عومەر)ی دەقنووس تەژیە لە (رمـوز و وێنـەی سـیحری و واریقـات و مەلحەمەی میللی و رایەڵەکانی رووداوی کۆمەڵایەتی و ئایینی و..تاد). هاوچەشـنی (سـەلیم بەرەکات) توانی سوود لەمەلحەمە کۆنینەکان وەربگرێـت، بـۆ ئـەوەی هـەڵکۆڵینێك لـە دەقـە کۆنینەکان دا بکات، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چـەمك و دەلالـەتی تـازە. هـەر بـۆ نموونـە (بەفریشتەبوونی فریشتە)، (جادووی سەرمانگ) و... تاد. ((جار جارەش دەبووم بـە تـەیرێکی بێ باڵ و هەڵدەفڕیمە تەك ئەسـتێرەکانی ژوور سـەرم، لـەوێوە دەمڕوانییـە دیمـەنی شـار)).[١٠]

((فریشتە خوشکیشی یەکێ بوو لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە فریشتە رەنگاوڕەنگانە)).[١١]

سەرجەم ئەمانە زیاتر دەچێتە نێو بازنە و سکێچە مەلحەمە میللییەکان، لـە تـەك رووداوە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەگرێتەوە، یاخود دۆنادۆن بوونی شـتەکان هـەربۆ نموونـە.. ((ئەوکاتـەی هاتەوە سەرخۆی، ئەو خۆشی بووبوو بە مێروولـە و سـووك بەسـەر رووبـەری پردەکـەدا قاچـی داکوتـا، دووبـاڵی تـەنك و کۆمـەڵێ قـاچ و کۆمـەڵێ چـاوی بـچووك لـە رووخـساری روا بوون...)).[١٢]

((خۆشی دەکەوێتە حەپین و لووراندن و میاواندن)).[١٣]

((چوارپایەکە لەناوەندی ژوورەکەدا بەندۆل ئاسا دەهەژێتـەوە، زەلامـە دەمامکـدار رەش پۆشەکە گورگ ئاسا بەرانبەری دەلووڕێنێ، هەندێ جار دەبێ بەسـەگ و دەقروسـکێنێ، پاشـان وەك پشیلە دەمیاوێنی)).[١٤]

ئیتر گیان لەنێو شتە بێ گیانەکان دەڕوێ و بەرجەستە دەبـێ، ئەمـەش مـەودای زەمـەنی رۆمانەکە فراوان دەکات، لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆی جەمالییەت بەخشین بە جەستەی دەق. (سەلاح عومەر)ی دەقنووس زیاتر دەچێتە نێو حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی تاك (پاڵەوان) و شـۆڕ دەبێتەوە بۆ ناوەوەی پاڵەوان و سەرجەم رەهەندەکانی دیاریدەکات، بە واتە دەیەوێت لە رێگـەی شرۆڤەکردنی ئەو نەخۆشییەی کە لەناخی تاکێکـدا دەڕوێـت و رووداو و بەسـەرهاتی سـەرجەم نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای کوردی راڤە بکات و چارەسەرییەکی بۆ بدۆزێتەوە یاخود گەر نەشی دۆزێتەوە، ئەوە بیخاتە بەر نیگاکان. زیاتر شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێـو پانتـایی ئـەو زیندانـەی کـە مرۆڤی کلۆڵ کەوتۆتە ناوی، ئەم زیندانەش قەدەری پاڵەوانەکان بە دوورگەیـەکی نادیـار و بـەد گۆڕان و دۆنادۆن بوون دەسپێرێ، زیاتر مانەوەیان دەبێتە سەرئێشە بەسەر کۆمەڵگا و لەوانەشە ببێت بە ئاڵۆزییەك کە رووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە، جاری واش هەیە دەبێتە خودێـك لـەنێو دونیای ئەفسانەدا وازی دەکات و دەمێنێتەوە، یاخود جاری واش هەیە دەبێتـە سـووتووی ژێـر

پێی کۆمەڵگە، هەروەك چۆن خودی پاڵەوان بەهۆی بەسەرهاتی (خراپ بوونی) دەبێتە خۆڵەمێش و کۆتایی بەژیانی واقیعی دێت و دەچێتەوە دونیایەکەی دیکە.

نموونە: ((دواجار خۆشی بەلوولدراوی بینی، سووك بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە بە تەنیشت مێرگێکدا تێپەری کە رووبەرێکی بەرفراوانی ئاسمانی داگرتبوو، مێرگەکە تەژی مامز و پەپوولە بوو..))، ((فریشتەکان بەجل و بەرگی ئاڵ و والاوە ئەلقەیان بەدەوری کانیاوەکەدا بەستبوو، فریشتەی خوشکیشی یەکێ بوو لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە فریشتە رەنگاورەنگانە، کە گەیشتە سەرسەری فریشتەکان، فریشتەی خوشکی بینی بۆ ئاسمان بەرز بۆوە و هات لەتەك ئەودا لە شەقەی باڵی دا..)).[١٥]

هەندێ سات خودی دەقنووس دەتوانێ سەرجەم رەهەندە غەرائیبییەتییەکانی لەڕاستی و واقیعییەتێکی ژیان لە دیدگاکانی تاکی خوێنەر نزیك بکاتەوە، بەواتە تاکی خوێنەر لەتەوهیمییەتێکی واقیعییانە نزیك بخاتەوە، تەبیعی ئەم بەوەهم کردنانەی (واقیع)یش لەلایەن خودی دەقنووس بێ مەرام نییە و بەڵکو بۆ شوێن و مەودای واقیع بەرتەسکە و مەودای دونیای خەون و خەیاڵیش بەرفراوانە. یا بە لەونێکی دیکە دەشێ بێژین خودی دەقنووس بەو مەرامە ئەم کردەیە پراکتیزە بکات، بۆ ئەوەی سەرجەم نیگاکانی لەمەودایەکی بەرتەسك بگوازێتەوە بۆ مەودایەکی بەرفرە و رەنگاڵەیی، ئەم گوازتنانەوەی نیگاکان، بە تەکنیك و فۆرمێکی فەنتازییانە بونیاد دەنرێت.

لێرەدا مەرامە چێنراوەکەی خودی دەقنووس دەهێننەدی، ئەویش بەو مەبەست و مەرامەی کە لەنێو دونیای خەوندا سەرجەم خولیا و نیازەکانی خۆی بەدی بهێنێ و سەفەر بکات بۆ دونیای ئەو دیو واقیع (مێتا واقیع)، لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بەڵێ خودی دەقنووس دەتوانێ بەهۆی فاکتەرێکی ئەکتیڤکارا، کە خودی فەنتازییایە، بتوانێ سەرجەم وەتەرە واقیعییەتەکان بەرەو ئاستی تەواهیم بوون بەرێت، سەرجەم رایەڵە غەرائیبەکان بەرەو نزیك بوونەوەیەك لەتەك دونیای واقیعی بەرێت هەروەك لای (بورخیس/ کالڤینۆ/ مارکیز.. تاد)دا بەکاربراون تەنانەت لە (ئەسپی دیلۆن)یش وەتەرەکانی واقیع و خەیاڵ ئەوەندە بەناویەکادا چوونە کە مەحاڵە هەست بەتان و پۆیەتیان بکەیت و جیایان بکەیتەوە، ئەگەر بێت و لەروانگەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژییانە شۆڕببینەوە بەرەو دونیای خود (زات)، ئەوە دەشێ خۆی لەخۆیدا خود بریتی بێت لە هەڵگری هەردوو دونیا و هەردوو جیهان. جا لێرەدا دەشێ تاکی دەقنووس لەنێو توانا و ئیرادەیەکی ئێستاتیکانەدا بژیت، بۆ ئەوەی پەنجەرەکانی خەون و وەهم و رایەڵە فرە رەنگە رووتەکان بەرەو



فۆرمێك لە کراوەبوون بەرێت و بەرسڤەی رەهەندە مەتاتییەکانی خود بکات و بگات بە دەروازەکانی خلودییەت و هەروەها بگات بەودیو دونیای شتە بەرجەستەکان.

هەمیشە (سەلاح)ی دەقنووسیش دەیەوێت لەنێو مەودا کراوەکانی فەنتازیادا لەونییەتی دونیای واقیع بگۆڕێت بەرەو لەونییەتێکی کراوە و شەفافییەت، دوور لەو واقیعە تاڵەی کە تیایدا وێنەکان رەسم دەکات.. بەواتە خودی دەقنووس زیرەکانە دەیەوێت سەرلەنوێ تەلوینێکی کراوە و شەفاف بەفڵچەکانی نێو دەستی، لەونییەتێکی جیا دوور لەو لەونییەتەی واقیع، ببەخشێت بە دونیای واقیع، دووبارە رەنگییەت ببەخشێتەوە بەو واقیعە کراوە و شەفافە کە بزر کراوە.

ئا ئەو کاتە دەتوانێت واقیعییەتێکی کراوە و رەنگاورەنگ بونیاد بنێت لە شوێن واقیعەتە تاڵەکە. روپێوی ئەم دەقە زیاتر لەنێو دوو مەودا و دوو سکێچ خوڵ دەخواتەوە، کە ئەوانیش (واقیع/ خەیال)ن، جا مادەم بریتین لە دوو مەودا، دەشێ هەر مەودا سکێچێکیش شێوە زمانێکی تایبەت بە خودی خۆی هەڵبگرێ و هەڵگرتبێ، کە یەکێکیان شێوە زمانێکی شەفاف و کراوەیە زیاتر تەعبیر لە دونیای شتە بەرجەستەکان دەکات، ئەوەی دیکەیان بریتییە لە شێوە زمانێکی رموز ئاسا و دەلالی، کە زیاتر تەعبیر لەکایە و شتە نابەرجەستەکان دەکات، کە ئەویش لەودیو دونیای بینراو (مێتابینراو) داچێنراوە، جا بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم دەرئەنجامە دەشێ بەشێوەی سکێچێك یاخود هێڵکارییەك راڤەی مەبەستەکەمان بکەین، کە وەك لەم سکێچەی خوارەوە دیارە:



لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (میتامۆرفۆس)ی (سەلاح عومەر) تەژییە لە کەرەستەکانی جیهانی میتۆلۆژیا و خورافییات و رووداوی کۆمەڵایەتی و داستانی میللی و.. تاد.

هەمیشە خودی دەقنووس بەو مەبەستە مومارسەی رایەڵەکانی خەون دەکات، بۆ ئەوەی ولایەتێك لەنێو هەناوی یۆتۆپیا بونیاد بنێت، چونکە هەمیشە یۆتۆپیا وادەکات سەرجەم خودەکانی نێو کۆمەڵگا و واقیع، سەفەر بکەن بەرەو فەزایەکی کراوە و دوور لەو فەزا و تەمومژاوییەی واقیع، چونکە لەو فەزایەدا (فەزای یۆتۆپیا) سەرجەم کەرەسە و شت و خەونەکان بەرەو مەنزڵگاکانی منداڵی دەچێتەوە، بەوە رەنگەکان و ماناکان لەنێو ئەم یۆتۆپیایەدا بەرەو تەلوینێکی قەوس و قوزاحی رۆدەچێتەوە، کە هەمیشە لەگەمە کردنێکی سەرشێتانەی منداڵییانە رەنگدەگرێت.

لە هەناوی ئەم دەقەشدا قەدەری پاڵەوان پێشنیازی ئەم فەزا و دونیایە دەکات و دەگاتەوە نێو بەهەشتێکی کراوە و فەزا رۆشن و ئازاد وەك (بەفریشتەبوونی دڵپاك). ئەگەر نیگا بگرینە سەراپای دەقەکە، دەبینین خودی دەقنووس زیرەکانە توانیویەتی کۆتایی دەق بەکراوەیی بهێڵێتەوە. یاخود دەشێ کۆتایی دەقەکە بە دوو فۆرم کۆتایی پێ بێنێ، یاخود ئەم دەقە بریتی بێت لە دوو دەق و دوو جەستە (دەق/ مێتا دەق) یاخود (واقیع/ وەهم) یاخود (سکێچی جەستە) (سکێچی ئەو دیو جەستە ـ مێتا سکێچ ـ)، جا منی خوێنەر دەشێ لە دونیا و سکێچی دووەمدا کە (وەهم)ە، بە روئیا و دیدگایەکی کراوە و تەئویلکارییانە داو بەگێڕانەوەیەکی دیکە بدەم، بۆ بەرجەستەکردنی چەندین مەدلوول و ئاماژەی دیکە، کە دەشێ قەدەری پاڵەوان لەودیو مێتادەقدا، بەرەو رەهەندێکی دیکە دوور لەو رەهەندەی نێو دەقدا هەنگاو بنێت و بەکراوەیی بەجێ بمێنێ (ئیتر تاوەکو ئێستاش نازانم چ نهێنییەك دوای ئەمە دامدەگیرسێنێ))[١٦].

خودەی دەقنووس ئاگایانە سیناریۆی دەقەکەی مۆنتاژ کردووە و توانیویەتی چاوی کامێراکەی لەبەرزییەکدا راگیر بکات، بۆ ئەوەی لە پنتێکی بچووکدا بۆ پنتێکی گەورە و گەورەتر گرتەی فۆتۆگرافگرەکەی بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی رووگەی شتەکان بە سانایی بەرجەستە بکات. لەکۆتاییەدا دەگەینە ئەوەی کە سەراپای ئەم دەقەی (سەلاح عومەر)ی رۆماننووس بە دەقێکی تەمومژاوی چڕ لەنێو دوو دونیا و دوو سکێچدا وازی دەکات، تێکەڵ یەك دەبن، خەون و خەیاڵ و واقیع بەناویەکدا دەشکێن و ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئەگەر خوێنەر زیرەك و ئاگا نەبێت ناتوانێت بەشێوەیەکی سانا پارچە شکاوەکانی هەریەك لەو دوو دونیایە



جیابکاتەوە بەجیا. جا هەر لە یەکەم پارچە و بەشدا (تەلیسمی مانگ) تا دوا پارچە و بەش (لەق لەق)دا، بە کۆی کەرەسە بێ گیان و بەگیانەکاندا تووشی حاڵەتی دۆنادۆن بوون دەبێت و ئەمەش لە خزمەتی قەدەری پاڵەوانەکەی دایە.

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١ ـ لذة النص/ رولان بارت/ ت : فؤاد صفاء/ المغرب/ السنة (١٩٨٨).

٢ ـ الاستهلال/ فن البدايات في النص الادبي/ ياسين النصير/ بغداد/ (١٩٩٣).

٣ـ نموونەکەش ئەمەیە، کە دەبینین لەگۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (٢)ی ١٩٩٨ خودی ناونیشانی (میتامۆرفۆس)ی ئەمێستا بەناونیشانێکی دیکە بەناوی (دابەشبوون) بلاّو بۆتەوە، لەتەك پارچە و بەشی یەکەمی کەبەناوی (واهیمەکردن) بلاوبۆتەوە، کەچی بۆماوەی سێ ساڵ دوای بلاوبونەوەی بەشی یەکەمی ئەم دەقە هەستاوە دەستکاری ناونیشانەکەی کردووە لەساڵی (٢٠٠١) لەژێر ناونیشانی (میتامۆرفۆس) و پارچەی یەکەمیش بەناوی (تەلیسمی مانگ) بلاّو کردۆتەوە.

٤ـ خوێنەری نوێ و رۆمانی نوێ/ ئەنوەر مەسیفی/ (گوتار)، گۆڤاری (رامان)، ژ: (٥٧)ی ٥ی ئازاری ٢٠٠١.

٥ـ میتامۆرفۆس/ (رۆمان)/ سەلاح عومەر/ چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر/ ٢٠٠١/ ل ١١٨.

٦ـ (الاستهلال/ فن البدایات فی النص/ ص١٠ - ١٣.

٧ـ میتامۆرفۆس: ل ٥.

٨ ـ هـ. س. پ: ل ٥.

٩ ـ هـ. س. پ: ل ٥.

١٠ـ هـ. س. پ: ل ٥.

١١ـ هـ. س. پ: ل ٢٢.

١٢ـ هـ. س. پ: ل ٤٦.

١٣ـ هـ. س. پ: ل ١١٩.

١٤ـ هـ. س. پ: ل ١٣٢.

١٥ـ هـ. س. پ: ل ٢٢.

١٦ـ هـ. س. پ: ل ١٤٧.

# خەسانی ئیرۆسییەت

## لە (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا

## (١)

ئەدەب ئەو تاکە کەناڵ و فەزا و پەنجەرە رەنگاوڕەنگەیە، کە هەمیشە نووسەر و دیدگای بوێر تیایدا، جەنگ بەرپا دەکات، جەنگ بەرامبەر جەنگ، جەنگ بەرامبەر سەرجەم ئەو ترادیسیۆنە دۆگمایانەی کە هەمیشە ترس، خەساندن، وێرانەیی، تیرۆر، پەراوێزیی، بەرهەم دێنێ، جەنگ لەپێناو گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ مرۆڤە خەسێندراوەکان، دەنگە پەراوێزخراوەکان، لەپێناو گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو مانا ئازاد و فرەڕەنگانەی کە فەزا و زەمینەی ژیان جوان و جوانتر دەکەن، دەشێ بە دیوێکی تر جەستە و فەزای خۆی وەك تاکە کەناڵ و پەنجەرەیەکی کراوەی رۆشن رەنگڕێژبکات، بۆئەوەی بۆزەمەنێکی کراوە دیدگا بوێرەکان بە کراوەیی، بەهەمەڕەنگی و هەمە جیاوازیینی بهێڵێتەوە، زیاتر بەو مەرامەی کە هەڵکۆڵینێکی فیکرییانەی راشەکارانە لە هەناوی بونیاد و ستراکچەرەکان دابمەزرێنێ، دژەکان، ئاڵۆزییەکان بەرجەستە بکات و پەردە لەسەر سەرجەم جومگە فەزاحەتکارییەکانی کۆمەڵگا هەڵبماڵێ.

ئەدەب هەمیشە فرەڕەنگی و فرە جیهانبینینی نمایان دەکات، هەمیشە دەیەوێت بەو فرە رەنگی و فرە جیهانبینیەتیەی خۆیەوە، حەقیقەتی مێتا رەنگەکانمان بۆ کەشف بکات و رووگەی فینۆمینۆیەکان، ماناکانمان بۆ بەیان بکات، چونکە ئەدەب هەرگیز بڕوای بە یەکدیویی و تاکمانایی شتەکان، حەقیقەتەکان نییە. هەمیشە دەیەوێت دیدگا و روانینێکی ترمان پێببەخشێت، بۆئەوەی بتوانین بە کردەنیی مانای مێتادیوەکان کەشف بکەین و لە زەوایەیەکدا بەرجەستەیان بکەین و بمانخاتە نێو فەزا شەفاف و ئازادەکان، بۆئەوەی لەوێوە مانا خەسێندراوەکان، وزە تواوەکانی ئیرۆسییەت بدۆزینەوە، کە هەمیشە دیدگا و روانینەکانی ئێمەی تیادا بەند و نابینا کراوە، هەروەك (میلان کۆندێرا) روئیای وایە کە (ئەدەب هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی لایەنە نادیار و پەنهانەکانی بوونی مرۆڤ).[١]



جوگرافیای ئەدەب، هەرێم و رووگەیەکی زۆری بە وەهم و خەیاڵ و فەنتازیا و مانا رەنگڕێژ کراوە، زیاتر بەو مانا و مەبەستەی کە دەیەوێت روئیا و رووگەی جیاوازبینی لە هزر و فیکری تاکەکان بڕوێنێ بۆئەوەی هەمیشە بەشوێن جەستە و هەرێم و رووگەیەکی تر، دونیایەکی تر عەوداڵ بین، پێچەوانەی ئەم واقیعە ئاڵۆز و تەمومژاوییەی کە مرۆڤەکان تیادا دەخەسێنێ و وزەی ئیرۆسیەتیان لێ بەتاڵ دەکاتەوە، دونیایەك کە فرەڕەنگیی و فرەمانایی تێدا بەرهەم دێت و نەشونما دەکات، بۆئەوەی بە فۆرم و سکێچێك، روئیاکان شۆڕ بکاتەوە بۆ نێو رایەڵ و دونیا ئاڵۆزەکانی واقیع و لەنێو ئەم ئاڵۆزییەتییەدا بە شوێن جەستەیەکی تر لە گەڕان دابێت و گوتارێك، شوناسێك بە فیکری خۆی بدات و بیسازێنێ. بۆئەوەی بە رایەڵەی فیکر و فەلسەفەوە، لە رووگەکان، فینۆمینۆیەکان، روانینەکان شۆڕبێتەوە بۆ نێو دونیا پەنهانەکانیان. ئەو دونیایانەی کە پڕیەتی لە پەراوێزیی، گومان، نامۆیی، کە بەردەوام دەسەڵاتە ترادیسیۆنە دۆگماکان لە هەناوی خۆیاندا رواندوویانە و بە منالەکانی خۆیانەوە دەیبەخشنە سەرجەم کەناڵەکانی ژیان، بۆئەوەی مەودا جەنگاوییەکانی خۆیان پێفراوانتر بکەن، وەك دەسەڵاتێکی کاریزمییانە سێبەری خۆیان بڕژێنن، بەسەر هەموو کەناڵ و جەستەکانیتر، بیانکات بە پەراوێزی خۆی.

بۆیە لێرەدا ئەدەب دەبێتە ئەو فەزا رۆشن و کراوەیەی کە (ویستی هێز)ی تیادا بەرهەم دێت، و تیایدا پڕ ئیرادە دەبێت، ویستی هێز بە مانا نیتشەییەکەی کە لەلای تاکی بوێر و ئیرادەگەر دەبێتە ئەو پرەنسیپەی کە سەرجەم گۆڕانکارییەکان، بزاڤ و بەرخودانەکان دەخاتەگەڕ، لەپێناو ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی رووەو ئایندەیەکی رۆشن و کراوە. هەروەك نیتشە دیدگای وایە کە: (ویستی هێز بناغە و خەسڵەتی هەموو گۆڕانێکە).[٢]

دیدگای کراوە و ئیرادەگەر ئەو ساتە دێتە بوون، کاتێ کە جیاوازییەکان سەرهەڵدەدەن و دێنە بوون، ئەو کاتانەی کە خودی خۆیان بە مەعریفە بارگاوی دەکەن و لەنێو دونیای فیکر و فەلسەفەوە خودی خۆیان هەڵدەگرنەوە، بۆئەوەی لە مەلجەئەکانی فیکر توانا و ئیرادە بە روئیاکان ببەخشن و لەهەوڵی بڕینی دیوارە کۆنکریتەکان، ستراکچەرە کۆمەڵایەتییەکان دابن، بەمەبەستی ئەوەی مرۆڤی بەرز و پڕ ویست بڕوێنرێت، چونکە خەیاڵگەی مرۆڤە پڕ ویست بەرزەکان، ئەو خەیاڵگە و فیکرانەن کە بە هەموو شێوەیەك کلتووری دۆگما رەتبدات و هەناسەکانی لە ئایندەدا بژیت.

ئیتر ئەوكات دەشێ گۆڕان، بزاڤ، داهێنانكاریی لەنێو بونیاد و كۆمەڵگاكان خۆیان هەڵبگرنەوە و لەنێو فەزاكان خودی خۆیان رەنگڕێژ بكەن و كۆمەڵگا لە داخراوەیی رووەو شەفافییەت و كرانەوە ئاراستە بكات و مرۆڤی دیدگا كراوە و خاوەن فیكر بێتە بوون، ئیتر لەنێو لەپی مرۆڤە خاوەن ئەزموون و فیكر یاخییەكان چەشنە رۆشناییەك دێتە خولْقان و بەها داخراوەكان دێتە وجوداندن.

**(٢)**

دەقی ئەدەبی وەك زەخرەفەیەكی سەد رەنگ و فرە مەودا لە رێگای تانوپۆكانی زمان خودی خۆی رەنگڕێژ و نمایان دەكات، ئەمەش زیاتر بەو مەبەستەیە كە رایەڵ و بونیادەكانی زمان هەمیشە دەتوانن سیحر و چێژ و مەدلوولات بسازێنێ و گەمەیەك لەنێو جوگرافیای فرە رەنگیدا بخولْقێنێ كە بە گەمە زمانەوانییەكانی نێوان (نووسەر/ خوێنەر) خۆی پەرشدەكاتەوە، كە بەردەوام بە فۆڕم و سكێچێكی كراوە خۆی دەخزێنێتە نێو جوگرافیا و هەرێمی دەقە مەعریفییەكانی تر.

ئەو دەقانەی كە هەناویان پڕیەتی لە چێژی مەعریفی و ئێستاتیكی و جیهانبینی قووڵ، دوا بەدوای ئەم هەنگاوانە روئیاكانی خوێنەر لەنێو پانتاییەكانی دەقدا وازی دەخولْقێنێ و بە كراوەیی روئیاكانی هەڵدەگرێتەوە و نمایانیان دەكات، بۆئەوەی دوور لە سەهمە ژەهراوییەكان، ئازادانە مانا و كایەكان تیایدا تەنزیر بكات و فەرشییەتی دەق بە رەنگ و مانا و هێما بچنێتەوە، تا دواجار هەر كۆد و مەغزایەك هەڵگری دەیان خوێندنەوەی جیاواز بێت و مەوداكانی خوێندنەوە فراوانتر بێت و گەمە زمانەوانییەكانیش هەڵگری ریتم و مانای زۆر و بەگوورِتربن، ئەو كاتیش بزاڤ دێتە سازبوون و چێژ و جوانییەكان بەنێو روپێوی دەق زیاتر دێنە رژان، بۆئەوەی مەوداكانی دەق بەرفراوانتر بن و سنوور و مەرزە كۆنكریتییەكانی دەق لەبەر یەك هەڵبوەشێتەوە و ماناكان تێدا ئازاد بن، لەدیوێكی تر دەشێ لەودیو وازییە زمانەوانییەكانی نێو دەق فۆڕم و لەونێكی تر لە وازی، كە ئەویش بە وازی خەیاڵ و فیكر دێتە ناسین كە دەست بكات بە تەقینەوەكانی خۆی و هاوكات خۆی پەرش بكاتەوە، خەیاڵ و فیكر دەتوانن لە رەهەند و دیوێكی تر، مەودا و جوگرافییایەكی تر بسازێنن كە وەك دیوەكەی تر پڕ بێت لە جیهانبینی و یاخیبوون و مانای تر كە ببێت بە میكانیزمێكی تر بۆ دەوڵەمەندكردن و



بەرفراوانبوونی فەزا شمولییەكانی دەق بە واتا لە دوو دیو و دوو رەهەنددا دەق گەشە بە تواناكانی خۆی بدات و هەنگاو بۆ چێبوون بدات.

دواجار دونیایەكی پڕ مەوداتر و پڕ رەنگاڵەتر، پڕ لە جوانی و چێژ و ئێستاتیكا و رەزمی وشەكان بێتەبەرهەم، كەواتە دەق لەدیوێكدا خۆی لەنێو رەزمی وشەكان و جوان رەنگرێژكردنی پەیڤەكان خۆی هەڵدەگرێتەوە، لەدیوەكەی تریش مانا قووڵ و فەلسەفییەكانی پرسیار سازدان دان و چییەتی رەنگرێژكردنەكانی دێتە نمایش. ئەوساتیش مەنزڵگایەك لە فیكر و پرسیار خولْقان خۆی دێنێتە وجودی دەق و دەق خودی خۆی لەنێو جیاوازبینی و فرە روئیاییدا هەڵدەگرێتەوە، ئیتر ئەو كات مەوداكانی دەق دەترازێن و ئاسۆیەك لەبەردەم خوێندنەوە دەكاتەوە كە بەئاسۆكانی خوێندنەوە، جەستەی خۆی دەكاتەوە و پەنجەرە فرەڕەنگ و فرە ماناكان بەكراوەیی دێتە كرانەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی كە تێكستی ئەدەبی مۆدێرن و رۆشن، فەزا و فەرشێكی فرەڕەنگی كراوەیە، لە هەناوی خۆیدا توانای خولْقاندنی دونیایەك، هەرێمێك، دونیایەكی تری هەیە كە لەودیو فۆرم و سكێچی پەیڤە رەنگاڵەییەكان خۆی دادەوەشێنێ و خۆی دەبینێتەوە، كە جۆرێك لە كرانەوە بەخۆیەوە هەڵدەگرێ، ئەوسا دەتوانێ هەڵگری رایەڵی جیاواز و فرە خوێندنەوەی بەردەوام بێت، ئەمەش بۆ پۆینتە ئاماژە و دەلالی و توانا زمانییەكان دەگەڕێتەوە، كە سەرجەم پەیڤەكانی بە چێژ و لەزەت و كۆد و ئێستاتیكا پۆشتە كردووە، كە وادەكات فەزا و بونیادی دەق جۆرێك لە كرانەوە و بزاڤ بەخۆیەوە گرێبدات، ئەوسا جۆرێك لە كردە و پرۆسێسی جوان دامەزراندن و جوان چنینەوەی فۆڕم و سكێچەكان دێتە پێش. بە واتا چوون ئەندازە رێكخستنێك نووسەر سەرجەم كەرەستە خاوەكانی دەق دادەمەزرێنێ، دەق وەك تەونییەتێك جەستەی خۆی لە سكێچ و مانا و رەنگ و فۆڕمی جیاجیا دەبینێتەوە و جۆرێك لە جوانگوتن و جوان دامەزراندن دێتەئارا، ئەمەش وادەكات كە سیمای دەق رووەو جۆرێك لە ئێستاتیكا درێژ بكاتەوە، دوای ئەم پرۆسە جواندامەزراندنەی بونیادی دەق، دەق بە رووی دەروازە و پرۆسیسێكی تر خۆی دەكاتەوە، ئەویش چییەتی دامەزراندنە، چییەتی كەرەستە و هێل و سكێچ و رەنگ و گوتنی وشەكانە.

لەم جومگەیەدا نووسەر زیاتر كەرەسە خاوەكانی بە رەهەندێكی فەلسەفییانەی فرەمەودا بارگاوی دەكات و لەنێو بونیاد و فەزای دەقدا دایاندەمەزرێنێ، دیارە ئەم پرۆسێسەی دووەم پێویستی بە كۆد و تیمە و مەغزا و مانای هەمەڕەنگ هەیە، بەواتا جۆرێك پرۆسیسەی

میتافۆرییانە بێنێتە ئارا بەمەبەستی ئەوەی کە جۆرێك لە راستیی بوون و وجودی مرۆڤایەتی نزیك ببێتەوە و ئاماژەی پێبدات، بە زمانێکی مێتافۆرییانە ئاماژە دەلالییەکان بروێنێ، کە ئەمەش بەپێی پێویست خۆی لەنێو رایەڵە فەلسەفییەکان هەڵدەگرێتەوە، دیارە ئەم هەنگاوەش پێویستی بە ئاگایی و وشیاری زیاتر هەیە. ئەم فەزایە لەبەر ئەوەی هەڵگری تەمومژە زمانەوانی و پڕ ئێستاتیکایەکانە، دەبێتەهەڵگری دونیاگەلێك خوێندنەوە و راڤەی سیمانتیکییانە، ئەو راڤانەی کە دواجار دەبێتە ئەو میکانیزم و ئالییەتەی کە رۆڵێکی گرنگ و باش لە بەرجەستەکردنی مانا حەشاردراو و پەنهانەکانی رووبەری دەق دەبینێ، بەهەموو ئەم پرۆسیس و هەنگاوە ئێستاتیکا پڕ بزاڤانە دەق بە رووی فەزایەکی کراوە خۆی دەکاتەوە، بۆئەوەی جیاوازییەکان، رەهەندییەتی ماناکان، مەودا ئاڵوگۆڕەکان بەرفراوان بن و ئازادی و سەروەرێتی بۆ دەق بگەڕێتەوە و بونیاد و جەستەی دەق شوناسییێك بۆ خۆی بەرهەم بێنێ.

گوتاری دەق دەشێ بەردەوام خۆی وەك پرۆسێس و فەزایەکی کراوە، خودی خۆی رەنگڕێژ بکات و بازنەکان والا بکات، بەڕووی پرسیار و گومانەکان، بەڕووی سەرجەم رەهەندە زمانەوانییەکان خۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەودیو زمانە سواوەکەی دونیای واقیع، زمانێکی پرستاتیکانەی دەلالەت بەخش و لەزەتکرد، رووگەکانی خۆی نمایان بکات و مانا و رەهەندە نەکراوەکان ڤالا بکات هەروەك (بارت) روئیای وایە کە (دەق نە کۆنترۆڵکردنە، نە ئیستهلاککردنە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ خۆ واڵاکردن).[٣]

## (٣)

دەق بەو سیفەت و تایبەتمەندییەتەی کە فەزا و زەمینەیەکی زمانەوانی تێکچڕژاوە، هەڵگری دونیاگەلێك رایەلی فیکری و فەلسەفییە، ئالەنێو ئەم رایەلە فیکرییانە، دەتوانێ هەڵگری تایبەتمەندێتی پۆینتە پرس و گوماناوییەکان بێت، بەوەی کە فیکر دەتوانێت پەنجەرەکانی خۆی بەڕووی رەهەندە گوماناوییەکان، پەیڤە مێتافۆرییەکان والابکات، بۆ ئەوەی مەدلوولییەتی فینۆمینۆیەکان لە روئیاکانی خوێنەردا بەرجەستەبن، ئالەوێوە دەتوانێت سەرجەم بونیادە باو و دۆگماکان بە زمانی فیکر تێك بشکێنێت و دونیاگەلێك تونێل و دیدگای فرە جیاواز و فرە رەنگ بۆ بونیاد و رەهەندگەلەکان دابمەزرێنێ و بەڕووی کایەکانی دەق خۆیان ڤالا بکەنەوە.



دەقی ئەدەبی فەزا و پەنجەرەیەکی کراوەیە، توانای هەڵگرتنی دونیایەك روئیا و کایەی جیاواز جیاوازی هەیە، توانای بونیادنانی رایەڵی رەنگاورەنگی هەیە، بۆیە دەقی کراوە توانای ئەوەی هەیە کە چەندین خوێندنەوە لەخۆ هەڵبگرێ و رووگەکانی خۆی لە نێو جیاوازبینییەکانی خوێنەردا هەڵگرێتەوە، ئەوسا لە کرانەوەی دەقدا چێژ و ئێستاتیکایەك خۆی بەرامبەر دەقێکی تر والا دەکات، ئەمەش پەیوەستە بە فرە روئیایی خوێنەر، لەوساتیش جۆرێك لە فرە جوانبینی و فرەکرانەوەیی دەخولقێ.

دەق هەڵگری مانا حەرام و نهێنییە شاراوەکانە، هەڵگری دونیا گەلێك درز و بۆشاییە، بەواتا تاکی خوێنەر لە توانایدا هەیە لە دیدگاکانی خۆیەوە ئەم بۆشایی و درزانە پڕ بکات لە مانا، هەروەك (ئەمبرتۆ ئیکو) دەڵێت: (خوێنەری دەق شوێنە سپییەکانی دەق، پڕ دەکاتەوە).[٤]

ئەوساکە دیدگاکانی خوێنەر لە زەوایەیەکی تر دەبێتە وزە بەخشی دەق و هەناسەکانی نووسەر رادەوەستێنێ بەمانا (بارت)ییەکەی، روئیا رەنگاڵەییەکانی خوێنەر لەدایك دەبێت و دێتە هەناسەدان و رەنگاڵەکردنی بۆشاییەکانی دەق، ئەو ساتەی کە خوێنەر درزەکانی نێو هەناوی دەق پڕ دەکات لە رەنگ و پۆلیە ئاگری وشە، پەیوەندییەکی ئۆرگانی دێتە سازبوون لەنێوان دەق و خوێنەردا، پەیوەندییەك کە لەنێو دایەلۆگە رەنگاورەنگەکانی هەردوو رووگە (دەق/ خوێنەر) خۆی هەڵدەگرێتەوە، کە لە دواساتدا جۆرێك لە تێگەیشتن و شۆڕبوونەوە بۆ نێو هەناوی دەق دێتە نمایش. هەروەك (لۆرانس) دەڵێت: (من بۆ ئەوە دەپەیڤم، بۆئەوەی پەیوەندی لەنێوان منی خوێنەر و دەقدا بۆجارێکی تر بسازێنمەوە).[٥]

دروستکردنی پەیوەندی نێوان (دەق ـ خوێنەر) و پڕکردنەوەی درز و بۆشاییەکانی دەق، بەر لە هەموو شتێك پەیوەستە بەسیحر و توانا زمانییەکان، چونکە بونیادی دەق بەپێی تۆڕێکی تێکچڕژاوی فرەمەودای زمان بەڕێوەدەچێ، بەواتە رایەلی زمان دەتوانێ ناوەوەی فینۆمینۆیەکان، پەیڤەکان، بەگڕبخات و وزە بخاتە نێو هەناویان، کە لەکارکەوتوون، هەروەك ئیکۆ دەڵێت: (زمان پتر گوزارشت لەشتە بەزیو و پەککەوتووەکان دەکات وەك لە شتە نەبووەکان).[٦]

هەمیشە بونیاد و دیوی ناوەوەی دەق لە روئیا بینینە فرە رەنگەکانی تاکی خوێنەردا خۆی هەڵدەگرێتەوە، و توانای ئیحا بەخشینێکی زۆری هەیە، بۆیە زیاتر دەوری خوێنەر لە دەقدا رۆڵێکی ئیحائامێز و مانابەخش دەبینێ، هەر بۆیە مەرجەع بنەمایەکی پتەوە لەنێو بونیادی دەقدا، کە یارمەتی تاکی خوێنەر دەدات کە دەق زیاتر بەجەستەی خۆی هەڵبگرێ و

دەروازەکانی دەق بۆ روئیاکانی خوێنەر والابن، بۆ پرۆسیسەی خوێندنەوە و ماناهەڵگرتنەوە دوابەدوای رایەڵەکانی زمان، دەشێ رایەڵی تری وەك سیمە و گوزاشتە میتۆلۆژی و سۆسۆلۆژییەکان لەنێو دیوەکەی تری پرۆسیسەکانی خوێندنەوە خۆیان هەڵبگرنەوە و بەشێك بن لە جومگە و بونیاد و ئۆرگانییەتی دەق، بۆیە ئەو دەقانەی کە زەمینە و پانتاییەك پێك دێنن لە ئیفرازکردنی چێژ و ئێستاتیکا و بزاڤخستنەوە، ئەوە خاوەن بونیاد و فەزایەکی پتەو پێکدێنن لە روپێوی دەقەکانی تر جەستەکانیان لەنێو فەزاکانی فیکر و خەیاڵگەیەکی قووڵ هەڵدەخەن و نمایان دەکەن، ئیتر ئەو ساتانە رەمز و سیمەی دەقەکان رووەو تێکچڕژاویی و فرە رەنگی دەچن، ئەو کاتانەی دەق خودی خۆی بە رووی گرێ و ئاڵۆزیی زیاتر کەمەند کێش دەکات، ئیتر ئەم ئاڵۆزبوونەش وا دەکات کۆدەکانیش بەهەمان ریتم ئاڵۆز و تێکچڕژاویی وێناکانی خۆیان نمایان بکەن.

ئیتر رووگە نەدۆزراوەکانی زمانیش بەنێو رایەڵەکانی ئاڵۆزبوون و تەمومژیی هەنگاو ئاراستە بکەن، ئیدی ئەم ئاڵۆزبوونە بە جۆر و فۆڕمێکی قورستر خودی خۆی لەنێو رەهەندەکانی تێگەیشتن هەڵدەگرێتەوە و پرۆسێسەکانی خاڵیبوون و فەهمکردن رووەو جۆرێك لە تەمتومانی مانایی ئاراستە دەکات و تاکەکان لەنێو فەزا پڕ درز و گومانەکان دیدگاکانیان هەڵدەخەن و بەڕووی پرسیار و فۆڕمە فرەڕەنگەکان خۆیان دەکەنەوە، ئیتر بەم هەمە رەنگی و پرسیار و مانا و کۆدانەی نێو جەستەی دەق، دەق رووەو پرۆسیسەی خوێندنەوە و تەئویلکاریی هەنگاوەکانی خۆی ئاراستە دەکات و رایەڵەکانی خوێندنەوە دەخولقێت و دێنە بەرجەستەبوون ئەمەش جۆرێك لە هاوپەیوەستبوون و پەیوەندیی لەنێوان جیهانێکی تر و روئیاکانی خوێنەر دەکاتەوە.

ئیتر لێرەوە کاتێك دەق خۆی وەك فەرشێکی سەد رەنگی پڕ لە مەغزا و سیما هەڵگر، خۆی لەبەر نیگاکانی تاکی خوێنەر هەڵدەخا و دەخاتەڕوو، فەزایەکی ئاڵۆز و تەمومژ بە رووی دیدگاکانی خوێنەر پەخشدەکاتەوە و جۆرێك لە لێڵبوون دێتە وجود، بۆیە کردنەوەی ئەم کۆدە هەمەڕەنگانە پێویستی بەجۆرێك لە توانا و ئیرادەیی و فەهمی کۆدەکان لەلای تاکی خوێنەر هەیە، بۆئەوەی ئەم لێڵبوونەی فەزای دەق و مێتافۆڕییەتی دەق رۆشن بکەینەوە. تابتوانرێ سەرجەم ئاماژە دەلالییەکانی فەزای دەق بخوێنرێنەوە و کەشفی پۆلییەکانی چێژ و ئێستاتیکا بکەین، بۆئەوەی جۆرێك لە رۆشنایی بخەینە روپێوی دەق و هەناوی ئاماژەکان والا بکەین، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەو دەقە فرەڕەنگ و پڕ مەغزایانە هەروا بە سانایی ناتوانرێ بە



تاکروئیایی و تاکخوێندنەوەیی بە فۆڕمێکی راستەوخۆیانە ئاماژە دەلالی و وەلامی مەتەڵییەتی دەقەکان بخەینە واری تێگەیشتن و کرانەوە و راڤەیەکی تەواو، چونکە بونیاد و فەزای دەقە فرە رەنگ و کراوەکان دونیایەك رایەڵ و کایەی دەلالی رەنگاوڕەنگی بەهەناوی خۆیەوە گرێداوە و هەڵگرتووە، دونیاگەلێك پۆینتی مانا و ئێستاتیکای لەناو هەناویدا حەشارداوە، ئەو دەقانەی کە پڕ لە درز و بۆشایین کە وەك (ئیکۆ) بە دەقە نەمر و جاویدانییە پڕ چێژ و ئێستاتیکاکان ناوی دەبات، بۆیە پێویستە لە خوێندنەوە و راڤەی ئەم دەقە هەمەڕەنگانە خوێنەر بەبێ هەڵگرتن و بارگاویبوون بەتوانایەکی مەعریفییانە و دیدێکی ئێستاتیکییانە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نێو دونیا تاریك و پڕ درزەکانی بونیادی دەق، بۆئەوەی لەنێو درز و بۆشاییە پڕ مەغزاکانی دەق رووبەڕووی ئەو پۆلیە زمانەوانیی و ئاماژە تەمومژاوییانە نەبێتەوە کە لە توانای دیدێکی بێ مەودایانەدا نییە، هەروا بە سانایی کۆد و مەتەڵەکانی دەق بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دەقانە پێویستییان بە راڤەیەکی ئێستاتیکانەی پڕمەودا هەیە، بۆئەوەی بەرجەستەی ئەو مەرجان و مۆرییە سەد رەنگانە و مانا چێژ و لەززەتبەخشانە بکەین.

ئەو دەقانەی کە لە رووی ئاماژە و رازی زمانیدا ئاڵۆزن و جۆرێك لە مێتافۆڕبوون نیگایانی تەنیوە، ئەوا بۆ کارامەیی و زیرەکیی نووسەری دەق ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەناوی ئەو واقیعە ئاڵۆز و تێکچڕژاوە دەگەڕێتەوە کە نووسەر مومارەسەی رەهەندەکانی ژیانی تیادا دەکات، بەواتا ئەوە زمان نییە کە ئاڵۆزە، بەڵکو خودی واقیع ئاڵۆز و ئاوێتەیە، لە چەندین چینی جۆراوجۆر پێك هاتووە، بۆیە کاتێك واقیع ئاڵۆز دەبێت، ئەو زمانەی کە هەناو و رایەڵەکانی واقیع دەپشکنێ راستەوخۆ رووبەڕووی جۆرێك لە تەمومژی و لێڵبوون دەبێتەوە کە لە هەناوی واقیعدا خۆی داچاندووە، بۆیە راستەوخۆ زمان و دالەزمانییەکان فۆرمێك لەتەمومژی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەپۆشێ، بۆیە زۆر جار کاتێ دەقێك پڕدەبێت لە پۆلیە ئاگری وشە و تەمومژی زمانی و تیمە و کۆد و ئاماژەی هەمەڕەنگ ئەوە بۆ جەستەی واقیع و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەڵام نووسەر دێت بەفۆڕمێکی ئیحابەخش و رەمزهەڵگر و ئاڵۆز وێنای ماهییەتی شتەکان دەکات، ئەدۆنیس دەڵێت: (واقیع ئەوەندە ساکار نییە، تاوەکو زمان ساکار بکەوێتەوە).[٧]

خوێنەر تەنها بە هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی سێنتراڵییەتی دەق ناتوانێت تیمە و ئاماژە دەلالییەکانی دەق بخوێنێتەوە و راڤەی بۆ بکات، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە ویستی ئیرادەیەکی مەعریفییانەی پڕ ئێستاتیکا، کە فەزای دەق رووەو کرانەوە ئاراستە دەکات،

چونکە ئەم پرۆسیسەی خوێندنەوە و تەئویلکارییەیە، کە لە هەنگاوێکی تر سیستەم و رایەڵە ستراتیژییەتەکانی دەق لە داخراوەیی رووەو کرانەوە هەنگاو پێ دەدات، ئینجا ئەو کات ساتی کرانەوەی دەق دەبێت بە پێشگەشتێك بۆ خولقانی ئاوێزانبوونی پەیوەندییەکانی خوێنەر بە فەزا و بونیادی دەق، بەواتا و رەنگێکیتر، ئەو ساتەی تاکی خوێنەر بە هەڵگری روئیا قوول و وردەکانی، دەتوانێت دایەلۆگێکی کراوە و زیندوو بەشداری بکات لەنێو سیستەمە ئاماژەییەکانی.

ئا لێرەدا کردە و پرۆسەی نووسین خۆی دەکات بەو فەزا و پەنجەرە رەنگاورەنگەی کە بۆجارێکی تر و بە دیوێکی تر خۆی دەنووسێتەوە، دیارە نووسینەوەش زیاتر بەو مەبەستە نا کە دەق بێتە بەرهەمهێنان و خولقان و بەس، بەڵکو نووسینەوەی دەق لە رووگەیەکی ترەوە بە مەبەستی سکێچکردنی دونیا تاریك و پڕ درزەکانی واقیع و واقیعییەتی مرۆڤایەتی و ناوەوەی خود، ئاشنابوون بە دونیا پەنهانەکانی رۆح.

ئیتر ئالێرەدا بە رووی پەنجەرە و فەزایەکی تر تێدەگەین و دەکرێینەوە، کە پرۆسە و ئالیەتی رەخنە دەبێت بە پرۆسە و میکانیزمییەتی هەڵکۆڵین و پشکنینی هەناوی واقیع، کۆڵانە تاریکەکانی رۆح، وەك سارتەر دەڵێت: (ئەدەب کەشفکردن و دۆزینەوەی مرۆڤ و دونیایە).

بەواتا پرۆسیسەی خوێندنەوە بەشوێن دۆزینەوەی خود و مرۆڤایەتی دا دەگەرێت لەنێو دونیای دەرەوە، نەوەك بەشوێن پانتایی و فەزا و رووگەکانی دەق و هەناوی دەق لە نێو چەند دەقێکی تردا، هەروەك (بەختیار عەلی) روئیای وایە: (پرۆسەی رەخنە دەبێتە پرۆسەی پشکنینی رەخنەگر بەشوێن خۆی لە دونیا، نەوەك بۆ شوێنی دەق لەنێو دەقەکانی تر).[٨]

بونیادی دەق و دەقی کراوە زۆرجار رایەڵەکانی نێو هەناو و کوچە تاریکەکانی خۆی بە فیکر، ئێستاتیکا، مەعریفە و مانا بارگاویی دەکات و دایدەچێنێ، بۆئەوەی لەساتی مومارەسەبوونی لەتەك روئیاکانی خوێنەردا بەرووی فەزایەکی کراوەی پڕ تەوژم و پڕ داهێنان و پڕ بزاڤ دەروازەکانی خۆی زیاتر والا بکات، زەوایە و رووگەکانی خۆی بە پتەوی و پڕاوپڕی لە بەردەم فەزاکانی خوێندنەوە خۆی هەڵبخات و رەنگرێژ بکات، چونکە بونیادی نووسین و رایەڵەکانی لە رووی گفتوگۆ و دایەلۆگ کردنی لەگەڵ ستراتیژییەتی خوێنەردا دەبێتە رواندنی زەمینەیەك، بەرپرسییەتێك بۆئەوەی سیستەمی رایەڵە فیکری و زمانەوانییەکانی نێو دەق ئامۆژگاریی بکات، دەرگای لەسەر دیدی جیاواز و رایەڵی مەعریفی قووڵ و پڕ ئێستاتیکا دا بکاتەوە و فەزایەکی ئیحا بەخش و گفتوگۆ هەڵگر بخولقێنێ، بۆئەوەی لەگەڵ خوێنەر و



ئاستەجیاوازەکانی خوێندنەوە توانای گفتوگۆکردن و مومارەسەی زیاتری هەبێت، لە مومارەسەیەکی جوانکردەییانەدا بەیەکەوە خودی خۆیان دابمەزرێنن، ببنە ئەو زەمینە و فەزایە کە توانای تەقینەوە و ئیفرازکردنی مانا هەمەرەنگ و چێژ و ئێستاتیکا و فەنتازیا و چێژی مەعریفی، فیکری، فەلسەفی هەبێت و بۆئەوەی سفرەی دەق بە لەزەتێکی بێشوماری پڕ مەودای هەمەرەنگ ساز بدرێت و برازێندرێتەوە.

ئیتر لێرەدا بونیادی دەق دەبێتە زەمینەی لەدایکبوونی ئاماژەی دەلالی جیاواز و مەغزا و کۆدی فرەرەنگ و جیاواز، دوابەدوای ئەوەش دەق لە توانایدا دەبێت بەبێ ئەم ئیمکانیاتە چڕ و پتەوانە رایەڵەکانی خۆی بە رووی کردەی داهێنان بگوازێتەوە و بەشدار بێت لەنێو پرۆسەی نوێخوازی و مەعریفەخوازیی دا.

## (٤)

خوێندنەوە دایەلۆگێکی هێمنانەی پڕ لە چێژ و ئێستاتیکایە، کە رووگەکانی خۆی بەرووی دەقدا دەکاتەوە، روئیا ستوونییەکانی تاکی خوێنەر شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو هەناوی دەق، بەو نیازەی کە ئەویش رووگەیەکی پتەوە لە میانەی بەشداربوونی لە پرۆسەکانی داهێنانکاریدا، کردەی خوێندنەوە، جیاوازبینی خوێندنەوە لە فرەروئیاکانی خوێنەری ئاگا و قووڵبوونەوە مەعریفی و فیکرییەکان و رایەلەکانی مانا و ئاماژە دەلالییەکانی ئەم روئیا بەخشەیە خۆی هەڵدەگرێتەوە، کە لە ساتی ئاوێزانبوونی لەگەڵ بونیادی دەقدا، ئاوێتە دەبێت، بەواتە لەودیو دەقدا خوێنەر ئاوێتەی مێتامانا و مێتاکۆدەکان دەبێت و جۆرێك لەکرانەوە خۆی رەنگرێژدەکات، بەواتە چەشنە گەمە و وازییەك لەنێوان تانوپۆیەتی خوێنەر، مەدلوولییەتی ماناکان لەنێو فەزا و زەمینەیەك دێتە سازبوون.

ئیتر هەنگاو دوای هەنگاو روئیا قوولەکانی خوێنەری ئاگا رووەو جۆرێك لە کردەی ئیبداعیانە خۆی تەنزیر دەکات، بەواتە لە رووگەیەکی تر هەلەوشاندنەوەگەراییانەی چەمك و موفرەداتەکانی نێو بونیادی دەق هەلدەوەشێنێتەوە و دەیانخاتە دووتۆی راڤەیەکی سیمیۆلۆژییانەی کراوە، ئیتر ئالێرەدا بەدواوە پردێك لە نێوان (خوێندنەوە ـ دەق) دەسازێ، ئالەوێدا دایەلۆگێك، فیکر گۆڕینەوە و قوولبوونەوە دروست دەبێت، بە واتە دایەلۆگێك، جەدەلییەتێکی کراوە، لەنێوان

دوو داهێنەر دەسازێ (داهێنەری دەق ــ خوێنەری داهێنەر)، ئیتر بەڕووی فەزایەکی دیالۆگئامێز و پڕ ئێستاتیکا و وزەبەخش خۆیان هەلدەگرنەوە و دەکرێنەوە.

بۆیە دەگەینە ئەوەی کە میکانیزم و ستراتیژییەتگوتاری خوێندنەوە، چەشنە پرۆسیسێکە، چێژ، رەنگ، مانا، ئێستاتیکا لەنێو هەناوی دەقدا رەنگرێژدەکات و هەڵیاندەگرێتەوە، هەمیشە دەیەوێت لە حالەتی قوولبوونەوەکانی خۆیەوە، کار لەسەر مانا و کەشفکردنی کۆدە هەمەڕەنگەکانی بونیادی دەق بکات، ئیتر ئالەوێدا تیشکە رایەلەکانی ئیبداع دەردەکەون، کە بەنمرەی یەك و لەریزی پێشەوەی هەموو بایەخ و ئەهمیەتەکانی تر پەیوەست دەبێتەوە بە روئیائاگا و کراوەکانی تاکی خوێنەر، چونکە فەزاکانی داهێنان و کردەی ئیبداعکاری هەمیشە جەستەی خۆی لە فرەڕەنگی و فرەدیدگاکانەوە هەڵدەگرێتەوە و دێتە سازبوون، چونکە لەنێو دونیا رەنگالەییەکانەوە، فیکری هەمەڕەنگ و کراوە، فەزای جیاواز، چێژ و ڤالابوون، فرەرەهەندی، خۆی رەنگرێژ دەکات و دەکاتەوە.

ئالێرەدا دەگەینە ئەو هەنگاوەی کە داهێنان یەکسانە بە خوێنەری دیدگا جیاواز و خەیاڵگە کراوەکان، بۆ ئەوەی فەزای داهێنان پڕماناتر و پتەوتر خۆ بنوێنێ، و لەدوایدا وەك کردەیەکی ستراتیژ و کراوە بێتە خولقان، کەواتە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بەبێ خوێنەری ئاگا دەشێ داهێنان، نوێگەری، کرانەوە، جۆرێك لە دۆگمایی فیکری لە نێو رەهەندگەڵە مەعریفییەکاندا بخولقێ و رووبەڕووی تەمومژیی و ناحاڵیبوون و ناقوولبوونەوەیەك ببێتەوە (خوێندنەوە داهێنانی دەقێکی دیکەیە و پشت بە خوێنەری داهێنەر دەبەستێت).[٩]

بۆیە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان (دەق ـ خوێنەر) هەمیشە پەیوەندییەکە بەڕووی کرانەوە، چێژبەخشین، بەرجەستەبوونی مێتاماناکانی نێو هەرێمەکان خۆی دەکاتەوە، هەمیشە لە هەوڵی کەشفکردنەکاندایە، کەشفکردنی ماناکان، ئەو مانایانەی کە لەنێو روپێوی دەق و دونیادا حەشاردراون، کە هەمیشە هەناوی ئەم دەقانە پڕن لە ئێستاتیکا، لەزەت کۆد و مەغزای هەمەڕەنگ و کراوە، خوێنەری پڕ جووڵە و ئاکتیڤ هەڵگری دیدگایەکی قووڵی مەعریفی و راڤەگەلێکی فیکرییانەی هەمەڕەنگە، هەمیشە تەوژمێکی راڤەکارانە بەخۆوە گرێ دەدات و بەو مەبەست و نیازە لەنێو کوچە تاریکەکانی دەقدا کاردەکات و دەیەوێت شوناس و ناسنامەی خۆی لەسەر رایەڵەکانی کرانەوە، راڤەکاریی، مانابەخشین بە تێکست رەنگرێژ بکاتەوە و سەرلەنوێ ستراکچەرەکان بونیاد بنێتەوە.



هەر بۆیە خوێنەر ئەو جووڵە و دیدگا ئازاد و سەربەخۆیەیە، کە ویست دەخولقێنێ، ویست لەپێناو دامەزراندنی ئیرادەیەکی مەعریفییانەی ئازاد، لەپێناو ئەوەی کە تێکست کونج و کەلەبەرەکانی رۆح بدرەوشێنێتەوە و بە فۆڕم و سکێچێکی تر، لەون بڕژێنێ بەنێو دەقدا، بۆ ئەوەی هەر رایەڵەیەك لەو لەونییەتەدا مانا و گوتارێك بەخۆیانەوە گرێ بدەن و سەرلەنوێ دەق بە دیوێکی تر خۆی ساز بکاتەوە، ئەو پرۆسیسەی رەنگرێژکردن و مانا بەخشینە کە پەیوەستە بە روئیایەکی بوێر و ئاگا، کە هەمیشە لە دیدی رایەڵ و کلتوورە دۆگماخوازەکان، بەجۆرێك لە ترس و بیم و شکێنەر دێتە وەسف کردن و ئاماژە پێدان، کە زۆر جار تەخەیولی ئەوە دەکەن کە، دیدێکی بوێرە و لەتوانایدا هەیە دیوارە کۆنکریترێژەکانی ئەوان بڕووخێنێ و ورد و خاشیان بکات و چیتر سێبەری ئەوان نەهێڵێت بن بە تاکە سێبەر و پرۆسەی پەراوێزبوونی بەرامبەر رابگرێت.

چەمك و موفرەداتەکانی (خوێنەر ـ دەق) لەنێو تەونییەتێکی داپۆشراو بە فیکر و فەلسەفە و چێژ و فەنتازیاوە، بونیادێك دادەمەزرێنن، بونیادێك کە دەشێ فەزا و زەمینەیەکی کراوە بێت بۆ پرۆسیسەکردنی رووگەکانی خوێندنەوە و کردەی تەئویلکارییانەی خوێنەر، ئیتر بەدواوە ویستێکی ئیرادەگەرییانەی خوێنەر دێت سەرجەم کۆدەکان، مینرێژە لەززەتییەکان، مانا بڤەکراوەکان یەکە یەکەیان دەتەقێنێتەوە و ئازادیان دەکات و سەرلەنوێ دێت دەیانخاتە نێو راڤەیەکی فەلسەفییانە و مانایەکی تر، دوور لەمانا تەقلیدییەکان پێدەبەخشێ و بە فۆڕم و لەونییەتێکی تر لەنێو هەناوی دەقدا رەنگیان دەکاتەوە و دەیانخاتە نێو رووگە کراوەکان و لەنێو تاریکیی و شەوەزەنگی نا ئاگایی رزگاریان دەکات.

ئیتر ئەوساکە دەق رووەو فەزایەکی کراوە خۆی ئاراستە دەکات و جەستەی خۆی دەکاتەوە، مانا حەرامکراوەکان سەرلەنوێ بۆجارێکی تر دەژیێنێتەوە، لە بازنەی داخراوەیی و مەرگەساتی تەقلیدییانەدا ئازاد دەبن و هەناسە دەدەن، ئیتر روئیاکانی خوێنەر بەدیوێکی تر و بۆجارێکی تر باخچەی دەق پڕدەکاتەوە لە مانا و ئازادیی و چێژ و ئێستاتیکا، هەروەك (رایمۆند فێدەرمان) دەڵێت: (خوێنەر تێکست پڕدەکات لە مانا).[١٠]

ئیتر خوێنەری زرەنگ و دیدەرۆشن جارێکی تر هەناوی تێکست پڕدەکاتەوە لەمانا و ئەو چەمکانەی کە هەناسەی ئازادییان هەڵمژیوە و ئەیبەخشن و پڕچێژ و ئێستاتیکا، پڕ بزاڤ و بەرخودانن، دوور لەو مانا و چەمك و موفرەدە زمانییانەی کە مەرگدەدەن و بێ جوولە و چەقبەستوون و لەنێو شەوەزەنگی داخراوەیی و دۆگمایی، هەناسە وەردەگرن و ئەو مانایانەی

که جارێکی تر دەق بەو هەموو لەونییەت و جوانییەدا رووەو فەزایەکی کراوەی هەمەڕەنگ ئاراستە دەکات.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە (خوێنەر) شوناسێکی ترە، ئەو تۆخمە مرۆڤەیە، کە ئازادانە و پڕ ویست و والایانە هەناسە دەدات و بیردەکاتەوە و نەخشەڕێژی ئایندە دەکات و دێت بە جوولە جوانەکانی، ژیان ئەڕازێنێتەوە، بەپێچەوانەوە خوێنەر تەنیا ئەو زاتە پڕ جوولە بەخشە نییە، کە تەنیا بە شوێن خوێندنەوە و راڤەکارە سەرپێیانەی دەقەکان دا گەمە بسازێنێ، گەمەیەك کە لەژێر دەسەلاتی یەکلایانەی نووسەر دەرنەچێت و نەکرێت، بەڵکو لەنێو تانوپۆی ئەو دەسەلاتەی کە نووسەری تێکست رواندوویەتی و رەنگرێژی کردووە، بەڵکو خوێنەری زرەنگ و بە ئاگا لە چاوەڕوانی ئەو گەمەیەدا نییە، کە نووسەر لەتەك موفرەدات و پەیڤەکان دا دەیکات، بەڵکو بە شوێن وازییەکی فیکرییانەی راڤەکارانەیە، بۆ ئەوەی لەنێو تان و پۆی ئەو گەمەیە کە لەنێو دەقدا سازی ئەدات، وازییەك کە رۆئیاکانی خوێنەر دەباتە ئەودیو دەق (مێتادەق) و ئەودیو ماناکان، بەڵکو وەك تەوژم و هێزێك خۆی دەخاتە نێو گەمە زمانەوانییەکان، دەیەوێت بەشداربێت لە مانا بەخشین و رەنگاڵەکردنی فەزای دەق و دەرچوون لەو مەرزەی کە نووسەر لەنێو دەقدا رەنگرێژیکردووە، و هەمیشە بەشوێن دۆزینەوەی مانا و کردنەوەی کۆدەکان و دونیا فەنتازییەکاندا حەودالّدەبێت و دەژیت.

ئەگەر بونیادی دەق لە رووی فۆرمەوە وەك فەرشێکی پڕ هێما و پڕ لە رەنگ رەنگرێژکرابێت و بە پێی وێناکردنە حسییەکانی خودی نووسەری دەق بەرێوە بچێ، ئەوە بونیاد و دیوی ناوەوەی دەق و فەزاکانی دەق بە مەدلوولاتەکانی زمان و مەغزا و تیمە و فەنتازیاکانی خوێنەر کە بۆ دیوی ئەودیو دەق ئەینێرێ، بەرێوە دەچێت، لە دیوی ناوەوەی دەق خوێنەر رۆڵێکی تەواو و پتەو لەو پانتاییەدا دەگێڕێ، دەبێتە خالی وەچەرخان و بزاڤ خستنەوە، بزاڤ لە پێناو کۆنکریت نەبوونی جومگە سەرەکییەکانی دەق و هەناسە بەخشین بە مەدلوولە هەمەڕەنگەکانی مانا، کە دواجار ئەمە دەبێتە پرۆسە و میکانیزمێك کە سەراپای دەق بە هەردوو دیویەوە رووەو کارێکی هونەرییانەی پڕ جەمالییانەی مەعریفییانە ئاراستە دەکات، و لەدواساتدا دەقێکی مۆدێرن و کراوە دێتە خولقان.



## (٥)

رۆژهەلاّت ئەو جوگرافیایەیە، کە هەمیشە نامۆبوون، پەراوێزیی، ترس و بیم بوونەتە گوتار و ناسنامەی، و چەند تایبەتمەندییەکی تر بۆ ئەوەی خودی خۆی لەگەڵ سەرجەم فۆرم و هەرێمەکانی تر جیا بکاتەوە.. جوگرافیایەك کە هەمیشە بەشوێن ئیفلیجکردنی خەون و فەزا ئازادەکان، جەستە بێسانسۆرەکان، فیکرە یاخییەکان لە گەڕاندایە، بۆئەوەی دەسەلاّتی خۆی بەسەر تانوپۆی کۆمەڵگادا فەرز بکات و کۆمەڵگە لە ژێر فەرمایشتەکانی ئەودا هەنگاو بنێن و بن بە پەراوێز و سێبەری فیکرە دۆگماکان، بۆئەوەی هەمیشە خودی خۆی بە سکێچێك لە زەبر و زەنگ و ترس و دڵەڕاوکێ بهێڵێتەوە، تا دوا هەناسە حکایەتەکانی خۆی بۆ نەوەکانی تر بگێڕێتەوە و بن بە بەشێك لە کارەکتەری نێو ئەو حکایەتانەی کە (باوك/ دەسەلاّت) پالّەوانییەتی. کە تیایدا باوك وەك خوداوەندێك فەرمایشت دەردەکات و لە بەرامبەر فەرمایشتەکانی باوکیش پێویست دەکات کە منالّەکان، کارەکتەرە پەراوێزکراوەکان سەرجەم داواکانی باوك جێبەجێ بکەن؟، وە دووپاتی ئەوەش دەکرێتەوە کە پێویستە لە ژێر ئامۆژگارییەکانی باوکە خەنجەر بەدەستەکان لانەدەن و کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست نەدەن، هەروەك (شێرزاد حەسەن) دەڵێت: (ئەم دونیایە جگە لە بیمارستانێکی گەورە هیچی دیکە نییە).[11]

ئیتر رۆژهەلاّت دەبێ بە بیمارستانێکی گەورە بۆ ئیفلیج پێکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، وێرانەکردنی سەرجەم خەونە ئازاد و خەیالّگە کراوەکان، هەمیشە دەیەوێت وێنای باوکێك لە زەبروزەنگ لە زاکیرە و یادگەماندا بروێنێ، بۆئەوەی تەقدیسییەت بەسەرجەم کەرەسە و فینۆمینۆیەکانی ئەم باوکە بدەین و پارێزگارییان لێبکەین، بۆئەوەی بەم پیرۆز راگرتنە بتەکانی (باوك/ دەسەلاّت) بەردەوام لە کۆنکریتبوون و مانەوەیەکی ئەبەدیدا خولّ بخۆنەوە. بەلّێ، رۆژهەلاّت تەمبەڵخانە و بیمارستانێکی مەزنە بۆ رەنگرێژکردنی تیرۆری جەستە و ئیفلیج پێکردنی مانا جوانەکان، فەزا کراوەکان، تاکە بێئیرادەکان.

دیارە هەناسەدانی ئەم رەوشە تەمومژاوییە پەیوەست دەبێتەوە بە نەبوونی ئیرادەیەکی مەعریفییانەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، کۆمەڵگە و نەبوونی مرۆڤی ئازاد و ویستگەر، ئەو مرۆڤە پڕ ویستانەی کە وەك (سپینۆزا) گوتەنی، پێویستە وەك کائینێکی زیندووی ئیرادەخواز بیژێت: (نا).

نا بۆ هەموو ئەو رەهەندانەی کە لەژێر دەسەڵاتی (خود)دا نین، نا بۆ سەرجەم وێنە نا باوەکانی دەسەڵات، کە هەمیشە لەلایەن دەسەڵات و کۆنترۆڵگەلێکی ترەوە وەك دیوەزمەیەك بەسەر مرۆڤایەتیدا فەرز دەکرێت و کۆنکریت دەبێت، پێویستە خود داوای ئەوە بکات کە خۆی ببێت بە سێبەری دەسەڵاتی خۆی و ببێت بە مەکۆی بوون و کۆنترۆڵی سەرجەم شتەکان بکات، کە خۆی لەمەوپێش دروستکاری بووە و دروستی کردوون، نەوەك بە پێچەوانەوە ئەو رەوتە کۆلۆنیالە بەسەر مەردوومییەتدا فەرز بکرێت.

هەبوونی پرۆسەیەکی ئازادانەی دیموکراسییانە لەنێو روپێوی کۆمەڵگا، بوونی زەمینە سازییەکە بۆئەوەی گۆڕان و جوولە بخاتەوە، هەمیشە دەتوانێ بەرخودان و جوولە بخاتەوە و بخولقێنێ، دەتوانێت بۆ فیکر و ویستە پڕ ئیرادەکان بەرهەم بێنێ و مەعریفە و کرانەوە بەرووی رەهەندگەلەکانی ژیان خۆی والابکات.

کلتووری خۆرهەڵات، هەمیشە دەیەوێت وێناکانی خۆی لەسەر کوشتنی وزەکانی ئیرۆسیەت و پەراویزخستنی رایەلەکانی خۆشەویستی و سۆزداریدا هەڵبگرێتەوە و کاربکات و بەرێوەبچێ، لەجیات ئەوەی بێت بە دیوەکەی تر سەرجەم رەهەندەکان بکاتەوە و کۆمەڵگە بەرەو کرانەوە، ئازادی، مانا و چێژێکی ئێستاتیکییانە، ئاراستە بکات، لە دیدگایەکی شەفاف و ئازاد، فینۆمینۆیەکان بەدیدێکی تر راڤە و تەفسیر بکاتەوە، بۆ ئەوەی ژیان جوان و جوانتر بێت و فرەرەنگی تێدا ببێت بە مەکۆی بوون، مەکۆی مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەوە دێت وەك بکوژێك، وەك هێز و تەوژمێکی پەراوێزکار، کار لەسەر سەرجەم رەهەندەکان دەکات و ئاماژەیەکی پڕ توند و تیژی رەسمەدەکات و دەنوێنێ.

کۆمەڵگە داخراوەکان، ئەو کۆمەڵگایانەن، کە لەرێگەی رایەڵ و کەناڵە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە، بە فیکرێکی دۆگمایانە و فەلسەفەیەکی تاکرەوییا و تاکرەهەندانەی بارگاوی بە دەسەلاتێکی کۆنکریتانەی یەکدیوییانە، سەرجەم فەزا و تانوپۆیە ژیارییەکان، دونیابینییە جیاوازەکان، کۆنترۆڵ دەکات و لە هەولی داگیرکاریدا کاردەکات، دەیەوێت لەژێر مەنهەجییەتێکی تاکلایانەی خۆی، کە باوکە شمشێر بەدەستەکان، بە سیما داخراوەکانیان هەلسوکەوت دەکەن، بۆ ئەوەی بەویستی خۆی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات، بە ئیرادەیەکی دۆگماتیکییانەی یەکدیو کۆمەڵگە بارگاوی و تەیار بکات، هاوشێوەی سکێچ و بازنە بەندە پیرۆزەکانی خۆیان (کۆمەڵگەی داخراو قسەکەرێکی هەژموونگەرە، کە بەناوی مۆڕالەوە، تەواوی مرۆڤەکان جلەو دەکات و سەرجەم جیاوازییەکان دەکوژێت).(١٢)



جیاوازگەرایی هەمیشە لەنێو فەزاکراوەکان، ئەو فەزایانەی کە لێورێژە لە ئازادی، یەکسانی، مرۆڤدۆستی دا خودی خۆیان هەڵدەگرنەوە و بەرەو کۆمەڵگە هەنگاوەکان ئاراستەدەکەن، لە پێناو بەخشینی سەروەرێتی بە مرۆڤەکان، بە هەناسەکانیان، نەوەك بە پێچەوانەوە، کە بەناوی مۆڕالیەت و ئاکارێکی خنکێنەرانە، بەشەرییەت بازنە بەندبکات و لە هەولی کوشتنی سەرجەم رەهەندە جوانەکاندا کاربکات، کە رەسمی ئەو جۆرە سکێچە تەمگرتوانە خۆی لەنێو فەزا داخراوەکانی چەشنی کۆمەڵگەی رۆژهەڵات دا دەبینێتەوە.

خۆرهەڵات، ئەو بیمارستانە گەورەیەیە، کە هەمیشە تیایدا چارەنووسی مرۆڤەکان رووەو ئیفلیجکردن و پەراوێزخستن ئاراستە دەکات و سەرجەم ویستە وزە بەخشەکان بەتاڵدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە هیچ کلۆجێك هەمەرەنگی و دونیاکانی پۆست مۆدێرنییەت تەنانەت وەك رۆشناییەکیش پڕشنگەکانی خۆی لەنێو ئەم فەزایەدا پەخش نەکاتەوە و روونەدات.

## (٦)

ستەمکاریی ئەو چەمك و موفرەدەیەیە، کە هەمیشە وەك کایەیەکی ترسهەڵگر لەنێو کۆمەڵگە داخراو و دۆگماکان خودی خۆی وەك پرۆسیسێك هەڵدەگرێتەوە، بەواتە هەمیشە دەیەوێت بە زەبر و زەنگ بلاژکتۆرەکانی خۆی بەنێو سەرجەم رەهەندگەلە کلتوورییەکاندا پەخش بکاتەوە و دەسەڵاتە کاریزمییەکەی خۆی بەنێو هەناوی کۆمەڵگادا فەرشرێژ بکات و تاکەکان لە بزاڤ و وزەکانی ژیان پەراوێز بخات.

بەواتە هەرکاتێك لە هەر شوێنێك ستەمکاریی وەك سکێچێك فۆرمەلە بوو و خۆی بەیان کرد، ئەوا بەدیوەکەی تر بەواتا ئەو شوێن و جوگرافییایە هێشتاکە نەیتوانیوە سکێچێك، ئەندازەیەك لە مرۆڤدۆستی و تەبایی و یەکسانی و مەدەنییەت و شەفافییەت رێکبخات، سیستەمێك مرۆڤ بە کۆی جیاوازییەکانیەوە بە کۆی رەنگ و فۆرمیولەکانییەوە قەبوولێ بێت و دەنگ و بانگی ئازادی، کرانەوە، دیموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا پراکتیزە بکات و مانشێتی ئازادانەی رویاکان بەرز بکاتەوە، مانشێتێك کە هەموو دەنگ و رەنگ و فۆرمە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت و رەنگرێژییان بکاتەوە، چونکە هەمیشە ترس و بیم و کوشتن و پەراوێزی و نامۆیی لە رایەڵە پڕمەودا و پڕ تایبەتمەندەکانی حکومەتی ستەمکار و زەبر و زەنگ، هەمیشە ئەو رایەڵە ترسێنەرانە وادەکات هەناسەکانی حکومەتی ستەمکار گەشە بکەن و درێژە بە خەیاڵگە پڕ نامۆکانی خۆیان بدەن.

بەواتە سەرجەم ئەو رایەڵانە هەوێنی خولڤان و نماکردنی سیستەمە ستەمکارییەکانن لەنێو سەرجەم رەهەندەکانی ژیاندا، بەواتایەکی تر هەمیشە دامودەزگا و کەناڵە ستەمکارییەکان بۆ ئەوەی جەستە و گوتارە زەبر و ترسهێنەرەکانیان گەشە پێبدەن و جۆرێك لە پیرۆزیی بە تەوتەمیەتی خۆیان بدەن و ژیانیان لە نێو فەزاکانی ئایندەدا مسۆگەر بکەن، دێن بە پلە یەك کار لەسەر ناکۆکی و دووبەرەکی کۆمەڵگە دەکەن و رووەو جۆرێك لە پەراوێزکاری ئاراستە دەکات، پەراوێزکاریی لەپێناو نەفیکردنی وزە ژیانبەخشەکان، کە ئەویش پەیوەستە بەو وزە پڕ ویستانەی کە لەنێو هەناوی دەنگە تازەکان، نەوە پڕ ئیرادەکان، ئەو نەوانەی کە هەمیشە وەك تەوژمێك لە نادیارەوە خۆیان دەخولڤێنن و پەیدا دەبن، هەمیشە ئەو سیستەمە پەرووەاوێزخەرە دێت بە هەموو شێوە و ئەندازەیەك وزەی نێو هەناوی نەوە نوێیەکان بەتاڵ دەکاتەوە و وزەی ژیانیان لێ خاموش دەکاتەوە، و درز دەخاتە نێو کۆمەڵگە و تاکەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر هەر سیستەم و یاسا و رێسایەك لەنێو حکوومەتە ستەمکارییەکان بوونیان هەبێت، ئەوا ئەو یاسا و رێسایە جۆرێکە لە بارگاویکردن بە ئیفلیجییەت و لەبار بردنی هەناسە نوێیەکانی ئیرۆسییەت و شارستانییەت، بەردەوام دەیەوێت بە جۆرێك ببێتە رێگر لەبەردەم رایەڵەکانی مەدەنییەت و سەرفیرازی کۆمەڵگە، لەبەردەم کرانەوەی کۆمەڵگە بە رووی تەوژمەکانی جیهانگەرایی و دونیای تەکنەلۆژیای سەردەم.

ئەگەر بێت و لە رووگەیەکدا کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان لە رووی فۆڕم و ماهییەتدا هەڵبسەنگێنین و شۆڕبوونەوەیەکی راڤەکارانەی بۆ بەئەنجام بدەین ئەوا لە دواساتدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان جۆرێك لە تەبایی، رێکخستن، یەکێتی لەنێوان تاکەکان دەبینرێت، کە چوون زنجیربەندییەك بەدوای یەکدا رێکخراون، بەڵام لەڕووی ماهییەتدا یەکێتی و تەبایی و یەکڕیزییەکان پڕیەتی لە درز و دژەکاریی و ترس و قەیران، قەیرانگەلێك کە سەرجەم دامودەزگاکانی تەنیوەتەوە، هەموو کەناڵەکانی ژیانی کردۆتە پاشکۆی چین و تاقمە تەقلیدگەراییە فیکر داخراوەکان، بەواتە هەمیشە بانگی دیموکراسییانە و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی دەدەن، بەڵام تەنیا لە فۆڕمێکی بێ ماهییەت و جەوهەردا ئەم بانگدانانە خۆیان دەبیننەوە، هەروەك (مۆنتسیکیۆ) دەڵێت: (گەر ئێمە لەوێ دا یەکێتییەك ببینین، ئەوە هاونیشتمانییەکان نین، کە یەکیان گرتووە، بەڵکو جەستە مردووەکانن، کە یەك لەپاڵ ئەویتریان نێژراون).[١٣]



لە کۆمەڵگە داخراوەکان هەمیشە جەستەکان، دەنگەکان، ویستی ئیرادەکان مردوون و لەنێو هەناسەتەنگییەکدا مەرگدەدەن و توانای بزاڤ و بەرخودانیان نەماوە، توانای رەنگاڵەکردنی ژیانیان لەبیرچۆتەوە و نەماوە هەروەك (مۆنتسیکیو) رووگەی رۆئیاکانی وایە، لەنێو کۆمەڵگە ستەمکار و داخراوەکان جەستەکان ناتوانن مومارەسەی گۆڕان و بزاڤخستنەوە بکەن، بزاڤ و ئیرادە بخولڤێنن، بۆئەوەی چەمك و موفرەداتی نوێ، هەناسەی نوێ، نەوەی نوێ لەدایك بێت، ئەو نەوەیەی کە لە توانایدا هەیە (ویستی هێز) بە مانا نیتشەییەکەی بخولڤێنێ لە پێناو ئاراستەکردنی کۆمەڵگا لە رووگەیەکی داخراو رووەو رووگەکانی کرانەوە.

لەنێو ئەو هەرێمە داخراوانەی خۆرهەڵاتدا نەوەیەك نییە، کە پرۆسە و ئالییەتی کارکردنەکانی خۆی گەشەپێبدات و ئیرادە بەرهەم بێنێ و داخوازییەکانی خۆی رابگەیێنێ، بۆئەوەی لە بەرامبەر هێزە تەوتەمەکانی جەنگ و ستەمدا رابوەستێ و دژایەتی فیکرە تەقلیدگەراییەکان بکات، بۆیە لەنێو ئەو جوگرافیا و هەرێمە داخراوانەدا، سەرەتا ستەمکاریی قەیران دەخاتەوە، قەیرانگەلێك کە جەستەکان رووەو مەرگ و کۆیلایەتی ئاراستە دەکات، مرۆڤەکانی فێرە ستایش و بەندایەتی دەکات، فێری خودپەرستی دەسەڵات و پەراوێزیی و ترازان و دژەکاریی دەکات، ئەمەش بەو مەرامەی کە کۆمەڵگا خۆدی خۆی وەك جەستەیەکی پەرتبوو رێکنەخاتەوە و بۆی نەبێ تاکەکان بەنێو تاك ناوەندییەتێك کۆبکاتەوە و هێزی گەل بەرهەم بێت، چونکە هێزی گەل، هێزێکە هیچ بەربەست و کۆنکریت بوونێك نازانێ و ناتوانێ ببێتە رێگر لەبەردەم هەناسەکانی، ئیرادەگەلەکانی، بۆیە هەمیشە سیستەمە ستەمکارییەکان کار لەسەر بەرهەمهێنانی چەمك و مەفاهیمەکانی ترس و تۆقاندن و کوشتن دەکات، بۆئەوەی هەمیشە خودی خۆی وەك باڵادەستێك و چوارچێوەیەکی کۆنکریت رەنگڕێژ بکات و لەنێو نەخشەرێژییەکانی ئێستا و ئایندەدا بژی.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لە هەر شوێنکاتێ چەمك و مەفاهیمەکانی ستەمکاریی رەگی خۆی داکوتا، بەواتای ئەوە دەسەڵاتە کاریزمییەکەی حکوومەتی ستەمکار دەتوانێ بەسانایی کۆنترۆڵی سەرجەم کەناڵەکانی کۆمەڵگا بکات و چۆك بە تاکەکان دا بدات و لەژێر فەرمایشتەکانیدا دەرنەچن، هەر بۆیە لەسەرەتای دامەزراندن و خولڤانی هەر سیستەمێکی ستەمکاریی و فاشییەتدا لەنێو هەر هەرێمێکدا، سەرەتا پەنا دەباتە بەر توندوتیژی و تۆقاندن و قەیران سازدان و وەحشییەتگەرانە، بەمەبەستی تیرۆرکردنی عەقڵییەتی تاکەکان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و بەخشینی سەروەرییەت بە جەستەی خۆی، و هەمیشە

کار بۆ ئەوە دەکات کە تاکەکان بکات بە رۆبۆتێکی چکۆلانەی دەستی خۆی، بۆمەبەستی گەمەکانی خۆی و وەك سەربازێکی تۆکمە بۆ ویستەکانی خۆی بەکاریان دەبات، بۆیە قەوارە و مەودای رژێمە ستەمکارییەکانی خۆی پێ فراوانتر بکات و پتەوتر جەبرییەتی خۆی بنوێنێ و بەرووی تەومژی گۆڕان و رووخان نەبێتەوە.

ستەمکاریی چوون تەڵەزگەیەکی تەڵخ و تەمومژاویی قورگ و هەناسەی تاکەکان دەگرێ و ویستی ئیرادەیەکی مەعریفییانە لە هەناویاندا دەردەهێنێ و بەتاڵیان دەکاتەوە و لە وزەیان دەخات و بەرکەناریان دەکات، هەروەك (فاروق رەفیق) لە پەرتووکی ستەمکاریدا رووگەی رۆئیاکانی چڕ دەکاتەوە و دەڵێت: (ستەمکاری هیچ نییە جگە لە کەئابەیەکی ئەبەدی، کە باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا کێشاوە).[١٤]

لە سیستەمی ستەمکاریدا، بۆئەوەی درێژە بە هەنگاوە پڕ ترس و تۆقێنەرەکاندا بدات، دێت مرۆڤەکان دەخەسێنێ و فیکریان داخ دەکات، بۆئەوەی چەشنی رۆبۆتێك کار و نەخشەرێژییەکانی دەسەڵات بەڕێوە ببەن، بەواتە"خەسێنراوەکان" میتافۆرێکن بۆ شەفافییەت خستنەسەر ئەکتیڤبوون و میکانیزم و پرۆسێسەکانی حکوومەتی ستەمکار، کاری مرۆڤە خەسێنراوەکانیش جۆرێك لە ترس و بێدەنگی بەسەر فەزای شار و کۆمەڵگەدا لەلایەك ئەهوەنکردنەوەی فەزای ئیمپراتۆرییەتە.

مرۆڤی ئیرادەگەل و ئازاد لەژێر ئەم حکوومەتە تاناتۆسییەتەدا نەوەك تەنیا بوونی نییە، بەڵکو بەردەوام لە پەروەردەکردنێکی ئەکتەرگەلانەدایە، بەواتا هەمیشە دەوری ئەکتەر و داهۆڵێك دەبینێ، بۆئەوەی ترس بەرهەم بهێنێ.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە کاتێ ستەمکاریی دەیەوێت مومارەسەی ژیانێکی ئەبەدییانە بکات، دەیەوێت بە ئالییەتێك بێت، کە هەرچی بەربەست و توخمێك هەیە و پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ سیستەمی حکوومەتی ستەمکار، لەبەر یەکیان هەڵبوەشێنێتەوە، وەك بانگەوازی کۆمەڵگەی مەدەنییەت و دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگە و یەکسانی و هەمەرەنگیی و رەوتەکانی جیهانگەرایی و...تاد کە میکانیزمێکن بۆ وەگەڕخستنی مرۆڤی کراوە، فیکر یاخی و سەربەست و مۆدێرن، ئەوا رێك بە پێچەوانەی ئەو هەموو رایەڵ و چەمك و مەفاهیمانە، دامودەزگا ستەمکارییەکان کار لەسەر لەمرۆڤخستنی مرۆڤ و جینۆساید و قەتلوعامکردنی جەستە ئازادەکان دەکات و چەپ و راستێك بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دادەهێنێ لەپێناو بەرژەوەندییە بالاکانی خۆی.



بە واتایەکی تر دەبێت بە کوشتەی ئەو میکانیزم و ستراتیژییەتانەی کە بنەما و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی کراوە لەخۆ دەگرێ، چونکە لەنێو کۆمەڵگەی کراوە و رۆشنگەردا رۆئیای جیاوازبین و بوێر لەدایك دەبن کە لە توانایاندا هەیە رەخنە ئاراستەی چەمکە داخراوەکان بکەن و رەفزی فیکرە سەلەفییەکانیان بکەن، هەربۆیە دامودەزگا و کەناڵە داخراوەکانی حکوومەتی ستەمکار دێت کار لەسەر سڕینەوەی بەها کراوەکان دەکات، بۆئەوەی رووبەڕووی منالە چەتوون و یاخییەکانی مۆدێرنیتە نەبێتەوە کە بنەماکانی سیستەمی ستەمکاریی نەفیدەکەنەوە، بۆیە لەسەرەتای هەنگاوەکانیدا دەست دەکەن بە قڕکردنی دەنگە نوێخواز و جیاوازەکان، ئەو دەنگانەی کە باوەڕێکی پتەویان بە یاخیبوونێکی فیکریی و فەلسەفییانە هەیە، هەڵدەستێت بە مانۆڕێکی سەربازییانەی توند و پتەو دەیان شورا و تەلبەندی کۆنکریت بە دەوری جەستە و کیانەکانی خۆیەوە دادەڕێژێ، لەسەرجەم رەهەندە رامیاری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، کلتوورییەکاندا بۆئەوەی بە شێوازێکی ئاسان ئەم تەلبەندانە نەکەونە بەر تەوژمی ویستی دەنگە ئازادەکان، هەر بۆیە وەك (مۆنتسیکیۆ) دەڵێت: (ستەمکاریی ئیهانەیەکە بە سروشتی ئینسان).[١٥]

## (٧)

(نامەکانی ژاکۆن) ناونیشانی دەقێکی (جەبار جەمال غەریب)ە، کە وەك تەونێکی فرە رەنگ و فرە مەودا خودی خۆی رەنگرێژ کردووە، کە هەر رایەل و رەنگ و هێمایەك هەلگری دونیاگەلێك کۆد و مانا و مەغزا و رایەڵی فیکری و فەلسەفییە.

دەیەوێت بە تەلویناتە ئاماژەیی و پڕ لە تیمە فرەڕەنگەکانییەوە بونیاد و جەستەی خۆی لەنێو رۆئیاکانی خوێنەردا هەڵ بگرێتەوە، بەردەوام دەیەوێت لەو خەیالگەیەوە مانا و رەنگ و کۆد و شفرەکانی بتەقێنێتەوە، بۆئەوەی وەك جەستەیەکی کراوەی مەعریفەهەڵگر و فیکر کراوە مومارەسەی خۆی بکات، بۆیە بەردەوام چیرۆکنووس ویستوویەتی هەناوی دەق بە پەرەگراف و موفرەدات و رایەڵ و کۆدی ماناهەڵگر رەنگبکات، زیاتر ئەمەش بەو مەبەستەی کە هەنگاوێك بۆ پتەوکردنی بونیادی دەق و مەغزا شاراوەکانی دەق بەرجەستە بکات، دیارە ئەم بارگاویکردنە رەنگاوڕەنگانەی پەیڤەکانیش بۆئەوەی لە رێگەی دونیای مێتاماناکان، مێتاکۆدەکان بە دیدی خوێنەر بڵێ دونیا و جەستە و فەزایەکی کراوەتر لەودیو واقیع (مێتا

واقیع)دا بوونی هەیە، دونیایەك بە مەودایەكی تر و بەدونیایەك رەنگ، دونیایەك مانا، دونیایەك پەیڤی حەرامكراو، ماچی كوژراو، خەونی سەربڕاو دێتەدوان.

چیرۆكنووس سەرجەم ئەم دونیاگەل و پەیڤە سەرابییانەی لەنێو هەناوی بونیادی دەق رەنگ كردووە، ئەمەش بەو مەرامەی كە خوێنەری زرەنگ و دیدەقووڵ و هوشیار بخولقێنێ بۆ ئەوەی سیحری زمان و مەتەڵییەتی رەنگەكان لە هەر پەرەگراف و رستەیەكدا، لێك بداتەوە و بەرجەستەی هەناوی كۆدەكان بكات، مانا گەفلێكراو و ماچەكوژراوەكان لە سەهمییەتی ترادیسیۆنە كۆمەڵایەتییەكان رزگار بكات.

(نامەكانی ژاكۆن) دەیەوێت وێنای كۆمەڵگایەكی داخراوی پڕ لە ترس و بیم و ئەشكەنجە و رایەڵەكانی ستەمكاریمان بۆ بكات، دەیەوێت وێنای شارێك و زانكۆیەكی ئیفلیج و وێران لە عەشق، لە جوانی، لە رەنگ، لە مانا، لە فیكر، لە ئیرادە، لە ئیرۆسییەت بە هەموو رەهەند و رایەڵەكانی ترەوە لە دیدە و زەینماندا بكات. (هەموو ساڵەكانی خوێندنم بەرێ كردن، هەر چوارساڵ تێپەڕین و هەمان كورسی و هەمان دیوار و هەمان مامۆستا و دەموچاو و هەمان بێدەنگی و گرژی و خەم، هەمان بێجورئەتی و درۆ، چوار ساڵی رەبەق، كچ و كوڕەكان بە دزی نامەكانی ژاكۆنیان لە باخەڵ دەردەكێشام و لە پەنا و كەلێنان دەیانخوێندەوە و دەگریان، بۆ كەساسی خۆیان و حەسرەتەكانی ژاكۆن و گۆرانییە دوورەكان).[١٦]

ئەو جەستە و فەزایانەی كە پڕیەتی لە وێرانەیی، دۆگمایی، نامۆبوون، ئەو نامۆییە پڕ ئازارانەی كە لە هەناوی سەرجەم رەهەندەكانی ژیانی كۆمەڵگەی خۆرهەلاَت هەناسەدەدات، ئەو فەزا و شارەی كە هەمیشە لە جیات ئیرادە، ئازادیی، فیكری كراوە، عەشق بەرهەم بێنێ، دێت دونیایەك بارگاوی بە نامۆیی دەخولقێنێ.

فەزا و مەدلوولییەتی دەقی نامەكانی ژاكۆن دەیەوێت ئەوە بە دیدی خوێنەر بڵێت كلتووری رۆژهەلاَت، كلتووری كۆمەڵگە داخراوەكان ئەو كلتووره سائید و ژەهراوییەیە، كە هەمیشە مەفاهیم و موفرەداتی دۆگما و فیكری داخراو بەرهەمدێنێ، دەیان كەناڵ دامودەزگای ستەمكار لەنێو تۆڕەكانی كۆمەڵگەدا (پەروەردەیی، كۆمەڵایەتی، ئایینی، فەرهەنگی...تاد)، هەمیشە لە چێكردنی دیوار و تەلبەندە كۆنكریتەكاندایە، هەمیشە دەیەوێت زیندانێك لە هەناوی ژیاندا دروست بكات (هەر لە پۆلەكانی سەرەتاوە، لە خەونە لێڵ و فڕینەكانی منداڵیمەوە، مامۆستا خۆشەویستەكانم بە خۆیان و دار حەیزەرانێكی خۆشكراو، بەدەست و باڵی درێژیانەوە بە هەنگاوی قورس و فراوانیانەوە دوام كەوتوون).[١٧].



(هەر لەو كاتەدا كە شەلاَڵ بووم لە گریان، مامۆستا خۆشەویستەكانم هەوەڵ داریان لەسەر دەدام و منیش بەسەر چەوەلێنێكدا دەكەوتم میزێكی گەرم و خۆشم بەخۆدا دەكرد).[١٨]

كلتووری داخراوی رۆژهەلاَت و دامودەزگا ستەمكارییەكانی هەمیشە دەیەوێت سەرجەم موفرەدات و چەمك و رایەڵەكانی ئیرۆسییەت و مانا ئازاد و ئیرادە بەخشەكان بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆی، ئەو لە تاكرەهەندییەتی خۆیەوە مانا بەشتەكان، فینۆمینۆیەكان بدات، ئیتر كەسی تر بۆی نەبێت بڕیار لەسەر داخوازییەكانی خۆیەوە بدات و چانسی ژیان بەخۆی گرێبدات دواتر بە شتەكانی تر.

ئەو كلتوورەی لەجیاتی ئەوەی پەنجەرەكان ئازاد و والاَ بكات، دێت هەناسەكان دادەخات، هەمیشە دەیەوێت خودەكان، ئیرادەكان، مەعریفەكان، ئازادییەكان لە تاكەكان بسێنێ و لە رایەڵەكانی ئیرۆسییەت و عەشقدا دایانبوەشێنێ (با ئەو فایلانە بخوێنینەوە پڕن لە نامەی قاچاغی كچ و كوڕە عاشقەكان).[١٩]

رۆژهەلاَت ئەو فەزا و زەمینەیەیە، كە مەرگ و نامۆبوون، بێشوناسی و پەراوێزیی قەدەری بوونیەتی، قەدەرێكی تاڵی سەرجەم تاكەكانییەتی، كارەكتەرەكانی نێو ئەم فەزا و زەمینەیە هیچ ئایندەیەك، قەدەر و بەختێك، ئاسۆیەكی كراوە خاوەن جەستە و گوتارێكی تایبەت بە خۆیانەوە نین (روانییانە لەپی دەستەكانم، هێڵەكانی بەختم هەموو سڕابوونەوە). (بەختێكم نییە بخوێندرێتەوە، یان ئایندەیەكم نییە، تا بزاندرێ). (هەرچەندە هەموو بەختی ئێمە، چەند هێڵێكی خوار و خێچی بنی فنجانە قاوەیەك بووە).[٢٠]

(جەبار جەمال غەریب) دەیەوێت لەنێو روپێو و فەزای دەقەكەی، لەدەرەوەی سەرجەم ترادیسیۆنە داخراوەكان، قسەی خۆی هەبێت و بیكات، پەردە لەسەر سەرجەم رەهەندە بێماناكانی ژیان و فەزاحەتە قەبەكانی كۆمەڵگادا هەڵبماڵێت، لە دەرەوەی ئەو فیكر و روانینە باوەی كۆمەڵگا، رایەڵە فیكری و مەعریفییەكانی خۆی رەنگرێژ بكات، لە دەرەوەی پەنجەرە داخراوەكانی كۆمەڵگە سوننەتی و تەقلیدگەراكان، رۆیا و خەیاڵگەیەكی تر و كراوەتر بخولقێنێ، لەدەرەوەی ئەو فەزا و دەسەلاَتە داخراوە، مەودایەكی دیكە لە جیاوازییەكان، فرەڕەهەندەكان بەرهەم بێنێ و هەمیشە خوازیاری كردنەوەی مەوداكانی عەشق و جوانییە، چیرۆكنووس تەنیا نایەت بەرامبەر ئەو دەسەلاَت و ترادیسیۆنە كاریزمییەی كە فرەڕەهەندییەت و جیاوازییەكان، فرەماناكان، شەفافییەت قەبووڵ ناكات رابوەستێ و رەهەندەكانی ئەم بار و دۆخ و كەش و هەوایە راڤە بكات و رابگەێنێت، بەڵكو بۆ رواندن و گەلاَڵەكردنی فیكرێكی

هەڵوەشێنەرانە و ڕەخنەییانە دەیکات، بۆئەوەی ئەو بونیاد و ئەو ستراکتۆرە کۆنکریتانەی کە کۆمەڵگا و ڕەهەندەکانی ژیان کۆنترۆڵ و کۆنکریت دەکات، تەفکیك بکات و وێنا کاریزمییەکانی دەسەڵات ورد و خاش بکات، چونکە هەروەك (رامین جەهانبەگلو) دەڵێت: (ڕۆشنبیر کەسێکە خۆی بەدوور دەگرێت لە سەرجەم بیروباوەڕە دۆگماکان).

هەربۆیە (جەبار جەمال غەریب) دەیەوێت بە فیکرە یاخییەکانی، بە گومانە جوانەکانی ڕەسمی ئەو بتە کۆنکریتانەی " باوك/ مامۆستا/ رابەرە فیکر داخراوەکان "ی دەسەڵاتە کاریزمییەکان لە زاکیرە و یادگەی تاکەکانی کۆمەڵگە بشکێنێت و بیانکوژێنێتەوە. (دەترسام بڕوانمە شوێنی مامۆستاکان، نەك بە خۆیان و بە خەنجەرێکی زێڕەوە بێن و بمکەنە دوو لەت).[٢١]

## (٨)

چەمك و موفرەداتی نێو فەرهەنگی مۆرال و بەها ئاکارییەکان، بریتین لەو جومگە پڕ بەها و دەلالەتانەی، کە هەمیشە رایەلە تەقلیدگەرایی‌یەکان (نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، وەهم و خورافاتە میتۆلۆژییەکان)، بازنە بەندە نارۆشنەکان لەنێوکۆمەڵدا و بەسەر تاکەکان ڕەنگڕێژیان دەکەن، و بەردەوام لە هەوڵی نەخشاندنی ئەو فەزا و مەودایەدان کە تیایدا تاکەکان پەیڕەوی ئەو سوونەتە ئاکارییانە بکەن، کە بەردەوام بەر لە ئەوانیش تاکەکانی تری کۆمەڵگا لە شوێنکاتە جیاجیاکاندا بە قوربانی ستراکچەرە کۆمەڵایەتییە داخراوەکان کراون، بەڵام بەردەوام مرۆڤە دیدگا ڕۆشن و پڕ ئیرادەکان لە هەوڵی دژە کرداریی و دژە رایەڵەیی ئەو پەیڕەوانە هەنگاویان ناوە و بەردەوام لە هەوڵی ئیفلیجکردن و شکاندنی کۆتە ئاکاریی و کۆمەڵایەتییە داخراوەکانیان داوە، لەپێناو بێماناکردنی ئەو جومگە رەوشتییانە، فیکرە یاخییەکانیان گەشە پێداوە، بێماناکردنی ئەم جومگانە لەپێناو بە بەهاکردن و بە ماناکردنی چەمکگەل و بەهاگەلێکی تر کە مرۆڤە پڕ بڕواکان و دیدگاکراوەکان لەپێناو ئازادیی و مرۆڤدۆستییەتی خۆیان بەرهەمی دێنن، بەواتا مرۆڤە بەرز و پڕ مەعریفەکان هەمیشە لە فەزای بەهایەکی داخراو ڕووەو بەهاگەلێکی کراوەی ئازاد تاکەکان ئاراستەدەکەن، دەشێ بە واتا و ڕەنگێکی تر لە (نائاگایی- ئاگایی)، (دیلی- سەربەستی) وێناکانی خۆی هەڵبگرێتەوە. ئەوەتا باوکەکان بەردەوام لەنێو بانێژەی کلتوورە داخراوەکانی خۆیانەوە ئامۆژگاری منداڵە بزێوەکانیان دەکەن، بەوەی کە پێویستە منداڵانی پڕ ویقار و پڕ شەرم و حەیا بن، ((دەستێك لەنێو ئەو فایلانەی پیاوانی مێژوو تێدا دەژیان، سینگی گرتم و رایتەکاندم و گوتی: ((ئەو نامە سووکانە فڕێ دە و گوێ بۆ ئێمە بگرە)).[٢٢]



بەردەوام کەناڵە داخراوەکانی ئەم کلتوورە پەڕپووتە بۆ مانەوەی خۆی و پیرۆز ڕاگرتنی تەوتەمییەتی فیکرە داخراوەکانیان، بۆئەوەی بە بەردەوامی بەم فیکرە کۆنکریتانەیان بانەکانی تەقدیستییەت و پیرۆزیی بەهاگەلەکانی ئەوان پارێزراوبێت، بۆئەوەی هەمیشە ببن بە پەراوێزی سێبەرەکانی ئەوان، لەوەوە رایەڵەی ماناکانیان پەخشبێتەوە و بەردەوام وەك مرۆڤێکی ڕۆبۆتی و خەسێنراو ببن بە کارەکتەری نێو (سەرا) پان و بەرینەکانیان.

بەردەوام مرۆڤەکان بەوە دەبەستێتەوە کە پێویستە پڕ شەرم و شکۆ بن، بەردەوام پێویستە لەنێو جۆرێك لە بەها و پیرۆزگەراییدا ژیان بەسەر ببەن، چونکە ژیان تەنها لەنێو بەها پیرۆزەکانەوە دەتوانێ هەناسە بدات و مانا بە ڕەهەندەکان ببەخشێت، بۆیە بەردەوام جەخت لەسەر تاکەکان دەکاتەوە کە نابێت لەنێو بێشەرمیدا بژین، چونکە بێشەرمی جۆرێك لە شکانی پێودانگەکانی حورمەت و حەیا دەسازێنێ، کۆمەڵگا لەکەدار دەکات و ڕەهەندەکانی ژیان پڕدەبێ لە نامۆیی و داوەشان و وێرانەیی (من دەمەوێ بێم بۆت و بایەك پێشم دەگرێ، و جلەکانم لەبەر دادەکەنێ و فڕێم دەداتە نێو تۆنێلە تاریکەکانی حەیا).[٢٣]

ئەم کولتورە پڕ سەهمە ستەمکارییە، دەیەوێت زەبروزەنگ و ترس و وێرانەیی لەنێو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا نەخشەڕێژ بکات، بەردەوام دەیەوێت مرۆڤەکان لەنێو کەناڵەکانی خۆیەوە بخەسێنێ و ببن بە تەنها ڕۆبۆتێك بۆ جێبەجێکردنی فەرمایشتی دەسەڵاتەکانیان، خەسانێك بۆئەوەی سەرجەم بەهاکانی خۆیان بچەسپێنن بەسەر کۆمەڵگا، چونکە ستەمکاری هەر لە منداڵییەوە مرۆڤەکان فێری خووی کۆیلەیەتی و گوێڕایەڵی دەکات و سکێچێکیان بۆ دادەمەزرێنێ، کە بە هیچ شێوەیەك مرۆڤە خەسیوەکان لێی لانەدەن، ئەگینا داخ دەکرێن (دەستی برد، خەنجەرێکی زێڕی بچووکی لە کەمەری دەرکێشا). (خەنجەرێکی لەگونم دا و هەستم دەکرد دەبمە دوو لەت و هەستم کرد ئەوە وردە وردە شەق دەبەم و دەکرێمەوە).[٢٤]

مرۆڤە خەسێنراوەکان بە مانای وشە مرۆڤ نین، تەنیا چێژ و لەززەتێکی زۆر بۆ دەسەڵاتگەر دابین دەکەن، هیچ شوێنێکی بەرچاویان نییە لەنێو دامودەزگاکانی دەسەڵات جگە لە ئالەیەك بەدەستی دەسەڵات (خەساوەکان.. میتافۆڕێکن بۆ ڕوونکردنەوەی دینامیك و کاریگەری ستەمکاریی).[٢٥]

لەنێو فەزای ئەم کۆمەڵگە سوونەتییانە تاکڕەهەندییەتی فیکری چەقبەست و داخراو حوکمی تاکەکان و سەراپای کۆمەڵگا دەکا، ئیتر وەك میکانیزمێك وەزیفە و ئەرك و ئامۆژگارییەکان تەوزیف دەکات، ئیتر هەر ئەو بۆی هەیە خاڵبەندی بۆ موفرەداتەکانی ژیانی مرۆڤە خەسێندراوەکان دابنێت، هەر ئەو بۆی هەیە تەفسیر و ڕاڤە بۆ سەرجەم کایەکان بکات، بەردەوام گوتاری ئەو ببن بە

سەنتەری مەودا کولتورییەکان و باڵادەستییەتی ئەو بەسەر شتەکان ڕەنگبداتەوە، بەردەوام لە هەوڵی سەرکوتکردنی زیاتری کۆمەڵگادا کاردەکات، ئیتر هیچ کەسێك نییە لە دەرەوەی دیوەخان و کۆشکی ئەودا ماف بەخۆی بدات، کە ڕاڤەیەکی تر بدات بە فینۆمینۆیەکان.

بۆیە بەردەوام دامودەزگا داپڵۆسێنەر و ستەمکارییەکانی ئەم کلتوورە داخراوە، دەیانەوێ زەبروزەنگ و دەسەڵاتی کۆنترۆڵییانەی خۆیان ڕەنگڕێژ بکەن، دیانەوێ بۆ هەمیشە کۆمەڵگا بخەنە نێو مۆدی ئاکارێکی داخراوەوە، کە بەردەوام لە کۆمەڵگای ئێمەدا پەیوەستە بەفیکرە دۆگما و داخراوەکان.

(جەبار جەمال غەریب) لە ڕوپێوی تانوپۆی دەقەکەیدا دەیەوێت شۆڕشێك بەرپا بکات، شۆڕشێك لە ڕەنگ، لەمانا، لە ئیرۆسییەت و عەشق، دەیەوێت بەردەوام بەرخودانێك لەنێو هەناوی ئەم ڕایەڵ و بەها داخراوانەدا هەڵبگیرسێنێ، دەیەوێت پێچەوانەی تەوژمە کۆنخوازەکانی دەسەڵات تەوژم بدات، تەوژم لەنێو پانتاییەکانی بێشەرمی کە ئەوان بڕوایان پێی نییە و بەبێ شەرمیی دایدەنێن.

بەردەوام جەبار دەیەوێت بۆ جارێکی تر هانی مرۆڤە خەسیوەکان بدات کە هەناوی ئەم کولتورە لەناوەوە بتەقێننەوە و لە خەساندن ڕزگاربن. (من پیاوم.. پیاو.. لێم گەڕێ با لە فاحیشەدا بمرم).[٢٦]

جەبار دەیەوێت لەنێو ئەم چەمکە کراوە و پڕ لەمانایەدا یاری بکات، کە لە دیدی ئەوان بە چەمکگەلە (فاحیشەییەکان) ناسراوە، جەبار گەرەکییەتی لافاوێك لە ڕەنگ و عەشق و جوانیی و ئیرادە لە هەناوی کۆمەڵگە داخراوەکان بسازێنێ، هەموو خەیاڵگەکانی خۆی بەڕووی بەها کراوەکاندا دەکاتەوە، بۆئەوەی لەودیو شوورە کۆنکریتەکانی دەسەڵاتدا کۆمەڵگەیەك لە عەشق و جوانیدا بەرهەم بێنێ و سەرجەم وزەکانی ئیرۆسییەت زیندوو بکاتەوە.

## (٩)

(ویستی هێز)، (ویستی فیکر و مەعریفە)، هەمیشە ویستگەلێکن، لەنێو فەزا و مەودایە ڕۆشن و کراوەکان دەسازێن، لە هەناو و لەپی نەوە دیدە ڕۆشن و پڕ گوتارەکان دەخولقێن، ئەو نەوە نوێخوازانەی کە لەنێو هەناوی تاریکایی و نەبوونەوە دەردەکەون و سەرچاوە دەگرن، کە هەمیشە لەهەولی کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە دان و ڕەنگەکانی خۆیان دەڕژێنن، ویستی هێز و ویستی مەعریفە لەو چەمك و مەفاهیمانەن کە لەنێو هەناوی کۆمەڵگەیەکی کراوەی خاوەن



ئەزموون و کۆمەڵگەیەکی پڕ ئیرادەی جوانی دەستی منداڵە چەتوونەکانی مۆدێرنە دەخولقێن و بەرهەم دێن، بەواتە کاتێ ویستی هێز لە کۆمەڵگەیەکدا دەسازێ ئەوا دەتوانێ لەتەك خۆیدا دەیان ویستی تری فیکری و فەرهەنگیش هەڵبگرێ، کە لە دواجاردا لەنێو بونیادی تێگەیشتن و فەهمکردنەوە خۆیان هەڵدەگرنەوە و دەیان ڕایەڵی بزاڤخواز لەنێو لەپی ژیاندا دەسازێنێ و بەرخودان دێتەنمایشکردن و خولقان.

بەرخودان ئەو چەمك و موفرەدەیەیە، کە لەنێو دەستی گەنج و لاوە پڕ گومان و تەفسیرکەرەکان لەدایك دەبێت، ئەو نەوەیەی، کە بەردەوام لەخەمی گۆڕان و نوێبوونەوەدان و دەژین، ئەو نەوەیەی کە دەیەوێ بە گومانە جوانەکانییەوە سەرلەنوێ ڕاڤەیەکی تر بە چەمك و مەفاهیمەکانی کۆمەڵگەوە ببەخشێتەوە و بزاوتێك بخاتە نێو هەناوی سەرجەم ستراکچەرەکان، بزاوتێك کە لە توانایدا هەبێت دیوار و شوورا بڵندەکانی نێوان واقیع و ویستی مرۆڤەکان بشکێنێ و واقیع و دونیایەکی تر نزیك لە ویست و خەیاڵی مرۆڤەکاندا دابڕێژێتەوە، بۆئەوەی ویستی فیکر و فەلسەفە لەنێو ڕایەڵەکانی کۆمەڵگە گەشە بکات و تێراو ببێتەوە.

ساتێ کە ویستی فیکر و فەلسەفەش ڕواو، گەشەی بەخۆیدا، بەواتا دونیا دەخزێتە نێو ڕاڤەیەکی قووڵتر و مانایەکی تر، مانایەك کە ژیان و ئینسانییەت بۆ مرۆڤ دۆستەکان دەگەڕێنێتەوە، بەواتا ئەو کاتەی ژیان، بوون، مرۆڤەکان لەبەردەم گۆڕانێکی جەوهەرییانەی قووڵدان.

(جەبار جەمال غەریب) هەمیشە دەیەوێت لەنێو ڕوپێوی دەقەکانیدا (ویستی هێز) بەمانا نیتشەییەکەی دابمەزرێنێ، بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەم ویستە لەتوانایدا هەبێت سەرلەنوێ مانا بە بوون و سەرجەم کارەکتەرەکانی ببەخشێتەوە و ئیرادەیەکی مەعریفییانە و فیکرییانەی جوان لە هەناویاندا بسازێنێ و لە هەوڵی نمایان کردنیاندا گەشە بە تواناکانی خۆی بدات، هەمیشە لەنێو درزی دەقەکان مانا یاخییەکان هەڵدەگرێتەوە، دەیەوێت شۆڕشێکی مەعریفییانە سازبدات، بەوەی کە هەمیشە کار لەسەر نەمەتە فیکرییەکان دەکات و سەرجەم خەیاڵگە مەعریفییە قووڵ و پڕ مەودا جوانەکان لەبۆتەی دەقدا دەتوێنێتەوە، بۆئەوەی بەردەوام بە پرسیارە گوماناوییەکانی، تێفیکرینە یاخییەکانی لەبەردەم خەنجەر بەدەستەکانی دەسەڵات ڕابوەستێ و گوێ لە هەستە جوانەکان، دەنگە پەراوێزکراو و مێیینەکانی کۆمەڵگە بگرێ، بەردەوام دەیەوێ چرا ئەفسوناوییەکانی ئیرۆسییەت و جوانی دابگیرسێنێ و گوێ بۆ دەنگە مەلوولەکان، دەنگی نێو ڕاڕەوە تاریکەکانی ژیان بگرێ.

بەردەوام خوازیاری ئەوەیە کە تاکەکان هان بدات، کە لە هەوڵی ڕەنگڕێژکردنی جوانی، ئازادیی، عەشق دابن، سەرلەنوێ ئیرادەکان ڕێك بخەنەوە و بزاڤ لە فیکر و فەرهەنگی کۆمەڵگەدا بخولقێنن و بەرهەم بێنن، بۆئەوەی کارەکتەرە پەراوێزکراوەکان لە هەناوی کولتورە سائیدەکانی کۆمەڵگە ڕزگار بکات.

ویستێك کە بەچەقۆی ڕەخنە دەکەوێتە ویزەی چەمك و مەفاهیمە داخراوەکانی کۆمەڵگە، چەمکە سواوەکان، ئەو چەمکگەلانەی کە مەوداکانی کۆمەڵگە لە حاڵەتی بازنەیی و خوولخواردنەوەییدا دەهێڵێتەوە، نایەڵێت ئاراستەکانی کۆمەڵگە لە بازنە بەندییەتی دەربچێ، بەردەوام دەیەوێت ویستی ئیرادە لەنێو هەناوی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بخولقێنێ، بۆئەوەی چیتر تەسلیم بە ویستی دەسەڵات و فیکرە دۆگماکان نەبنەوە.

بوونی ویستە ئیرادە و فیکر هەڵگرەکان لەنێو مانا و ڕەهەندگەلەکاندا دەبێت بە فاکتەرێك بۆ خولقانی دەیان چەمکی کراوە، قووڵبوونەوە و تێڕامان بەنێو ڕاڕەوەکانی فەلسەفە کۆمەڵگە ڕووەو ئاسۆیەکی ڕۆشنگەرانەی پڕ ویست ئاراستە دەکات. (جەبار جەمال غەریب) بەردەوام دەیەوێت کار لەسەر نەمەتە فیکرییەکان، دەنگە داخراوەکان، وێنە پەراوێزکراوەکان بکات، بۆئەوەی جارێکی تر و بە فۆڕمێکی تر و ڕوئیایەکی کراوەتر بسازێتەوە و بێتە هەناسەدان (حیکمەت و ویقارەکانی ئێمە نابینێ و لەگەڵ وشەی سۆزانییەك دەگری).[27]

بە واتا گوێ لەدەنگە کزۆڵەکان، دەنگ و ڕەنگە فەرامۆشکراو و پەراوێزخراوەکان دەگرێ کە لە دیدی کۆمەڵگە ستەمکارەکان، ڕەنگە بەناو و ناتۆرەیەکی ناشرین وەسف کرابێ، هەمیشە دەیەوێ بە نەمەتە فیکرییەکانی، قسە لەسەر سەرجەم پانتاییە نەبینراوەکان و فەرامۆشکراوەکان بکات و دووبارە گومان لە ڕەهەند و ڕوئیا ژەهراوییەکانی دەسەڵات بکات و دژە چەمکەکانی نێو هەناوی کلتوورە دۆگماکان لێك بداتەوە و هەڵیبوەشێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕووی حەقیقەت و ڕاستی شتەکان، ڕەهەندەکان، بخرێنەڕوو و کەشف بکرێن، دووبارە ڕایەڵەکان بخێنەوە نێو شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی قووڵی پڕ مەودایانە، سەرلەنوێ پرسیار بەرهەم بهێنرێ، پرسیار، گومان لە کۆی شتەکانی نێو کۆمەڵگا، پرسیار لە هەڵاوسانی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، ئایینییەکان، پرسیار لە پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی دەنگە خەفەکراوەکان، چونکە هەمیشە پرسیار دەتوانێ لە وەڵامی شتەکان نزیك بێتەوە.

(ویستی ئیرادە) یەکێکە لەو چەمکانەی کە فیکرە یاخییەکان هەڵگرییەتی، بۆئەوەی بەردەوام مانا بڤەکراوەکان لەنێو لەپی کلتوورە دۆگماکان ڕزگار بکات و دەریان بهێنێ، لەنێو



ڕاڕەوە تاریکەکاندا گۆرانی و میلۆدیای ژیان، عەشق دەربکێشین (دەمەوێت بڕۆم ئەم دەنگە لە گەرووی تاریکی دەرهێنم).[28] ئیرادەیەك کە گومان لە هەموو شتێك دەکات و شەرم لە هیچ ناکات و لەبەردەم هیچ کەناڵێکی ستەمکاریدا ناسڵەمێتەوە و چۆك دانادات، هەمیشە بەشوێن شکاندن و ئیفلیج کردنی ویستە پڕ شەرمەکاندا کاردەکات، چونکە شەرم هەنگاوێکە بۆ کوشتنی وزە ئیرۆسییەکان، کوشتنی عەشق و کارەکتەرە جوانەکان، کوشتن و خەساندنی خودە زەلیلەکان بۆ ڕازیبوونی (ئەو)ی ستەمکار و دەسەڵاتخواز.

بەپێچەوانەوە نەشونماکردنی ئەم ویستە ئیرادەگەراییە، خولقانی درز و هەناسەکانی مەرگە، کە هەمیشە دەنگەکان، مرۆڤەکان، ماناکان، ڕەهەندەکان دەکات بە کەرەستە خاوی فاشییەت، کەرەستە خاوی ئەو پڕۆژانەی کە موفرەدە وێرانگەراییەکانیان تێدا خەوتووە.

## (١٠)

(نامەکانی ژاکۆن) ئەو بونیادە پڕ درز و بۆشاییەیە، کە هەمیشە دەیەوێت باس لە کوشتنی وزە ئیرۆسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لێوان لێوە لە گومان، خەسان، پەراوێزیی و بەرزڕاگرتنی هێزە غەیبانییەکان و تیرۆرکردنی عەشق و جوانی، کە هەمیشە و بەردەوام لە چێکردنی مەقاییس و پێوەرە چەقبەستووەکاندایە، ئەو پێوەرانەی کە بەردەوام گەفی ئەوە لە تاکەکان دەکات، کە هەمیشە نزیکبوونەوە لە مانا حەرامکراوەکان نزیکبوونەوەیە لە ئاگر و دۆزەخ.

هەمیشە ئیرۆسییەت لە هەناوی ژیاندا گوزەر دەکات، هەمیشە دەیەوێت لەززەت و ئێستاتیکا بە فینۆمینۆیەکان، سەرجەم ڕەهەندەکانی بوون ببەخشێ، دەیەوێ کونجە تاریکەکانی ڕۆح ڕۆشن ببێتەوە و بیبوژێنێتەوە، سەرلەنوێ درزی نێوان ڕەگەزەکان، ماناکان، پەیوەندییەکان سارێژبکاتەوە و نمایان پێبداتەوە، ئەو پەیوەندییانەی کە دەبن بە بوونێك کە ڕەنگڕێژبێت بە فۆڕمە جوانەکان، ئەو مرۆڤانەی لە خەمی چێکردنی ماڵێکن لە عەشق، پەنجەرەیەکن لە ماچ، سۆزێکن لە ژن، ئەوە مرۆڤە ویستخوازەکانی دونیای ئەوین و جوانین، کە دەیانەوێ دیوی ئەودیوی تابلۆی ژیان بە فۆڕم و سکێچەکانی جوانی دەنگ و میهری ژن بڕازێندرێتەوە، دەنگە مێیینە بەر کەنارەکان جارێکی تر بۆ نێو هەناوی ژیانی مەردومییەت بگەڕێندرێتەوە، (دەست باوێ سەر شانم ئەوە ڕاڕەوەکانی شەڕە، لە باوەشی ژنێکدا نەبێ لێی دەرناچی).[29]

مرۆڤە عاشقەکان، ئەو مرۆڤانەن کە لێوانلێون لە ڕەنگ و جوانیی و دەنگی پڕ ویست، پڕ سکێچ، ئەو مرۆڤانەی کە بەشوێن ڕووی حەقیقەتی شتەکاندا وێڵن، بە شوێن پرسیار و گومانە نەکراوەکاندا وێڵن، کە لە هەناویاندا بە هەزاران وەڵامی گرێدراو تیایاندا نێژراون، بە مەبەستی دۆزینەوەی سەرجەم مانا بڤەکراوەکان بە شوێن شکانی سەرجەم مەقاییسە کۆنکریتەکان، بەشوێن خولڤاندنەوەی ڕەهەندەکانی جوانیدا گوزەر دەکەن، بەشوێن ڕزگارکردنی گۆرانییەکانی نێو ڕاڕەوە تاریکەکەکاندا وێڵن، بەشوێن خامۆشکردنی چراکانی ئەوین و لیمۆکانی ژیاندا حەودالن (وەرە ڕزگارم کە، لەسەر دوا تاقی عومر، لەسەر دوا تاقی تەمەن چرایەك کز دەسووتێ، خامۆشی کە).[٣٠]

(جەبار جەمال غەریب) لەنێو فەزای (نامەکانی ژاکۆن)، دەیەوێت ڕۆڵ و ئەرك و وەزیفەی چاوگەکانی عەشق دووبارە بە ژیان ببەخشێتەوە و سەرلەنوێ لەنێو کوچە و کۆڵانەکانی کۆمەڵگەی کوردیی بە ڕەنگێکی تر و بە فۆڕمێکی تر بیاننەخشێنێتەوە و بەرهەمیان بهێنێتەوە، بە فۆڕم و لەونێك دوور لە ویستی باوکە خەنجەر بەدەستەکانمان، دوور لە چاوگەکانی شەڕ، دوور لە مانیفێستی ئەو شەڕانەی کە مەردومییەتی تیادا خەسێنراو و عەقلییەتیان تێدا تیرۆر کرا (لێرە زوو تێپەڕە، ئەوە فایلی شەڕەکانن، ئەو شەڕانەی تفەنگەکان تیایاندا سەرکەوتن و کچەکان تێدا دۆڕان).[٣١]

هەمیشە عەشق وەك خۆرەتاوێك، وزەیەکی خامۆش نەبوو، ئاسۆ لەبەردەم خۆی و سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیاندا دەکاتەوە، خۆی دەکات بەو فریادڕەس و مژدەهێنەرەی کە مژدە و ئاسۆی بەیانییەکی نوێ و سەردەمێکی تر بەخۆیەوە هەڵگرتووە، عەشق ئەو مامۆستا جوانەیە، کە نەوەکان فێری کرانەوە، جوانیی، بەخشندەیی، ئازادیی، قوربانیدان دەکات، فێری سەرجەم ئەو شتانەی دەکات کە وزەی ئیرۆسییەت بە کەناڵەکانی بوون ببەخشێت.

هەمیشە عەشق ئەو ڕایەڵە وزە بەخشەیە، کە تاکەکان بەیەکەوە بەسەرجەم ڕەهەندگەلە کلتوورییەکان گرێدەدات و دەبەستێتەوە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ئینتیمای مەعریفە و جوانیان تیایدا بسازێنێ، (عەشق واتا مسۆگەرکردنی ژیانێکی جوان و چاکی تاکەکەسی و ژیانی چڤات لە دونیایەکی جوان و مانادااردا).[٣٢]

(جەبار جەمال غەریب) بەردەوام دەیەوێت سەهمە ڕەخنەیی و ڕاڤەکارییەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی بکات، بەوەی کە نەیتوانیوە فەزا و دونیایەکی کراوەی شەفاف لە ڕەنگ و مانا و ئازادی و عەشق بونیاد بنێت، نەیتوانیوە



ڕایەڵەکانی عەشق و جوانی لەنێو ڕوپێوی ژیاندا ڕەنگڕێژ بکات، بۆئەوەی خۆشەویستی و بەخشندەیی و ئینتیما بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات و بۆیان بگەڕێنێتەوە، تاوەکو بە عەقلییەتێکی کراوەتر و چالاکتری مۆدێرنخواز، سەرجەم زەوایەکانی ژیان و جەوهەری بوون عەشقڕێژبکات، تەنانەت زانکۆکان کە شوێنگەی مەعریفە و ئیرادە و ئازادین بۆ تاکەکان، کەچی زۆر دوورن لە ڕەنگاوڕەنگی و جوانیی و کرانەوە، تاکەکان ناتوانن بە ویستی خۆیان مومارەسەی ژیان و عەشق و جوانی تیادا بسازێنن، چونکە سەرجەم کەناڵەکان بە زانکۆوە وەکو شورا و قەڵایەکی سەخت و کۆنکریت وایە لەبەردەم ویستی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەبەردەم خەونی گەنج و لاوەکان، ئەو کەنالانەی کە بەردەوام نامۆبوونیان لێ دەسازێ و ڕەنگڕێژ دەبێت، هەمیشە کەناڵەکان دەیەوێت تاکەکان بەجۆرێك لە خەسێویی و پەراوێزیدا بژین و بە واقیعییەتێکی ناتەندروست ڕازی بن و لە ژێر فەرمایشتی دەسەڵاتخوازەکان دەرنەچن، بەردەوام بەشوێن خولڤانی تاکگوتارییەتی خۆیانەوە کاردەکەن، هەر بۆیە (جەبار جەمال غەریب)، هەمیشە دەیەوێت دروشمی هەڵوەشاندنەوە، ڕاڤەکاریی بەخودی خۆیەوە گرێبدات، بۆئەوەی ماهییەتی تاکگوتارییەتی دەسەڵات کەشف بکات و خاڵە دژکارییەکان بدۆزێتەوە و دەستنیشان بکات و لەبەریەکیان هەڵبوەشێنێتەوە، بۆئەوەی پێچەوانەی مرۆڤە خەسیوەکان مومارەسەی ژیان و ئازادییەکان بکات و بەو عەقلییەتە دۆگمایە ڕازی نەبێت و لەدەرەوەی ویستی ستراکچەرە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا بژی و ژیان بگوزەرێنێ.

(جەبار جەمال غەریب) بە شوێن گوتارێك، هەناسەیەك، جوانییەکدا وێڵە کە هەڵگری ماهییەت و هەناوی بوون و ژیانە، ئەویش کەناڵەکانی ئیرۆسییەتە بە هەموو ڕەهەند و چەمکگەلەکانییەوە، (تۆ دەبییە خاوەن خەنجەرێك دونیا لەت دەکا).[٣٣]

(جەبار جەمال غەریب) دەیەوێت گوتاری مانەوە، فیکر، تەفکیکییەت، ویستی ئیرادە بۆسەرجەم تاکە ئازادەکان دابمەزرێنێ، بۆئەوەی شەپۆل و تەوژمێك بەرپا بکات، تاوەکو بتوانێ سەرجەم دەسەڵاتە تاکرەهەندەکانی کولتورە سائید و سەرجەم ترادیسیۆنە دۆگماکان تێکبشکێنێ و لەبەریەکیان هەڵبوەشێنێتەوە.

هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو کۆت و پەیوەندانەی کە پۆلیسکارانە ڕەفتار دەکەن، بە بڕوبیانوی بونیادنانی شەرم و حەیا و درز نەبردنی کایەکانی کۆمەڵگا لەکاردایە، دەیەوێت بەو کردە هەڵوەشانگەراییانەیەوە گوتارێك و مەودایەکی تر بۆ لەدایکبوونی ویستی ئازادی تاکەکان بەرهەم بێنێ و فەزاکان فراوانتر بکات، زیاتر بەو واتایە کە گوتارێك فیکر و مەعریفە بەرهەم بێنێ نەوەك گوتارێك تەنیا لەپێناو سەروەرییەت بەخشین بێ بە جەستەیەکی ڕووت و

نادروستی مردوو، کە کۆمەڵگە داخراوەکان دەیخولقێنن و بەردەوام خوازیاری جەستەیەکن، کە گۆڕان قەبووڵ نەکات (کوڕی من هەروەك خۆیەتی، بۆنی، ڕەنگی، هەرگیز ناگۆڕێ).[٣٤]

گوتارێك لەپێناو بەرکەنارنەبوونی مەوداکانی جوانی و ڕەهەندەکانی بوون، گوتارێك لەپێناو هەموارکردنی زامەکانی ئازادیی و ئیرادەی تاکەکان، لەپێناو قەدەغەکردن و پەراوێزخستنی ئەو پرۆسیسەی، کە هەمیشە لەپەراوێزخستنی دەنگی جوانی مێینەدایە و زیاتر لەپێناو شەرعییەتدان بە دەنگی نێرسالارییانەدا کاردەکات، ئەمەش لەپێناو هەنگاونان رووەو پتەوکردنی دەزگا سەرکوتکارییەکان و دەسەلاتی باوکسالاریدایە، بەلام (جەبار جەمال غەریب) بەپێچەوانەوە دەیەوێت ماهییەتی بوون بە دەنگی مێینە ببەستێتەوە و سەروەرییەت، بەخشندەیی و میهرەبانی، ئازادیی بۆ ئەم دەنگە بگەڕێنێتەوە و وەك مەرجەعییەتێك بیخاتەگەڕ (دونیا وەك ژن وایە، بۆئەوەی بدوێ دەبێ بکرێتەوە).[٣٥]

## (١١)

لە نێو فەزا داخراوەکان، هیچ کات و شوێنێکی تایبەت نییە، کە تیایدا مرۆڤە عاشقەکان بتوانن، مومارەسەی هەناسە جوانەکانیان تیادا بکەن، هەمیشە کەناڵە سەرکوتکارییەکان لە شوێن ئەوەی فەزایەك بخولقێنێ، بۆ ئەوەی ماناکان ڕەهەندییەتی خۆیان وەربگرن و فەزای خۆشەویستی بەرفرەتر بێت، دێت بە دروستکردن و بەرهەم هێنانی شورا و دیواری کۆنکریت، لە نێوان هەردوو ڕەگەز دا نمایان دەکات، لە نێو سەرجەم کەناڵ و دامودەزگاکاندا (قوتابخانە/ زانکۆ/ فەرمانگە....تاد)کان، کە وەك (شێرزاد حەسەن) گوتەنی لە (حەرەمسەرا) دەچن، تا ئێستاکەش لەو سەردەمی گلۆبالیزەیشنەدا تاکەکان، ڕەگەزەکان بەیەکەوە غەریبن، هەرچەندە لە رووکەشدا جاری واش هەیە، ئاوێتەیی یەکن، بە واتە ناوەوەیان پڕە لە درز و گومان و نامۆیی، ئەوەتا نامۆیی سەراپای ڕۆح و گیانیان دەکرۆژێ.

(نامەکانی ژاکۆن) نامەی ئەو عاشقە مەلوول و نامۆیانەن، کە تەنیایی و گومان و کەئابە ڕۆحیان لێڵ دەکات و لەناوەوە دەیانکرۆژێ. ئەو دەنگە مێیینانەی کە چەندین چرای ڕۆشن لە ناخ و دەروونیان دادەگیرسێ، بەلام لە حالەتی نەبوونی وزەیەکی تەندروست و پڕ خۆشەویستی ڕۆژانە لەلایەن دەیان سەهمی داخراو دەست دەکرێ بە کوژاندنەوەی ئەو چرایانەی ڕۆح و هەستە جوانەکانی عاشقان یەکەیەکە دەسووتێنێ و هەرەس بە سەرجەم ئومێدەکان دەهێنێ.



(نامەکانی ژاکۆن) دەبێتە بە مانیفێستێك بۆ لەخۆگرتنی هەموو دەنگ و ڕەنگ و هەستەجوانەکانی کوڕ و کچە عاشقە جەرگسووتاوەکان، کە نەیانتوانیوە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان بە شێوازێکی پراکتیزەیی گرێ بدەن و مومارەسەی عیشق بکەن و بچنە نێو دارستانە چڕەکانی میهر، بۆیە زووبەزوو لە چاوەڕوانی نامەیەکی پڕ لە سۆزن بۆئەوەی لەنێو ڕۆحیاندا کۆپی بکەن، (بەشی زۆری قوتابییەکان، نامەکانی ژاکۆنیان کۆپی دەکرد، زیاتر لەززەتیان لە خوێندنەوەی نامەکان دەکرد).[٣٦]

نموونەی ئەم دوودڵی و نامۆییەی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەی مرۆڤایەتی لەنێو هەناوی زانکۆ و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی کوردی دیارە، نموونەی ئەو ترس و دوودڵییانەی کە لەنێوان کچان و کوڕانمان بە جوانی بەرجەستە دەبن، بەردەوام (نامەکانی ژاکۆن) دەیەوێت وەك کەناڵێکی ڕاگەیاندن و بەرچاو باس لە گرێی ئەو نهێنییانە بکات و پەیوەندییە پچڕاوەکان ئاماژە پێبدات کە لە نێوانیاندا بووە بە بەربەستێك.

هەروەك دەزانین کە ئیرۆسییەت و دونیای عەشق و جوانی دەچێتە نێو هەناوی کەناڵەکانی ژیان، تاوەکو ویستی جوانکردن و بەماناکردنی ژیان بەرهەم بهێنێ، هەمیشە دەیەوێ بەم فۆڕم و لەونییەتەی بەختەوەریی و خۆشنودی بۆ مرۆڤەکان بگەڕێنێتەوە. ئیتر (جەبار جەمال غەریب) دەیەوێت شۆڕبێتەوە بۆ نێو ئالۆزییەکان، بۆ نێو وێرانەییەکانی نێو ئەم کەناڵ و دامودەزگایانە، کە هەمیشە لە نێوان (تاك/ دەسەلات)دا دێتە چێبوون.

(جەبار جەمال غەریب) بەردەوام دەیەوێت حەکایەتی ترس و شەرمکردنەکانی نێوان عاشقەکان بنووسێتەوە، دەیەوێت دیوی ئەودیوی ماناکان، تاریکییەکان، بە چرای ئێستاتیکا و مەعریفەوە ڕۆشن بکاتەوە، دەیەوێت باس لە گشت ئەو دیوارە کۆنکریتانە بکاتەوە کە بە دەوری جەستەی مرۆڤەکاندا هەڵچنراون، سەرجەم شتەجوانەکان سەرکوتکراون، هەموو کایەکان لە وەزیفە و بەهاکانیان دوور خراونەتەوە، سەرجەم ڕەهەندەکانی خۆشەویستی و شەیداکانیان سەدان دیدگای سانسۆر و پڕ لە زەبریان بەسەر کراوە بە چاودێر، کە دەشێ دواجار ئەم هەناسە تەنگییەی تاکەکان دەیان نەخۆشیی و درزی ڕۆحی لێبکەوێتەوە.

ئیتر سەرجەم هەوڵەکانی نووسەر لەپێناو بەرهەمهێنانی فەزایەکی کراوەی هەمەڕەنگدا کار دەکات، فەزایەکی ئارام و هەمەڕەنگ، فەزایەك کە لە توانایدا هەبێت هەردوو ڕەگەز بەسەرجەم جەسارەتەکانیانەوە لەباوەش بگرێ، بێئەوەی هیچ سەهمێکی ترسناك لەکاردا بێت بۆئەوەی شەرم و قیود دروست بکات، تاوەکو هیچیتر هەردوو ڕەگەز شەرم لە جەستە و ڕۆحی

یەکتر نەکەن، هەردووکیان ئاگایانە و ئازایانە شۆڕببنەوە بۆ نێو هەرێمەکانی ناخ و نەستی یەکتر، بۆئەوەی لەوێوە بونیادێکی پتەوی هەمەڕەنگ بسازێنن، بونیادێك تاسەرێسقان بارگاوی بەتوانا و هارمۆنییەتێك، کە ئیرۆسییەت و رایەڵەکانی عەشق و جوانی بەسەر سەکۆکانی ژیان و بووندا دابڕژێنێ. پێویستە بەردەوام کار لەسەر ئەوە بکرێ کە سەرجەم پرۆسە وێرانەییەکانی خود و قەمعکردنی جەستە جوانەکانی دونیای ئیرۆسییەت و ژیان و بوون رابگرێ و سەرلەنوێ پیرۆزیی و سەروەرییەتی و بەها بۆ مرۆڤگەلەکان بگەڕێندرێتەوە.

(جەبار جەمال غەریب) دەخوازێت لە رەهەندێکی فیکرییانەی راڤەییانەی قووڵەوە بارگاوی بە هارمۆنییەت و ئێستاتیکا رووبەڕوو و پانتاییەکانی عەشق و ئیرۆسییەت لە کۆمەڵگەی کوردیی دا بخاتە نێو واری خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژییانەی پوخت، بۆئەوەی سەرجەم دژکارییەکان، ئاڵۆزییەکان بخاتە بەردیدی تاکەکان و تاکەکانیش لەوە ئاگادار بکاتەوە، کە تاچەند دەزگا سەرکوتکارییە (کۆمەڵایەتی، ئایینی، رامیاریی، کولتوریی...)ە کان بەشدارن لە کۆنکریتکردنی جەستە و وێرانکردنی گوتار و میلۆدیای عەشق و ئیرۆسییەت.

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١- ستراتیژییەتی دەق و جیاوازەکانی خوێندنەوە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، سایتی دەنگەکان، ٢٠٠٦/١٥/٧.

٢- نیتشە و پاش تازەگەری، د. محەمەد کەمال، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل ٨٨.

٣- ئاگایی زمان زمانی ئاگایی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، ل ٦١.

٤- خوێنەری کوشندە، (کۆمەڵە وتار)، بەختیار عەلی، چ: رەنج، ٢٠٠٥، ل ٢٩.

٥- رایەڵەکانی (سیحری فەنتازیا) لە دەقی زارادا، ستاری پیرداودی، رامان، ژ: (٥٢)، تشرینی یەکەم (٢٠٠٠) ل ٣٥.

٦- ناونیشان و مانا، ئەمبیرتۆ ئیکۆ، و: نەوزاد ئەحمەد، رامان، ژ: (٤).

٧- گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەدۆنیس، سازدانی دالیا عاصم، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، ٢٠٠٦، ل ٢٣.

٨- مانا ستراتیژییەکانی کردنەوەی دەق، بەختیار عەلی، بوون، (١)، ١٩٩٤.

٩- ستراتیژییەتی دەق و جیاوازەکانی خوێندنەوە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، سایتی دەنگەکان، ٢٠٠٦/١٥/٧.

١٠- خوێنەری کوشندە، (کۆمەڵە وتار)، بەختیار عەلی، چ: رەنج، ٢٠٠٥، ل ٢٩.

١١- گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان، شێرزاد حەسەن، رامان، ژ: (٦٥)، تشرینی دووەمی ٢٠٠١.

١٢- کۆمەڵگەی داخراو، (رۆشنبیر، دەسەڵات، کۆمەڵگا)، ئاسۆ جەبار، سلیمانی، چ: شڤان، ٢٠٠٤.

١٣- ستەمکاری: مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤخستنی مرۆڤ و تیرۆرکردنی عەقڵ، فاروق رەفیق، چ: رەنج، ٢٠٠٣.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

١٥- رۆحی یاساکان، مۆنتسیکیۆ، بەشی دووەم، کتێبی چوارەم، بەشی هەشتەم، ل ٢١.

١٦- نامەکانی ژاکۆن، جەبار جەمال غەریب، چ ١، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٤٥.

١٧- هەمان سەرچاوە: ل ٤٠.

١٨- هەمان سەرچاوە: ل ٤١.



١٩- هەمان سەرچاوە: ل ٢٨.

٢٠- هەمان سەرچاوە: ل ٤٢.

٢١- هەمان سەرچاوە: ل ٤٠.

٢٢- هەمان سەرچاوە: ل ٣٢.

٢٣- هەمان سەرچاوە: ل ٤٤.

٢٤- هەمان سەرچاوە: ل ٣٢-٣٣.

٢٥- ستەمکاری، فاروق رەفیق: ل ١٥٥.

٢٦- نامەکانی ژاکۆن: ل ٣٢.

٢٧-هەمان سەرچاوە: ل ٤٤.

٢٨- هەمان سەرچاوە: ل ٣١.

٢٩- هەمان سەرچاوە: ل ٣٤.

٣٠- هەمان سەرچاوە: ل ٤٥.

٣١- هەمان سەرچاوە: ل ٣٤.

٣٢- ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق، (پەروەردەی لیبراڵ و ئاکاری مەدەنی)، فاروق رەفیق. چ: رەنج، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل ٥٨.

٣٣- نامەکانی ژاکۆن: ل ٣٣.

٣٤- هەمان سەرچاوە: ل ٣٦.

٣٥- هەمان سەرچاوە: ل ٣٣.

٣٦- هەمان سەرچاوە: ل ٣٠.

# (خلودیەتی شیعر)

# لە دیدگای (فروغ فەڕوخزاد)دا

## (١)

ئەگەر بێت و ئێمە وەتەرە سەرەکییەکانی خودی خۆمان ئاراستەی کەناڵە فەزاییەکانی جیهانی (ئەپستمۆلۆژیا) بکەین، ئەوە بێ گومان ئەوکات دەمانگەیەنێتە چەند کایەیەکی جۆر بەجۆر، ئەمەش دەبێتە وەگەڕخستن و ورووژاندنی هێڵە بارگاویکراوەکانی (هەست/ نەست)، ئەو کاتیش دەتوانین بەو برە مەعریفەیەی کە لەکەشکۆڵی زەینەوە بارمان کردووە، بتوانین خودی خۆمان بەرەو ماهییەتی کایە نابەرجەستەکان شۆڕبکەینەوە، بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی گشت ئەو شتانەی کە لەودیو دیوار و بازنەبەندی کایە مەعریفی و فیکری و ئێستاتیکاکانی کە حەشاردراون، چونکە هەمیشە بەرەو ماهییەت چوونی شتەکان دەمانگەیەنێت بەجەوهەر و کرۆکی شتەکان، لەئەنجامدا کردەی (خولقاندن) لەنێو منداڵدانی (دەق) دەست بە نەشونما دەکات، هەروەك خاتوو (فرووغی فەرخزاد) دەبێژێت: ((من وەك خودی خۆم لەگەڵ ئەو کەسانە نیم، ئەگەر ببینم خودی کەسێك سەری بە بەرد بکەوی و بشکێ، ئیتر قەناعەت بەمن بێنی کە چیتر رووەو بەرد نەڕۆم، چونکە تا سەری منیش نەشکێنێ هەرگیز لەمانا و کایەی بەرد تێناگەم)).[١]






دەقی نووسراوی ئەدەبی بەهەردوو ژانری (شیعر/ پەخشان)ەوە لە دیدگا و جیهانبینییەتی خولقێنەر و نووسەری ئایندەخواز و سەرکەوتوو، هەمیشە و بەردەوام لە نەشونمایەکی ناکامل و ناتەواودایە، بەردەوام بۆشاییەك دەمێنێتەوە، جا بۆیە دیدە زیتەڵەکانی تێفکرینی (نووسەر) خەون بەو جیهانە ناتەواوە دەبینێ و بەو هیوایەش دەژی کەوا ئەم بۆشاییەش پڕ بکاتەوە و بەرەو کامڵی بەرێت، هەر چەندە ئەم ئایندە رۆشنە نایەتەدی و ناگات بەپلەی (کەماڵییەت)، جا هەمیشە و بێبڕانەوە نووسەری سەرکەوتوو و بوێر بەشوێن ئالییەتێکی زیندوو دەگەڕێت و دەیکات بەسەرچاوەیەکی پوخت و کۆنکرێت، بۆئەوەی ئەم بازنە ناتەواوەی پێ پڕ بکاتەوە، کەئەویش بۆ کایە ئەفسوناوییەکانی بونیادی زمان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتیش دەتوانێ جیهانی ناوەوەی (دەق) لە پێوەندییە پەرتبوو و شلۆق بووەکان رزگار بکات، ئەو ئالییەتە زیندووەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ تانوپۆی زمان لەنێو قورگی وشە و پانتایی (تێکست) و ئارایشتکردن بەفۆرم و لەونێکی ئێستاتیکایانە، هەروەك دەزانین هەموو مەودا دەلالی و مەعریفی و ئێستاتیکاکان لەنێو بۆتە و دەفری (بونیادی زمان) جێی دەبێتەوە و لەنگەر دەگرێت، بەمەرجێك ئەگەر زمانەکە دووربێت لەکاوێژ کردنێکی تەقلیدییانە و سەلەفییانە. نووسەری زیرەك و لێزان بەو هیوایە دەژیت و لەخزمەت سەکۆی شیعردا ئامادەیی خۆی دەنوێنێ، کە خەون بەهەموو کەون ببینێ و بیکات بەشیعر و تام و بۆی شیعرییەتیش بەهەموو کەرەستەکانی ژیان ببەخشێت، لەدواییشدا گشت شتەکان بەسیحر و موگناتیسییەتی (شیعرییەت) بارگاوی بکات.

هەمیشە شاعیری سەرکەوتوو، ئیمکانییەتی ئەوەی هەیە لەڕێگای وەتەرە سەرەکییەکانی زمانەوە روئیاکانی خودی خۆی لەنێو پانتای (دەق)دا تیژ بکاتەوە، هەروەك دەبینین لەدەقە شیعرییەکانی (فرووغ)دا کارکردنێکی پۆزەتیڤانە هەیە، (فرووغ) لەنێو منداڵدانی دەقدا، لەڕێگای زمانی وشەوە دایدەهێنێ، ئەگەر روئیا و بۆچوون، روئیا و بۆچوونێکی سەردەمیانە بێت، ئەوە زمانیش لەتوانایدا دەبێت وشە بۆ خودی خۆی پەیدابکات، ئەوکاتیش وشە ئاهەنگییەتی خۆی سەربەستانە لەنێو پرۆسەی (دەق)دا دەگێڕێ، یا لە شوێنێکی تر دەڵێت: ((وشە بۆ خودی من زۆر گرنگە...)).[٢]

(دەقی شیعری) وەك دەزانین لە کۆمەڵێك روئیا و ئاماژەی دەلالی و ئێستاتیکایی و زمانەوانی پوخت و بێ گرێ خۆی دروستدەکات، ئەوکات سیحری زمان کردەیەکی پۆزەتیڤانە ئەنجامدەدات. لەنێو سەنتەری دەقدا، دەست بە نەشونمایەکی جاویدانییانە دەکات و دەبێتە

یارمەتیدەر بۆ تەقینەوەی یەکەم چرکە ساتی کردە خلودییەکانی نووسین، شۆڕبوونەوە بۆنێو ڕۆحی مانا زیندووەکان.

هەمیشە و بەردەوام نووسەری مۆدیرنیست (دەق) بەکراوەیی جی دێڵێت و هەموو مەودا مەعریفی و ئێستاتیکاکان لە تاکڕوئیایی و تاك مەودایی ڕزگاردەکات، نەوەك تووشی ئیفلیجی بێت و پانتایی دەق بۆگەن بکات، بەڵکو دەبێ، نووسەری لێزان دەق بە نەمری بهێڵێتەوە و نەهێڵێت سەدای کەڕەنای مەرگ لە ئاست ڕووداوەکانی دەق گوێچکەی دەق کەڕ بکات، بەردەوام لەو هەوڵدانەشدا بژیت کە سەراپای جیهانی دەرەکی زمان بخاتە نێو منداڵدانی سیستەمی زمانەوە، تا بە ئازادانە هەناسە هەڵمژێت، چونکە هەموو شتەکان پێویستیان بە سیحری کایە زمانەوانییەکان هەیە، بۆ ئەوەی لە نێو قورگی وشەدا جێ پەنجە بۆ خۆی بکاتەوە.




ئەوکاتیش بەکردەی بەزمانیکردنی کەون بەرهەمی ئەدەبی سەرکەوتوو و بەپێز، لە نەشوونمایەکی پۆزەتیڤانەدا دەبێت و دەخولقێ. هەروەك (ڕۆلان بارت) دەبێژێت: ((جیهان وجودی هەیە و نووسەریش دەپەیڤێ و قسە دەخولقێنێ))، ئەوەش مانای ئەوە نییە خولقاندنی بەرهەم لەسەر جیهان، بەڵکو خولقاندنی دونیایەکی زەینییە لەسەر بنەما و سیستەمی دونیای دەرەکی و بەرجەستە و ڕاستەقینە))، چونکە شیعر فاکتەرێکی گرنگە بۆ خولقاندنی پێوەندی لەگەڵ هەموو وجوددا، ئەو کاتیش شاعیر هەست بە بوونی خۆی دەکات و خودی خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەك خاتوو (فرووغ) وای بۆ دەچێت، کە شیعر وتن: واتە هەست کردن بەهەبوونی خود، هەروەك دەبێژێت: ((لەنێو هەناوی شیعری خۆمدا، خودی خۆم دەدۆزمەوە..)).[٣]



هەمیشە نووسەری لێهاتوو دەبێت شۆڕببێتەوە بۆ نێو خەلایە شاراوەکانی زاتی خۆی و بەشوێن ناسینی خودی خۆی عەوداڵ بێت تا کەشفێکی لۆژیکییانەی خودی خۆی بکات. هەروەك سوکرات- ی فەیلەسووف بەر لەهەزاران ساڵ وتوویەتی: ((ئەی مرۆڤ خودی خۆت بناسە..)).

کەواتە فاکتەرێکی کارا بۆ چوونە نێو ماهییەتی شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی ناسینی خود و جیهانی ناوەوەی خود، ئینجا ئاڕاستە بکرێت بۆ پراکتیزەکردن و کەشفکردنی جیهانی دەرەوەی شتەکان، تا بگەیت بە ماهییەتی کایە جۆربەجۆرەکان و هەموو کەرەستەکانی نێو جیهان، جا ئەمەش لەڕێگای هێڵە سەرەکییەکانی هۆشیارییەوە دەگەیت بە ناسینی هەموو شتەکانی نێو کەون (تەبیعەت/ ئینسان/ ئاسمان/ ئاسۆ...)، ئەم هۆشیارییەش لە ئەنجامی ئەو هەست و ڕوئیا و بۆچوونانە دەبێ، کە لەلایەن هزرەوە بارگاوی دەکرێت، ئەو کات دەگاتە قۆناغ و پلەکانی بیرکردنەوە، لەئەنجامدا جەوهەری شتەکان بەرجەستە دەبێت.

هەموو کارێکی هونەری پێویستی بە هەوڵدان و ماندووبوونە، بۆ ئەوەی خلودییەت بگەڕێنێتەوە بۆ (خود) و ڕەفز کردنی هەموو مانایەکی پووکانەوە و سەدایەکی مەرگاوی، شیعر لە نێو هەموو کەرەستەکانی ژیان بوونی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە کەشفێکی لۆژیکییانەی بۆ بدۆزێتەوە و نەمری پێببەخشێت، چونکە شیعر تەنیا لە مەدارێکی بەرتەسك و سنووردار دا ناخولێتەوە، بەڵکو زیاتر جیهانگەراییەت بەخودی خۆی دەبەخشێت.




**(٢)**

هونەر لەلای خاتوو (فرووغ) زیاتر بریتییە: لەجۆرە هەوڵدانێکی جیددییانە بۆ گەیشتن بە خلودییەت و جیهانی مان و دوور لەپەراوێزی فەنابوون. هەمیشە شیعر لەڕەوتی خۆی ناکەوێ و بەردەوام لەنێو فۆرم و قالبێکی فراواندا خۆی پەروەردە دەکات و لەمەودایەکی ئێستاتیکایی بەرتەسك خۆی ناخنکێنێ.

خاتوو (فرووغی فەروخزاد) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە هەمیشە لەنێو ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆمالیّ و مەعریفەی ئەدەبیاتی بێگانەدا لەخولانەوەیەکی سەرمەدییانەدا گوزەری کردووە، زۆر لەشاعیرانی تر ئەفسونیان کردووە، بەروئیا و زمانە سیحر ئامێزەکانیان، کە نزیك بوونە لەهەستی شیعری شاعیر، کەیەکێك لەوانە (ئەحمەدی شاملو)ی شاعیر بووە، بەروئیا ئێستاتیکاکانی (نیما)ی شاعیریش زۆر کاریگەربووە، بەلاّم زیاتر شتەکانی لەنێو خودییەتی خۆی هەلهێنجاوە، و ئەزموونی خۆی خۆلقاندووە.




کردەی شیعر بۆ خاتوو (فرووغ) وەك خەلایەکانی بەدەنن، وەك نزیکترین کەس بووە کە کێشە و گیروگرفتەکانی خودی خۆی لەنێو بۆتەی شیعردا تواندۆتەوە و هەستی خۆی تێدا دەربڕیوە، بۆتە بەشێکی سەرەکی لەتەواوکەری ژیانیدا. ئەگەر ئێمە بەدیدێکی لۆژیکیانە مامەلە لەگەلّ سەرجەم موفرەداتە شیعرییەکانی (فرووغ) بکەین و نیگا کردنێکی هەستیارانە بەرەو دارستانە سنەوبەرییەکانی دەقە شیعرییەکانی ئاڕاستە بکەین، ئەوە ئەوکات بەو بڕە مەعریفییەی کە چەنگمان دەکەوێت لەتوانامانداا دەبێت کەچەند کایەکی نا بەرجەستە و رووت بدرکێنین و بەرجەستەی بکەین، لەمیانەی تاوتێکردن و راڤە کردنێکی لۆژیکییانەی مەعریفییانە، لەنێو قورگی موفرەدات و کەرەستە شیعرییەکان.

دەقە شیعرییەکانی (فرووغ) بگەینە ئەوەی کەژانری شیعر بۆ (فرووغ) وەك کلاو رۆژنەیەکی کراوە وابووە، کەهەمیشە لەبەردەمیدا شالورێکی قورگ ناسك ئاهی دەروونی خودی خۆی بچڕیّ و پڕ بەدەم بگرییّ و رۆندك بڕژێنێتە نێو کاسە شکاوەکانی بوون و باخچە تێنوو و سووتاوەکان، هەروەك لەقەسیدەی (دلّم بۆ باخچە دەسووتیّ)دا بەهۆی ژییە سەرەکییە وەهمییەکانی نێوان دیدەی خوێنەر و نیگاکانی خودی خۆی سەرجەم گرفتەکانی باخچە و گولّە



سووتاوەکان لەنێو هەناوی یەکە یەکەی پەیڤە و موفرەداتە شیعرییەکان بڕوێنیّ و بارگاوییان بکات و بیانکات بەزەنگێك بۆ هوشیارکردنەوەی خوێنەران هەروەك لەو چەند دێرەیدا دەبێژێت:

**کەس لەخەمی گولّدا نییە**
**کەس لەئاهی ماسیدا نییە**
**هیچ کەس نایەوێت بڕوا بکات**
**دلّیّ باخچە لە رۆحدانە**
**دلّیّ باخچە لەژێر هەتاو ماسیوە**

(فرووغ) کاتیّ ئاهی گولّەکان دەبیستیّ، کە هەمیشە لەتێنوان دەخنکێن، ساتیّ دەبینیّ هیچ تاکێکی نێو کۆمەلّ لەبیر و خولیای باخچە و گولّە تێنووەکان دانین و گولّەکان و باخچەکانیش رۆحیان لەژێر سەهەمەکانی هەتاودا ئاوسان، (فرووغ)یش پەژارە و ئاهی دەروونی دایدەگرێت و نقومی دەکات، (فروغ)، گوتاری شیعری بە فاکتەر و ئامرازێك دادەنێت بۆ ئاوێزان بوون و بەجیهانیکردنی هەموو کەرەسە و شتەکانی نێو سینەی کەون. دەبینین (فروغ) لەنێو زەمینە و فەزای دەقە شیعرییەکانی خۆی هاتووە بەنیگا کردنێکی ئاگایانە مامەلّەی لەگەلّ سەرجەم کەرەستەکانی نێو پەنجەکانی سروشت: ((گولّ، باخچە، بەرد، مرۆڤ، کێو، ئاو،... تاد))دا کردووە، چونکە (فرووغ) وەك تاکێکی نێو کۆمەلّ و خاوەن خودێکی بەسەلیقە و هەستیار، هەستی بەسەرجەم گرفتەکانی نێو سروشتی مرۆڤایەتی کردووە و هەمیشە لەو دیدگایەوە دەیروانی، کەکاتیّ (فرووغ) لەودیو پەنجەرەی شیعرەوە سەمایەکی شاعیرانەی دادەبەست لەگەلّ پەیڤ و کەرەستەکانی، ئەو لەو چرکەساتەدا کەلەدیوەکەی تری پەنجەرەی فرووغ، کە ئەو سەما و تەقسە شاعیرانە دەبینیّ و دەبیسیّ.. جا هەر بۆیە خوێنەری زرەنگ و دیدەکراوە دەتوانێت لەو دیو دێری پەیڤەکانەوە گوێبیستی فیغانەکانی شاعیر بێت، کەواتە لەدیدی (فرووغ)دا (شیعر// پەنجەرە).. یان شیعر دالێکە و پەنجەرەش مەدلولەکەیەتی...



لە دید و تێڕوانینە خودییەکانی (فرووغ)دا (پەنجەرە ـ شیعر) زەمینە و فەزایەکی کراوەی هەیە و دەتوانرێت سەرجەم گرفتە سایکۆلۆژییەکان لەنێو پەنجەرەی شیعرەوە بەرجەستە بکەیت و گوێبیستی بیت. هەروەك دەبێژێت: ((شیعر بۆ من وەك چەشنی پەنجەرەیەك وایە.. لەوێ دادەنیشم و گۆرانی دەچڕم و نیگا دەگرم لەگەل سەرجەم وێنەکان (درەخت، پەپوولە، گول...) دەئاخافتم)).[٤]

هەر لەنێو ئەم پەنجەرەیەشەوە ئاوێزانی خەم و ئاهە نارنجییەکانیان دەبێت، شاعیری خاوەن ئەزموون، بەدیدێکی مەعریفییانەی ئێستاتیکانە دەڕوانێتە کەرەسەکان و سایکۆلۆژیستانە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو خەلایە و دەزوولە باریکەکانی نێو جەستەی هەموو کایە بەرجەستە و نابەرجەستەکانی نێو لەپی گەردوون، سەرنجیان دەدات و دەیانکات بەموفرەداتی شیعری و بەشیعرییەت بارگاوییان دەکات، ئینجا دەیانخاتە نێو منداڵدانی دەق و بەرهەمێك لەدایك دەبێت.

لەدواییدا خوێنەری زرەنگ و دیدەڕوون، دەتوانێت ڕاشکاوانە ئاوێتەی ئەو قسە شیعرییە ببێت و کەشفێکی مەعریفییانە بۆ یەکەیەکەی موفرەدات و کەرەسەکان بکات و بیانخاتە نێو پرگاڵییەتی مەدار و راڤەیەکی ئێستاتیکایانەی بۆ بەئەنجام بگەیەنێت، زەوایەی نیگاکانی کەشف بکات بۆ ئەوەی خەلایەکی نوێ بدۆزێتەوە. پەنجەرە شیعر لەدید و تێڕوانینی (فرووغ)دا جگە لەوەی فەزایەکی کراوە دەبەخشێ، سەرجەم شتەکان بەبێ دەمامك دەبینێ، دەتوانین پەنجەرە شیعر بۆ فرووغ وەك فەرهەنگ و ئەرشیفێکی مەعریفی و فەلسەفی و ئێستاتیکایی دابنێین، کە لەوێوە شتەکان هەزم بکات و خودی خۆی بارگاوی بکات و پەنجەرە لەسەر هەموو شتەکان ڤالاّ بکات.. هەروەك لە چەند نموونەیەکدا وشەی (پەنجەرە) دووبارە دەکاتەوە.

**پەنجەرەیەك بۆ نیگاکردن**
**پەنجەرەیەك بۆ گوێ گرتن**

* * *

**پەنجەرەیەك بۆ من بەسە**
**من لە ولاّتی بووکەڵەکانەوە دێم**
**لەژێر سێبەری دارە کاغەزینەکانەوە**
**لە باخی کتێبێکی وێنە داردا**

* * *



**من لە پەنای پەنجەرەکەمدا**
**کەین و بەینم لەگەڵ خۆرەتاودا هەیە**

هەر ئەم پەنجەرەیەشە شاعیر دەگەیەنێت بە بەگوتاریکردنی شیعر و خەلایە قووڵ و شاراوەکانی کەرەستەکان و جیهانبینییەتی شتەکان، ئەمەش سەهمێك دەدات بەدیوی بازنەی (ئاگا ـ نیگا ـ بێدەنگی). گەیشتن بەو سێ هەنگاو و ئەزموونە شیعرییە دەلالەت لە خودی شاعیر (فرووغ) دەکات، بەوەی، کە گەیشتبێتە چەمك و فەلسەفەی (خود ناسین). کاتێ کە دەگات بەم ئاستە و خودی خۆی دەناسێت، دەگاتە ئەوەی کە بەنێو ماهییەت و کەینوونەی گشت کەرەسەکان شۆڕبێتەوە و کەشفێکی شاعیرانەی بۆ بکات، هەر بۆیە فرووغ هێز و موگناتیسییەتی زەینی دەخاتە بەردەم هزری ئاگای خودی خۆی، ئینجا بە ئارامی شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو خەلایە شاراوەکانی کەرەستەکانی نێو سروشت و بوون (گیا، درەخت، ئاو، ماسی، پەپوولە، مرۆڤ)، تا ئەو رادەیەی کە خودی خۆی تێدا گوم دەکات و دەگات بەکردەی سۆفیزمییانەی (حلول کردن) و (دۆنای دۆن بوون) و ئاوێتەبوون، لەئەنجامدا خودی کەرەسەکان لە دیوێك و خودی خۆشی لە دیوەکەی تردا دەناسێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی بەوپەڕی بوێرییەوە کەشفێکی لۆژیکییانە بۆ سەرجەم کەرەسەکان بکات.

لە ئەنجامدا هەموو ئەمانەی سەرەوە دەکاتە هەوێنی ئەزموون و پرۆسەی نووسینی شیعر... لەئەنجامدا بەهۆی شۆڕبوونەوە بۆ نێو جەوهەری کەرەستەکان، خولقاندن دێنێتە ئاراوە. لە ئاکامدا دەتوانێ باڵبگرێ و بفڕێ و سیزیفییانە بەرەو لوتکەی بەرزی گوتاری شیعرییەت هەنگاو بنێت هەر بۆیە (مەهدی ئەخەوان) دەبێژێت: ((فرووغ شاپەڕی هۆنراوەی مرۆڤایەتییە)).[٥]

**((پەنجەرەیەك بۆمن بەسە**
**پەنجەرەیەك بەرەو ساتی ئاگایی و نیگا و بێدەنگی))**

## (٣)

ئەگەر بێت و منی (خوێنەر ـ بینەر) لە سەرتاپای جیهانبینییەتی چامە شیعرییەکانی (فرووغ) بەدێکی لۆژیکییانە لە زەمینە و فەزای دەقە شیعرییەکانی بکێشین و روئیای خودی خۆمانی بۆئاڕاستە بکەین و بنکۆڵێکی مەعریفییانە لەنێو ریشاڵەکانی زمانی شیعری لێبدەین، ئەوە ئەوکات چەند زانیارییەك لەچوارچێوەی (دابونەریت، ئایدیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، سایکۆ ـ سۆسیۆلۆژیا.... تاد)، سەبارەت بەو سەردەمەی کە (فرووغ) تێدا ژیاوە، بە شێوەیەکی لۆژیکییانە بەرجەستە بکەین، لەنێو مەدارە کرنۆلۆژییەکانی ژیانی شاعیر و چامە شیعرییەکانی، هەروەها ئەگەر بێتو خوێندنەوە و راڤەکردنێکی مەعریفییانە بۆ سەرجەم شیعرەکانی (فرووغ) لەپێشگەشت و یەکەم چرکە سەفەری بۆ نێو دونیای شیعرستان و شیعرەکانی بکەین، کەلە دواییدا خوێندنەوەیەکی سەرپێیانە بۆ شیعرەکانی (ئەسیر، دیوار، یاخیبوون) و گرووپی دووەم لەنیوە بازنەیەکی تر کۆبکەینەوە کە بریتین لە (لە دایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین).

### گرووپی یەکەم:

### (ئەسیر، دیوار، یاخی بوون)

بێگومان دەتوانین ئەم سێ شیعرە بەسەرەتا و دەسپێکی یەکەم چرکە سەفەر و هەناسەی شیعری (فرووغ) بۆ چوونە نێو دونیای شیعری دابنێین. یان بەچەند هەناسەیەك دابنێین کە پێش ساتی دەرچوون و رزگار بوون لەسکێچ و چواردیواری کۆنکریتی ماڵەوە.. دابونەریت.. کۆتی باوکسالاری.. ئایدیۆلۆژیا...تاد)، ئەم سێ رۆندك و هەناسەیە... لەزەمەنێکی وا لەدایك بوونە کە هەوری رەشی جەهالەت باڵی بەسەر هەموو شتەکان کێشابوو.. ئەم سێ هەناسەی (فرووغ) بە ئاه و فیغانێکی پڕ لەگریان و ئەسرین رشتن کە لەخانوویەکی مەدار تەسك و فەزایەکی داخراودا لەدایك بوونە.

فرووغ لەو زەمەنە شیعرییانەیدا نیگاکانی.. هەناسەکانی کورت بوونە و لە ئاوێنەیەکی بچووك و داخراو دا بۆ سەرجەم شتەکانی دەڕوانی، کە هەمیشە سەفەری هەناسەکانی لەگیانەلادا بووە و سەفەرەکانیشی کورتیان هێناوە.. دوور لەنیگاکردن و سەفەرێکی ئاگایانە.. بەنێوچڵی گرفتە سایکۆلۆژییەکان و گرفتە سۆسیۆلۆژییەکانی کەشف دەکرد.. نیگا و سەفەری



پەیڤەکانی لەمەدارێکی بەرتەسك و داخراو دا (چواردیواری ماڵەوە ـ باخچە ـ ئاسمان) دەسووڕانەوە و نەشی دەتوانی لە تخووب و سنوورە بڤەکانی دابونەریت و کۆمەڵگە دەرچێت و پاسەپۆرتی ئاوابوون وەربگرێت و لەو سکێچە پڕگاڵییەی کە (دابونەریت ـ باوك) بۆیان کێشابوو، دەرچێت و بیبەزێنێ و سەدای خۆی بگەیەنێت بەهەموو جیهان، بەڵکو ناڵە دەروونییەکانی خودی خۆی بەباڵای چواردیواری ژوورەکەی سەرنەدەکەوتن و بەرەو خوارەوە دەخزان، لەم زەمەنە ژەنگگرتووە، جگە لەهەڵوێست وەرگرتن و شۆڕشی یاخیبوون وەك تاکێکی مێ لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بەرامبەر بەکۆت و پەیوەندە کۆنکریتەکانی دابونەریت و کۆتی باوکسالاری و ناحەزانی بنەماڵەکەی، چیتری پێنەدەکرا، ناوە ناوەش ئالای یاخیبوونی بەرز دەکردەوە و دژ بە دابونەریتە سەلەفییەکان رادەوەستا، دوور لە پرەنسیپە مەعریفییەکان و شەپۆلی هۆش و ئاگایی. هەروەك لەشیعری (یاخیبوون)دا بەتەواوی رەنگی داوەتەوە. لێرەدا دەتوانین بە سکێچ و هێلکارییەك زەمەنی شیعری گرووپی یەکەم روون بکەینەوە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوز و عاتیفەی ژنانە | + | شۆڕشێکی سەقەت دژ بە کۆدەکان | + | نەبوون و قەیرانی ئاگاییەکی تەواو | = | بەرهەمێکی لاواز و سیس |

وەك لەم نموونە شیعرەیدا، کە هەناسەی پەیڤەکانی تەنیا لەچوار دیوار و تەلبەندی ماڵەوە هەناسە دەدەن، بەهەناسە برکێ و دوور لەتەقس و هەناسەیەکی کراوە و ئازاد کە دەڵێت:

**حەوشی ماڵی ئێمە تەنیایە**
**حەوشی ماڵی ئێمە**
**چاوەڕوانی بارینی هەوری نامۆیە و**
**باوێشك دەدات**
**حەوزی ماڵەکەشمان بۆشە...**

* * *

دایکم تواوەی ڕۆژ دەسەو دوعایە
دایکم تاوانباری سرووشتییە و
پف دەکات لە گشت گوڵەکان
پف دەکات لە تەواوی ماسییەکان
پف دەکات لە خۆشی
دایکم چاوەڕوانی دیاربوونە و
تەرخانێك کە دێتە خوارێ
براکەم بە باخچە دەڵێت: گۆڕستان

هەروەها (یاخیبوون) نموونەی ئەو شیعرانەیە، کە (فرووغ) تێدا کارتی یاخیبوون و تووڕەبوون بەرامبەر ماڵەوە و ئەو کۆمەڵە هەڵدەبڕێت، کە تەڵبەند و کۆتی دابونەریت و ئایدیۆلۆژییەتی باوکسالاری دەچەسپێنن. کەواتە تاکەکانی کۆمەڵ لەنێو بازنەیەکی کۆنکریت و چەق بەستوو گیرۆدە دەکەن. (فرووغ)یش وەك تاکێکی مێی پڕ ئیرادە، دەیەوێت لەنێو ئەو بازنە چەق بەستووە دەرچێت، پاسەپۆرتی ئاوابوون و رزگاربوون وەرگرێت و هەناسەیەکی ئازاد لەودیو تخووبە بقەکراوەکان هەڵمژێت، چونکە هەروەك (ئەدۆنیس)ی شاعیر دەڵێت: ((شاعیر ناتوانێت چەمکی شیعری نوێ بونیاد بنێ، تا هەرەس بەچەمکەکانی پێشووی ناوەوەی خودی خۆی نەهێنێ و نەیانڕووخێنێ)).[٦]

لەهەرسێ هەناسە و سەفەری پەیڤەکانی (ئەسیر، یاخیبوون، دیوار)، (فرووغ)ی شاعیر نەیتوانیوە هەرەس بەسەرجەم چەمکە کۆمەڵایەتی و گرفتە سایکۆلۆژییەکانی نێو خودی خۆی بهێنێ و بیانڕووخێنێ، هەرچەندە ئێمە ئەوەش دەزانین کە چەمکی (یاخیبوون) هەوڵدانە بۆ ئەوەی سەهەمەکانی رازینەبوون و بەرگریکردن ئاراستەی دەرگا و دیوارە کۆنکریتەکانی دابونەریت و فیکرە سەلەفییەکان بکرێت و بە هۆی ئەم رازینەبوونە کۆجیتۆی باوکسالاری و بیرکردنەوە سەلەفییەکان تێك دەشکێنێ و سەرلەنوێ لەسەر سیستەمێکی مۆدێرن شتەکان دووبارە تەنزیر بکاتەوە، ئەوەش لە نێو پرۆسە شیعرییەکانی (فرووغ) بەرجەستە دەبێت.



## (٤)

### گرووپی دووەم:

### (لە دایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین)

بێگومان ئەگەر بە نیگایەکی ئێستاتیکایانە و تێڕوانینێکی مەعریفییانەی مێتازمانییانە، یەکەیەکەی موفرەداتە شیعرییەکانی نێو دەقە شیعرییەکانی (فرووغ) بە تایبەتی لە دەقە شیعرییەکانی (لە دایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین)دا، بنکۆڵێکی مەعریفییانەی لۆژیکییانەی بۆ لێدەین، لەنێو قوڕگی ریشاڵە بەدەق رۆچووەکان، ئەوە ئەو سات دەگەن بەوەی کە تەعریفێکی لۆژیکییانە و مەعریفییانە بۆ ئەو چەمکە فەلسەفی و مەعریفی و ئێستاتێتیکایانەی کە دەکەونە نێو سکێچ و منداڵدانی دەقە شیعرییەکانی (فرووغ) بکەین و کەشفی ئەو وردە هەناسە و مۆرووە نارنجییانە بکەین، کە لەمەدار و چوارچێوەی فەزای دەقە شیعرییەکان خۆیان حەشار داوە، ئینجا ئەوکات راشکاوانە دەتوانین ئاماژە بەهەناسە سارد و گەرمەکانی نێوان هەردوو جیهان و گرووپی شیعری بکەین، کە لەوەوپێش باسی گرووپی یەکەممان کرد.

بە چاکی دەزانین کە لەگرووپ و جیهانی دووەمی شیعری فرووغ ـ دا ئاماژە بەچەند تەکنیکێکی شیاو بکەین، کە شاعیر لە نێو دەقە شیعرییەکانی بەکاری هێناوە، وەك تانوپۆی زمان و دەزووڵە باریکەکانی ریتمی شیعری، کە یەکە یەکەی پەیڤە شیعرییەکان بەیەکەوە گرێ داوە و تەقسێکی ئێستاتێتیکی دامەزراندووە بۆ هەناسەدانی پەیڤە شیعرییەکان، هەروەها ئارایشت کردنی دەق بەیەکەی ئێستاتیکا و مەعریفە و نیگایەکی ئاگایانە و چەمك و موفرەداتە فەلسەفییەکان و.. تاد. کەلە خوارەوە ئاماژە بەچەند یەکەیەك دەکەین.

ئەگەر بێتو نیگایەکی ئاگایانە لە نێو دەقە شیعرییەکانی (لە دایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین) هەڵبگرینەوە، ئەوە ئەوسا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە فرووغ لە هەردوو دەقە شیعرییەکەدا جیهانبینییەتێکی فەنتازی دەخوڵقێنێ، بەم جیهانبینییەش دەیەوێت هەموو کەون بخاتە نێو سکێچ و مەودایەکی فەنتازی، کە بۆ ئەوەی هەموو کەرەستەکانی سروشت (دار، بەرد، ئاو، گیا..) بە ئازادی هەناسە بدەن و لەسەرجەم کۆتەکان رزگاریان بێت. دووربێت لەو جیهانبینییەی کەچەند مرۆڤێك نەخشەیان بۆ دادەنێت و دەیانخاتە نێو چەند بازنەیەك و دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانە بەکاردەبات و دەیانکات بە ئالیەتێك بۆ بەڕێوەبردنی مەرامە شەخسییەکانی خۆیان.

فرووغ دەیەوێت هەموو کەون بکات بەیەکەوە، لە مەدارێکی بەرفراوان و هەناسە ئازاد بیانخولێنێتەوە، بەیەك زمان و ئاخافتن بگەڕێن و چیتر دەمامك بۆ شتەکان نەخولقێنن و سەرجەم دەمامکەکانیش تێك بشکێنین و سەرجەم شتەکان لەنێو تەقسێکی کراوە و ئازاد هەناسە بدەن و هەمیشە کار بکەن بۆ لەناو بردنی شەپپورەکانی جەنگ.

فروغ دەیەوێت خودی خۆی لە نێو ئەزموونێکی وا پەروەردە بکات کە ناوە ناوە کاژ فڕێدات و لە دایك ببێتەوە و بە چەشنی (قەقنەس) سەمایەکی کراوە و ڕۆحانی لە نێو دارستانە سنەوبەرییەکانی شیعر سازبدات، کە چۆن قەقنەس لەتاو عیشقەکەی ئەوەندە ئاواز دەخوێنێ تا لەپێناو عیشقەکەی گڕ دەگرێ و دەسووتێ و دەبێت بەخۆڵەمێش.. ئینجا لەنێو خۆڵەمێشەکەی بێچووە قەقنەس دەخولقێنەوە.. ئاواش فرووغ لە گرووپ و جیهانبینییەتی شیعرەکانی دواییدا، دەیەوێت سوود لەو ئەزموونەی قەقنەس وەرگرێت و لەدایکبوونەوەیەکی تر و جیهانبینییەتێکی تر لەفرووغەوە بۆ فرووغ و جیلێکی تر بخولقێنێ.

ئەگەر نیگا بگرینە بەرگی یەکەمی (لەدایکبوونێکی تر) دەبینین فرووغ بە پێنووسی خۆی نووسیویە (لە فرووغەوە بۆ فرووغ) بەواتە دەبێت نووسەر و هونەرمەندی بوێر و مۆدێرن دووجار خودی خۆی لە نێو منداڵدانی دەقدا بخولقێنێتەوە و لە دایك ببێتەوە، وەك باڵندەی قەقنەس کە چۆن بە کەڕەنای دەنووکە کون کونەکانی ئاواز دەخوێنێ و سەدایەکی عاشقانە لە نێو تەقسە بخوورستانەکەی دا دەسازێنێ. دەبینین لەمەدار و زەمەنە شیعری (لە دایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین)دا، دەقە شیعرییەکانی وەك ئاوێنەیەکی فراوان و فەزا کراوە و روون و شەفاف هەموو شتەکانی نێو لەپی گەردوون لەنێویدا بەجوانی بەرجەستە دەکەیت و گوێبیستی میلۆدە خۆشەکانی دەبێ لەمەدارێکی بێ کۆتا و بێ سنوور.

ئەگەر بێتو گۆشە و تاکڕەهەندێکی مێژوویی بگرینەبەر و لەڕووی مێژووییەوە سەیری نێو هەناوی یەکە یەکەی موفرەداتە شیعرییەکانی (فرووغ) بکەین و قووڵ ببینەوە بۆ نێو خەلایە شاراوەکان و جەوهەرییەتی دەقەکان، ئەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە (فرووغ) لەزەمەن و ڕۆژگارێکی وا چاوی هەڵهێناوە، کە هێشتا بەکۆیلەکردن و دەسەڵاتگەرایی لەلایەن چینی سەروو (ئەرستۆکراتی) وەك ئامرازێك بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە و چینی رەش و رووتەکەشیان کردۆتە ئالیەتێك و خستوویانەتە نێو بازنەی بە کوێلەکردن. (فرووغ)یش لەزەمەنێکدا لەتەك کەسایەتییە بۆرژوازییەکان چاوی هەڵهێناوە و سەری هەڵداوە. بۆ بەرپەچ دانەوە و بەرەنگار بوونەوەی ئەو ڕژێمەی کە دەیەوێت خودی خۆی بکاتە سەنتەر و مرۆڤەکانی



تریش بکات بە پەراوێزی خۆی، بەلاَم (فرووغ) کاتێ ئەمەی بینی وەك خاوەن تاکێکی بوێر بەم ڕێسا کۆتکراوانە رازی نەبوو، هەڵوێستی وەرگرت، دەستی کرد بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی مەعریفییانەی ئاگا لەنێو تەقسە شیعریی و نووسینەکانیدا، سەرجەم شیعرەکانیشی بەزمانێکی شەفاف و پاراو و دوور لە ئارایشت کردن و رازانەوەی رواڵەتییانە، بەڵکو لەنێو خەلایە شاراوەکانی و جەوهەری شیعرییەکانی توانی بە فۆڕمێکی ئێستاتیکانە و تەکنیکێکی مۆدێرنییانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم موفرەداتە شیعرییەکان بکات، یەکە یەکەیان لە نێو کاسەی ئێستاتیکا بارگاوی بکات و لە نێو کاسە ئاوی (ئێستاتیکا ـ زمان) هەڵیانکێشێت و پاراویان بکات بە دەزووڵەکانی زمان و مەعریفییەیەکی ئاگایانە.

شاعیر و نووسەری نیگا بوێر و نیگائاگا، دەبێت هەموو کاتێ لە هەوڵی خۆ تەنزیرکردن دابێت و هەمیشە لەپێناو عەشقێکی ئێستاتێتیکانە لە هەوڵی خۆماندووکردن و عیشقە ئەدەبییەکانی نووسین دابێت. تادەگەیتە ئەوەی کە پەیڤێکی تر و نەوەیەکی تر لە دایك بێت، فرووغ زۆر زیرەکانە لە نێو دەریا هەڵچووەکانی جیهانی میتۆلۆژیادا خۆی بارگاوی کردووە، چەندان چیرۆکی ئەفسانەیی گەلانی تری خوێندۆتەوە و سوودی لێ بینیوە، تا توانیویەتی لە نێو دەقە شیعرییەکانی خۆی بەرجەستەیان بکات. هەر بۆ نموونە دەبێژێت:

## باڵندەیەك کە مردبوو فێری کردم کە هەڵفڕینم لەیاد بێت

هەروەها لەنێو هەردوو جیهان و فەزای دەقە شیعرییەکانی (لەدایکبوونەوەیەکی تر.. ئیمان بێنین)دا، دەبینین زمانی گوتار و تایبەتمەندییەکانی (تەنز) دووبارەکردنەوە، لە نێو فەزا و زەمینەی هەردوو دەقە شیعرییەکانی رەنگی داوەتەوە. ریشاڵەکانی خۆی داکوتاوە لە نێو یەکە یەکەی خەلایەکانی پەیڤە شیعرییەکانی و نێو هەناوی دەقە شیعرییەکانی.

کەواتە دەقی شیعری لەڕووی بە پرۆسەکردنەوە پێویستی بە نیگاکردنێکی ورد و تانوپۆیەکی زمانی ئاگایی هەیە، تا بتوانێت پەیوەندییەکی مۆدێرنانە و دینامیکییانە لە نێو هەناوی دەقدا بخولقێنێ و بانگی ئازادی و رزگاری رادێرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك خاوەن خودێکی سەلیقەدار، زمانێکی جاویدانی لەنێو سەرجەم کایە و موفرەداتە شیعرییەکان بخولقێنێ و بتەقێنێتەوە هەرچەندە تاکە خەم و خەمی گەورەی نووسەر ئەوەنییە کە پارێزگاری لەمانا و دەلالەت بکات، لە نێو شوورە کۆنکریتییەکانی دەق، یان لەخەمی ئەوەدا بێت تەنیا هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی مانا و دەلالەتی تر، هەناسەی پەیڤێك بخنکێنرێ لە پێناو ئەوەی

مانایەك بخڕێتەكار، ئەركی نووسەری زیندوو و دیدەڕۆشن تەنیا ئەوەنییە كایەیەكی مەعریفی ریالیستی بگوازێتەوە بۆ نێو منداڵدانی دەق، بەقەد ئەوەی پارێزگاری كردنە لە دیموكراتیزەكردنی ئازادی زمان و زمانی ئاگایی و پێوەندییەكانی جیهانییەت و تێرامان و خوردبوونەوە لە گۆڕینی دەمامك و جەوهەری (خود) و (وجود) دا. هەربۆیە لێرەدا ئازادی و دیموكراتیزەكردنی تانوپۆی زمان تەنیا ئەوە نییە پارێزگاری لە زەمینە و فەزا كراوەكان و جەوهەرییەتی شتەكانی نێو سروشت و بوون بكات.

بێگومان هەموو دەقێكی زیندوو و تازەگەر، هەوڵدەدات سەمایەكی زەردەشتیانە لەنێو كاسە كریستاڵییەكانی بوون و سروشت سازدات و بەرەو ریشاڵەكانی ئازادی زمان و زمانی ئاگایی شەپۆل بدات و هەنگاو بنێت، تا بگات بە مۆرووە كریستاڵییە شاراوەكان و لە چركە ساتێكا بەرجەستەیان بكات، تەبیعی ئەمەش بەپێچەوانەی دەقی تەقلیدی و بانگەشە هزرییە سەلەفییەتەكانە، كە هەمیشە و راستەوخۆ خودی خۆی بەدەسەڵات و میراتگەری حەقیقەت و واقیعییەت لەقەڵەم دەدات، پارێزگاریكردن لە دەزووڵە ئێستاتیكییەكانی زمان و ئازادی زمان، وا دەكات كە هەمیشە زمان ببێتە ئامانج و سەنتەری شیعر... كاركردنی خودی شاعیر لەنێو كاسە پڕ كایەكانی زمان پێویستی بەهۆش و زەكاوەت و بوێری و خوێندنەوەی بەردەوام و شەوئخوونی لەساتە وەختی ئاگاییەكی تەواو مونتاژ كردن و گەمەی زمان و هونەری تەكنیك و ئێستاتیكییەتی زمان و ئازادی زمان و دەزووی فنتازیی هەیە، چونكە بونیاد و تانوپۆی ناوەوەی كایەی زمان تەقس و رەزمێكی تایبەت بەخودی خۆی هەیە لەلای (نووسەر ـ شاعیر). ئازادی زمان لە بونیاد و بنچینەدا لەسەرە و دەروازەی نائاگایی و لەپرۆسەی نووسینی دەقدا بەرجەستە دەبێت. بۆ خولقاندنی نیگاركردنێكی تایبەت بە جیهان، چونكە چامەی شیعری هەمیشە خولقاندن و ئەفراندنی جیهانێكی سەربەخۆیە، كە تاكڕەهەندی زمان لەنێویدا سووڕەیایەكی پڕشنگ هاوێژ و درەوشاوەیە.

پرۆسەی نووسینی دەقی شیعری پێویستی بەهەستێكی ناوەكی هەیە لەساتی پڕبوون و بەكاربردنی كریستاڵە درەوشاوەكانی تاكڕەهەندی زمانی ئاگایی سەربەخۆ، ئەوە ئەو كات بەوپەڕی بوێری، هونەرەكەی خۆی لە نێو بونیاد و منداڵدانی دەق دەتەقێنێتەوە، هەر بۆنموونە چۆن شاعیر بە مەعریفەیەكەی قووڵ و زمانێكی ئاگایانە موفرەداتە شیعرییەكان لەڕووی ئاستی سەرەوە و ئاستی ناوەوەی دەق ئارایش دەكات و هەمیشە لە ئاهی كەرەستە زیندووە لەگیانەلایەكاندایە و دەبێت بەزمانێكی ئاگایانە و ئازادانە هەستە پەنگ خواردووەكانی ناوەوەی خودی خۆی دەربڕێت و بۆ خوێنەری زرنگ و چاپووك بئاخافێ، هەروەك دەبێژێت:



**بۆ راوەستم؟**
**من هۆشە پێنەگەیوەكانی گەنم**
**لەژێر مەمكمدا رادەگرم**
**تا شیر بخۆن**

سەبارەت بە ئاهەنگی ناوەوەی بونیادی دەقە شیعرییەكانی فرووغ، دەمانەوێ وەك خوێنەرێك ئاماژە بەچەند روونكردنەوەیەك بدەین لە چركەساتی نمایشكردنی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەكانی فرووغدا، كە یەكێك لەو روونكردنەوانە، ئەوەیە كەهیچ كاتێك فرووغ نەیویستووە بەهیچ كلۆجێك لە ئاهەنگی ناوەوەی بونیادی دەق دووركەوێتەوە و ریتمی شیعری بخاتە سكێچی پەراوێزەوە، بەڵكو بەردەوام لە هەوڵدان و گەڕاندا بووە، بۆ ئەوەی بگات بەژێیە باریكەكانی ئاهەنگ و ریتمی سروشتی زمان، هەرچەندە (نیما)ی شاعیر پێش ئەو زەمەنە شیعرییەی فرووغدا جەختی لەسەر ئەو مەسەلەیە كردۆتەوە، كە دەبێژێت: ((شیعردەبێت درەوشاوە و سروشتی بێت، وەك نووسراوێكی ریتمی بخوێندرێتەوە...)) دەبینین ئەم كردەی نیمای شاعیر، فرووغ یش بەكاری هێناوە، بەڵام بەلەون و ئیحایەكی تر بۆ ئارایشت كردی بوونیادی ناوەوەی دەقی شیعری و چاكیش دەزانین وەزنی شیعری لەنێو دەقە شیعرییەكانی فرووغ وەك ریشاڵ و داوێكی ریتمی سەرجەم موفرەدات و كەرەسە شیعرییەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە، بەمەش ئاهەنگێكی ئێستاتێتیكیانەی هونەرییانە بەدیوی ناوەوەی دەق پەرشوبڵاو دەكاتەوە، لە كۆتاییدا دەبێتە هۆی هاتنە ئارای دەقێكی زیندوو، گەشەدار، هانی خوێنەران و بینەرانی نەوەی تازەی شاعیران دەدات بۆ بیركردنەوە لە تەنزیكردن و گوتاریكردنی دەقی شیعری، هەربۆیە شاعیری ئاگا و بوێر، خودی خۆی دوور دەخاتەوە لە وێنە رووتەكان، چونكە وێنە و گێڕانەوەی رووت پۆزەتیڤییەتی وێنە شیعرییەكان رەت دەكاتەوە لەسەر هاوهێزی و هاوكێشی ریتمی ناوەوەی بونیادی شیعر و سەرلەنوێ هەڵی دەوەشێنێتەوە، بەڵكو دەبێت شاعیری زرەنگ و هۆشیار حاڵەتە خودییەكانی نائاگایی مۆنتاژ بكات و پردێك لەنێوان حاڵەتی خودی ئاگا و خودی نائاگایی بخولقێنێ، لەنێو پرۆسەی دەقی شیعریدا، لەدواییدا هەموو رەهەندە زەمەنییەكان ببڕێت تادەگاتە حاڵەت و تایبەتمەندی خود.

تەقاندنەوە لەنێو تانوپۆی بونیاد و ریشاڵە چڕەكانی زماندا هەربۆیە (سوهرابێ سپێهری) لەدەقە شیعرییەكانی خودی خۆی رایەڵی ژێیە سەرەكییەكانی زمان و

فۆڕمەکانی فرووغ بەکار دەبات، ئەمەش بەهۆی کاریگەری فرووغ کە لەنێو دەقە شیعرییەکانی ئاهەنگ و ریتمێکی جولەێنەرانەی مۆدیرنیستانەی هێنایە ئاراوە، چونکە زمانی شیعری و ئاهەنگی ناوەوەی دەق لەلای فرووغ لەتوانای ئەوەدایە، کە بونیادێکی ریتمی بەهێز و کاریگەر بۆ بەگوتاریکردنی شیعر دابمەزرێنێ، ئەمەش دەورێکی پۆزەتیڤانە بەو خاوەن خودە سەلیقە دارانە دەبەخشێت، کە نەفەس و سەداکانیان لەنێو دەقە شیعرییەکانیاندا کەشف بکەن و بیدۆزنەوە.

**من هیچ کاتێ لە پاش مەرگم**
**زاتم نەبووە لە ئاوێنەدا بڕوانم**
**ئەوەندەش مردووم**
**کە هیچ شتێك مەرگم**
**جێگیر ناکات**

## ( ٥ )

تاکڕەهەندێکی تر کەزۆر گرنگ و پێویستە لە نێو دەقی شیعری تازەگەردا جێی خۆی بکاتەوە و لەدایك بێت، ئەویش تاکڕەهەند و سەهمی فیکر و مەعریفەگەرایییە. ئەم تاکڕەهەندەش لە گرووپ و جیهانی دووەمی زەمەنی شیعری فرووغدا درك پێدەکەین و بەرجەستەی دەکەین. هەروەك دەبینین لە وتوێژەکاندا فرووغ ئاماژە بەو تەقسە دەکات و دەبێژێت: ((من دەبێژم (هونەری شیعر) وەك هەرکار و هونەرێکی تر دەبێت زادەی بەرهەمی ئەو هەست و هەڵسەنگاندنە بابەتییانە بێت، کە لەلایەن سەهم و تاکڕەهەندی هزر و مەعریفە پەروەردە دەبێت و دەخوڵقێن...)).[٧]

بە واتە شاعیر یەکسان دەبێت بە خودێکی ئاگا (خودی شاعیر/ خودی ئاگا)، بۆیە کاری هونەری لەنێو چەشن و مەدارێکی ئەوتۆ خودی خۆی دەدۆزیتەوە، کە هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی خنکانی ئەو وردە هەناسانەی کەلەنێو قوڕگی پەیڤەکان دەردەچن و بەخشینی جاویدانییەت بەخود و رەتکردنەوەی مانا و دەلالەتی چەمکی مەرگ.

هەربۆیە فرووغ دەبێژێت: ((نیما شاعیرێك بوو، کە بۆ یەکەم سەفەر و چرکەسات لە شیعرەکانیدا فەوزایەکی هزریم بەرجەستەکرد، هەروەها لە نیمای شاعیریش فێربووم کە بە چ شێواز و فۆڕمێك نیگا بگرم و بڕوانم)).[٨]



جا پێویستە نووسەر و شاعیری بوێر و خاوەن ئەزموون سوود لەو ئەزموون و مەعریفە تازە و سەهمە هزرییانە وەرگرێت و لە نێو سکێچی زەینبەندی خودی خۆی هەزمیان بکات، بە فۆڕم و شێوازێکی تایبەت بەخودی خۆی و تێڕوانین و نیگا ئاگایەکانی خۆی، لەڕێگای بەکاربردنی ئەندێشە و فەنتازی داهێنەرانە، لە دواییشدا بەهۆی ئەو هەرس کردنە مەعریفی و هزرییە تازانە دەگات بەقووڵایی چەمکە فەلسەفییەکان و جیهانی سۆفیزم، وەك کردەی (حلوول، ئیتحاد، دۆنای دۆن... تاد). هەروەها دایەلۆگ لەگەڵ سەرجەم کەرەسە و شتەکانی نێو لەپی سروشت بخوڵقێنێ و لە ئاه و گرفتەکانیان بدوێت، بەفۆڕم و شێوازێکی ئاماژەییانە.. وەك دەبێژێت:

**من لەو پەڕی شەوەوە دەدوێم**
**من لەو پەڕی تاریکایی و شەوەوە دەدوێم**

یا لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**وا بیردەکەمەوە کە دەکرێت باخچە بگەیەنیتە نەخۆشخانە**

ئەمەش پێویستی بەهزر و هۆشمەندییەتی ئەو خاوەن خودە سەلیقەدارە هەیە، کە بوێرانە بەرەو جەوهەر و دونیای کەرەستە و شتەکان شۆڕبێتەوە و دەزوولە ئێستاێتیکاکان بەرجەستە بکات. ئەوکاتیش پێویستی بە توێشوو و زەخیرەیەکی مەعریفی و هزری و ئێستاێتیکایی هەیە بۆ رۆچوون بەرەو قووڵایی و جەوهەری شتەکان. لە ئەنجامدا سەرجەم خەلایە هزرییەکان گەشە دەکەن و دەبنە هۆی کرانەوە و خوڵقاندنی سەدان خەلایە و ریشاڵی تری هزری و مەعریفی.

سەرباری هەموو ئەمانەش، پێویستی بە مومارەسەیەکی بەردەوام هەیە لە نێو تانوپۆی بونیاد و جیهانی شیعر، تا بتوانێت بەرەو لوتکەی بەرزی شیعر هەنگاو بنێ، تا ئەو رادەیەی بەرد شەق بکات و بەزمانی بێنێ، ئەو کاتیش دەرئەنجامەکەی دەگات بەدەقێك کە بۆن و بەرامەی نوێخوازی لێ بێت، هەر بۆیە (فرووغ) هەمیشە لەسەفەری حەرفە ئاوییەکاندا بوو، تا بگات بە ئاکامی جۆرە خولقاندنێك کە تێدا فەزا و

زەمینەیـەکی ئاگـا بـە بەرهەسـت و عاتیفـە سـیس و کرچـەکانی خـودی خـۆی بـدات و بیگەیەنێت بە جۆرە خولڤاندنێکی هونەرییانەی ئاگایانە لەنێو هەناوی شتە نا بەرجەستە و ئەبستراکتەکان... هەربۆیە تا کەوتە نێو سەفەر و گـەردەلوولی مـەرگ، لـە خـەم و ئـاهی گوڵە سیس و باخچە تێنووەکاندا بوو. هەربۆیە لە دەقی شیعری (بۆ باخچە سووتاوەکان)دا خەم و ئاهی خۆی دەخاتە نێو هەناوی پەیڤـە نارنجییـەکان و هەناسـەی شـیعرییەتیان پـێ دەبەخـشێ و بەکەسـی دووەمـی رادەگەیـەنێت، کـە مێـژووی ئـەنفالکردنی گوڵـەکان بنووسێتەوە هەروەك دەبێژێت:

**ئەی هاوڕێ، ئەی برا، ئەی هاوخوێن**
**ئەوکاتەی گەیشتیتە سەر مانگ، مێژووی ئەنفالی گوڵەکان بنووسەوە.**

لێرەشدا دەتوانین بە هێلکاری و سکێچێك، زەمـەنی شـیعری گـرووپ و جیهـانی دووەمـی شیعری فرووغ روون بکەینەوە:



## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ ـ خاتوو فرووغ لە شیعر ئەدویٚ، ١٩٣٤ـ ١٩٦٦، و: حەمە کەریم عارف، (ئەزموون)، گوڤاری (رامان)، ژ: (٣٩) ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٩.

٢ـ هـ. س. پ: ل ٢٧٢.

٣ـ هـ. س. پ: ل ٢٧٢.

٤ـ هـ. س. پ: ل ٢٧٢.

٥ـ تایبەتمەندی و کاریگەریٚتی شیعری فرووغ، عەلی بابا چاهی، و: پەرویز زەبیح غولاٚمی، گوڤاری (رامان)، ژ: (٣٦)، ل ٦٩ ـ ٧١.

٦ـ جمالیات قصیده النثر، تألیف: سوزان برنار، ت: د. زهیر مجید.

٧ـ خاتوو فرووغ لە شیعر ئەدویٚ، ل ٢٧٣.

٨ـ خاتوو فرووغ لە شیعر ئەدویٚ، ل ٢٧٤.

هەروەها سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراون:

* پیٚشگەشتی (برگزیدۀ اشعار فرووغ فرخزاد).

* فرووغ فرخزاد، نووسینی (محەمەد حقوقی).

* حفریات المعرفه، میشال فوکو، ترجمه، سالم یفوت، بیروت ١٩٨٧.

# نیوەی سێیەم

# پاشکۆی دەقەکان

# زارا

## عەبدوڵڵا سەڕاج

پاش ئەوەی کیاکسار و حاجی لە گیانمدا دۆناودۆنیان کرد، دروستتر وایە بێژم: بارانی ڕۆحیان نمنم ڕژایە ناخمەوە، ئەمێستە بەسەر تۆپی وزە و هۆش و توانستی ئەوانەوە ناسراوم و دەچمە دۆنی گیانەوەرێکەوە، کە بە ئاسماندا گەردش دەکا.

ناوی نابەم هەرچەندە دەشێ بێژم: لەجۆری فریشتە و پەرییانە. ئەم بەهرەیەم خەڵاتی ئەو زاتەیە، کە تەریك دانیشتبووم کتێبێکی کراوەم بە دەستەوە بوو، کەچی مێشکم بە خەستی لە جوانی و ڕەزم و گونجانی ئەم لۆگۆسە بێ سەرحەدەمان ڕامابوو. چۆن بەتاکە وشەیەك، کون فەیکون، دروست بووە و بە تاکە وشەیەك سەرنگووم دەبێ وەك ئەوەی نەبووبێت!! لەناکاو دەنگێك ڕایچەناندم و.. ئاوڕی پێدامەوە، هیچ تاپۆیەکم بەدی نەکرد! ئەمجارە دەنگەکە دووبارە بەنەرمی پەردەی گوێمی لەراندەوە ((لەگەل تۆمە نا ئەوە بۆنافڕی!؟ فڕی ی ی)) سەرسام بووم. گوێم گرتووە ((تۆ.. گەر.. بخوازی.. توانای فڕینت... هەیە.. بفڕە.. دەی، بفڕە)) بەخولی خۆمدا، پەپولەی سەرنجم بووە بازنەی تێڕوانین ((وشە بکە بە پەڕ و هەڵفرە، دەی)) هەمدیسانەوە سڵم کرد و ئاوڕم دایەوە و.. دڵنیا بووم لەروانینی پەیڤەکان. ((کەواتە)) وەك لەگەل ئەو نادیارەدا بدوێم ((... هەر ئێستە. بەباڵی وشەوە دەفڕم و وشە گشت توانایەکی هەیە. یەك، دوو... سێ)) های!! ئەوا پەڕی قووم لێڕواوە و بەکامی دل پەرەوازە دەکەم!! نەوی دەبمەوە و لەئاوێنە هەڵواسراوەکەوە، دەنۆڕم. های! خۆ، شێوەم بزرە! ئیتر کەس بەدیم ناکات.

با گەشتێکی کورتخایەن بکەم، ئەوەتا بڵند دەبمەوە سەرم دەگاتە سابیتەی ژوورەکەم. هەر بۆ ئەزموون بازنەیەکی ستونی فڕین دروست دەکەم و.. یەکراست بۆ دەرەوە بەرزتر دەبمەوە و لەهاوشانی هەورە زیوینەکانەوە، ڕوو لەئاسمانی قەڵاتی هۆلاکۆ بەزێن دەکەم، لەوێڕا، بەپێنج ستوونە فڕین ئەستێرەیەکی پێنج گۆشە دەهێڵێنم. سەدان نیگا ئەو ئەختەرە



درەخشاوەیە بەموعجیزە و پەرچوو دەزانن. نەوی دەبمەوە. بەژێر جەمەلۆنی قەیسەری دا تەواوێك گەشت دەکەم و لەوانەوە تەنیا چەند خاڵ و هێڵی ورشەدار دیارە. دێمە دەرەوە. دڵنیا دەبم لەوەی کە باڵندەیەکی بەهێز و نەبیندارم. ((بۆ هەنووکە ڕوو لەقەڵای ئارابخای زێدم نەکەم!)) بەخۆم گوت: یەك و.. دوو.. هەر سێ.. کی.. بلند بوومەوە، بڵندتر. ئەمجا ڕاستە و ڕاست بەرەو باشوور. لەو بەرزییەوە، بازەکەی زەردەشتم وەبیرهات. پەڕەکانی قاوەیی و ژێرباڵ و سنگی زەردە.. دەبێ ئەو بازەبم و بەخۆم نەزانم!! لەخوارەوە، زێی بچووك شینایی ئاسمانی مژییوە و.. بۆ دەڤەرەکانی باشووری دەبات. هاکا چێوەی قەڵا وەك نقیمێکی کوژەکە لەچاومدا ڕەنگ دەداتەوە. ئائەوەش ئاوی بەستەکەی ((خاسە))یە بۆتە داڕێژراوێکی زیوین و بەتەکیەوە هەڵاژیاوە. وابەسەر قەڵاوەم. ئەویش مەنارەکەی دانیال پێغەمبەرە. خۆ دەمێکە لەیەکدی دابڕاوین ئەو چییە! لەناو حەوشەکەدا، بەتەك ئەو گۆڕەی گوایە سەری دانیالی لێ نێژراوە، کوندڕێك دەبینم!! دەلاقەیەکە باریکە زەلامێکی پێدا دەچێت! ئەز هەمیشە بزێو و چاونەترس بووم. با گوزەرێکیش لێرەدا بکەم، دەڕۆم و دەڕۆم. ئەمەتوونە یان ڕیخۆڵەی قەلاکەیە!! هەر دەبێ رووگەی ئەوسەری بدۆزمەوە. ئای! خۆ دەپەڕیمە دەرەوە. ڕادەوەستم. شەوارە بوومە و بینایيم ڕەشکە و پێشکەیەتی. ئای وا بەژنێکی ناوەندی و جووتێ چاوی گەش و سەر و ریشێکی چەرموو دەبێتە تابلۆی بەر دیدەکانم. چاو دەپروێنم و دەچمە بەرەوە. وەك ئەوەی هێزێکی باڵا پێکەوەمان گرێ بدا، ئەویش هەنگاو بۆ لای من دێنێ. ڕووبەڕوو دەوەستین. من بەباڵای ئەو و ئەویش بەباڵای من تێر تێر دەڕوانین. چاو لە دوورچاوی یەکتری دەبڕین. پۆشاکێکی شیریی لەبەرە، نێوانمان دەشڵەقێنێ ((ئەوە خۆتی.. بازە چەلەنگەکەم)) ئەز بە حەپەساوی زمانم دێتە گۆ: ((باز! خالە من بازنیم. من مرۆیەکی خۆت ئاساییم.)) ئەو بزەیەکی کردە چرۆیەکی تازە پشکوت. ((ناوم.. عەبداڵی..)) لێوەکانی ترازاند و.. ((دەزانم ڕۆڵەکەم، تۆ عەبداڵی ڕاستیت و سەروبەندێك گیانی حاجی و کیاکسارت تێدا دووپات بوونەوە)) دەنگی ئاهەنگێك ئامێز بوو. گوتم:

ـ دەستم دامێنت ئەی جەنابت کێیت؟!.

دەستی بڵند کرد و داخافت:

ـ منیش ڕژابوومە گیانتەوە و پێکەوە باڵمان گرت. ئێستەش لێکترازاوین.

دەبێ ئەم ڕند و نورانییە کێ بێت!؟ لە خۆم پرسی ئەویش وەکو ئەوەی رووپەڕی ناومێشکم بخوێنێتەوە ئارام ئارام فەرمووی:

- زارام. ئەو زارایەی پەیامبەران لە هزر و سروودی ئاڤێستا و زەندی منەوە پەیام و بێخی ئایینییەکانیان دارِشتووە. تامەزرۆی دەم و دووی بووم کە گوتی:

- بەناوی منەوە هزری باش و گوتەی باش و کرداری باش بلاو بکەرەوە.

ئیتر لەوەولا، نەمزانی نەوای دەنگی ئەو زاتە دەشنەوم یان زایەڵەی دەنگی ناوەوەی خۆم. ((غەریزە نزمەکان و حەزە چڵێسەکان تورِ هەڵدە بۆ ئەوەی بگەیتە پایەی مرۆڤی بالاّ)) ئەز گوێگر بووم دەنگەکە ببووە پلوسکی ئاوێکی پیرۆز و ڕەنگینکەوان. ((دەستوورم چاکە خوازییە، بنیاتنان و درەخت چاندنە لەگەڵ هەڵبژاردنی هاوسەرێکی چاك)) ئەز بەسەر بۆم سەڵماند ((دەستت بێنە با بڵند بینەوە)) بە جووتە لە شەققەی باڵمان دا و لە شوێنێکی ئاپوورە و هەرمێندا نیشتینەوە. بە چاوی ئەوان ئەبینداریـن. لە چەقی ئاپوورەکەدا، زەلامێکی بوودەڵە مەیموونی هەڵدەپەراند. بازنە زەلامی خولی مەیموونەوانەکە، سەرگەرمی تریقانەوە بوون، ناو بەناویش پارە و پوولیان هەڵدەدایە ناو بێژنگەکەی دەستی. زارا دەمی نایەبناگوێمەوە.

- ئەو دوو حەیوانە دەبینی!! مەیموونەوان هەرگیز هەڵناکشێ بەرەو بەرزی، چونکە بۆ بژێوی، پەنای بردۆتە بەر بێزمان.

ئەوجا ئاماژەی بۆ ژنێك کرد کە لە دوای مێردەکەیەوە بەلەز دەرۆیشت.

ـ ئەو ژنەی بە کۆیلایەتیی خۆی قایل بێت، ئەویش بڵند نابێتەوە، ڕۆڵەکەم ئافرەت نیوەی گرنگی ژیانە، بەرز بووینەوە حەشاماتەکە بچووك بوونەوە لەشێوەی مێرووستان، ڕوومان لەکەژ و کێونا. لەدامێنی ئاستانەی نەسرێکی چیای دا ئۆقرەمان گرت. ئاسمان مافوورێکی ئاوریشمینی لاجیوەردی بوو.

ئای.. ژیان بەفرِینەوە چەند دلارا و ئەفسوناوییە!!

زارا لێم جیابۆوە و پاش ماوەیەکی کورت، کۆمۆلەیەك شیری بزن و مێوەیی کێویی بۆ هێنام.

ـ ڕۆڵەکەم لەش و گەدەمان مافیان بەسەرمانەوە هەیە، دەبێ تێر و تەژییان بکەین.

ئەمنیش بەزاری ئەوەوە گوتم:

- دەمەوێ ژنەکەم هاوبەشی بیر و لێکدانەوەم بێت. بەبێ شەرم و حەیشۆ، پەنجە لەناتەواوییەکانم بگرێ، نەك کوێرانە گوێبیستم بێت.

ئەو خۆی هاویشتە ناوقسەکانمەوە.

ـ ئافەرین. بۆئەوەی کۆمەڵێکی بەهێز دروست بکەین.



نێرومێ، بەشداری زانست و داهێنان و چالاکییەکان بن. گۆشادییەك ناخمی ڕۆشن کردەوە. ئەویش ڕەوشە ناخییەکەمی لێوالاّ بوو، گوتی: دەتوانی برِۆیت ئیتر چرِنۆکی کات کارت لێناکات.. دەستی بەسەرما هێنا و هەستم بەبوونێکی نوێ کرد. باوەشم لێدا ئەو هەوارگە بالاّیەم جێهێشت، هەندەم زانی وام بەسەر شارەوە. مەنارەکان دەرزی ژەنی ئاسمانیان دەکرد. خولێکم خوارد و ڕاست بەرەو ژوورەکەم چووم. دیتم وا جەستەم، وەکو قەپێلك ڕاکێشاوە. هەمان پەرتووکی بەدەستەوەیە و پشکۆی چاوی لەدوور گرتووە. سووك و سانا خزامە ناو جەستەم و... دەستم کرد هەڵدانەوەی پەرِەکانی ((سۆناتای ڕۆح))، وەلێ دەنگی ئەو زاتە پاکە، زەنگێکی زێرینە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە! ئەوە لاو بوومەتەوە تاڵەمووە چەرمووەکانی لاجانگم بۆز دەبنەوە، سەرنج لە ئاوێنە دەگرم و خەریکە خۆم نەناسمەوە، بۆیە هەرِەشە لەزەمەنی دڵسەنگ و ڕووخێنەر دەکەم. ئاوها دەتبەزێنم و.. ناوی خۆم بەهەمیشە ژیاو لە فەرهەنگی گێتی دا دەنووسم..لەتاشە بەردانی کەژ و هەڵەمووتاندا هەڵدەکۆڵم وا کەسێکی دیکەم، کەچی تۆی نەیار، تۆڵە لە پەیکەرەکەم دەکەیتەوە!! وا لەسووچی ژوورەکەدا دەبینم ڕووشاندووتەوە و درزت پێداوە! دیارە بەخۆم ناوێریی و.. لەهەڵێکدا کاری نامەردانەت بەو پەیکەرە دەرِێژی!! ئای ڕۆژگار، چەند دڵرِەش و نامیهریت، مەگەر دەست لەسێبەرم بوەشێنی، ئەز چاوکراوە و مێشك کراوە و ڕۆح کراوەم.. ئا بەئاسانی چوومەوە ناو لەش و کەوتمە هەڵدانەوەی پەرِەکان. دووبارە و سێبارە بەسۆناتاکانی ڕۆح دا چوومەوە. زارا و حاجی و بەندە و کیاکسار چوارینەیەکی ئەو پەرتووکەین. ئەز شاگردی ئەو زاتە بێگەردانەم، بۆیە کردمە خوو، کە سرووتی چوار شەمووە سوورە بگێرِم ڕۆژێك چومە هامێزی دایە سروشت. لەسەر چینکەبەردێك دانیشتم. گوێم بۆ ڕەزمە بەهاری مێشهەنگ و گولیکە و پەپولان و.. خورِەی قەڵبەز و چریکەی باڵندان و نەوای گەلاّ و کرمە ئاوریشم شل کرد. خۆرەتاوێکی خوێن جمێن بوو. دگانم جیرِ کردەوە وەك لەگەڵ نەبیندراوێك دا بدوێم.

((گوێ بگرە هەی ڕۆژگاری جیوەیی، تۆ گەر لەچرکەیەکدا، تاکێك بمرێنی، ئەوا دەیانی تر چاویان دەپشکۆێ.

من ئەو مرۆڤە نیاندەرتاڵە نیم خۆم لەورگی ئەشکەوتا بپەستم. تەنیا بۆ دابینکردنی نەوسی گەدە و هروژمی ڕیخۆڵەکانی مێوەیەك بچنێ.. یان بەردۆکەیەك لەجرج و کەروێشکان بسرەوێنیێ! ئەز....))

پەلکە ڕەنگینەی ڕۆح، کەوانە لەدووی کەوانە شەپۆلیان دەدا.

بۆ پێشەوە.. هەر بۆپێشەوە بۆ دەسگیر کردنی ئاسوودەیی دەروون و نەمری. کش لەحەزیای تاریکی و ئەهریمەن و مەرگەسات.

لەو رامانەدا بەگەرمی دەدوام. لەپڕ توند دەستێك لەپشتەوە مەچەکی گرتم. ئەوەندە دەم هار و چەلەنگیت. کەواتە خۆت لەچنگم رزگار کە، ئاورم دایەوە، سیمایەکی گرژ و کولکنم دی. بیرم کردەوە لەو رەزا گرانە، نەمناسی. هەر زوو لەسەرسامی و دامانم گەیشت و دەمی تێژەندم.

ـ بیرت کوڵ بووە و نامناسیتەوە! منیش پرسیارێکم تێخێواند:

ـ بۆ رێم پێدەگری؟! دەتناسم.. دەمناسی!! چەکەکەی سەرشانی تیشکی رۆژی دەگەڕاندە سۆمای چاوم پێم گوتەوە:

پێناسەکەت؟ زەردی یان سەوزی؟

پرسیارەکەمی بەلەز قرتاند: ها ها ها.. هێ هێ هێ.. هۆ هۆ هۆ.. لەجیاتی ئەوەی من داوای ناسنامەت لێ بکەم.. تۆ..!! هەر ئێستە خۆمت لەلا ئاشکرا دەکەم. من.. من.. لەبیرتە، لەپێش چایخانەی مەچکۆدا..ها!؟ یادەوەریم ریزێ وێنەی تێپەڕاند. هیچیانم بەو رمۆزنەوە نەبەستا. ئەو کە دیمانەی پەشێویی لەرووما دی، دەمی کردەوە.

ـ من.. بێ ناوم. ئۆباڵەکەشی لە ئەستۆی تۆ دایە، قوربان! یەکدەم گوتم: من!! لە پای چی؟

گوتییەوە: ئەی جەنابت لەبەر چایەخانەکەدا دروستت نەکردم بۆ ئەوەی روو لەکونێکی تاریکی ژێر قەلاتەکە بکەم؟!

بەخۆم گوت: ((هەو بێ.. هەو نەبێ)) بەدەنگەوەش پێم گوت:

ـ لەبەر ترسنۆکی و بێ وەربیت، ناوم نەنایت و مراندتم.

چاوی لەچاوی بری من بە لاقرتێوە پرسیم.

- باشە. کێ دووبارە تۆی وەکو درك و داڵ هێنایە ئاراوە؟! ــ چاکە زوو ناسیمتەوە!

ــ چونکە نەتوێرا کارێکی پیرۆز ئەنجام بدەی.

وەلامی توندم نایە مستی. ئەویش بەتوورەیی و زەبرەوە، مەچەکی گوشیم.

ــ لەشت چەند گەرم و گورە، منیش تۆڵەی خۆمت لێدەکەمەوە.

سەرنجم دابەش کرد لەنێوان دەست و چەکەکەیدا.

- هەنووکە، لەم چۆڵەوانییەدا پەل پەلت دەکەم و دەرخواردی سەرگەڕ و داڵ و سەگت دەدەم.

دەمم تێژەند: دەیانی وەکو تۆم ئەفراندووە، دریغی مەکە. هەی.. خوێن زایە چاوەکانی و نەڕاندی..



- هێشتا تۆ هەرەشەم لێدەکەی! جوانە، دەی من دیموکراتیخوازم و گوێ لە نێچیرەکانم دەگرم.. هۆ هۆ هۆ... هێ هێ هێ... ها ها ها. فەرموو شەکری تر بشکێنە.

پڕ بەو دەشتاییە قاقای پێکەنینەکەی دەڕۆیشت.

- کەتۆم مراند و شەڕەفی ناوم پێنەدایت، کام بەدخوو تۆی زیندووکردەوە؟

- من، من ئەگەر تۆش نەبی، کەسی واهەن بە هانامەوە بێن.

گوتم: زرە نووسەر و کاسەلێس هەن کەسانی وەکو تۆ بئاف... بچقلێنن، هەی.. هەی بێناو، بەمن وابوو، قێزەونترین جنێوی پێدەدەم. ئەو ویستی بەرلەوەی گەندی دلی هەلڕێژێ، دەمەوەری بکا و چێژ لە ئازاردانم وەربگرێ. گوتی: تۆحەکایەتنووسی چۆن لە سەربڕەدەی ئەو چوار برا حەکیمانە ئاگادارنیت.

ــ دەستم بەردە و ئەوەش بزانە ئەز ئافریدەرم نەك حەکایەت و سەربردەنووس.

بە نابەدڵی گوتی: باوابێت. ئەو چوار برایە لەلێواری دارستانێکدا لولاقە ئێسکێك دەبینن. یەکەمیان تەلسمێك دەخوێنێ لولاقەکە دەبێتە ئێسکبەندی درندەیەك. دووەمیان وێردێك دەخوێنێ و ئێسکبەندەکە گۆشت دەگرێ، منیش بەپێکەنینەوە دەمم کردەوە.

ــ چی هەیە لەمن پەنهان بێت! سێهەمیان جەفرێك دەخوێنێ و کەوڵی شێرێك دەپۆشێ. وانییە؟.. گوتی: ئافەرین. کە چوارەمیش لێو دەبزوێنی و یەکڕاست رۆح دەچێتە بەر شێرەکە و قەبۆزی دادەچەقێنێ و هەر چواریان دەخوات. بەنەرمی گوتم: ئێ!! چیت نیازە؟

- من ئەو نەڕە شێرەم و نەهۆ لەت و پەتت دەکەم.

ویستم خۆم راپسکێنم و زوو لەچاوی ون بم، وەلێ پرزەم لێبڕا بوو. نینۆکەکانی ببوونە قەیناغی ئاسن و لە گۆشتی مەچەکم چەقیبوون نیگایەکم تێگرتەوە. سەرتاپای مەسخابوو، بەد گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ورچێکی شاخداری کلکەمارم. بینی تەورێکی دەمپانی بەتەوقی سەرمەوە راگرتبوو. کەلبەکانی لەگەردنم چەقاند و... بینی نا بە خوێنمەوە، پاشان پەرژایە کوت کوت کردنم. ئەوە چەندی خایاند و چۆن بوو، با لێگەرێم ئەو پیری پیرانە، بدوێ.

ــ ئەوە ئەهریمەنی نەگریس بوو، پار پاری کردیت و لەو گوزەرەدا بۆ پەلەوەر و داڵەکان پرش و بلاوی کردیتەوە.

هەستمکرد، هەم دیسانەوە زیندوو بلاوبوومەتەوە. زاراش دەنوارێتە سەروسیمام.

ــ من چوومە دۆنی نەسر و گشت پارچەکانی لەشتم خوارد و گەڕامەوە بۆ ئارامگەی خۆم.

قسەکانی ڕۆشنایی بەژوورەوەم دەدا و دەحەسامەوە. گوتم: - پاشان..؟!

ـ گوێم لە دژوون ڕەفتارە بوو دەیگوت سەیر! سەیر! تەماشا! تەماشا! چۆن ئەو نەسرە ئاگر پەڕیوەتە چاوی و گشت تیکە گۆشتەکانی قۆستەوە!! ها ها ها.. هۆ هۆ هۆ.. هێ هێ هێ.. نەیهێشت هیچیان گردکێك گۆشت بخۆن!!

ئەو دیمانانەم هێنایە بەرچاوی زەینم. ئەو لەسەری ڕۆیشت.

ـ بەو جۆرە ئاوێتەی گیانم بوویت. دەبوایە نهێنی نەمری و جاویدانیت لەلا بدرکێنم بۆ ئەوەی کەتۆم ژیاندەوە، من دەمرم و تۆ دووبارە زیندووم بکەیتەوە.

ئەوەی درکاند و سەرنجی لەخۆرەکە گرت، کە پرتەقاڵێکی مەزن و شکۆدار بوو بەتەوێڵی ئاسمانەوە، دەمم کردەوە.

ـ هەڵبەتە لەرۆحی تۆوە جیا بوومەتەوە، بۆیە لێکدا لیکدا خێوی مەرگ راو دەنێم و..

زیندەگی و جاویدانی دەبەخشم بەوانەی لەنووکی خامەکەمەوە هەناسە دەدەن. دەنگێ هاتە گوێم:

- دەئێستە قومێك لەئاوی ئەو سووراحییە بخۆرەوە و هەندێکیشی بپرژێنە سەر روو و لەشت.

چۆنی فەرموو وامکرد، کە ئاوڕم دایەوە، دیتم وێنەی زارا لە دوا پلەی کاڵ بوونەوە دایە. ئەوا سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە بۆ ناو کۆشی خێزانەکەم. شەو سەربهووردەکانم نەگێڕایەوە، نەبادا بڕوا نەکەن و بەهاودەمی جنۆکانم بزانن. متەقم نەکرد. وەلێ پەنهانەکەم لەلای تۆی خوێنەر دەدرکێنم، ئیتر خۆت و شیرت و بەرۆحی ئەو زاتە پاکانەت دەسپێرم.

ئاشتیی رۆح سەرەتا و کۆتای هەموو شتێکە.

* * *

# گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان

شێرزاد حەسەن

لەوە دەچێ من هەر لەم بیمارستانە لەدایك بووبم، هەرلـەم قاوشـە و لەسـەر هـەمان ئـەو قەرەوێڵەیەی کەهەنووکە لەسەری پاڵ کەوتووم و بەدزییەوە خۆم خستۆتە سەر باڵی چەپم و ئەو چیرۆکەی خۆمتان بۆ دەنووسمەوە، ئەو چیرۆکەی نە سەرەتایەکی دیارە و نـە کۆتـایی دێ، ئـەو چیرۆکەی سەد جارە بینووسمەوە تا بگات بە ئێوە و فریام کەون، وەلێ ناگات و ئێـوەش نایـەن، گرێچنی ئەم چیرۆکە جگە لە گرێی دڵی خۆم هیچی دیکە نییە، تانوپۆکەشی جگە لـەگینگڵ و خۆخواردنەوەم هیچی دیکە نییە، سەرەتاکەشی زریکە و واقەیەکە و کۆتاییەکەشـی گریـانێکی ئەبەدی و خەونی سەرفرازییەك کە هەرگیز نایە. من هەر ئەوەندە لە مێـژووی خـۆم دەزانم کـە لەڕێی نەشتەرگەرییەکی قەیسەرییەوە لەسکی دایکم دەریان هێنـاوم، هـەر هـەمان ئانوسـات بەسەر بوونی منەوە ئەو مردووە. من مەرگی دایکم لەو ژنانـە بیسـت کـە جاروبـار هـەر بـە ریکەوت لەبەردەم پەنجەرە کراوەکەی مندا هەڵوێستەیەك دەکـەن و ورد و درشـتی ئـەو زان و مەرگەم بۆ دەگێڕنەوە، هەر جارەو بە جۆرێك، هەندێك جار بەدەم گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بەشەڕ دێن و من دەبمە بیانووی شەڕی گەرمی ئەو ژنە نەخۆشانە، دەست لە تیتکی یەکـدی دەنـێن و دەنێو ئەو جەنگە بێ تامەدا بەشی من، بۆ هەمیشە، چەند تف و جنێوێك دەبـێ، ئـەو ژنانـە دەمەو ئێواران وەختی زەردەپەڕ کەوتن، قاوشـەکانیان جـێ دێڵـن و دەڕژێنـە نـاو باخـچەکانی بیمارستانەکە، ئەوە تاکە وەختێکە خۆ تێکەڵ بە پیاوە نەخۆشـەکان بکـەن و وادەی ژوانـیش، ژوانی نیوەشەو، لەو پیاوانە وەربگرن کە تۆزە هێز و شەنگێکیان تێدا ماوە، بیمارستان دەبـێ بە دەعبایەکی زەبەللاح و درەوشانەوەی خۆری سووتاو لەسەر شووشـەی پەنجـەرەکان، پەنجـەرە داگیرساوەکان، جگە لە ترس و خەم هیچی دی بەسەر ئەو نەخۆشخانەدا نارژێنێ، بیمارستانیش وەك دەعبایەك کە سەد چاوی خوێنینی هەبێ، دەوەستێ لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانێ و بێباك لە دڵتەنگی دەردە دارەکان دڵ و چاوەکانی بۆ چڕی تاریکی دەکاتەوە، هەر هەمان وەختە کە مـن



حەز دەکەم پەنجەرەکەم بکەمەوە و لە درەختەکان رابمینێم. لە شینایی ئاسمان و سووتانی تەشك و تیریێژی هەورەکان، گوێ لە ورشەی گەلاکان و چریکەی مەلان بگرم، هەر هەمان ئەو سـاتەیە کە ژنەکان لەودیو پەنجەرەکەمەوە پیاسـە دەکـەن و بـە چرپەوە باسـی دەرد و درم و دامـەنی خوێناوی خۆیان دەکەن، باسی ئەو پیاوانەی کە بە دزی پزیشکەکان و پەرسـتارەکانەوە، دەنێـو ئاودەستخانەکاندا، ژوانیان دەگەڵ دەبەستن، باسی ئەو مندالانەی لـەم بیمارسـتانەدا بـەخێویان کردن، کەچی کە گەورە بوون برانە نەخۆشخانەیەکی گەورەتر.. دوورتر، ئەو ژنانە ناچارم دەکەن پەنجەرەکە دابخەم و لە پشت جامەکەوە لە زەردەپەڕی نـەخۆش بـڕوانم و لەگـەڵ خـۆری خـزاودا رۆحم ئاوا دەبێ و.. هـۆن هـۆن بـۆ خـۆم دەگـریم، چـاوانم ناسـڕم، لـەودیو فرمێسـکەکانمەوە زەریایەکی سوور هەڵدەستێ و لەگەڵ مندا خۆی تێدا دەخنکێ.

تۆ بلێی دایکم نەمردبایە.. وەك زۆرێك لەو ژنانە دڵڕەق بوایـە.. دڵڕەقییـەك کەتـەنیایی و دەرد و چاوەڕوانی مەرگی بێ وادە لە رۆحی ئەواندا چاندوویەتی؟

من کە چاوم کردەوە و هەناسەم دا... کە گەوورە بووم

جگە لەسەدان پزیشك و پەرستار و پیاوان و ژنـانی سـپی پـۆش و هـەزاران نـەخۆش و دەردەدار هیـچی دیکـەم نـەدی، رەنگـی سـپی بەڕوانکـەی پزیـشکەکان و پەرسـتارەکان و دیوارەکان و متیلی بالیف و دۆشەکەکان هەمیـشە بەشـەوارەی دەخـستم، بـە رارەوەکـان و قاوشەکاندا هەر هەموان بەنێو یەکدیدا دەچن، ساتمە لە یەکدی دەکەن لەیەکـدی دەڕەونـەوە بەترس و گومانەوە لە یەکدی رادەمێنن، مەرگ لە چـاوانی یەکدیـدا دەخوێنێنـەوە، شـەرم دایاندەگرێ چەندین جار دیومە:

بەر یەك کەوتنی عارەبانـەی نەخۆشـەکان ئـەو وەختـەی لـە ژوورەکـانی نەشـتەرگەرییەوە دەهاتنە دەرێ بەدەم بای غارەوە نەخۆشەکان دەپەڕین و بەر دیوار کەوتن و مـەرگی بـەر لـەوە ئاگاهاتنەوەیان یەکێك بوو. من جگـە لـە داو دەرمـان، پاشـەلی رووت و دەرزی لێـدان، ئـاو هەڵواسین، میز و گوو بەخۆدا کردن، تف و بەلغەم بەدیوار دادان، ناڵە و گریـان و داد و فیغـان زریکەی بوون و زریکەی گیان دان: هیچی دیکەم نەدیوە و نەبیستووە لەوەتەی ئەم بیمارسـتانە هەیە و ئاودەستەکانی بەرناکەون، هەمیـشە گـیراون و ئێمـەش هـەر هـەموو بەلەفڕکێمانـە و رەوانین، لە بۆنی کوشندەی دەرمان هیچ بۆنێکی دیکەم نەکردووە، لـە دیمـەنی مـەرگی نـاوادە بترازێ هیچ شتێکی دیکەم نەدیوە، مەرگی چەندین جۆرە کەس و تەمەن: مندالّ، گـەنج، پـیر، ژن، پیاو، کچ. کەسێك نییە لەم بیمارستانە پێ بکەنێ، کەسـێك لێـوی خەندەیـەکی مـردووی

پێوە نییە، قوڕگی قریوەیەکی خنکاوی نییە، تاکە ژێیەکی ژەنگداری لاوژەیەکی بریندار لەگەروودا نییە، هەر هەموان تووڕە و تۆسن، دردۆنگ و بێ میهر و سۆز، تەوێلەکان گرژ و پڕ چرچ و لۆچ، لێوەکانیش داکەوتە لە ژێر خەمێکی ناقولاّدا، لەوەتەی لێرەم چاوەڕێ پڕشنگی نیگایەکم لە چاوی کچێکدا کە سۆز یان بەزەیی هەبێ بۆ من: نییە، دەست بەسەر داهێنانێکی دایکانەی ژنێك بۆ من نییە، بەدبەختترین پیاو ئەو پیاوەیە کە نە دایکی هەیە، نە خوشك و.. نە دەسگیران، من لە هەموو پیاوەکانی ئەم بیمارستانە بەدبەختترم، چونکە ئەوانی دی گەر بەرێکەوتیش بێ بۆ تەنیا جارێکیش بووبێ بەپێی خۆیان و بەدزییەوە دەچنە ژوان، وەلێ منێکی ئیفلیج کە بەم قەرەوێڵەوە نووسام: تەنیا ژوانێك بۆتە مەحاڵ.

ئەم بیمارستانە زۆر لەوە گەورەترە کە خەیاڵێ منێکی ئیفلیج بۆی بچێ، من لەو کوڕ و تۆلاز و پیاوانەم بیست کە هەوڵی هەلاتنیان دابوو، وەلێ نائومێدانە گەڕابوونەوە یان وەك خۆیان درکاندیان کەوتبوونە دەست پاسەوان و یاسەوڵەکان ئەوان بە حەسرەتی کۆمەڵە کەسێکی نائومێد و دۆڕاوەوە دەیانوت:

تا بڕۆی.. ناگەی بە دیوارەکانی.

شەوێکیان خەونم بەوەوە بینی کە بەسەر عارەبانەکەمەوە تیژ دەڕۆم و قاوشەکە و ڕاڕەوەکان جێ دێڵم، حەوشەی پان و بەرینی بیمارستانەکە لە دەروازە سێ دەرییەکەوە تێدەپەڕم و دەکەومە ناو شارێکی زۆر قەڵەباڵغ، شارێك لە شاری خەونەکان، خەلکەکەی هەر لە هیچە پێدەکەنین، ویستم ئەو خەونە بهێمنە دی. ئێوارەیەکی درەنگ بە بیانوی هەناسە هەڵمژینێکی پاکەوە گوایە مەبەستی ئەوەم هەیە پیاسەیەك بکەم بەزەیی پەرەستارێکم جوولاّند، ئەویش برینپێچێکی دیکەی بانگکرد، بە هەردووکیان من و عارەبانەکەمیان لە پێپلیکە زۆرەکانی بەردەمی قاوشەکان ڕزگارکرد، بەسەر شۆستە پێچاوپێچەکاندا ملم نا، ئەوەندە هەردوو باسکم خوولاندەوە تا هەردوو شانم کەوتنە خوارێ، ئەوەندە ڕۆیشتم.. تا شۆستەی کۆنکریت هەبوو خۆم و چەرخەکەم تیژ دەڕۆیشتین، پاشان خۆم بەردایەوە بەو نیازەی ئەو دەروازە سێ دەرییەی لەخەونەکەمدا دیبووم، تا هێزم تێدا بو لەسەر لەپ و بە سکەخشکێ و سنگەخشکێ هەردوو قاچەکانم بەدوای خۆمەوە ڕادەکێشا، سینە و دەم و چاو و هەردوو لەپ و سەر ئەژنۆکانم زامدار بوون ئەوەندەی لە دڕك و داڵ بخشن، سەرم هەڵبڕی لە بڕی شارە قەڵەباڵغەکەی ناو خەونەکە، دیوارێکی ئەستووری بڵندی تاریکم بینی، ناچار لە ترسانا، ترس لە تەنیایی و تاریکی تا توانام هەبوو هاوارم کرد: هێی خەڵکینە فریام کەون، دوو یاساوڵێ چەتەڵ و بەدەنگمەوە هاتن،



سەرلەنوێ منیان کێل کردەوە، خستمیانەوە سەر چەرخەکە، بەنۆرە بەنێو دڕکودالّی زۆری وشکەوەبووی حەوشەی پشتەوەی بیمارستانەکە منیان هێنایەوە قاوشەکە، دەستیان دایە بن باڵەکانم و لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵیان خستم، پەتۆکەیان لەژێر قاچەکانمانەوە دەرهانی و دایان پۆشیم، فەرمانیان پێ کردم کە وەختی خەوتنە و دەبێ بنووم، کە جێیان هێشتم من لە ژێر پەتۆکەدا دڕکم لە ئەژنۆکانم دەردەهانی.

سەرەتا لەقاوشی منداڵەکان بووم، کە سمێڵم گوو گرە بوو.. گواستمیانەوە قاوشی مێرد منداڵەکان کە گەیشتمە تۆغیانی ئەوەی ردێن بتاشم هێنامیانە قاوشی پیاوەکان.

قاوشەکانی کچەکان و ژنەکان و پیرەژنەکان جیابوون، بەلاّم بۆ هەمیشە تێکەڵ دەبوون. من نەمدیبوو، بەلاّم لە هاوڕێیەکانم بیست.. نا.. من درۆ دەکەم، لەم بیمارستانەدا هیچ هاوڕێیەکم نییە، من لە نەخۆشەکانم بیست کە قاوشی وا هەیە هەر هەمووی ئافرەت یان پیاوی کەڕولاڵن، هی کوێرەکانیش جیان، کەس نەیدەوێرا توخنی قاوشی وەرەمدارەکان و سیلەدارەکان بکەوێ یان قاوشی ئەو پیاوانەی کە سوزەنەکیان هەبوو، ئارامترین قاوش بۆ من قاوشی ئەو پیاوانە بوو کە شێرپەنجە هەناوی دەخواردن، کەچی ئەوان وەك ئەوەی خەویان لێ بکەوێ: هێدی و هێمن دەمرن.

بیرم نایە و بڕوا ناکەم بۆ تەنیا شەوێك ئاسوودە و ئارام خەوتبێتم، شەوان بەدەم هاوار و ناڵە و نرکەی نەخۆشەکان هەراسان دەبووم و خەوم دەزڕا، جگە لەکونی چاوم، هەموو ئازاری جەستەم دەرزی ئاژەن بوو، من نەمدەزانی بۆچی ئیفلیجێکی وەکو من لە بەیانییەوە تا شەوخەوتنان شرینقە لەسەر شرینقەم لێ دەدەن، پزیشکەکانیش پتر لەکەڕولاڵ دەچوون، قەت نەبوو جارێك لە جاران، گەر بەهەڵەش بێ یان ڕێکەوت وەلاّمی پرسیارێکم بدەنەوە، جارێکیان پیرە نەخۆشێك کە هەر لەو بیمارستانە لە دایك ببوو، سوێندی خوارد کە پزیشکەکان دەمیان دووراوەتەوە، پێی دەوتم: ئەگەر ئەمجارە دەرزییان لێ دای لێیان ورد بەرەوە، لەودیو دەمامکەکانەوە دەمی دووراویان دەبینی، بڕوام نەدەکرد.. تا ڕۆژێکیان هەر بەڕێکەوت پەتی بەستراوی پشت سەری پزیشکێك پسا و دەمامکەکەی کەوتە سەر عارەبانەکەی بەردەستی کە پڕ بوو لە چەقۆ و نەشتەر و مقەست و پەمۆ و دەرزی و خامی خوێناوی، پزیشکەکان و پەرستارەکان حەوسەڵەی ئەوەیان نەبوو کە بە ئاماژەش پێمان بڵێن: دەرپێ داکەنە، کراسەکەت هەڵکە، بکەوە سەردەم، قۆڵت ڕووت کە، هەر بەسەر جلەکانەوە دەرزییەکانیان تێ ڕادەکردین، کە پتر لە گەستنی دووپشکێك دەچوو، بۆنی داو و دەرمان هەراسانی کردبووین، ناڵە و نرکە و

هاتوهاواری دەردەدارەکان، کتوپڕ پزیشکێك بەهەڵە داوان دەهات و دەرزییەکی لە یەکێ لەو نەخۆشە دەم بەهاوارەوە دەدا و خپ دەبوو، وامان دەزانی دەرزی خەوتنە، کەچی نیوە شەوێکی درەنگ چوار دەستە، هەڵیان دەگرت و دەیانبردە دەرێ، دەنێو تاریکیدا، کەس نەزانم، متیل و بەرگە سەرین و دۆشەگ و پەتۆ چڵکنەکانیان دەگۆڕی و هی تازەیان دەهانی، ئەو ناوەیان لە خوێن و میز و رشانەوە و گوو پاك دەکردەوە، لەچاو تروکانێکدا چوار دەستە نەخۆشێکی دیکەیان دەهانی، نیوەمردوو پاڵیان دەخست و دەنێو نرکە و ناڵەی ئێمەدا جێیان دەهێشت.

کەسمان ناوێکی نەبوو، هەریەکەو بە جۆرێك بانگ دەکراین: هێی شەلەی قون خوار، فەلەج، خێلە، کەڕیڵە، لاڵە پتە، مل خوار، بێ قوون، قەمبوور، مەزمەعیل، نۆیل، میزکەر، بێ دەمار، سیرمە، لاسووتاو، گۆجە دەیان ناوی وا کە دیسانەوە وەبیری دەهێناینەوە کە ئێمە لەم بیمارستانەدا نەخۆشی ئەبەدین.

ـ هەرکەفامم کردەوە خولیای دۆزینەوەی باوکم لە کەللەی دام، وەلێ مەحاڵ بوو لەو بیمارستانەدا بگەم بەو خەونە دێرینە، هەر لەوساوە تا هەنووکە، هەر بۆ مەزاق، نەخۆشەکانی دیکە سەدان کەسیان کرد بە باوکم، هەمووشیان لەو نەخۆشە نیوە مردوانە بوون کە بە پەلە دەبرانە هۆڵی نەشتەرگەری و نەدەهاتنەوە دەرێ، ئەو سەدان جارە بۆنی خوێناوی یەکەیەکەی ئەو پیاوانەم دەبردە ژێر پەتۆکە و بەسەریدا دەگریام، دەگریام بەسەر بۆنی باوکە ساختە و درۆکان، دەگریام بۆ مەرگی ناوادە و کتوپڕیان، ئەو پیاوانەی بە پڕتاو بەبەردەمی قاوشەکەی ئێمەدا رووەو مەرگ رادەفرێنران، کەس نەبوو لەو بیمارستانەدا دوو سێ جار سکی هەڵنەدڕابێ، بە بیانوی نەشتەرگەری دڵ، گورچیلە، گەدە، بە بیانوی سندان و شێرپەنجەی جەرگ و ناو هەناوەوە.. هەر هەموومان دڵ و گورچیلە و سی و جگەر و ئەندامانی دیکەی لەشمان گۆڕابوو، نەخۆشی وا هەبوو تا بەیانی گینگڵی دەدا و دەگیریا و پڕ بە قاوشەکە هاواری دەکرد:

((ئەی هاوار خەڵکینە.. من دەمێکە دڵم دزراوە!)) یەکێکی دیکە واهیمەی چاوگۆڕین وا شێتی کردبوو، شەوان یەکەیەکەی نەخۆشە هیلاکەکانی لە خەو هەڵدەستاند و بە تیشکی چرایەکەوە لە چاوانیان ورد دەبووەوە. نەخۆشەکان بە چرپەوە بە یەکدیان دەوت: ئێمە لێرەین تا بازاڕی گورچیلە و دڵ و زراو فرۆشتن لەمەملەکەتێکی دیکەدا گەرم بێ، مەملەکەتێك پڕە لە شەقام و رووبار و دارستان و مەردوومی تەندروست، هەر بۆیە قەمبورێك بە فیزێکەوە بەناو قاوشەکەدا پیاسەی دەکرد و هەمیشە بەدەم وڕێنەوە دەیوت: ((من گەدەم نەماوە.. گەدەی من



بە پادشای مەملەکەتێك فرۆشراوە!)) شەوانی پڕ لەنرکە و ناڵە و کۆکین و گریانی ئێمە کۆتایی نەدەهات، تەنیا وەختێك کە خۆشبەخت دەبووین، ئەو وەختە بوو کە پیاوێکی کەڵەگەت و نورانی دەهات، بەخۆ و بە جبەیەکی رەش و مێزەرێکی سپی و کتێبێك بەبن باڵییەوە لە تاو بۆنی ناخۆشی قاوشەکان دەمامکی دەبەست، لە پشت دەمامکەکەوە، بەدەنگێکی خنکاوەوە شەوانی پڕ دەکردین لەخەونی خۆش، خەونی وا کە قەت حەزمان نەدەکرد لێی وەئاگابێین، بەڵێنی پێ دەداین کە لە پاش مردن دەچینە شوێنێك ناوی (بەهەشت)ە، لەوێدا نە شەل هەیە و نەکوێر، نە کەڕ هەیە و نەلاڵ، نە لەدایك بوون هەیە و نە مەرگ، باخێکە پڕ لە میوە و جۆگەی شیر، بە قەد ژمارەی ئەو ئاخ و حەسرەت و هەناسە ساردانەی بۆ ئەو کچ و ژنانەی بە تەنیا لە پشت پەنجەرەکانەوە دەیانبینین، لەوێندەرێ هەر پەریزادەیە و لە بن درەختێکدا رێت پێ دەگرێ، یەکەیەکە بەسەر قەرەوێلەکاندا دەگەڕا و دەستی میهری بەسەر تەوێڵی ئارەقاویماندا دەهێنا و وەك کۆمەڵێ منداڵی کفت و ماندوو دەیخەواندین و دەیچرپاند: ((بنوو رۆڵەکەم.. بەقەد برینی لەشت، لەو باخە دوورەی بەهەشتدا.. گوڵ و پەریزادە چاوەڕێتە..!)) دەخەوتین و هەمیشەش لەناو لەپی ئەودا بۆنی جێماوی ئەگریجە و پەرچەمی ژن و کچە نەخۆشەکانی ناو قاوشەکانی دیکە کاسووڕی دەکردین، ئەو بۆنەی نەخۆشی و مەرگیش نەیکوشتبوون.

خودایە.. چەندە بەغیلیمان بەو پیاوە دەبرد کە بۆنی ژنی لێ دەهات. هەر دەتوت تارماییەکی ناو خەونەکانە.. دێ و دەڕوات. شەوەهای شەو، دوای سەفەری ئەو، من خەونم بەو بەهەشتەوە دەبینی، بەڵام هەزار ئەفسووس لەوێش نەمدەتوانی بەپێی خۆم بڕۆم، هەمیشە وەك هەنووکە ئیفلیج و بەسەر چەرخەکەمەوە بەند بووم کە دەگەیشتمە جۆگەڵەی شیر و هەنگوین، ئەوەندە تینوو دەبووم کە ناچار بووم خۆ دووقەد کەمەوە، سەنگم نەدەما و رووەو قووڵایی جۆگەلەکە سەرانگرێ دەبووم و دەنێو هەنگوینێکی لینج و تاڵدا دەخنکام، لە تاو خنکانی خۆم رادەپەڕیم، جارجاریش دەمدی کە کراسێکی شین و زۆر تەنکی لەبەردابوو، بەنێو گولزارەکاندا، بێ ئەوەی پێی بەر چیمەنەکە بکەوێ، رای دەکرد و تاوێ دەفڕی، بەخۆم و چەرخەکەمەوە دوای دەکەوتم، ببڕای ببڕ نەمدەگرت، هەموو جارێك لەنێو بێشەلانێکی چڕدا لێم بزر دەبوو، دەگەڕام.. دەگەڕام، کەچی کت و پڕ پڵنگێکی بەڵەکم لێ پەیدا دەبوو، بە یەك قەڵەباز تاوی دەدامێ و دەیخواردم، دەنێو کەڵبەکانی وەئاگا دەهاتم.

بە عەزرەتەوە بووم جارێك لە جاران دایکم میوانی خەونێکم بێ، تا دەبوورامەوە و دەخەوتم دوعام دەکرد و دەگریام.. کەچی هەرگیز نەدەهات، نەك هەر من.. بگرە

هاوەڵەکانیشم پڕ بەدڵ و تێر دایکی خۆیان نەدیبوو، بۆنیان نەکردبوون، ساڵی یەك دوو جار بە پەلە کۆیان دەکردینەوە، یەك دوو باوەش و ماچی بە پەلە و تکە فرمێسکێك و هەناسەی سارد و دڵ داخورپان.. ئیدی هەر کەسەو قاوشی خۆی، ئەو تەنیا وێنەگرەش کە بە قاوشەکاندا دەسووڕایەوە، بەخۆ و بەکامێرای فلاشدارەوە، تەنیا ئەو وەختە وێنەی نەخۆشەکانی دەگرت کە پزیشکەکان دەیانزانی هەرچەند سەعاتێکی دیکەیە و دەمرێ و ئەو وێنانەش دەخرانە ناو فایلەکان و لەپاڵ هەندێ زانیاری و مێژووی پەیوەندیدار بەو نەخۆشانەوە فڕێ دەدرانە ناو دۆلابەکانەوە، هەر ساڵەو جارێك دەماندی دەنێو حەوشەی بیمارستانەکەدا گردێك لەو فایلانە هەڵدەدرانەوە و دەسووتێنران، ئێمەش لەودیو پەنجەرەکانەوە سەرکز و مەلوولانە، لەو گڕە بڵندە رادەماین کە بە لرفەلرف ئاسمانی بیمارستانەکەی پڕدەکرد لە دووکەڵ، ئەوشەوە خەونمان دەزڕا و لەژێر پەتۆکاندا دەگریاین، دەمانزانی رۆژێك دێ و هەریەکەمان دەبێ بەفایلێك و دەسووتێت، کەس.. هیچ کەس بەناونیشانمان نازانێ، رۆژی دواتر بێجگە لە من نەخۆشەکانی دیکە دەچوونە سەر خۆڵەمێشی جێماوی پاش سووتانی فایلەکان هەر بەرێکەوت لەتە وێنەی مردووەکان و پەڕەی نیوە سووتاوی پڕ لە شەرەپشیلەی پزیشکەکانیان دەدۆزییەوە، کەچی قەد نەبوو جارێك لە جاران بەرێکەوتیش بێ نەخۆشێك وێنەیەکی نیوەسووتاوی دایك و باوکی دەنێو ئەو خۆڵەمێشەدا هەڵبگرێتەوە، وێنەکان وا رەش هەڵدەگەڕان کە زۆر بەزەحمەت خاوەنەکەی بناسرێتەوە.

هەر لەم بیمارستانەدا خوێندنەوە و نووسینیان فێرکردین تا بتوانین خشتەی خواردن و دەرمانەکانمان بزانن، جگە لەمێژووی دەرد و دەرمانەکان هیچیدیکەمان نەدەزانی، دەشمانزانی یەکەمین دامەزرێنەری بیمارستانەکە کێ بووە، ئەو پیاوەی کە وێنەیەکی گەورەی لەهەر هەموو قاوشەکاندا بەدیوارەوە و لەنێو چوارچێوەیەکی زێڕیندا هەڵواسرابوو، وێنەیەك لەو وێنە کۆنانەی کە پڕە لەسام و ترس و هەیبەت، سمێل و ریش تێکەڵ، ماش و برنجی، دووچاوی گەش و کراوە کە پڕبوون لە پڕشنگێکی تێکەڵ لەمیهر و تووڕەیی. دوا سەربوردەی ئەو پزیشکەش ئەوە بوو کەتا هەنووکەش ماوە و سەرگەرمی دامەزراندنی دەیان بیمارستانی دیکەیە، پیری پەکی نەخستووە بیمارستانی وا کە لەوەی ئێمە گەورەترن، ئەم پیرە پزیشکە بەدەستی خۆی حیکمەتێکی نووسی بوو کەبەسەر سەری هەر هەموانەوە هەڵواسرابوو:

((ئەم دونیایە جگە لەبیمارستانێکی گەورە هیچیدیکە نییە!))



بیستمان کەخۆی دەست و قاچێکی دەستکردن. ساڵی جارێك مامۆستایەکی پیر و کەنەفت دەهات و یەکەیەکە ئیمتحانی دەکردین: لەمێژووی پەیدا بوونی دەرد و درمەکان و ناوی دەرمانەکە، چۆنیەتی بەکار هێنانیان، رەنگەکانیان، تامەکانیان، بۆنیان، تەمەنی گیرانەوەیان و بەسەرچوونیان، ئێمە کەناوی خۆمان نەدەزانی، دەبوو ناوی هەر هەموو دەرد و دەرمانەکان بزانین و ئەزبەریان بکەین، ناوی هەموو ئەو پەرستار و پزیشکانەی لەخزمەتی ئێمەدا مردن و ئەوانەشی کەماون زۆر بوون، ئەو نەخۆشخانەی لەترسی دەرنەچوونی سزا نیوەشەو دەمردن کەسمان رووخساری خۆی نەدەدی کەس لەتە ئاوێنەیەکی پێ نەبوو زوو زوو بەیەکدیمان دەووت:

((ئەرێ چۆنم دەبینی؟))

((باشم؟))

((پیر نەبوومە؟))

((سەر و ردێنم سپی نەبووە؟))

((زۆر لاواز نەبوومە؟))

((رەنگی چاوم چۆنە؟))

وەلامەکانیش، هەرگیز، دڵخۆشکەرە نەبوون، کەس نەبوو بەزەیی بەویدیکەدا بێتەوە و درۆیەك هەڵبەستێت، شەوانە درەنگ سەر وەختی پشووی پزیشکەکان و پەرستارەکان هەر جارە و دوو سێ گەنجی چاونەترس و سەرکێش کە بۆ دواجار بۆنی مەرگ ئازادی دەکردن، لەنێو ئاودەستەکانی پشتەوەی قاوشەکان ژوانیان لەگەڵ ئەو کچە نەخۆشانە دەبەست کەهاواری بۆگەنی مەرگ لەدەمیەوە دەهات، هەر لەوێ.. زۆر بە پەلە، بێ ئەوەی کەس دەم و چاوی ئەویدیکە ببینێ: دوو سێ ماچی بۆگەن و دەست لەملانێیەکی بەلەرزە لەرز و مردوانە، رامووسانێکی بەپڕتاو، دەست گۆج بوون بەدەم داکەندنی بەپەلەی دەرپێ و هەڵدانەوەی کراسەکانەوە دوو سێ حینگ و خۆ راتەکاندن و ئاهێکی پڕ لەشەرم و خنکاو و راکردنەوە بۆ ناو قاوشەکان، جار و بار تاوەکو ئاسوودە بن و بەکاوەخۆ دەست لەململانێی یەکدی بن، ناچار، ژوانیان لەو هۆڵە گرێدەدا کە پڕبوو لە تەرمی مردووەکان، لەوێدا خۆیان دەگرمخاند و درەنگتر دەمانەوە، پیاوەکان دەیانتوانی لەنێو تاریکیدا دەست لەسینە و مەمکی ژنەکان بکوتن، کوێرانە هەردەپەنجە بەرەلا بکەن تا وردە ئاکار و رووخساری ماندوانەی ئەو کچ و ژنانە سەح بکەنەوە، تاوەکو دڵنیابن لەوەی کە دۆستی یەك شەوەیان تارمایی و رۆحی مردووەکان نین، بەڵکو ئەوەتا لووت و گوێچکە و چەناگە و دەم و لێو و قژیان هەیە. هەندێ جار لەشەوانی زۆر

تاريك و ئەنگوستە چاودا پياوەكان پەليان دەكوتا و بەسەر ژنە مردووەكان دا دەكەوتن و ئەو تەرمە سارد و سڕانە لەژێر قورسايی پياوەكاندا دەيانتقاند، هەندێكيان لەگەرمەی راموساندا بەسەر تاڵترين حەقيقەتدا وەئاگا دەهاتن، ئەو كاتەی ياساوڵەكە بەچرايەكەوە دەهات و دەيدی پياوەكان چوونە گژ ژنە مردووەكان، ئيدی لەگەڵ قريشكەی ياساوڵەكە چاويان دەكردەوە چی ببينن؟ خۆيان دەبينی دەميان خستۆتە ناوی دەمی تەرمەكان و زەندەقيان دەچوو، لەژێر ورگی پەنماوی ژنەكانەوە سەرەتاتكێيان دەكرد، ئيدی دوای ئەوە بەدەم دەردێكەوە دەتلانەوە كە بگرە پزيشكەكانيش هيچ شتێكيان لەمەڕ ئەو دەردە نەدەزانی:

سەرەتا بەلێو هەڵوەرين دەستی پێ دەكرد، پاشان ددان كەوتن و دواجاريش بەهەڵوەرينی پەنجەكان كۆتايی دەهات، ئەوە بەتەنيا من بووم كە نەمدەتوانی لەسەر چەرخەكە راست ببمەوە و لەسەر هەردوو پێ بوەستم و كچۆلەيەكی شەرمن و نەخۆش راموسم، هەميشە زوو دەخزامە ناو پێخەفەكەم بەو ئومێدەی خەوم لێ بكەوێ و ئەو پەريزادە كراس شينە لە خەونەكانمان وەدەر بكەوێ، منيش بەسەر چەرخەكەمەوە راوەدووی نێم، كەچی هەمووجارێك دەنێو بێشەلانەكەدا لێم بزر دەبوو، دواجار دەبووەوە بەپلنگە بەڵەكەكە و پەلامارێك و دەكەوتمە ژێر كەڵبەكانی، هەميشە لەگەڵ زريكە و هاواری نيوە شەوانی من نەخۆشە نيوە مردووەكان رادەچەنين، كەس.. هيچ كەس خەونێكی خۆشی نەدەدی، ناچار هەندێكمان دەبوو درۆبكەن و مۆتەكەكانيان بگۆڕنەوە بەخەونی خۆش، لەوەدا تەنيا كەسێك كە حكايەتخوانی خەونە جوان و پڕدرۆكان بوو كوڕە لاوێكی نابينا بوو، بە بازنەيەك لەنەخۆش گەمارۆمان دەدا، بەدەم گێڕانەوەی خەونەكان هەرهەموو ئازاری جەستەی دەجوولاند، هەردوو ئەبرۆ و برژانگەكانی، بە هەردوو دەست و هەردوو قاچەكانی دەدوا، خۆی وێك دەهێنايەوە، گرمۆڵە دەبوو تاپڕ چنگێكی دەمايەوە، پاشان خۆی لێكدی دەكێشايەوە وەك خەرتەلێك كە بيەوێ بفڕێ باڵەكانی لێكدی دەدا، دواجار كە دەگەيشتە دوا رستەی خەونە ساختەكەی بەهەردوو چنگ قژی پڕی خۆی دەردەهانی، هەندێك لە نەخۆشەكان بڕای بڕ خەونيان نەدەدی، بۆيە ناچار دەبووين بۆچەندين جار خەونەكان بۆئەو نەخۆشە بێ خەونانە بگێڕينەوە، پزيشكەكانيش بەحەزرەتەوە كە بزانن ئێمە چ خەونێك دەبينين، لە دەفتەرێكدا وردە و درشتی خەونەكانی ئێمەيان دەنووسييەوە، هەندێ جار شێتانە دەستی رادەوشاند.. يانی ها.. دووبارە و.. سێ بارەی بكەينەوە، خەياڵی پڕ فيشاڵ و خەونی درۆ و شپرەزە و ترسمان لەپزيشكەكان وای لێ دەكردين كە لەناوەڕاستی گێڕانەوەی خەونەكاندا لاڵ بين.



وەڕسی و بێزاری لەخەون و خوليای درۆ، لەدەرمان و دەرزی، لەبينينی مەرگی سەدان هاوەڵ، لەپياسەی ناو قاوش و رارەوەكانيان، لەژوانی ژنە مردووەكان، لەهەڵاتن و نەگەيشتن بە مەملەكەتەكانی ئەودیو شورە بڵندەكانی بيمارستان، وای كرد تاك و تەرا خۆبكوژن: لەژەهرەوە بيگرە تادەگا بە خۆخستنە خوارەوە لەسەربان، زوو زوو چنگێك حەبيان لەدەست يەكێك دەردەهێنا، هەبوو خۆی بەقولاپی بنميچەوە هەڵدەواسی، هەبوو تەلەكانی پاش نەشتەرگەری دەپچڕاند، يان دەمامكی ئۆكسجينی وەلادەدا، يان بەگوێزانێك شادەماری مەچەكی چەپی دەقرتاند يان سۆندەی خوێنەكەی. زۆر شەو لە شاتە شات و داد و فيغان و زريكەی لەناكەوی ژنەكان وەئاگا دەهاتين، گريانی سەدان منداڵی زەندەق چوو. ئەو وەختەی ژنێك بەبا لايەك لە گڕەوە بەنێو قاوش و رارەوەكاندا دەسووتا و غاری دەدا، پياوان لەخەو رادەچەنين و توخمی ژنيان بەنەفرەت دەكرد، كەنازانن چۆن خۆبكوژن، لەودیو تەلەبەند و شيشەكانەوە، لەودیو ديوار و دەرگا و پەنجەرەكانەوە هاوەڵەكانم ماچی مردوويان بۆ كچە نەخۆشەكان هەڵدەدا، ئەوانەی كەبەدەگمەن دەوێران بچنە ژوانی ناوئاودەستخانەكانەوە، لەو دوورەوە هەر بەتەماشا، بەنيگای زەرد و مردوانە، لەتارمای يەكدی رادەمابن، ئەو وەختەی لەژێر درەختەكانی بيمارستانەكە بەدرۆی هەناسە هەلمژينێكی پاك خۆمان لە قاوشەكانی ژن و كچەكان نزيك دەخستەوە.

بەيانييان زوو... بۆمان هەيە لە خەو هەڵسين و لە پەنجەرەوە لە كوژرانی كازيوە و رەوينەوەی تەمی بەيانی و گزنگی كز و شەرمنی، خۆر هەڵاتن ببينين، پاشان هەرهەموان لەبەردەمی ئاودەستخانەكاندا گرد دەبينەوە و چاوەڕوانی ئەو نەخۆشانەين كە ماوەيەكی درێژ لەوەی كەسێك بتوانێ چاوەڕوێ بێ.. دەبێ چاوەڕێ بين.. چاوەڕێی ئەوانەی يان سكيان دەچێ و رەوانن يان قەبزن و دەنقێنن، سەر لەئێوارانيش تا خۆر دەكەوێ لە زەردەپەڕ دەڕوانين، ئەوەيان رەنگی پەڕيو و زەردمان زەردتر دەكات و هەر هەمووبان رەنگی لەگەڵ ئاوابوونی خۆر ئاوابوونی رۆژێكی ديكەی تەمەنی خۆمان وەبيردێتەوە.. ئەو رۆژە پڕ دەردانەی لەو بيمارستانە بێ هوودە.. بە ((با))ی دەدەين.. بۆچی و لە پای چی؟ كەس نازانێ. هەندێكمان كە دواجار خۆر لە دەم كەل ئاوا دەبێ و هێدی هێدی تاريكی دەڕژێ، وا بە كۆڵ دەگرين تا نيوە شەو ژێر نابنەوە، ئەوانە ئەو نەخۆشانەن كە بڕوا ناكەن بەيانی بۆ جارێكی ديكە خۆر هەڵبێ و ئاسمان و بيمارستان رووناك ببنەوە، ئەوانەن كە زەندەقيان لە تاريكی چووە و تا نەبوورێنەوە خەويان لێ ناكەوێ، بەختەوەرترين نەخۆش ئەو كەسە بوو كە بێ داو و دەرمان، بێ دەرزی، بێ گريان بنوێ، بێ خەونی ناخۆش و نركە و ناڵە و پرخاندن، هەندێ شەو لەسەر پرخاندن و ناڵە و هاوار

و گریانی نەخۆشەکان دەبێ بە شەڕ و تا بەیانی کەس ناسرەوێ. چەندین جار هەر لەسەر ئەوەی کە نەخۆشێك لووتی گیراوە و دەپڕخێنێ، بە دە نەخۆشی دیکە دەیانخنکاند، سەرینێکیان دەخستە سەر دەم و هەناسەیان لەبەر دەبڕی، خۆرئاوابوون زێدە غەمناك و جەرگبڕە، چونکە مەرگی ئەو هەموو دۆست و هاوەڵانەمان دەهاتەوە یاد کە لە قاوشەکانەوە چوار دەستە لاشەکانیان لەسەر قەرەوێڵەکان هەڵگیران و فڕێ درانە سەر تەختەی ساردی ناو هۆڵی تەرمەکان. شەوان کە دوا مۆمی قاوشەکەمان دەسووتێ و ئیدی دەکوژێتەوە و کەس ئەوی دیکە نابینێ، کوڕە جەحێڵەکان دەکەونە سەردەم و بە زیکە زیکێکی نازێك هەر هەموو ئاسمانی قاوشەکە پڕ دەبێ لە هەناسە و هانکە هانك، لە پاش تاوێکی درێژ پیاوە پیرەکان وەڕس و بێزار و داخدار جنێو بە توخمی نێرینە دەدەن.. بە تاریکی.. بەو شەهوەتەی ناهێڵێ مرۆڤ ئاسوودە و ئارام بنوێ، لە ناکاو ئەو زیکە زیکە نەدەما و هانکە هانکی کوڕە دەردەدارەکان بەوە کۆتایی دەهات کە قاوشەکە بۆ چەند چرکەیەك کپ و خامۆش دەبوو، جگە لە کۆکە و قرخە قرخ و خیزەی سینگی هەناسە سوارەکان و ناڵەی کتوپڕی نەخۆشێك هیچی دیکەت نەدەبیست. ناخۆشترین شەوانێکی ئەو بیمارستانە ئەو شەوانە دەبێ کەساڵی دوو سێ جار چەندین لاوی لە خوێن گەوزیودا بە پڕتاو دێننە ناو قاوشەکانەوە، فڕکان فڕکان بەسەر عارەبانەکانەوە دەیانهێنن و دەیانبەن، هیچ شتێك نامێنێ خوێناوی نەبێ، کەسیش نازانێ لە کوێوە هاتوون، سك دڕاو و سەر و گوێلاك شکاو، ئیدی لەو شەوانەدا نرکە و ناڵەی بەردەوامی ئەو بریندارانە هەرهەمووومان هەراسان دەکات، زەوی بەرپێیان بۆنی خوێنی لێ دێ و ڕەنگی خوێن بە سەر هەموو شتێکەوە دەنووسێ، لە پاش تیمارکردن.. دوای سێ چوار مانگ کە دەهاتنە سەرخۆیان، لە پاش چەندین نەشتەرگەری قورس، ئەو وەختەی پرسیارمان لێ دەکردن، هیچیان بیر نەمابوو، سەرسام و ئەبڵەق لێمان وردەبوونەوە، ڕادەمان و بەس کە پرسیاری زۆرترمان دەکرد دەیاندایە پڕمەی گریان و ژێر نەدەبوونەوە کە ژێریش دەبوونەوە بە دەم هەنسکەوە ئەوەندەی نەدەما سەریان بەڕەگی ملەوە دەربێ.

من تەنیا کەسێکم لەم بیمارستانەدا کە بەدزییەوە و لە دەفتەرێکدا هەموو ئەو خەم و خوێناوە تۆماردەکەم، پاش تەقەت لە ژێر سەرینەکەمدا دەیشارمەوە، ئەو دەفتەرەم ئاسان دەست نەدەکەوت.. یان با بڵێم دەفتەرەکان، لە پاش تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر بەزەیی پەرستیارێکی چاوڕەش و سپیکەلانە دەجولێنم، هەموو جارێك کە دەفتەرێکم دەداتێ.. پێمدەڵێ:

((بە مەرجی ئەوەی چی تێدا دەنووسێت و چی ڕەسم دەکەیت.. من بیبینم!))



هەڵبەت بەڵێنی پێدەدەم، کەچی کە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکە ڕەش دەکەمەوە و ئاسوودە دەنووم کە بۆ بەیانییەکی دەست دەبەم دەفتەرەکە بدۆزمەوە.. کەچی دەبینم لێیان دزیووم بە هەزار ترس و نقەنق و فەلاکەتەوە یادداشتەکانی خۆم دەنووسمەوە، خەونەکانی خۆم، ترس و شەرم و دوودڵیم، هی هاوەڵەکانم، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی لە ڕۆژێکدا، لە هەفتەیەکدا، لە مانگێکدا دەمرن، ئەوانەی بە برین و بیمە و تازە دێن و قاوشەکان پڕ دەکەن لە هەرا و هەوای مەرگ، ناوی دەرد و درمە تازەکان کە قەت نەمبیستوون، دەرمانی کۆن و تازە، وەلێ بەر لەوەی دوا ڕستە تۆمار بکەم و قفڵی دەم، ئەو دەفتەری یادداشتەم لێدەدزن.. کێ دەیدزێ؟ نازانم، هەموو جارێکیش بەسەر چەرخەکەمەوە بەناو قاوشەکە و ڕاڕەوەکاندا دەخولێمەوە و هاوار دەکەم:

((کێ دەفتەرەکەی دزیوم؟))

کەس وەڵامم ناداتەوە، وەك ئەوەی هەر هەموان کەڕ و لاڵ بن.

پڕ بە ئاسمانی قاوشەکە دەقیژێنم و جنێو دەدەم:

((گەوادینە.. دەفتەرەکەم بدەنەوە)).

لە تاو قیژەی ناقۆڵای من هەر هەموو نەخۆشەکان کاس دەبن و لە ژێر پەتۆکانەوە سەر دەردێنن و شێتانە لێم وردەبنەوە و لە پاشان پاڵ دەکەونەوە.

دواجار یاساولێکی کەتە و چەتەوڵ بە شەپازللەیەك پەناگوێم ئاگر دەدا و چاوانم پڕ دەبن لە گریان، وڕ و کاس دونیام لە بەر چاو تاریك دەبێ، جنێوی پیس بە دایك و باوکم دەدا، وەك مەلۆتکەیەك هەڵم دەگرێ و فڕێم دەداتە سەر پێخەفەکەم، تاوێك پەرستیارێك دێ و دەرزییەکم لێ دەدا تاوەکو بسرەوم، جارێکی دیکە بەدەم تکا و پاڕانەوە دەگریم و داوای دەفتەرێکی دیکەی لێ دەکەم، گومان لە دزینی ئەو هەموو دەفتەرە دەکا و کەچی دواجار دڵی نەرم دەبێ..

دەفتەرێکی دیکە و پڕکردنەوە و دزینی و شێت بوونی من و دەرزییەکی دیکە و سرەوتن و... هەستانەوە و پاڕانەوە و دەفتەرێکی دیکە و دزینی و دەرزی و سرەوتن و.. دەفتەرێکی دیکە و دیکە و.. دیکە و.. دزینیان....

خودایە هاوار.. چەندە شەیدای ئەوە بووم مێژووی ئەو بیمارستانە و نەخۆشەکانی بنووسمەوە، بکەومە دوای نرکە و ناڵەکان، هەناسە مردووەکان، چەندە حەزم دەکرد وشەکانم بۆنی خوێنیان لێ بێ، زەرد بن وەك ڕووخساری سیلدارەکان، ڕستەکانم درێژ بن وەك

شەوانی درێژی خەو زڕان، قووڵ بن قسەکانم وەك برینی قووڵی گەنجە لەخوێن گەوزیووەکان، شێتانە ژمارەی کۆکینی پیرەمێردێکم تۆمار دەکرد ئەو وەختەی بۆ هەناسەیەك لە ئێمە و خودا دەپاڕایەوە و.. نەدەهات، زریکەی بێ ئامان و بێ شوماری ژن و کچە نامرادەکان، ژمارەی ژوانی بەپەلە و پچڕانی ناو ئاودەستخانەکان، هەلاتنی ئەو نەخۆشانەی قەت نەدەگەیشتنە ئەودیو شوورەی بڵندی بیمارستان، دەمویست بیخەمە ناو دەفتەرەکەم: هەر هەموو رۆندکە رژاوەکان، رەنگی کەم بە مۆرێکی تۆخ حەژمەتی کچە تەنیاکان، بیاننووسمەوە، هەر هەموو مۆتەکەکان... وەلێ هەزار ئەفسووس.. لەوە دەچێ پزیشکێك، پەرستارێك، برینپێچێك یان یەکێ لە نەخۆشەکان بە نهێنی ئەو دەفتەرەم بزانێ، بە نهێنی ئەو لەزەتەی کە لەبیرمی دەباتەوە: من ئیفلیجم، لەوە دەچێ بە خەنی و خۆشی و شاگەشکە بوونم بزانن، ئەو وەختەی سەرگەرمی رەسم و نووسینەکانم، داخیان ناچێ کە تا مۆمی ژوور سەرم نەکوژێتەوە من ناخەوم، لەوە دەچێ بزانن ئەو تۆمارە ناگۆڕمەوە بە ژوانەکان.. وەلێ قەت نەیان دەهێشت تەواوی کەم تۆمارەکەم، هەر بۆیە کەس، هیچ کەس، تا هەنووکەش بە مێژووی ئەم بیمارستانە نازانێ، بە تەنیا شتێك کە دەیزانین مێژووی ئەو پیاوە پڕ بە هەیبەتەیە کە وێنەی لەهەر هەموو قاوشەکانە، بە دیوارەکانەوە، هەلواسراوە، دامەزرێنەری ئەم بیمارستانە، خۆ ژیان و سەرگوزەشتەی پزیشکەکان و پەرستارەکان و برینپێچەکانیش هەر پڕ لەغز و پەنهان بوون، کەس نەیدەزانی لە چ زەمانێکەوە لەو بیمارستانەدا نەخۆشین، بۆچی لێرە لە دایك بووین؟ بۆچی لێرە دەمرین؟ بۆچی تا ئەبەد نەخۆشین و ساغ نابینەوە؟ بۆچی بێ ناوین؟ بۆچی شوورەی چوار دەوری بیمارستانەکە ئەوەندە بڵندە کە دەبێ دە نەخۆش پشت بۆ یەکدی دابنێینەوە تا ئەوەی سەرەوە دەستی بگاتە تەلبەندەکان و هەر هەموو جارێکیش بەسەر یەکدیدا بڕمێن.

لە بیمارستانێکی وا گەورەدا هەمیشە بەهەلەی نەشتەرگەری دەیان کەس دەمرن، هەبوو گورچیلەی رزابووەوە، کەچی سکیان هەڵدەدڕی و بەدوای ئەو سندانەدا دەگەڕان کە لە گەدەی دابێ، هەبوو دەردە دڵی بوو، کەچی نەشتەرگەری زراویان بۆ دەکرد، هەبوو رۆمانتیزم گیڕی کردبوو، کەچی لە گورچیلەیدا بەدوای وردە بەردەکاندا دەگەڕان، هەبوو شێرپەنجە جەرگی دەخوارد، کەچی نەشتەرگەری قوڕگیان بۆ دەکرد. زۆر جاریش دەبوو بە هەلا و مەزاق ئەو وەختەی چەقۆیەك یان نەشتەرێك دەنێو ورگی نەخۆشێکدا جێ دەما، ناچار سەرلەنوێ سکیان هەڵدەدڕییەوە، نەشتەرەکەیان دەردەهانی، کەچی لە تەنگەتاوی مقەستێکیان بیردەچوو، ناچار



بۆ جاری سێیەم سکیان هەڵدەدایەوە، ئەو کاتەی کە پزیشکەکانیش پێیان نەدەزانی، نەخۆشی سك هەڵدڕاو پاش ئەوەی بەنجەکە بەری دەدا شەو و رۆژێك لەسەر سەر دەخولایەوە تادەمرد.

هەرچەند رۆژێك لەمەو بەر زانیمان کەئێمە چەندە دزێو و ناشرینین، چ زوو پیر بووین، زانیمان رەنگی ئێمە و رەنگی مردووەکان چەندە لەیەکدی دەچێ، ئەو حەلەی چاوانی خۆمان بینی، ئەوسا زانیمان کەمەحاڵە گلێنەیەك جێی ئەو هەموو ترسە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. تەوێڵی چرچ و لۆچاویمان، ئێسقانی دەرپەریوی هەردوو لا رومەتمان، ئەو رۆژە زانیمان کە چەندە ماندووین، چەندە لەوپیاوانە دەچین کە لەمۆم دروست کراون، ئەو وەختەی توانیمان دوای دەیان پیلانی ورد و رێك چنراوی شەو و رۆژانمان ئەو لەتە ئاوێنەیە لەگیرفانی یەکێك لە پەرستارەکان بدزین، ئیدی یەکەیەکە نەخۆشەکان لەتە ئاوێنەکەیان بۆیەکدی رەت دەکرد، هەر نەخۆشەو سەیری رووخساری خۆی دەکرد و دەیزریکاند، بەترسەوە هەڵیدەدایە سەر پێخەفی نەخۆشەکەی تەنیشتیەوە، هەروەك بڵێی پەنگر بێ و هەڵیدا، جارێکی دیکە داوای دەکردەوە، لە رووخساری رادەما و هۆن هۆن دەگریا، ئەو لەتە ئاوێنەیە هەر هەموو قاوشەکانی کرد، وەك هەر شتێکی دەگمەن و سیحراوی لە شکان و بزر بوونی دەترساین، دوای دزینی ئەو لەتە ئاوێنەیە گلەییمان لەیەکدی دەکرد: ((بۆچی نەتووت. کە من لەمردوو دەچم؟))

((بۆ چی دەتووت: چاوت شینە و دلت خۆش کردم؟))

((بۆ پێیان نەووتم کەمن خێلم؟))

((بۆ نەتان وت کە هەموو سەرم سپی بووە؟))

((دەبوو پێم بلێن کە لایەکی روومەتم سووتاوە و عەیبدارم)).

گلەیی و گازاندەیەکی زۆر، مەسەلە دزینی لەتە ئاوێنەیەك و رووخساری دزێومان نییە، بەڵکو دەبوو بیانویەکمان هەبێ پێوەی سەرقاڵ بین، کاتێك بێ بۆ رەواندنەوەی وەڕسی و بێزاری، چەندین مانگ تێ دەپەڕی و جگە لەمەرگی هاوەڵەکانمان هیچیدیکە نەبوو کەمەکێ سەرگەرمان بکات، هەموو درۆ و هەموو راستییەك بۆ ئێمە چون یەك بوون، ئێمە لەگێچەڵەیەك دەگەڕاین خۆمانی تێدا ون بکەین.

پاش چاوەڕوانییەکی درێژ دزینی لەتە ئاوێنەیەك بوو بەبابەتی هەر هەموومان، دەبوو هەر رۆژە و لای یەکێکمان بێ، بڕیارماندا کەئەگەر لەلای هەر نەخۆشێك بزر بێ یان نهێنییەکەی بگەیەنێتە دەم پزیشکێك یان پەرستارێك: ئەوە بەهەر هەمووومان دەیخنکێنین، چەندە حەزمان دەکرد یەکێك هەڵەی وابکا بزری بکات، یان نهێنییەکەی بۆ پزیشکێك رەت بکات، چونکە

ئەوسا لەو لەتە ئاوێنەیە رزگارمان دەبێ کەڕووی دزێوی خۆمانی پێ ئاشنا کردین، جگە لەوەی کە کوشتنی ئەو نەخۆشە خیانەتکارە دەبوو بە بابەتێکی تازە و چەند شەو و رۆژێك پێی دەژیاین. تا ئەوە بوو رۆژێکیان یەکێك لەوانەی بەدەست شێرپەنجەی گەدەوە دەتلایەوە و نان و ئاوی پێ نەدەخورا، هەر بەئەنقەست لەتە ئاوێنەکەی بەر دایەوە و شکاندی، ئیدی ئێمە، بۆ هەفتەیەك، هەر هەموو نەخۆشەکان لە ناوەڕاستی قاوشەکە کۆدەبووینەوە، شەو تەگبیرمان دەکرد چۆن چۆنی بیکوژین و کەس پێ نەزانێ، نەخۆشەکە پەلەی بوو، دەجاران پاڕایەوە کە ژەهر خواردووی کەین، بە عەزرەتەوە بوو تازووە بمرێ، کەچی ئێمە بەکاوەخۆ پیلانی کوشتنەکەیمان دادەڕشت، خۆی لێی وردبۆوە، خەونی بەو شامەرگەوە دەبینی کەلە ئازار و هەلا هەلابوونی گەدە و دارزانی رزگاری بێ، هەر رۆژەو پێشنیارێکمان دەخستە بەرچاوان، پێشنیاری وا کە رەت بکرێتەوە، تابکرێ بۆ ماوەیەکی درێژتر لەبەردەم ئەو گەمەی کوشتنە لەززەت بکەین و خۆ ماتەڵ بکەین، تا دواجار وەڕس و هیلاك بوو، دۆستانە بەوپەری میهر و خۆشەویستییەوە تکای کرد کە هەتا زووە بیکوژین، هەر کوشتنێك کە خۆمان پێمان خۆشە، چونکە هەموو جارێك درەنگی شەو دوا پیلانی کوشتنەکەمان دەخستە بەرچاوی، تائەویش پێی رازی بێ، کەچی بۆ بەیانی یەکێك لەنەخۆشە پیلان رێژەکان دەیووت:

((نەء.. بەدڵم نییە)).

دواجار بەدەم تلانەوە هاواری کرد:

((ئێوە هەرگیز هاوڕێ و هاودەردی من نین، ئێوە لە شەڕەف و بەزەیی بێ بەرین، بۆچی نامکوژن؟ من ناو هەناوم دەسووتێ و هەر دەڵێی سەد پیاو لەناوەوە شەڕە شمشێر دەکەن، کەچی ئێوەش هەر شەوە و نەخشەیەکی تازەی مەرگم دەخەنە بەردەست، بمکوژن و تەواو.. ئەگینا تاماوم لێتان نابوورم و کە مردیشم گەردنتان ئازاد ناکەم)).

وەلێ نا.. ئەوەندە بێکار و خەمگین بووین، ئەوەندە دەست بەتاڵ و خانە خەراپ و دەردەدار کە هەرگیز نەماندەویست ئەو هەلە لەکیس خۆمان بدەین، ئەوەندە نەخشەی کوشتنی ئەو نەخۆشەمان هێنا و بڕد تا خۆی لە حەژمەتان بێ یان لە داخی چاوەڕوانی یان شێرپەنجە هەر هەموو هەناوی خواردبێ: مرد، مرد و فریا کوشتنەکەی نەکەوتین، ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو... لەچاوتروکانێکدا تەرمەکەیان لابڕد و متیل و پەتۆ و بەرگی سەرین و دۆشەکەکەیان گۆڕی، نەخۆشێکی دیکەیان هانی کە کتومت لەوهاوڕێ مردووەمان دەچوو. پرسیمان:

((تۆ چیتە؟))



ئاماژەی بۆ سەر ناوکی کرد، کە شێرپەنجەی گەدەیەتی، خەونمان بەوەوە دەبینی چ رۆژێکە و ئەویش هەناوی دارزێ و دەست و پێمان ماچ بکات تا بیکوژین، ئێمەش بە بیانوی دۆزینەوەی شامەرگێکی پڕ لە ئاسودەگی ئەمڕۆ و سبەی پێ بکەین، ئاخر ئێمە لەم بیمارستانەدا هیچ گەمەیەکی دیکەمان نەدەزانی، جگە لە کوشتنی هاوەڵەکانمان، ئێمە بیستبوومان لە بیمارستانەکانی ئەم دونیایەدا گەلێ گەمەی سەیر و سەمەرە هەیە، گەلێ گەمەی دیکەی وا کە نەخۆش ساغ بکاتەوە، وەلێ بڕوامان نەدەکرد، چونکە لەم بیمارستانەی ئێمە گەورەتر هیچ بیمارستانێکی دیکە نەبوو، وامان مەزندە دەکرد، کە ئێرە هەموو دونیا بێ، لەودیو شوورەی ئەم بیمارستانەوە گەر مەملەکەتێك هەبێ ئەوە دەبێ هەر ئەو بەهەشتە بێ کە کابرای نورانی بەڵێنی پێ داوین، دەنا بۆ بیمارستانێکی دیکە و گەمەی زۆر نەدەچووە عەقڵەوە، شەوێکیان زۆر بێزار بووین، هەر هەمووومان کۆبووینەوە، بیرمان لەوە کردووە کەمادامەکێ تا ئەبەد لێرە دەژین و دەخۆین و دەمرین وباشە کە بەدوای گەمەیەکدا بگەڕێین، داوامان لەهەموو نەخۆشەکان دەکرد کە خەیاڵ بخەنەگەڕ، هەر گەمەیەك کەلەم بیمارستانەدا شەوانی خەوزڕان و رۆژانی پڕ لە تلانەوەمان کورتتر بکاتەوە، هیچ نەبێ تا دەمرین کەمەکێ خۆش رابوێرین، لەززەت لەو ژیانە کورتەمان بکەین، دوای راکێشانی ئەو هەموو تەڵبەندە لەنێوان قاوشەکانی ئێمە و هی ژنەکان.. ژوانە پڕ لە ترسەکانیش ببوون بە مەحاڵ. ماوەیەك کوڕە جحێڵەکان پێیان دەووتم نامەی پڕ لەعیشق و غەزەلیان بۆ بنووسم، دەیاندا بەو برینپێچە چڵێسەی ئامادە بوو بۆ ژەمێك خۆراك نامەیەك رەت کا بۆ قاوشی کچەکان، کەچی قەت وەڵامێکمان بۆ نەدەهاتەوە، چونکە کەسمان ناویان نەبوو، ئەو وەختەی لەبرینپێچە چڵێسەکە کەوتینە گومان و پرسیمان:

((بۆچی وەڵامی نامەیەکمان دەسگیر نابێ؟))

بێ باکانە وتی:

((ئاخر ئەوان فێری ئەلف و بێ نەکراون)).

لەنامەی پڕ لە غەزەلی بەتاڵ وازمان هانی.

ماوەیەکیش بتڵ و شووشەی دەرمانەکانمان کۆدەکردەوە و پڕمان دەکرد لەئاو و قاوە و چا و میز.. بەتاڵمان دەکردنەوە و پڕمان دەکردنەوە.. شووشە و بتڵەکانمان دەگۆڕییەوە، هاوەڵێکی نیمچە شێتمان شەیدای کچێکی چاوتیل دەجاران ویستی لەبەندەکان بپەڕێتەوە و بکەوێتە دوای تارمایی کچەکە بەگران لەژێر درەختەکاندا هەنگاوی دەنا و قەت ئاوڕێکی لێ نەدەدایەوە، کەزانی کچەی چاوتیل وەك خۆی دووچاری سیڵ بووە، لەدوورەوە تێی دەڕوانی و دەیزانی تا دێ

باریك و بنێست دەبێت كە هەردووكیان هەندەیان نەماوە بمرن، لەهەنگاوەكانی ورد دەبوو و دەیزانی مەرگ وا لەژێر گیا و گوڵی وشكەوە بووی چیمەنەكە، وا لەدەوری هەنگاوەكانی هەرجارەكە هاواری لێ دەكرد و دەیویست لەتەلبەندەكە بپەڕێتەوە، یاساولێكی چەتەوڵی لێ پەیدا دەبوو.. هەر بەپاڵ تا قاوشەكە دەیهانی.. دەگریا و دەیووت:

((دوو ڕۆژمان ماوە.. تەنیا دوو ڕۆژ.. ئاخر بۆ لێ ناگەڕێن هەناسەی بۆگەنمان تێكەڵ كەین!))

ڕۆژێكیان سوێندی خوارد كەلەبڕی نامە دەكرێ شووشەیەك لەوشووشەی دەرمانانە بەتاڵ بكا و بەگولاو بیشوات و پڕی بكات لەفرمێسكی خۆی و بەدیاری بۆ كچەی چاوتیل و وەرەمداری بنێرێ، لەسەری بنووسێ:

((بۆ تۆ... فرمێسكەكانم)).

ئەی خودا چ شەوانێكی پڕ لەخەم و خەوزران و چ ڕۆژانێكی پڕ لەهاوار بوون، چ قەهرێكی گەورە، بەرلەوەی شووشە پڕاوپڕ بێ لە فرمێسك، كچە مرد و.. ئەویش بەدەم فرمێسكەیەكەوە تا دەستی تێدا بوو شووشە فرمێسكەكەی لەپەنجەرەكەیەوە هەڵیدایە دەرێ، ئەوشەوە، تابەیانی گوێمان لە هەنسكی گرت و لەگەڵیا گریاین، بۆ بەیانی كە لەخەو رابووین، شێتەی عاشق سۆمای چاوانی رژابوون، هەرهەموو چیمەنی باخەكە زەرد و پەژموورده بوو، گوڵەكانیش ژاكاو و مردوو، سەیرە.. گەرچی هێشتا پاییز زۆری مابوو بگات، بەلاّم من بە چاوی خۆم دیم كە درەختەكان گەلاّی زەردیان دەباراند، دەگریا و دەیووت:

((دەبێ فرمێسكی عاشقێكی نەخۆش چی لە باخ بكات؟))

كە كەس وەلاّمی نەدەدایەوە:

پڕ بە ئاسمانی بیمارستان هاواری دەكرد:

((جگە لەكوشتن چی لەباخ دەكات؟)).

من لەهەموو ئەو دەفتەرانەی كەلێم دزراون چیرۆكی ئەو عاشقە شێتەم گێڕاوەتەوە، وەلێ داخم ناچێ كە من ناتوانم فرمێسكەكانی بنووسمەوە و بیخەمە دوتوێی دەفتەرەكانمەوە.

هەندی لەنەخۆشەكان هەربۆخۆ خەریككردن حەبە رەنگاوڕەنگەكانیان دەدزی و وردیان دەكردن كە دەبوون بە ئارد تێكەڵیان دەكردن، هەندێكیان هەروەكو مەیموون خۆیان بە پانكەكانەوە هەڵدەواسی و خۆیان بەردەدایەوە سەر قەرەوێڵەكان، هەبوون سەد جاران پەنجەرەكانیان دەكردنەوە و دایان دەخستنەوە، هەندێكیان هەر بۆ مەزاق خۆیان لە پزیشكەكان دەشاردەوە و دەچوونە بن قەرەوێڵەكان یان بە ئەنقەست خۆیان دەكرد بە نووستوو، بە كەیفی



خۆیان وڕێنەیان دەكرد و رقیان لە كێ بوایە، بە بیانوی وڕێنەوە داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت، هەبوون بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە لە پشت پەنجەرەكانەوە دەوەستان و لە ئاسۆیەكی دووریان دەڕوانی یان ئەوەتا شەوانە لە پەنجەرەكانەوە سەریان دەبردە دەرێ و لە مانگ و ئەستێرەكان رادەمان، هەندێكیان هەر بۆ مەزاق دەرمانەكانی پشت سەری نەخۆشەكانی دەگۆڕی و خۆشی لێ دەهات و قاقا پێ دەكەنی كە دەیبینی نەخۆشێك بەو ئومێدەوە دەرمانەكەی دەخوات كە ساغ بێتەوە، ئەو دەرمانەی كە هی خۆی نییە، دوان لەوانەی كەمیزی خوێناوییان هەبوو شووشەی پڕ لە دەرمانی پیرەمێردەكانیان بەتاڵ دەكرد و پڕیان دەكردن لە میز...

ئەو وەختەی لەهەموو گەمە بێزەوەرەكانیش بێزار بوون، هەر هەموو نەخۆشەكان كەوتنە سەر را و تەگبیر، بیریان لە گەمەیەكی دانسقە و دەگمەن دەكردەوە، گەمەیەك كە هەر هەموان بەشدار بن، گەمەیەك كە هەر هەموویان پێی بغافڵێن، گەمەیەكی لەعنەتی و ئەهریمەنانە، هەر یارییەك كە دەرد لە دلاّن دەربكات،ئەو قاوشە ساردەمان گەرم بكاتەوە، پاش بینە و بەردەیەكی زۆر.. رێك كەوتین لەسەر گەمەیەك كە تا ئێستا نەكراوە، گەمەیەك لەهەموان غافلتر دەمێك بوو بیری لێ دەكردەوە، گەمەیەكە كە بەخەیاڵی شەیتاندا نایە، فیكەیەكی لێدا و لە خۆشیانا كەوتە چەپڵە كوتان و چرپاندی بە گوێی یەك دوو نەخۆشدا، ئەوانیش سەرگەرمی ئەوكەیفە بوون، هەندێ لە نەخۆشەكان هاواریان كرد:

((چییە شەقمان برد؟))

یەكێك لەو نەخۆشانەی كە بەنهێنی گەمەكەی دەزانی، بە بازێك خۆی هەڵدایە سەر قەرەوێڵەیەك و ئەوەش وای كرد كە هەر هەموو ئاوڕی لێ بدەنەوە:

((ئێمە تاماوین.. لێرەین.. وا نییە؟)).

هەر هەموان وتیان:

((وایە...))

((لەو گەمە پووچانەی هەر یەكەو بەتەنیا دەیكات بێزار بووین))

((زۆریش))

((گەمەیەكمان دۆزیوەتەوە كە رەنگە ئەویش هەر پووچ بێ، بەلاّم بێزارمان ناكات!)).

هەر هەموو بە پەرۆشییەوە پرسیان:

((چییە؟))

ئەویش بە فێزەوە: ((گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەكان.))

پرسییان:

((چۆن؟))

خۆی هەڵدایە خوارێ و وتی:

((هەموو شەوێك تا ماندوو دەبین.. تا شل و شەکەت دەبین قەرەوەێڵەکانمان دەگۆڕینەوە، ئەمشەو من لەسەر قەرەوێڵەکەی تۆ دەنووم و.. سبەی شەو تۆ لەسەر قەرەوێڵەکەی منیت.. ئەو لەسەر هی ئەم دەنوێ و.. ئەم لەسەر هی ئەو.. با بۆمان هەبێ شەوێك سەد جاران قەرەوێڵەکانمان بگۆڕینەوە)).

هەر هەموان تاوێك رامان و سەیری یەکدیان کرد، لەناکاو قاوشەکە بەهات و هاواری هەموان دەنگی دایەوە، بەدرۆ بێ یان بە راست هەڵدەپەڕین و چەپڵەیان لێ دەدا، هەر زۆر زوو.. دەست بەجێ و بەپەلە، لەو شەوەدا کە هێشتا تەواو درەنگی نەکردبوو، کەوتنە سەر گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵە شەق و شڕەکان، وام زانی کە ئەگەر پزیشك و پەرستار و برینپێچەکان و خوڵ رێژ و ئاشپەزەکان بەم گەمەیە بزانن سزامان دەدەن، کەچی بە پێچەوانەوە.. وای لێ هات هەر هەموو ئەوانیش شێتانە بەشداری هەمان گەمە بوون، لەوە نەدەچوو هیچ گەمەیەکی دیکە بزانن، شەو و رۆژ شەقە شەقی قەرەوێڵەکان هەراسانی کردم، لەوە دەچوو بەتەنیا من بەو گەمەیە سەغڵەت بم، بگرە، چونکە تەنیا کەسێك من بووم کە نەم دەتوانی لە قەرەوێڵکەم دابەزم و سەرگەرمی گەمەی گوڕینەوەی قەرەوێڵەکان بم، پیر و پەککەوتەکانیش کەم و زۆر لەسەر قەرەوێڵەکانەوە دادەبەزین و لەززەتیان لەو گەمەیە دەکرد، نەخۆشەکان لەوقاوشانەدا بەریەکدی دەکەوتن و بەردەبوونەوە و هەڵدەستانەوە، قەرەوێڵەکان بەر یەکدی دەکەوتن گڕیان دەپژاند، نەخۆشەکان بەر دیوارەکان دەکەوتن دەبوورانەوە.

ئەو رۆژەی لەدوا دەفتەری چکۆلەی یادداشتەکانی بەر باخەڵمدا نووسیم:

((لەم بیمارستانەدا جگە لە گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان هیچی دیکەمان لەدەست نایەت....)).

بەرلەوەی رستەکەم تەواو بکەم پزیشکێك هات و دەفتەرەکەی رافڕاند کە ئەم رستەیەی خوێندەوە قاقا پێکەنی و هەر هەموان وازیان لەگەمە هێنا و هاتنە کنم، یەکە یەکە دەفتەرەکەی منیان بۆ یەکدی رەت دەکرد و بەغەزەبەوە نیگایان دەکردم، دەمێك بوو بۆ هەلێکی وا دەگەڕان کە بکەومە تەڵەوە، تاکە کەسێك لەو قاوشەدا منم کە خولقی ئەو گەمە بێزەوەر و هیچەم نییە، منێکی ئیفلیج راهاتووم کە لەسەر قەرەوێلەکەم رابکێشم و بە خەمێکەوە خەندەیەکی درۆ بخەمە سەر لێوانم و لەو گەمەیە بڕوانم، یان ئەوەتا بەسەر



چەرخەکەمەوە بەنێو هەر هەموو قاوش و ڕاڕەوەکاندا بخولێمەوە، لەلای من پێچکەکانی چەرخەکە و پێیەکانی خۆم لەیەك جوێ ناکەمەوە، دەستەکانم خۆم هەردوو دەسکی چەرخەکە، هەناوی خۆم و مەکینەکەی، زنجیرەکانی و ریخۆڵەکانی من، کوشنەکەی و پاشەڵی من، منێك کە ئیفلیجی زگماکیم چیم پێ دەکرێ؟ دواجار گەر بۆ بەشداری بێ یان تۆڵە بڕیاریان دا کە کۆتایی گەمەکە بە من کۆتایی بێ. دەمزانی بیر لە مەزاقێکی شەیتانی دەکەنەوە، چاوەڕوانی مەرگ و هەناسەدان دەنێو دەرد و درمدا، هەر هەموانی دڵڕەق کردبوو، پاڕانەوە دادی نەدەدا ناچار خۆم خستە بەردەستیان، ئەوان کە خۆشییان لە گەمەیەکی وا بێ تام دێ. بەرگری هیچ مانایەکی نییە، خۆ سوورکردنەوە، پەل بزاوتن، لەکاتێکدا من بێ پەلم، لە پەڕۆ بێ دەستەلاتتر کەوتوومەتە بەردەستان، لە داهۆڵێك زەلیلتر، ئەوکاتانەی تەواو لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکانی خۆیان بێزار دەبن، دێنە گژ من، ئەو شەوانەی کە یەك دوو قەرەوێڵە لە گەرمەی ئەو گەمەیەدا لێك هەڵدەوەشان، هەر زوو بە فەرمانی پزیشکەکان نازانم لە کوێوە قەرەوێڵەی تازەیان دەهانی، من یەکێك بووم لەوانەی لەهەر شەوێکدا قەرەوێڵەکەمیان دەشکاند و دەیانگۆڕی، دوای ئەوەی تەواو شەکەت و ماندوو دەبوون، شەلاڵێ ئارەقە دوا گەمەیان بە من کۆتایی دێ، بە شاگەمەیان ناو دەبرد و کۆتاییان بە شەوی درێژی گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان دەهانی.. نە جارێك نە دوو... نە دە و.... نە سەد و... نەهەزار، چاوەڕێ دەکەم کە شەوێك بێ و بێزار بن، وازبهێنن، وەلێ مەحاڵە بەهەر هەموویان دێن و ناوەڕاستی قاوشەکە چۆڵ دەکەن و بازنەیەك بە دەورمدا دەکەن و هەڵقاوهەڵق دەخولێنەوە، بە هەزار چاو سەیرم دەکەن و بابەخولەم پێ دەکەن.. بەچەپ.. بەڕاست.. لەو سەری قاوشەکەوە بۆ ئەو سەری هەر بە شەق و پاڵ، قەرەوێڵەکەم دەدەنە پێش خۆیان و.. راوەدووم دەنێن، دەنێو ئەو هەرا و هەنگامەیەدا، شەوی وا هەیە، یەکێك هەناوی دەپچڕێ و ئەوی دیکەیان دڵی دەوستێ، جاروبار کە توند و بە رك بەر دیوارەکان دەکەوم، بەر قەرەوێڵەکان و بەر نەخۆشەکان.. رادەتەکم و هەڵتەك و داتەك بەرز دەبمەوە، کە لە سەر قەرەوێڵەکەوە دەپەڕم، باوەشم بۆ دەگرنەوە، ئەو جارانەش کە دەکەوم و شوێنێکم دەشکێ، دەست و برد پزیشکەکان و برینپێچەکان گەرماوگەرم بۆمی دەگرنەوە، ئەگەر برینداریش دەبووم: سەرم، چەناگەم، لووتم، تەوێڵم.. زۆر بەپەلە بۆم تیمار دەکەن، هەندێ جار وەها دەورم دەگرن کە ئیدی هەناسەم بۆ نەدرێ، هەوای پاکم لێ دەبڕن و دەبوورێمەوە، هەندێ جاریش تا پەنجەیەکی شکاوم دەگرنەوە، دوو پەنجەی دیکەم دەشکێنن کە دەپەڕیم و بەر نەخۆشەکان دەکەوتم، دایان دەپلۆسیم، نە جارێك و.. نە دوو.. نە

دە و.. نە سەد.. هەزار خێل و گێژوك فڕفڕۆکە بەدەوری خۆمدا دەمخولێننەوە، ئەو نەخۆشخانە هەرگیزاوهەرگیز لەو شاگەمەیە وەڕس و بێزار نابن، پێم دەووتن:

((لەوانەیە ناو هەناوم بپچڕێ و بمرم...!))

پزیشکەکان دەیانووت:

((ئەوەیان بۆ تۆ باشترین دەرمانە، تا پتر بخولێیتەوە، پتر خوێن لە دەمارەکانتا کەفدەکا و دەگەڕێ، گەر ماوەیەکی تر لەم گەمەیە بەردەوام بین، لەوانەیە بکەویتە سەر پێی خۆت....!))

یەکێك لەهاوەڵە دڵڕەقەکانم دەیوت:

((دڵ لە دڵ مەدە.. تۆ جێی بایەخی هەمووومانی، هەر هەموو گەمەکان بەو شاگەمەیە لەگەڵ تۆدا کۆتایی دێ، کە دەتخولێنینەوە هەر هەمووومان چاومان لەسەر تۆیە هەموو هەست و نەستمان، لەم کاتەدا تۆ خەیاڵی خۆش بکەرەوە، دەتوانی لە رووخساری ئێمە وردبیتەوە کە چۆن هەر هەموو دەم و چاوەکان دەنێو یەك پنتدا کۆدەبنەوە و دەتوێنەوە، وا هەست بکە کە خۆت سەرداری هەموانی، وابزانە دەفڕیت لە بڕی ترس و تووڕەبوون باڵەکانت لێکبدە و لەوانەیە بفڕیت..!)).

چەندە پتر دەیانزانی من بەو گەمەیە قەڵسم، ئەوەندە پتر بابە خولەم پێ دەکەن و پتر دەمدەن بە دار و دیواردا، لەدوای هەر لە هۆش خۆ چوونێکم  کە وەئاگادێمەوە،  دەم و چاوم ئاو پرژێن دەکەن، دەلێن:

((ئەها وا ئەمشەویش لە خۆشییانا بوورایەوە!))

هەمیشە لەنێو ئەو لە هۆش خۆچوونانەدا ئەو کچە کراس شینە دێتەوەخەونم، دواجار کە رادەکەم بەدوایدا، دەنێو بێشەلانەکە لێم بزر دەبێ، لە پاش گەڕانێکی زۆر، کتوپڕ دەبووەوە بەو پڵنگە بەڵەکەی جاری جاران و دەیخواردم.

جارێکیان پێیان وتم:

((مادامەکێ گەمەت ئەوەندە لا خۆشە، خوولانەوەکانت بژمێرە، بزانە لە کامە ژمارەدا دەبووریێتەوە، کە بێدار بوویتەوە پێمان بڵێ و ئێمە لەو ژمارەیە بۆتی حیساب دەکەین و سەرلەنوێ دەست پێ دەکەینەوە!))

من لەخەم و قەهری ئەو گەمەپووچە دەگریم و کەچی ئەوان پێم دەڵێن:

((واز لە گریانی خۆشی بێنە و پێی بکەنە!))

بەهەزاران دەست، خۆم و قەرەوێڵەکەم دەخولێننەوە و.. دەخولێننەوە و.. دەخولێننەوە و.. دەخولێننەوە.. تا دەبوورێمەوە. من دەمویست پێیان بڵێم:



((من لەو گەمەیە ماندوو بووم خەریکە دەمرم، گوناهی من نییە کە ناتوانم لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان بەشدار بم.. ئاخر گوناهتان دەگا من ئیفلیجم!)).

وەلێ کە دەم هەڵدێنم زمانم تەتەڵە دەکا و دەم گۆ ناکات، خۆ لەوەش دەچێ من قسەم بیرچووبێتەوە، ناچار هەموو جارێك دوای گریانێکی قووڵ، هەر بەدرۆ بەڕوویاندا دەخەنمەوە تا ئەو حەلەی دەبوورێمەوە.

من دوا دەفتەری ئەو سەرگوزەشتە و یادداشتە بێ سەر و بەرانە، ئەم رستە پچڕ پچڕانە دەخەمە ناو بەرمیلی زبڵ، ئەوە خودایە کەسێك هەر بە رێکەوت لە دەرەوەی ئەم بیمارستانە دەستی بکەوێ و هەڵیبگرێتەوە، من تا هەنووکەش وام لەم بیمارستانەدا، نازانم تاکەی هاودەردەکانم لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان بێزار دەبن، ناشزانم ئاخۆ ئەم دەفتەرە چکۆلانەیەشم وەکو ئەوانی دیکە دەدزرێ یان نا، من ئیفلیجم و لێرەدا کەوتووم، جگە لەمەرگی خۆم چاودێریێ هیچیدیکە نیم، من نازانم لەسەر ئەم ئەرزە، ئەم بیمارستانە وا لەکوێ، نەخشەیەك نادۆزمەوە تا شوێنەکەی دەستنیشان بکەم، نازانم چ ناونیشانێکتان بۆ هەڵدەم تا بدۆزنەوە و بەزەیی واتان لێ بکات لەم گەمە بێزەوەرە قورتارم بکەن، من ناوێکم نییە، ئەگەر هەر هەموو بیمارستانەکان گەڕابن.. بگەڕێن، من لێرەم.. چاوەڕێتانم.. ئەم یادداشتە هاوارێکە.. هاواری کەسێکی بێ کەس.. بێ هاوەڵ.. بێ دایك.. بێ خوشك.. بێ باوك و برا.. کەسێك کە هەر بە زگماك ئیفلیجم.. کەسێك کە چەندەمین جارە سەرگوزەشتە و چیرۆك و هاواری خۆم بنووسمەوە و.. کەچی لێمی دەدزن.. ئەرێ کەسێك لەدەرەوەی ئەم بیمارستانە هەیە.. دەترسم تا ئێوە دەگەن من بمرم.. گەر لەپاش مەرگیشم من بدۆزنەوە ئەوە رۆحم ئاسوودە دەکەن.. من لێرەم.. ئێرە کوێیە؟ نایزانم! ئەوەتا پزیشکێك بەتاو رووەو لای من دێ، لەوە دەچێ بەگومانەوە تێم بڕوانێ، دەترسم نەهێڵێ دوا نهێنی ئەم بیمارستانە بدرکێنم، گەر دەفتەری یادداشتەکانم لێ زەوت بکات، دەفتەرێکی دیکە پڕ دەکەمەوە، دەیخەمە ناو بەرمیلی زبڵەکان.. وا هات.. گەر ئەم دەفتەرەتان دۆزییەوە.. هاوارە فریامکەون. گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان دەمکوژێ.. هاوارە.. بگەنە هاوارم.. من ئەوەتا لێرەم.. بەلامئێرە کوێیە؟ نایزانم....

**١٩٩٦- ٢٠٠٠/ سلێمانی**

# نامەکانی ژاکۆن

## جەبار جەمال غەریب

ئەو رۆژەی چوومە زانکۆ، دلّم بەوە خۆش بوو کە ئەو تەمە تەلّخ و پڕ خەفەتەی رووی داپۆشیبووم دەڕوات و ژیانێکی کامەران چاوەڕێم دەکات، ژیانێك.. پڕ زەردەخەنە و جوانیی ئەو کچۆلانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان لە بن دار و نێو ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکاندا دەمدیتن. هەستمکرد ئەو پێستە پڕ گنج و گریانەی سالانێکە پێمەوە نووساوە، لەبەردەم یەکەم دەرگای زانکۆ لێم دادەمالرێ و وەك جل و کیفی مار، لەبەر خۆمی دادەکەنم و پۆلیسەکانی بەردەگا، ونجڕونجڕی دەکەن و منیش بە بالایەکی بەرز و لەشێکی برۆنزی و دەموچاوێکی ناسك، دەچمە ژوور. کچان بانگم دەکەن و پڕ بە دەمی بچووك و کولّووکیان پێدەکەنن و هەر هێندە نییە لە باوەشم کەن، بەلاّم من بە روویەك کە خۆشەویستی و ئولفەتی لێ دەڕژێ، تێیاندەگەیەنم کە ئێستا دێمەوە، ئەوان دێنە سەر رێم و من بە ئاستەم و ناسك پەنجە سپی و سفت و ناسك و پەنیرییەکانیان دەگوشم و رێی خۆم دەکەمەوە تێپەڕم، لە روویاندا ئەوە دەخوێنمەوە کە چەند خەمبارن بەوەی کە ناتوانم لایان بمێنمەوە دەبێ بڕۆم کارەکانم تەواو بکەم، خۆم دەدەی بەدزی ئاوڕ لەو جلە پڕ شەرم و خەمانەوە دەدەمەوە کە کەوتوونە بەر پێی پۆلیسەکان و خەلّکی پێیان لێدەنێن، چاویان تێدەبڕم و بۆ ساتێك خەم دام دەگرێ بۆ ئەو کوڕە گەنج و کچە بالّقانەی تا ئێستا ئەو جلانەیان لەبەرە و لەودیو دیوارە ئەستوور و رەشەکانی مالّ و دلّی خەلّکی، بەشەرمەوە راوەستاون و چاوەڕێن، ئەو خەمە بۆ ساتێك و دەموچاوی پڕ دەردەسەری براکەم، بە زۆر لەبەر چاوم وەلادەنێم بەو بیانووەی من تا تێربوون قوڕ بەسەر بووم. دوای ئەوەی وەك تفەنگێك لە نێو تەبارەگەنمی دەرکێشی بە نێو دەستی کچەکاندا دەکێشم و دەچمە ژوورێك ناوی خۆم بدۆزمەوە لەگەلّ من لافاوی بۆنی کچەکان هێرش دەکات و سەروچاوی ئەو ژنە کاملانەی لە ژوورەکەدان گەش دەکاتەوە، هەست دەکەم ئەو ژنانە یان کچە



قەیرانەی وێ دلّنەواییم دەکەن و دەیانەوێ لە پەنایان دانیشم و تامێ لە رەنگی بەشەوق و نەفەسێك لە بۆنی مسکی پێستم وەرگرن، کچێکیان کە دەموچاوێکی تۆزێك باریك و لاق و بەلەکێکی تورت و کەمێك ئەستووری هەبوو، لەچکە سەوزەکەی بۆ پشت ملی هەلّدایەوە، بەنازەوە بانگی کردم و منیش بۆ نێو راڕەوی رەفتەی هەلّچنراوی فایلەکان دوای کەوتم، هەرچەند زۆرتر بۆن کۆن و بۆن فایلەکان زیاتر دەبوو، پەنجەکانم لە لووتم نزیك دەکردەوە کە هێشتا بۆنی دەستی کچەکانی بەردەرگای لێ دەهات و تەماشای بەلەکی کچەکەی پێش خۆم دەکرد کە جار جارێك بۆ تەماشای فایلێك دادەهاتەوە یان خۆی هەلّدەبڕی تابەستە فایلێك رێکبکاتەوە، بێ ئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکەم، هەستم کرد، تەنگە نەفەس دەبم و دواتر زانیم راڕەوەکان، وردە وردە رۆدەچن، دەمویست کچەکە ئاوڕداتەوە تاجارێکی دیکە، دەموچاوە باریك و رێك و ئەسمەرەکەی ببینم، گوێم لێبوو دەلّێ:

- بەختت هەیە دۆزینەوەی ناوی بەرهەم ئاسانە.

هەستم نەکرد باسی من دەکات و ئەوەشم پێ سەیر بوو بۆ دەبێ ناوم بەرهەم بێ، وەك ئەوەی بزانێ بیر لەچی دەکەمەوە گوتی:

((ئای کە خۆش بوو کە دایکت بانگی دەکردی ((بەهرە خڕە.))

دلّم لەرزی و زانیم ئەو پێستە چلّکن و پڕخەم و گنجە، شتێکی تێدابوو، هەست و شعووری دایکم یان دلّی، کەنگێ هێندە بێ هۆش بووم، وەختێك پۆلیسەکان پێیان لێدەنا، شتێك وەك ئیسفنج لەبن پێیان دەلەرییەوە، دیتم کچەکە بەرەو وشەیەك چوو، دەستی بۆ کۆمەلّە فایلێك راکێشا کە هەریەکەیان زیاتر لە مەترێك بلّند بوون و گوتی: ناوی تۆ لەنێو ئەو فایلانەدا نەبێ، دەبێ بچینە سەردابەکە، راڕەوی دوور و درێژی ئەو فایلانە پەیوەندییان بەهیچ دونیایەکەوە نەبوو، بەلاّم کچە بەدەنگێك وەك ئەوەی لەنێو پەڕی فایلەکانەوە بێت، گوتی:

- ناو و تەمەن و کار و جنس و رەنگی هەموو خەلّکی ئەو شارە، لەوەتەی هەیە، لەو فایلانە نووسراوە.

دواتر فێلّبازانە گوتی:

چ زانیارییەکت بوێ لێیان وەردەگری، بەبێ ئەوەی هیچیان پێ بلّێی. من نەمدەتوانی پەنجە لەو فایلانە دەم. هەستم دەکرد، تۆزە ئەستوور و رەشەکەی سەریان، خوێنم دەمژێ، کچەکە پەنجەی بۆ سووچێك درێژکرد و گوتی: دواتر ئەوانە دەخوێنینەوە وەك نامەی

عاشقانن، ئەو بەستەیان کە زیاتر لە فەردەیەك ئێسکی بەخۆڵ بوو دەچوو، پەنجەکانم ئەستوور بوون و بەرچاوەکانم شۆڕبوونەوە و هەناسەم تەنگە و دەکۆکم، دەستی بۆ فایلە ئەستوورەکە درێژکرد و قژی بەسەردا شۆڕبۆوە و هەستم کرد، ڕەنگی قژی دەگۆڕێت و منیش ئەوە بە چاکی دەزانم، چونکە لەو بێ ڕەنگییەدا خۆڵ دەماخوات، سەرەتا بەناوەکاندا گەڕاین، ناوەکانمان جوان بۆ دەخوێندرایەوە و لەوە دەچوو لەگەڵ خوێندنەوەی هەر ناوێك، خاوەنەکەی دەرکەوێت و زەردەخەنەیەك بکات، لاپەڕەکان بێ ئەوەی کۆتاییان بێت درێژ دەبوونەوە، ناوەکانیش بچووکتر و وردتر، تاتێکەڵ بەیەکتر دەبوون و نەدەخوێندرانەوە، بەسەر سەدان ناوی تێکەڵ بازمان دا.

لاپەڕەکان بێ پەروا درێژ دەبوونەوە، کچەش وەختێك خۆڵ و تۆزی فایلەکان بەسەر لاق و بەلەکیدا دەڕژان و دەچوونە پێلاوەکانییەوە، دەیگوت:

((خەمت نەبێ، هەر ئێستا، لە ناوی خۆم زیاتر شارەزایم.))

ڕیزی نەبڕاوەی فەردە فایلە کۆن و بەخۆڵ بووەکان، زیاتر لە سیمای گاندی دەچوون لەدوای مانگرتنەکانی، ئەو فەردانە وەك سەدان گاندیی ئێسك دەرپەڕیو شانیان پێکەوە دابوو، دەرەنگ هەستم کرد کە کچەکە لەبن تۆزی فایلەکان شاردراوەتەوە و تەنیا و تەنیا قامکە درێژ و باریك و ئەسمەرەکانی لەسەر ناوی ورد و تێکەڵی لاپەڕە زەرد و دوور و درێژەکانی فایلەکان دێن و دەچن، بۆنی مردووی بۆیەکەی لەنینۆکە درێژەکانی دابوو دەکەوتە بن هەناسە قورسەکانمان و ئیدی نەماندەزانی بەدوای چ ناوێکدا دەگەڕێین، تەنیا ئەوکاتە هەستم کرد کە کچەکە وەڕێ کەوتۆتەوە کە دیتم قامکە نینۆك سوورەکان لەهەوادا دەڕۆن و کچە وەك فەردە خۆڵێك تۆزی لێ دەڕژا، دەکرا لەجیاتی نینۆکەکان، دوای تۆز و خۆڵی ڕژاو کەوم، فەردەی گاندییە بێ گیانەکان، خۆڵیان لەدەم دەڕژا و دەکەوتە سەر ئەو تیلمە پەڕۆیەی لە کەمەریان پێچابوو، ڕاڕەوەکە تادەهات تەسکتر دەبۆوە، تا دەهات درێژتر و تا دەهات زیاتر ڕۆدەچوو، ئیدی نەمدەزانی بۆ دەبێ لەوێ بین و بۆ دەبێ، بەدوای ناوێکدا بگەڕێین، ئیدی دەموچاوی کچەکەم لێ دیارنەبوو، تەنیا ڕەنگی ئەو بۆیە میکیاجەم لەبیر مابوو، هێڵێکی بازنەیی و خونچەیی بە دەوری لێوەکانیدا هێنابوو، هێڵەکە هێند باریك و بەڕەونەق بوو، شێوەی دەمی لەشێوەی خونچەیەك لە دەموچاوی جیاکردبۆوە وەك ئەوەی لەهەر ساتێك لەڕووی جیابێتەوە و بێت وەك پەپوولەیەك بەسەر لێومەوە بنیشێ. ڕووی گاندی ئاسای فایلە بەخۆڵ بووەکان، لە پەراسووی بێ گۆشت و بێ خوێنی یەکیان دەڕوانی و من دەمویست زووتر



کچەکە لادات و سەری یەکێکیان بکاتەوە و بۆ ناوەکە بگەڕێت، بەڵام ئەو دەیگوت کە هیچیان بەپیتی بێ دەست پێناکەن و هەستم دەکرد هەوای ژوور و ڕاڕەوە بێ کۆتاییەکان، ڕەنگیان دەگۆڕێت و پێستمان چرچ و بەرچاومان هەڵدەواسێ، پێم قورس و ڕانەکانم شل و کچە بێ ئەوەی ئاوڕداتەوە دەڵێ:

((با ئەو فایلانە بخوێنینەوە پڕن لەنامەی قاچاغی کچ و کوڕە عاشقەکان.)) بێ ئەوەی بزانم ئەو نامانە بۆ پەڕیونە نێو ئەو فایلانە، یان دەشێ وشەکانی عەشق هێند تۆز هێن بن، کچە گوتی:

- سەردەمێکی زۆر ئێرە جێگای ئەو قوتابییانە بوو ڕاپۆرتیان دەنووسی، ڕاپۆرت دەربارەی دەرسە وشك و ڕەق و ناخۆشەکانیان، تەنیا من دەمزانی چەند ساتێکی کەم، خەریکی ئەو ڕاپۆرتە بێ کەڵکانە دەبوون، دوایی تەواوی کاتی خۆیان بۆ نووسینی ئەو نامانە تەرخاندەکرد، بەدزی یەکدی نامەکانیان لە کەلێنی فایلەکان دەشاردەوە، من بەشی زۆری ئەو نامانەم لەبەرە، ئەها ئەوەتا نامەکانی ژاکۆن.

دەستی بۆ تاقێکی تۆزێك بەرز برد و لەنێوان چەند فایلێکی کۆن و بێ ڕەنگ، نامەیێکی تەنك و پواوی دەرکێشا، تۆزێکی ورد و نەفەسگر هاتە خوارێ و دواتر هەوای تەنی، کچە بێ ئەوەی بەو تۆزە سەغڵەت بێ، نامەکەی دەخوێندەوە، لەو دەمەدا من تەنیا پەنجە بۆیەکراوەکانی و لێوە دڵبییەکەیم دەدی، ((سەدان نامەی وام لەپەڕەکانی سنگمدا نووسیوە، بەڵام بۆنی شار ئەو نامانەی ڕەش کردنەوە.))

دواتر ژاکۆن نووسیبووی:

((وەرە ئازادم کە، چرایەکانی ناخم یەکەیەکە کوژانەوە، ئەو چرایانەی لە ژمارە نەدەهاتن، ئەو چرا بەشەوقانەی لە چاوی منداڵیماندا و لە خیابانەکانی تاران هەڵدەکران، لەسەر هەموو تاقەکانی تەمەنم چرا سەد ڕەنگەکان دەدوان، چرایەکان دەدوان و من پێدەکەنیم، چرایەکان دەدرەوشانەوە و منیش بە کالایەکی سپی و تەنوورەیەکی کورتەوە، بەڕێگا تاریکەکانی بن دارە چڕ و گەورەکان غارم دەدا، من بەکالەیەکی سپی و تەنوورەیەکی کورتەوە، بەسنگێکی قووت و قژێکی بڵاو، قژێکی بۆن سێو، بۆنی ئەو شامپۆ سێوەی جارێك وتت لە بۆنی کوڵووکەکانی دار پرتەقاڵەکان خۆشترە.))

ژاکۆن لە نامەیەکی دیکەدا نووسیبووی:

((دوور، دوور لەدوای سەدان تاقی تاریك.. تاریك.. تاکە چرایەك لە چاوی کزم کزتر دایسێ، من نەمزانی کوژانەوەی ئەو چرایانە، ناخم ئاوا پڕ دەکەن لەتەنی، من نەمزانی شەقامەکانی ناخم ئاوا پڕ دەکەن لەتەنی، بمزانیبا هەرگیز ئەو چرایانەم پێ نەدەکرد، ئەو چرا تەمەن کوژانە.))

کچەکە هێشتا نامەکانی بەدەستەوە بوو، گوتی: ((دەسێ ئەو چرایانە دانەگیرسێنین؟))

لەسەر یەکێك لەو فەردە قورس و ئاخنراوانەی فایلەکان دانیشتین، ئەو فەردە گاندیبیانەی پەڕۆیان لەخۆ ئالاندبوو، من هەستم کرد، شتێ نەماوە پەلەی لێ بکەم یان داهاتوویەك نەماوە پەلەی لێ بکەم، کچە گوتی:

((بەشی زۆری قوتابییەکان، نامەکانی ژاکۆنیان کۆپی دەکرد، زیاتر لەعززەتیان لە خوێندنەوەی نامەکان دەکرد، ئەو قوتابییانە نەیانتوانی جارێکی دیکە، لەنێو تۆزی مەکتەبەکان بێنەدەر و دونیا بەبێ ئەوەی چڵە نێرگزێکیان داتێ، بە پەنایاندا تێپەڕی. دواتر گوێمان لە گۆرانییەك بوو لە قووڵایی ڕاڕەوی مەکتەبەکە دەهات، گۆرانییەك تۆزی فایلی سەدەکانی دەبڕی و دەیگوت:

تێپەڕە دونیای شەکەت تێپەڕە با تۆزت لەسەرمان نەنیشێ، تێپەڕە ئەی مرۆی ئالوودە با پەنجەت لەتۆزمان نەنیشێ.))

کچەکە بێ ئەوەی لەجێی خۆی هەستێ گوتی:

ئەو کچە هەموو نامەکانی ژاکۆنی کردۆتە گۆرانی.

گوتم:

- ئەو کچە لەکوێیە؟

کچەکە تەماشایەکی دووری کرد و وەك ئەوەی لە وێنەیەك ڕامێنێ.

گوتی: ((لە قووڵایی ڕاڕەوەکان، لەبنی بنەوە، لەو تاریکییەی چاو لێ دەرناچێ.))

گوتم: ((دەمێکە لێرەیە؟))

((شەش ساڵ دوای ژاکۆن، بۆ نووسینی ڕاپۆرتێك هاتۆتە ئێرە و گیرۆدەی نامەکانی ژاکۆن دەبێ و لەو ڕاڕەو پێچانەدا ون دەبێ.

گۆرانییەکە وەك لەبن بارستەی بێ مەودا و نەفەس بڕی تۆز و خۆڵەوە بێ کەوتە نێو هەوا، دەیگوت:



((وەرە ئازادی ببینە، لەناو ئەو تۆنێلە ڕەشانەی نا ئومێدمان چەند جوانی، جلێکی هێند ڕەش لەبەر کە لەتاریکی دا بزربی، ئامێز لە تاریکییەکانی بەردەمت دا، ئەوە منم گۆرانیت بۆ دەڵێم.))

ویستم بچم و لەنێو تاریکییەکەی دەربێنم، بەدوای دەنگەکە کەوم و بیبینمەوە.

کچە بە ئاستەم دەستی گرتم و گوتی: ((پەلە مەکە گوێت لەو نامەیەش بێ.))

ئەوە نامەی بیست و پێنجەمی ژاکۆنە:

((تەنیا چرایەك، نە بۆنی سێوی قژم و نە کاڵا سپییەکانی جارانم، نە ڕاڕەوە باریك و شێدارەکانی بن دارچنارە گەورەکان، تەنیا چرایەك، نە کەس لەبەر تریفەی تەماشای ڕەنگی چاوم دەکا، نە کەس هۆشی لە هەناسەکانی شەوم ماوە، تەنیا چرایەك لە بن دوورترین تاقی چاوەڕوانیم کزدایسێ، من دەمەوێ بێم بۆت و بایەك پێشم دەگرێ و جلەکانم لەبەر دادەکەنێ و فڕێم دەداتە نێو تۆنێلە تاریکییەکانی حەیا، دەمەوێ بێم ڕێگا دوور و درێژەکان، دەبنە تەراویلکەکانی وەهم و نایەنە بەر پێ، تەنیا چرایەك....))

گۆرانیی نێو تاریکییەکە، جارێکی دی زرینگایەوە و کچە لە خوێندنەوەی نامەکەی ژاکۆن وەستا و گوتی گوێ بگرە:

((تێپەڕە دونیای زەبەلەح تێپەڕە تەنیا تۆ چرایەکان ورد و خاش دەکەی،... تەنیا تۆ هیچ شتێك جێ ناهێڵێ، تێپەڕە فرمێسك و زەردەخەنەکان لە پێشوازیدان.))

دەمەوێ برۆم ئەو دەنگە لە گەرووی تاریکی دەرهێنم، کچە دەستم دەگرێ و ئەو جارە چاو لە چاوم دەبڕێ و دەستە باریکەکانی داوێتە سەر شانم و قامکە بۆیە کراوەکانی دەگەینێتە پەنا گوێم و دەڵێ: گوێ بگرە ئەوە نامەی سی و سێیەمی ژاکۆنە...

((تەنیا چرایەك، لە بن ئەو دارە چووکەڵەی هەمیشە لە ژێری دەوەستام، ئەو دارەی ساڵ و ڕۆژ و ساتەکانی زانکۆمی لەبەرە، هەمیشە لە ژێر ئەو دارە چاوەڕێم دەکردی، یەکەم ساڵی زانکۆم خۆم بەو دارە ناساند و ئەویش لە سێبەری پێچام، پێی گوتم خانم:

((تۆ چاو لە گەڵایەکەنای من مەکە))

من گوتم: ((گەڵایەکم))

ئەوە وەك گەڵایەك کەوتوومە ژێر بارستەی باران، وەرە ئازادم کە، وەرە ئازادم کە و بۆنی ئەو گەڵا ڕزیوە ڕۆمانسییانەم لێ بتەکێنە، پێش ئەوەی دوا تنۆکی چراکەم بتوێتەوە.))

* * *

من تەنیا لێوە گوڵییە بۆیە کراوەکەیم دەدی، دەفڕییە سەر لێوەکانم و هەناسەم توند دەبوو، هەستم دەکرد تۆزی وردی فایلەکانم لە گەرووی دەکا، پەنجە بۆیە کراوەکان بە پشتمدا دەچوون، من درەنگ زانیم ئەو فایلانە، هیچم نادەنێ و تەمەنم لێ دەستێنن، دەستێك لەناو ئەو فایلانەی پیاوانی مێژوو تێدا دەژیان، سنگی گرتم و رایتەکاندم و گوتی:

((ئەو نامە سووکانە فڕێ دە و گوێ بۆ ئێمە بگرە.))

پەراسووەکانم لێکئالان و هەموو مووەکانی پیاوەتییان لێ ستاندمەوە، ئەو پیاوانە هەموو پێکەوە دەدوان هاواریان دەکرد، بەڵام دواتر دەنگیان نوسا و تەنیا چاوە زەق و دەمارە دەرپەڕیوەکانی لاملیان دیار بوون، دەستیان بۆ خەنجەرە بەخۆڵ بووەکانیان دەبرد و هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد، ئەوەی هەرە پیریان دەستی خستە سەر شانم و بە چاوێکی پڕ رووبارێك خۆشەویستی، بەڵام پڕ کیبریا و حەیا و پەنادان تەماشای کردم، من وەکو منداڵێك، منداڵێکی شەرمن و دەستەمۆ چوومە بن باڵی و گوتم:

((پەنام دە، بالەنێو زەلکاوی ئەو گەڵا بۆگەن و لیتاوی باراندا نەخنکێم.)) ئەو زۆر بەهێمنی دەستی وەك شاخێك لە مس خستە سەر شانم و گوتی: ((تۆ کەری، لەنێو تاریکیی ئەو ڕاڕەوە درێژانە، لەنێو تۆزی پیرۆز و بێ ئامانی ئەو فایلە قەبانە، بەدوای دەنگی فاحیشەیەکدا دەگەڕێی.))

من کەرامەتم لەرزی و بەدەنگێکی نووزەڵە و هەرزەکارانە گوتم:

((من پیاوم.. پیاو... لێمگەڕێ با لە فاحیشەدا بمرم.)) دەستی برد، خەنجەرێکی زێڕی بچووکی لەکەمەری دەرکێشا و نەمتوانی چاو لەسەر درەوشانەوە سەد رەنگەکانی تیخەکەی هەڵگرم و زۆر نامەردانە دەستی داهێنایەوە و بێ ئەوەی بتوانم لەنێو دەستە مسییەکانی خۆم رزگارکەم. بە هەموو هێزی، خەنجەرێکی لە گونم دا و هەستم دەکرد دەبمە دوولەت و هەستم کرد، ئەوە وردە وردە شەق دەبەم و دەکرێمەوە.

هەستم کرد، هەموو ئەو فایلە پڕ تۆز و قەبانە بەسەریەکدا رژان و لەناویاندا ون بووم. فایلەکان بەسەریەکدا دەڕژان و نامەی فاحیشەکان و وشە موقەدەسەکان، تێکەڵبوون و منیش هێواش هێواش لەت دەبووم.

من لەت بووبووم و چەند پەنجەیەکی بۆیەکراو، بۆیەیەك بەڕەنگی ئەو هێڵە خوار و خێچانەی بە توێکڵە هەنار و فەریکە هەنار لەسەر دیوارە زبرەکانمان دەنووسی هەڵیان گرتمەوە و گوتی:



((تۆ دەبییە خاوەن خەنجەرێك دونیا لەت کا.))

نەمدەتوانی بەسەر ترسی خۆمدا زاڵبم، وێنەی ئەو خەنجەرەش لەمێشکی خۆم وەدەرنێم کە خاڵە سەید دەیگوشی و شیری لێ دێنا، ژنان ئەو شیرەیان دەلستەوە، من بیرم لەوە نەکردەوە، بۆ دەبێ ئەو خەنجەرە دونیا لەت کا، کچە خێرا گوتی:

((وەك دوو لێو بۆ ئەوەی بوێ.))

من نەمزانی بۆ دەبێ دونیایەك بۆ ئەوەی بدوێ، دەبێ بەخەنجەر لەت بکرێ، ئەو گوتی:

((دونیا وەك ژن وایە، بۆ ئەوەی بدوێ دەبێ بکرێتەوە.)) دواتر گوتی:

تۆ دوانامەی ژاکۆنت نەخوێندۆتەوە، گوێ بگرە:

((دەبێ تۆ لەگەڵم بوێی، دەبێ هەڵم دڕی، وەك چۆن گردێك هەڵدەدڕن تا یەکێکی تێدا بنێژن، دەبێ تۆ لەتم کەی بەو ئاسانییەی سێوێك لەت دەکەی، دەبێ تۆ بمکەیتەوە بەو ئاسانییەی دەرگایەك دەکەیتەوە، وەرە ئازادم کە ئەی هەموو خەنجەرەکانی کرانەوە.))

من گوتم: ((ژاکۆن ئەو نامانەی بۆ کێ نووسیون؟))

ئەو پێکەنی و گوتی:

((بۆ تۆ.))

* * *

ڕاڕەوی فایلەکان، دەرکەوتنەوە و تۆز و غوبار دەنیشتەوە، ئەو ڕاڕەوە تەسك و بڵندانە، بێ پەنجەرە و کپانە، کچە گوتی:

- لێرە زوو تێپەڕە، ئەوە فایلی شەڕەکانن، ئەو شەڕانەی تفەنگەکان تێیاندا سەرکەوتن و کچەکان تێدا دۆڕان.

فایلی ئەو شەڕە گەرمانە وەك کۆمەڵە بەردێکی پواو کەڵکە کرابوون، بۆن ساردێك تۆز و غوباری تەنیبوو، لێرەدا ڕاڕەوەکان لێژبوونەوە و بە قووڵدا دەچوون، لەنێو لێژ بوونە لەناکاوەکاندا، گێژدەبووم و کچەکە دەیگوت:

دەست باوێ سەر شانم ئەوە ڕاڕەوەکانی شەڕە، لەباوەشی ژنێکدا نەبێ لێی دەرناچی.

من گوتم:

- ((چ ناوێکی مەلعوونم هەیە!)) ئەو گوتی:
- ((ئەو ناوانەی ئادەم فێریان بوو)) دواتر دەستی بۆ فایلێك برد و گوتی:

گوێ لە نامەی ئەو شەهیدە بگرە:

((لەناو سەنگەرەکانی شەڕ جگە لە ترسی هاوڕێکانم هیچی دیکە نییە بۆت بنێرم، ئەو ڕۆژەی لەبن دارپرتەقاڵەکە ڕاوەستابووی، ئەو ڕۆژەی کولۆکەکان دەستەو نەزەر بۆت وەستابوون، ئەو ڕۆژە تۆ چرای هەرە گەش و ڕووناکی تۆنێلەکانی ناخم بووی، من دەمدیتن و ڕوومەتە پڕ گڕەکانت لە هەموو سووچەکانی زانکۆ دایسان، تۆش وەکو هەموو گڕ و نورەکانی دونیا، نە سووتانی پەروانە و نە جوانیی خۆت دەدی.... لە بن نوێنە شڕ و بێ ڕەونەقەکانی تەنیاییمان تا بەیانی دەماندواندی، دەماندواندی و تۆش لەودیو تاریکیی ژوورەکانمان، لە لێواری تەموومژی غوربەتمان بزەیەکی پڕ سیحرت بۆ دەکردین و ئێمەش خۆمان خڕدەکردەوە و ئەژنۆکانمان تا بەر سنگمان هەڵدەکێشا و دەستمان لە نێوڕانەکانمان دەنا و وەك تەنیاترین مەخلووقی دونیا دەگریاین، گریانێك کە پاساوێك نەبوو بۆ ژێربوونەوەی.))

کچە گوتی: نامەی ئەو کوڕەی بەرەکانی شەڕ بێ کۆتاییە، هەڵیدایەوە نێو غوباری فایلەکانی شەڕ و دواتر بەسەدان ڕاڕەوی پێکداچوو بەڕووماندا کرانەوە، من لەو هەموو ڕاڕەوانە ترسام، ئەو ڕاڕەوانە، جگە لەوەی کپ و درێژبوون، بڵند بڵند ڕاوەستا بوون، دەکرا زەن بکەی لە بڵندییەکی نادیار پێکدەگەن، گوتی:

((ئەرێ شەرم نییە لەو دونیا پانوپۆڕەدا بەدوای ناوێکی واچووکەڵەدا بگەڕێین.))

ئەوگوتی:

((نا، شەرمە لەو دونیایەدا ناوێکی چووکەڵەت نەبێ.))

ئارەزووم بوو ناوی خۆم بیربکەوێتەوە و بۆی بگەڕێم.

کچە گوتی:

- ناوەکان پێش پیاوەکان دەچنە نێو شەڕەکان.

من گریام، بەکوڵ گریام، خەنجەرە زبر و بەبریقەکەی پیاوە پیرە ریش درێژەکەم بیرکەوتەوە، هەستم بەدەستە مسییەکانەی کرد لەسەر شانم و گریام و گوتم:

- ئاخر من پیاو نیم.

ئەو گوتی:

- نا، لەودیو شەڕەکان پیاو شتێکی دیکەیە.

من گوتم:

- ئاخر من ئەو شتە نیم.



ئەو پێکەنی و بەئاستەم ڕانەکانی خوراند و گوتی:

- ئای..... کە منداڵی!.

بەڵێ من منداڵ بووم، دەچوومە ئەودیو کەڵەکە بەردەکانی دەوری ڕەز و باخ و هەناری شیرین و سوورم دەدزی و بەبن پەرژینەکاندا دەهاتمە دەر و مەشکە دۆی نێوکانیم دەردێنا و بەدەممەوە دەنا.

کچە بەتوندی گوتی:

- تێپەڕە، با شەڕەکان بە ئاگانەیەن.

من گوتم:

- نا، با ژنە سەرەکان و کچە دڵڕەقەکان بێن و مەشکە دۆیەکانم پێداکەن و لەبن پێیانم نێن و ڕووتم کەنەوە و لە ئاوێم باوێن و وەك هەموو جارێ میزم لە دەمی کەن، تا دەتوانن پێم پێبکەنن و بەشاپان قوونم سوورکەنەوە، ئاخر من سەد ساڵی دیکە بژیم، هەر بۆنی میزی ئەوانم لێدێت.

ئەو گوتی:

- بێ ناو دەتوانی تا هەتایە بژی.

من گوتم:

- کەواتە بەدوای ناوێکدا دەگەڕێین تێدا بمرین.

ئەو گوتی:

- بەڵێ.

من هاوارم کرد و گوتم:

- نامەوێ شتێك بدۆزمەوە تێدا بمرم.

* * *

دەنگێك وەك لە قووڵایی شەڕەوە بێت، دەنگێك وەك لە زرینگە و تەقەی چەکەکانەوە هەستێ، دەنگێك لەنێو فایلەکانی شەڕ هەستا و وەك گۆرانیی کچەکەی ئەودیو غوبار و تەلیسمەکان هەستا..

((تۆ بچۆ باوەشی گوللەکان و من دەچمە باوەشی ئاگر/ تۆ بچۆ نێو گۆڕە ساردەکان و من دەچمە نێو هەناسە گەرمەکانی یادگار/ تۆ هەموو برادەرەکانی خۆت ناشت و من هەموو

جوانییەکانی شارەکەم/ تۆ ترسەکانی چەك وردی کردی و من ترسەکانی تۆ/ تۆ مەیتەکەت لەبەر هەتاو کەوت و چاوت رژا و کرمت تێکەوت/ من بوومە دیلی کراسە رەشەکەت/ تۆ بوویتە چەقۆیەك و من بوومە دڵۆپێ خوێن.))

دەستی کچەکەم بەردا و.. بەرەو دەنگەکە هەڵاتم.... وتم:

- بوەستە ئەی گوڵی نێو شەڕەکان... هاتم.

دەنگم بەڕاڕەوەکاندا تێپەڕی و وەك خەنجەر بۆشاییەکی بڕی، کۆڵان و ڕاڕەوی فایلەکانەی شەڕ بێ ئەوەی بجووڵێنەوە، بەسەر یەکدا تەپین و بوونە تۆز، هەر هەموویان پێکەوە رمان و ڕۆچوون، ڕۆچوونێك بە قووڵیی شەڕەکان، بەقووڵیی برینەکان. گەیشتبوومە ڕاڕەوی ئەو فایلانەی بەقسەی کچە ناوی منیان تێدا نووسراوە، لەوبەر فایلە کەڵەکە بووەکانی گاندی ئاسا پاڵیان دابۆوە، وردە وردە دەتلێسانەوە و دەکەوتنە نێو لیتاوی خەندڕکەکانی شەڕ، لەنێوان ئێمە و نامەکانی ژاکۆن دۆڵێك، زندۆڵێك، چاڵێکی بێ بن راکشابوو، ئەو چاڵە جێگای رمانی فایلەکانی شەڕ بوو، شەڕ کەلاکی تەپیوی ئێمەی لە جوانییەکانی ژاکۆن جیاکردبۆوە، شەڕ هەستە مردووەکانی ئێمەی لە پەراسووە دەرپەڕیوەکانی گاندی جیاکردبۆوە، لەهەموو ئەو غەریبییەی لەناو ((با))مان چاندبوو، لەهەموو ئەو حەسرەتانەی بە ئاومانەوە وەرکردبوو، تەنیا ئەو گۆرانییە دوورە دەستمان بۆ ماوەتەوە کە دەڵێ:

- پێش ئەوەی ژنەکان خۆیان رووت کەنەوە، چراکان شکان و پێش ئەوەی پیاوەکان لەخەو هەستن، پەنجەرەکان داخران.

کچە بەهەمان پەنجە و لێوە بۆیە کراوەکانی بانگی کردم و گوتی:

- من دەمزانی لێرەیە، ئەوەتا.

لەبەرگی فایلەکە ناوی من بەخەتێکی شکست، بەزەردێکی کاڵەوەبوو، نووسرابوو، بەرهەم.... ئەو فایلە تاکە پەڕەیەکی تێدا نەبوو، ئەو فایلە تەنیا زیندانێك بوو، ئەو فایلە ئەو ناوە بوو، دەبوو تێدا بمرم، دەستیم توند گرت و پاڕامەوە گوتم:

- ئەو فایلە پێوەدە.

ئەو بێ ئەوەی هەست بکات، قامکەکانم بەنێو مەچەکیدا ڕۆچوون، گوتی:

- دەبێ ناوێکت هەبێ تێدا بمری.

من گریام و گوتم:



- با وەك سەگ بمرم.

بەنینۆکە درێژ و بۆیە کراوەکانی یەکە یەکە پەنجەکانمی لەمەچەکی هەڵپچڕی، هەموو هێڵ و نیشانەکانی بەردەستم بەمەچەکییەوە نووسابوون، بەردەستم رەش ببۆوە، رووی وەرگێڕا و وەڕێکەوت و گوتی:

((دەتوانی بەو بەرە دەستە لووسانەوە بمری.))

دواتر زانیم بەردەستم نایەتەوە یەك و قامکەکانم نانوشتێنەوە.

* * *

گوێم لێبوو کچە لەچکە لە سەرەکە دەیگوت:

- دەتوانی بڕۆی، خۆمان فایلەکەت تەواو دەکەین.

دەمویست زووتر بڕۆم و بچمە دەر و کچە هاروهاج و ڕۆح سووکەکانی هاوپۆڵەکەم ببینم و هەموو نامەکانی ژاکۆنیان بۆ بخوێنمەوە و ئەوانیش، بەهەستێکی ناسکتر و تەنوورەیەکی کورتتر و بۆنی سێوی قژیان گەمارۆم دەن و هەر لەسەر لێوەکانم نامەکانی ژاکۆنی کۆپی کەن و بە دەمووس لە پشتی مامۆستا دەنگ مردوو، فرماندەرەکانی دەن و عەشقەکان وەختێك دەرسە قورس و بێ مەوداکانیان بەسەردا دەبارێ، بە چاوێکی وەك مۆم ئەو نامە و پەیامانەی بەپشتیان هەڵواسراوە، دەخوێننەوە، دەمویست هەرچی زووە، بچمە دەر و بزانم ئەو نامانەی ژاکۆن لەنێو بۆنی نەفەس کوژ و شمشێر ئاسای کچانی زانکۆکەم چۆن گڕدەگرن و لەهەوادا سەما دەکەن، دەمزانی تەنیا ئەو نامانە بگەیەنمە قوتابییەکان جارێکی دیکە لەسەر وشە و نامە نووسین پەکیان ناکەوێ و بەزمانێك بۆ مامۆستاکانیان دەدوێن، ئەو مامۆستا وشك و پڕ دەرس و ڕێسایانە، هێمن و بەخولق لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن و دەیانەوێ، ئەو قوتابییە زمان پڕ شیلانە، هەتا دونیا دونیایە بدوێن، دەمزانی هەر بگەمە دەرێ، نامەکانی ژاکۆن، بەو شارەدا بڵاودەبێتەوە و لە پەنجەرەی پاسە درێژ و پڕ دووکەڵ و بۆگەنەکان دەدرێ و دیوارە دوور و درێژەکان دادەپۆشێ و گۆرانبێژە مەستەکان تا بەیانی دەیڵێنەوە و لەگەڵی دەگرین، دەبێ زوو بگەمە دەر و هاوڕێکانم بدۆزمەوە، بەدەنگێ گۆرانییە شەوزەدەکان بچڕم، لە هەموو پۆلەکان دەنگ بداتەوە، مامۆستاکان لە نووسینی هاوکێشە قورسەکان رادەوەستن و بێ ئەوەی وشەیەکی گۆرانییەکە تێبگەن دەڵێن:

- هاوکێشەی ئەو دونیا قورسە بە ئێمە نانووسرێتەوە..

ترسی ئەوەم هەبوو، ئەو ژوورە لە تەمەن درێژتر بێ، چونکە دەمزانی ژوورەکانی دونیا لە تەمەن درێژترن، دەمویست تێپەڕم و بگمە هاوڕێ کچە ڕێواسەکانم، دەبوو زووتر ئەسپێکی سپی، بەنێو بارانێکی توندی پاییزدا بێت و هەڵمی لێ هەستێ و یاڵە تێر ئاوەکانی وەك شۆڕك دەنگی بێت، سوارێکی سپی پۆش کە تەنیا برۆکانی زەرد بچێتەوە، بە چاوێکی زیت و دەمێکی پڕ گوڵەوە، دیوارە بەرز و وەهمییەکانی زانکۆ ببڕێ و بێتە نێو چیمەن و پەنا دارە تەنیاکانی باخچە و هەواڵی ئەو نامانە بەیەکە یەکەی گوڵەکان بگەیەنێ، دەمزانی و ئەو سوارە، لە خەونە قوول و شیرینەکانی ئەو قوتابییانە بەدەردەکەوێ بەمەستییەکی شێتانەوە، پشتییەکان لە ئامێز دەگرن و بەسەریاندا دەگرین، ئەو سوارە فرمێسکەکانیان بۆ دەسڕێتەوە و هەواڵی نامەکانی ژاکۆنیان دەداتێ، ئەو قوتابییە ناسك و خەیاڵ گوڵ و ناهومێدانە لە خەو هەڵدەستن و بێ بەختانە، پەڕەی هەموو ئەو دەفتەرانەی هەیانبوون، لە وەڵامی ئەو نامانەی ژاکۆن سەرف دەکەن کە جارێ نەیانخوێندوونەوە، بەوە دڵخۆشن کە ئەو لاپەڕە سپی و جوانانە، لەباتی ئەوەی ببن بە گۆڕستانی ڕستە قورس و بێ ماناکانی وانە سواو و دوور و درێژەکان، بوونە مێرگی خەونەکانی پاییز.

من دەبوو زووتر بگەم و نەهێڵم چیدی قوتابییەکان، بەدیار ئەو سوارە هەواڵ هێنە سپی پۆشە هەڵقرچێن و وشك ببنەوە، ئەو نامانەی بەنێو گەرداوەکانی تۆز و خەرەندەکانی شەڕدا هێنابوومن، ئەو نامانەی لە نێو کاسەکانی رق و فایلە بێ دڵەکان دەرم کێشابوون، بگەیێنمە دەستیان، من دەبێ لەو ژوورە تێپەڕم، دەبێ کچەکان تێبگەن لەو پەنا و بن دار و سێبەر تاریکانە، بەو هەموو بارە جلەوە، ناتوانن نامە هەڵکرووزاو و نەنووسراوەکانی کوڕە گریاوەکان بخوێننەوە، ئەو کوڕانە بێ پەروا، لە ژوورە بێ ڕووناکی و بێ ژیان و ڕووتوقووتەکانیان بەدیار ناوێکی هەرە سادە و دەنگێکی هەرە دوور و بۆنێکی هەرە کاڵی ئێوەوە ڕۆژ دەکەنەوە، ئەو ڕۆژە پڕ سیحر و نهێنییانەی هەموو داخراون، دەبێ زوو بچمە دەر و ئەسپە سەرتاپا سپی و لافاوی هەڵمی، چیدی چیمەنەکان نەشێلێ، سوارەکە هەموو جارێ بەشەوقێکی نوێوە هەواڵی نامەکانی ژاکۆنی بڵاودەکردەوە، باسی هەموو ئەو شەڕانەی بۆ دەکردن بە نێویاندا تێپەڕیوە، هەواڵی فایلە کەڵەکە کراوەکانی گاندی ئاسا پاڵیان بەدیواری سەبرەوە دابوو، باسی ئەم گۆرانییەی لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکانی لە هەوادا دەزرینگێتەوە، ئەو ژوورەی کە دەکرا وەکو دونیای تەمەن بڕ کۆتایی نەیەت، ئەو دەرگایەی کە دەبوو نەکرێتەوە کرایەوە و منیش بە



هەنگاوێکی مێژووییانە نا، بە قەڵەمبازێکی سەر سەریانەوە هاتمەدەر، لە هەموو سووچەکانی زانکۆ، پاشماوەی زەنگێکی وەك کۆتك تازە لە هەوادا ڕەویبۆوە، ڕاڕەوەکان هەناسەی غەریب و تەنیاییان لێ هەڵدەوەری، شوێنی دانیشتنی کچان لە سەر لێواری شۆستەکان بە حەسرەتەوە دەسڕایەوە، ئەو گیا و چیمەنەی ئەسپە سپی شێلابووی خەریك بوو، قیت دەبۆوە، سەدای دەنگی هەواڵهێنەکە، بەر دیواری بەرزی پۆڵە سارد و نسرمەکان دەکەوت و شریخەی دەهات، ناوی ژاکۆن دەکەوتە سەر ڕاڕەوە چیمەنتۆ ڕەق و بێ ڕەحمەکان قوتابییەکانی ڕێزی پێشەوە دەلەرزین، ئەوان دەلەرزین و ئەوانی دیکە وەکو دەرزی ئاژەن کرێن، خۆیان تورت و توند دەکرد، لەودیو پەنجەرەکان و لە کەلێنی دەرگاکانەوە دەمڕوانییە ڕەنگی پەڕیوی قوتابییەکان، کە وەك کۆمەڵە بەردێکی نووستوو بەسەر تەختەکانەوە هەڵپەسێررابوون، بێ ئەوەی نیازی وەئاگاهاتنیان هەبێ، هەندێکیان وەك فەردە گاندییەکان، ملیان لار کردبۆوە، دەترسام بڕوانمە شوێنی مامۆستاکان نەك بەخۆیان و خەنجەرێکی زێڕەوە بێن و بمکەنە دوولەت، من لەوەتەی هەم مامۆستا گەورە و بە هەیکەڵ و بەڕێزەکان، بە خۆیان و دار بەڵاڵووکێکی سەد گرێوە دوام کەوتوون، هەر لە پۆلەکانی سەرەتاوە، لە خەونە لێڵ و فڕینەکانی منداڵیمەوە، مامۆستا خۆشەویستەکانم بە خۆیان و دار حەیزەرانێکی خۆشکراو، بەدەست و باڵی درێژیانەوە بەهەنگاوی قورس و فراوانیانەوە دوام کەوتوون، منیش لە جلە هەرە دڕاوەکانمدا، ئەو جلە دڕاوانەی هەمیشە حەزم دەکرد پینەکانی بشارمەوە، هەڵدەهاتم و دەگریام، دەمویست تاوێك ڕاوەستم تا بە ئارامی بگریم، تاوێك بوەستم تا بەهێمنی بگریم، من نەمدەتوانی بە هەناسە سوارییەوە بگریم، دەوەستام هەنسکێکم بێتەوەبەر.

هەر لەوکاتەدا کە شەڵاڵ بووم لە گریان، مامۆستا خۆشەویستەکانم هەوەڵ داریان لەسەر دەدام و منیش بەسەر چەوەڵێنێکدا دەکەوتم، میزێکی گەرم و خۆشم بەخۆدا دەکرد، ساتە کورتەکانی گەرمی ئەو میزە تاکە لەززەتی منداڵیمە، ئەو لەززەتە چرکەیەك بوو، ساردییەك بەڕانم دەکەوت، داکم بە کلکە کەسکێك پشتەقوونی دەکوتامەوە و دەیگوت:

- هەی بۆگەنی میزکەر، شەرت بێ بە مامۆستا بڵێم.))

کە من لەو ژوورە هاتمە دەرێ، سەدای زەنگەکە، زەنگی ڕۆح و وانەکان، لە هەوادا دەڕەوینەوە، لە درزی دەرگاکانەوە دەمڕوانی مامۆستاکان بەهەمان دار حەیزەرانەوە و قوتابییەکان بەهەمان ترس و گریانی منداڵییەوە، هەڵچنرابوون، من نامەکانی ژاکۆنم هێنابۆوە، من هەستە هەرە ناسك و سۆزە هەرە ڕاستەقینەکانم هێنابۆوە، دەبوو هەموان

بێنە پێشوازیم، من گۆرانیی شەوە تاریکەکانم هێنابۆوە، من دەمزانی قوتابییەکان ئەو گۆرانییانە ببیستن، من دەمزانی قوتابییەکان ئەو نامانە بخوێننەوە شەقێك لەدەرس و نەفرەتێك بۆ ژوورە نسرمەکان دەنێرن و پێش ئەوەی دوا چرای سەر دوا دەلاقە بکوژێتەوە، پێش ئەوەی دوا گۆرانیی شەو بقەڵشێ دێن و وەك لافاوی عەشق و موحیبەت دێن و کچە شەوزەدەکان، لە تاریکی دەردەکێشن، من بەوە دڵخۆشم کە جارێکی دیکە تۆ پاڵەوانی، بەوەش شەرمەزارم کە دیسانەوە تۆ پاڵەوانی کوشتنی سبەینێ و مردنی ژنی، دەنگێکی توند، تێی راخوڕیم، گوتی:

- بۆ دواکەوتی، خێرا برۆ ژووری.

مامۆستاکە بێ ئەوەی لێوی بجوولێنێ، رێگای دام بچمە ژوور و قوتابییەکان، بێ ئەوەی گەش بنەوە روانییان، بەخۆم و هەموو نهێنییە قووڵەکانی راڕەوەکانی فایلەکان دانیشتم، بۆنی توند و کۆنی رەسەنی نامەکان بەدەماخی کردبووم، دەمدی قوتابییەکان، پشتم تێدەکەن و ناتوانن بۆن و رەونەقی ئەو نامانە هەڵمژن، لەوە ترسام ناچاربم جارێکی دیکە، رێگای سەخت و پڕ گومانی ئەو فایلانە بگرمە بەر و نامەکان لەوێ بشارمەوە، هەر لە پەنجەرەکەوە هەستم کرد گوڵەکان چاوەڕێی گەیشتنی هەواڵێکن، ئەو دەنگە توندەی فڕێی دامە ژووری، ویستی وەك چاکەتێکی کۆن هەڵم واسێ، مامۆستاکەش بەو فەرامۆش کردنە، ویستی وەك جووتە گۆرەوییەك بمخاتە بن لێواری دۆشەکەڵەیەکەیەوە، بەڵام من وەك بووکۆڵەیەکی منداڵان، خۆم بە کورسییەکەوە هەڵپەسارد، بێ ئەوەی دەنگە تووڕەکەی دەربێ بێ ئەوەی مامۆستا بزانێ، بێ ئەوەی من ئاگام لێبێ، دەستە نهێنییەکان دەهاتن و نامە سەد رەنگەکانی نێو باخەڵە ونەکانی منیان دەردێنا و بەلافاوێکی فرمێسکەوە، لەوێیان داویشتەوە، من دەترسام ئەو فرمێسکانە، نامەکان رەشکەنەوە و من غەرق کەن.

* * *

دواتر پیاوێکی لەندەهۆر، وەژوور کەوت و مامۆستا قیت بۆوە و قوتابییەکان زەرد بوون، نامەکانی نووسیبوویانەوە، لوولیان کردن و قووتیان دان، ئەو کابرا لەندەهۆڕە یەکەیەکە قوتابییەکانی پشکنی و پێڵاو و گۆرەوی و نازانم چیدیەکیان، بە کچە رەنگ پەڕیوەکان داکەند، ریخەڵۆی گیرفانی کوڕەکانیشیان دەرهێنا، کە گەیشتە لای من گوتی:



- بۆ ناجوڵێی دەڵێی دەستت بەخەنەیە؟

بیرم لەوە کردەوە، لەوەتەی دایکم نەدیوە، بۆنی خەنەم نەکردووە، روانییانە لەپی دەستەکانم، هێڵەکانی بەختم هەموو سڕابوونەوە، هێجگار دڵم بەوە خۆش بوو کە بەختێکم نییە بخوێندرێتەوە، یان ئایندەیەکم نییە تا بزانرێ، هەرچەندە هەموو بەختی ئێمە، چەند هێڵێکی خوار و خێچی بنی فنجانە قاوەیەك بووە، سەرەتا هەر ئەو لەندەهۆرانە بەختەکانیان دابەش دەکرد و دواتر خەڵکی دەبوو هەر کەسە بەختی خۆی وا بشارێتەوە، پێویستی بە کەسێك بێ، جارێکی دیکە بۆی بدۆزێتەوە تا بۆی بخوێنێتەوە، بن باڵ و بن پشتێن و بن قوون و هەموو بنەکانیان پشکنیم، هەمان بۆن میزی منداڵیم لێ هەستا و هەموو پێکەنین، من گریانم هاتێ، پیاوە ریش سپییەکە خەنجەری لە نێو رانم دا، دەستێکی هاوێشتە سەر شانم و گوتی: پیاوبە نەگریەی!

منیش وەك مردوویەك نەگریام، پیاوە ریش سپییەکە ئەو ئازایەتییەی منی پێ هیچ نەبوو، بەدەموچاوێکی بەسامەوە رووی وەرگێڕا و رۆیشت، کە ترسێك نەما پشتی پێ دەم رمام و کەوتمە ناو میزاوی خۆم، کچەکان بێزیان لێ دەکردم و کوڕەکان شەرمەزارانە پێدەکەنین، لەندەهۆرەکان، بێ ئەوەی پیاوە پیرەکە ببینن، پەلیان گرتم و راستیان کردمەوە و گوتیان:

- کوا ئەو خەنجەرەی بەنیازی دونیای پێ لەت کەی؟.

من ویستم بڵێم:

- ئەو دونیایە لەوە زیاتر لەت نابێ.

ئەوان گوتیان:

- خۆت کەر مەکە ناوی هەموو پاشاکان و هەموو دیانەتەکانی لەسەر نووسراوە.

ویستم بڵێم ((ئێوە هەڵەن)) پەلاماری نێوان رانەکانیان دام و توندیان راکێشا، هەستم کرد، ئەوەی دەکرێ بە دوو لەت دونیا نییە منم، من دەمزانی کە ئەو خەنجەرە دەرهێنن، هەموو سیحرەکانی بەتاڵ دەبێتەوە، تەنیا دەتوانن وەك پارچە ئاسنێك یەکتری پێ سەربڕن، وەك شمشێر ژنەکانی پێ بەش کەن و رەعیەتی پێ بترسێنن.

* * *

زەنگێکی بەهێز دونیای لەراندەوە، قوتابییەکان کەوتنە جووڵە و مامۆستا جانتا بۆش و کۆنەکەی داخستەوە، وەك زەنگەکە کوژاندبێتییەوە، یان سیما و دەموچاوی دزیبێ، ئەو ((زەنگ))ە نەك هەر بەشێك لە سیمای هەمووانی بردووە بەشەکەی دیکەشی داگیرکردووە، لەگەڵ زەنگەکە حیلەی ئەسپێك هەموو گوڵەکانی لەراندەوە، گەڵایەکان تەنیا بۆ ئەوەی ببنە نیشانەی پاییز و خەونە رۆمانسییە دۆڕاوەکانمان وەرین و بە هەوادا خزین.

* * *

دارەکان تەنیا گەڵایەکیان پێوە نەما، قوتابییەکانیش، هەموو کەسافەتی خۆیان بەو گەڵایانە دەچواند، ئەو لەندەهۆرانە بەبێ گوێدانە جەرەس و زەنگی پشوو، خەنجەرە پڕ سیحرەکەیان رادەکێشا، من دەمزانی ئەو پیرە پیاوە، بە چ بوغزێکەوە ئەو خەنجەرەی لێدام، ناوی پیرۆز لەو بوغزە نانووسرێ، ئەو قسە ژەهرەم لە بیر ناچێتەوە کە ریش سپی لەگەڵ داهێنانەوەی خەنجەرەکە پێی گوتم:

- حیکمەت و ویقارەکانی ئێمە نابینێ و لەگەڵ وشەی سۆزانییەك دەگری. لەگەڵ لەت بوونی من و زریکەی ترسم، گۆرانییەك لە نێو تاریکی لەرییەوە ((شەوە تۆخەکان فریامان کەون، خەنجەر و برینەکانمان داپۆشن، ئەو چاوانەی تا قووڵایی دونیا رەشن، ئەو قەڵەم و کتێبانەی، ئەو جەستە و نیگایانەی لەرەشدا غەرق بوون، مادام لە رووناکیدا خەومان لێناکەوێ، باسەدامان لە تاریکیدا دونیا شەق کا.))

من دەمزانی ئێستا کابرای ئەسپسوار، بەدەستێکی پڕ نهێنی و سەرێکی پڕ سیحر و زمانێکی پڕ لوغزەوە، هەواڵی نامەکانی ژاکۆن، هەواڵی گورانییەکەی بنی تاریکی، هەواڵی فایلە کەڵەکە بووەکان و خەرەندەکانی شەڕ بڵاودەکاتەوە، دەمزانی هاوار و زریکەی من، ژانی خەنجەر و لەت بوون لەنێو پنچك و گەڵا سیسەکان، مۆڵ دەبێ و قوتابی بێ موبالاتانە پێی لێدەنێن و پاسەوانەکان، لەگەڵ سپێدەی بەیانی بە وەنەوزەوە میزی پێدا دەکەن.

تازە ئەو نامانەم بۆ نابرێتەوە نێو فایلەکانی تەمەن، منم بەهەموو توانامەوە لە هەزارییەکی ئەو راڕەوە دوورودرێژانەم بۆ ناگێڕدرێتەوە، وەك خەون لەبیرمە، لە گۆزەری جادووبازان پیاوێکی قەمبوور دەستی گرتم و گوتی:

- وەرە هێڵ و نەخشەکانی بەردەستت بۆ بکێشمەوە، تۆ لەنەوەی داودی. من گوتم:



- با ریشاڵەکانی دەنگیشم ون نەکەم.

ئەو گوتی:

- بێ هوودە مەشیڕێنە من بە بێدەنگی گوڵ لەسەر ئاو دەڕوێنم، من بە بێدەنگی مار لەچاوی کا دێنمە دەر و خەنجەر لە گونی تۆ.

سنگیم گرت و راموەشاند، وەك پیاوێك لە پەڕۆ، لەرییەوە لە نێو تۆزدا ون بوو، جارێکی دیکە، لووتم گیرا و چاوم رەش بوو، گوێم لێبوو، مامۆستای دەروونزانی پێم دەڵێ:

- سەردانی دکتۆر بکە، بزانە بۆچی لەکاتی باسکردنی ئەندامی زاوزێ هێندە دەکۆکی، کچەکان بەچاوێکی هێند عەیارانە سەیریان کردم، خەریك بوو ئێسکەکانم لێك بترازێن، جا بەچاوی دکتۆرێکەوە گوتیان:

- بە منداڵی کەس شەقی لە گونت هەڵداوە، یان...

جا بەچاوی مەلایەکەوە گوتیان:

- شەیتانەکانی ناخت بکوژە.. چەند برسین!

من نەمتوانی پێیان بڵێم.

- ئەو شەیتانە برسییانە بە تەنیا بە من ناکوژرێن، ئاگر باران و نوور تاریکی و ئێوەش شەیتان دەسڕنەوە، ئاخر کوشتنی ئەو نەفەسانە قاوغێکمان بۆ جێ دێڵێ، نە ژیانی تێدابێ نە مردن.

* * *

هەموو ساڵەکانی خوێندنم بەڕێ کردن، هەر چوار ساڵ تێپەڕین و هەمان کورسی و هەمان دیوار و هەمان مامۆستا و دەموچاو و هەمان بێدەنگی و کرژی و خەم، هەمان بێ جورئەتی و درۆ، چوار ساڵی رەبەق، کچ و کوڕەکان بەدزی نامەکانی ژاکۆنیان لە باخەڵ دەردەکێشام و لە پەنا و کەلێنان دەیانخوێندەوە و دەگریان، بۆ کەساسیی خۆیان و حەسرەتەکانی ژاکۆن و گۆرانییە دوورەکان، بێ ئەوەی بتوانن بەکالەیەکی سپی و تەنوورەیەکی کورت و قژی بۆن سێوەوە چاوەڕێی کەس بن.

لەو تاریکیی هومێدەدا، دەنگێك دەهات و دەیگوت:

- وەرە رزگارم کە، لەسەر دوا تاقی عومر، لەسەر دوا تاقی تەمەن چرایەك کز دەسووتێ، خامۆشی کە.

ئەو ژوورە تەواو نابێ، ئەو ژوورە عومر بڕە نابڕێ، کچە بە نینۆکی بۆیەکراو، دەمی خونچەیی سووراو و سەرپۆشێکی شینەوە، چاوێکی لێداگرتم و گوتی:

- ئەو نامانەی دوێنێ بەجێت هێشتوون توانەوە.

من لەسەر ئەو کورسییەی شێوەمی گرتبوو، ئەو کورسییەی وەك بەرد گوێی بۆ هەموو ساڵەکانم گرتبوو، ئەو کورسییەی هەموو خۆشی و گەرمی لەشمی مژی و هیچی نەدامێ، ئەو کورسییەی وەك تەختەڕەش و مامۆستاکان، وەك کچەکان و برادەرەکانم خۆشم ویست و بۆی گریام، بەڵام ئەو زۆر بێ باکانە گوتی:

- بڕۆ وادەیەکی دیکەم هەیە، بۆنت خنکاندمی.

تێپەڕیم و دەرگای ئاسن و توندم بۆ کرایەوە، لێ پەنا پۆلیسەکان، پێستێك وەك کیفی مار، وەك جلوبەرگی سەد ساڵەم، بۆنی پێوە کردم و لێم ئاڵا.

بەهەمان بۆن و هەمان پێستی پڕ گنج و خەم و کەسەرمەوە، چوومەوە ماڵ و دایکم کە لە باوەشی کردم گوتی:

- کوڕی من هەروەك خۆیەتی، بۆنی، ڕەنگی، هەرگیز ناگۆڕێ.

**کۆتایی/ ٢٠٠٠**